# تەنیا پرسیار بکە

# تەنیا پرسیار بکە
## بۆ ئەوەی دەتەوێت بەدەستی بێنی

ئایان کۆپەر

ئامادەکردن و وەرگێڕانی
مەریوان ئەحمەد کوردی

# تەنیا پرسیار بکە

نووسینی: ئایان کۆپەر

ئامادەکردن و وەرگێرانی
مەریوان ئەحمەد کوردی

هەڵەچن: نووسەر

بابەت: فکری

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپ: یەکەم/٢٠٢٣

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە سپاردنی (٤١)ساڵی ٢٠٢٣ی پێ دراوە.

ژیانم:



من ناوم(مەریوان ئەحمەد کوردی)یە، لە(١٩٧٩/٢/١٩)لە شاری هەولێر لە خانەوادەیێکی شاعیر و نووسەر لە دایکبووم.

بە پیشە مامۆستام و ئاواتم خزمەتکردنی مرۆڤایەتییە لە ڕێگای ئەدەبەوە. هەمیشە مامۆستایەکەم ئامۆژگاری دەکردم کەخزمەت بە مرۆڤایەتی بکەم. ئەم کتێبەشم بە گرنگ زانی بۆ ژیانی ڕۆژانەی میللەتەکەم ، هەر بۆیە دەستم کرد بە وەرگێرانی. تاکو ئێستا (سێ )پەرتووک لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێراوە بۆ سەر زمانی کوردی،پەرتووکەکان بەناونیشانەکانی (تەنیا پرسیاربکە)و(ڕێنماییەکانی ژیان)و(هەمیشە بەهێزبە)یە ئەم پەرتووکەی بەناونیشانی (تەنیا پرسیاربکە) گرینگە بۆ گەشەی خودی مرۆڤ و پەرتووکی (ڕێنماییەکانی ژیان) گرنگە بۆ ئەوەی ژیرانە بژی و ئارامی بەختەوەری بۆ خۆت دەستەبەر بکەی و پەرتووکی (هەمیشە بەهێزبە) بۆ ئەوەیە کە مرۆڤەکان پشت بەخۆیان ببەستن و خۆیان وەک خۆی قبول بێت و ناخۆشی شکەست و کەوتن کاری کاریگەری خراپ نەکاتە سەر ژیانی.

بۆ هەر پێشنیار و تێبینی و ڕەخنەیەک پەیوەندی بە ژمارەی نووسەرەوە بکە: (٠٧٥٠٤٤٢١٥٥٩)

( فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُون) النحل

ئەم کتێبە پێشکەشە بە خێزانی خۆشەویستم خاتوو (نەورۆز) و هەردوو کچەکەم (سیما و سۆز) و کوڕەکەم (بەهێز) و تێکرای مرۆڤایەتی و هەروەها پێشکەشە بەو خوێنەرانەی کە ویستی زانین و گەشەکردن و خۆ ڕۆشنبیر کردنیان هەیە لە ژیاندا بۆ ئەوەی نیشتمانێکی شارستان و پێشکەوتن بونیاد بنێین.. و سوپاسی هاوژین و منداڵە خۆشەویستەکانم دەکەم کە بەڕاستی زۆر بەخشندە و ئارامگربوون بەوەی ئەم کاتانەی کە دەبوایە لەگەڵ ئەوان بەسەر ببەم خەریکی نووسینی کتێبەکان بوومە...

## ناوەڕۆک


- سەرە قەڵەمێك..........................................................................١٠
- ئایان کۆپەر کێیە؟......................................................................١٢
- ڕێز و سوپاس...........................................................................١٤
- دەستپێك.................................................................................١٥
- ئایا مانای ژیان چیە..؟.............................................................. ١٧
- بنچینەکانی ژیری و هۆشمەندی بریتییە لە وەی تەنیا پرسیار بکە........٢٣
- ئەتوانی چ کارێکی جیاواز ئەنجام بدەی..؟..........................................٣٢
- ئەم کارە خراپە چیە کە ڕەنگە ڕووبدا..؟...........................................٣٩
- ئەم نرخە داوابکە کە شایانی تۆیە.....................................................٤٤
- ئەگەر لە جاری یەکەم سەر نەکەوتی لە پرسیار کردن، بۆ جاری دووەم بەشێوەیێکی تر پرسیار بکە..............................................................................٤٨
- بۆ ئەوەی وەڵامی (بەڵێ)ت دەست بکەوێت لە پرسیارکردن بوەستە...٥١
- ڕاستگۆبە ، هەمیشە ڕاستگۆبە، تەنیا ڕاستی بڵێی..............................٥٤
- پێویستە لە هەندێك کاتدا بە باشی تێبگەی........................................٥٧
- هەمیشە لێکدانەوە و ڕاڤەکردن بۆ ڕووداوەکان بکە.............................٥٩
- بەم شێوەیە وەڵامیان بدەوە کە خۆت مەبەستتە.................................٦١
- سەرەتا خۆشەویستی دروست بکە....................................................٦٣
- سوود و قازانجی ئەم کەسانە چییە کاتێک وەڵامی داواکارییەکانت دەدەنەوە..............................................................................٦٩

-  ئەوەی دەتەوێت بێ ترس و بە ئاشکرا داوای بکە............................٧٢

- چۆن ئەتوانی شێوازی بیرکردنەوەت دیاری بکەی...............................٧٤

- ئایا باشترین چارەسەر چیە..؟.......................................................٧٨

-  ئەگەر وەڵامێکی جیاوازت دەوێت ، پێویستە پرسیارەکانت ئاڕاستەی کەسێکی جیاواز بکەی...........................................................................٨٣

- پرسیار لە کەسێک بکە کە وەڵامی پرسیارەکان بزانی.........................٨٩

- با بیرکردنەوە و پرسیارەکانت نامۆ نەبێت.............................................٩١

- ئەگەر کەسێک داوای هاوکاری لێکردی دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکە...٩٥

- نەرم و نیان بە و بەهێواشی پرسیار بکە..............................................٩٧

- تەکنەلۆژیای پرسیارکردن و کاریگەری هێز...........................................١٠٠

- پرسیار لە کەسێکی گونجاو بکە.........................................................١٠٤

- لە کاتی گونجاودا پرسیاربکە..............................................................١٠٦

- بۆچوونی کەسانی تر وەربگەرە ئەگەر لە ناو بابەتەکە دابوون..........١١٧

- چۆن بتوانین کارەکان ئەنجام بدەین..؟..............................................١١٢

- چۆن بتوانم چارەسەری بکەم..؟.........................................................١٢٦

- بەشێوەیەکی وا پرسیاربکە کە کەسی بەرامبەر وەریبگریت...............١٣١

- - پرسیارەکە دووبارە دارێژەوە بە زیادکردنی وشەی ئەزانم...............١٣٥

- هەوڵبدە کەسەکان ئەم پرسیارت لێ بکەن کە دەتەوێت...................١٣٤

- بە شێوەێک پرسیاربکە تا وەڵامی داواکارییەکانت بدەنەوە...............١٥٦

- دوورکەوە لە دارشتنی پرسیارەکانت بە شێوەیەکی نەرێنی..............١٥٨

- با پرسیارەکانت ستایش و خۆشەویستی تێدا بێت..............١٦٢
- برۆ ناو گفتوگۆ لەگەڵ کەسەکاندا...............................................١٦٥
- تۆیی گومان بڕوێنن.......................................................................١٦٨
- گرنگ نیە چی دەڵێی ئەوەی گرنگە بەچ شێوازێک قسە دەکەی.........١٨٥
- زمانی جەستە بەکار بێنە بۆ ئەوەی کاردانەوەکانیان ئەرێنی بێت.......١٨٩
- سیما و دیمەنت دەرخەری کەسایەتیتە.........................................١٩٩
- پرسیارەکانت بەدەنگی ئاسایی بکە و سووربە لەسەر داواکاریت........٢٠٢
- ئایا راوێژ بە کەسانی شارەزا بکەم..؟..............................................٢٢٨
- باشترینی ئەم (دە) کەسانە کێن کە شایانی رێز لێنانن..؟..................٢٣٧
- ئەگەر هاتوو جگە لە رۆژانی هەینی رۆژێکیتریشت هەبوو بۆ پشودان بەچی بەسەر دەبەی...........................................................................٢٤١
- ئەم شتانە چین کە دەبێت بیانگۆڕم..؟............................................٢٤٢
- ئایا ئەتوانم هەموو رۆژێک ساڵێکی نوێ دەست پێ بکەم................٢٥٢
- ئایا کارەکانت بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت کە خۆت نەخشەت بۆ کێشاوە.........................................................................................٢٥٦
- پێویستە پرسیار لە خۆت بکەی سەبارەت بە ژیانی رۆژانەت.............٢٦٠
- لەکاتی ناڕەزایی دەردەبڕین و سکاڵاکردن........................................٢٩٨
- چۆن بتوانم ئەوەی لەم کتێبەدا هاتووە سودی لێ وەرگرم..؟.............٣١٣

## (سەرە قەڵەمێک)

## بە پێنووسی مامۆستا (عبدالوهاب شێخانی)

خوێنەری بەرێز ئەم پەرتووکە کە : م (مەریوان ی ئەحمەد کوردی) هەڵی بژاردووە کتێبی نووسەری بەناونانگ (ئەیان کوبەر)ە لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی. ئەم پەرتووکە باشترین و بەسودترین پەرتووکە، کە هەڵی بژاردووە چونکە زۆر گرنگە بۆ ژیانی مرۆڤ.

ناونیشانی ئەم پەرتووکە پێمان دەڵێت:(تەنیا پرسیار بکە)ناونیشانێکی گرنگ و پڕ بایەخە.

ماناو مەبەستێکی فرەوانی هەیە کە وا لە مرۆڤ دەکات بیر بکاتەوە و پرسیار دروست بکات، چونکە بە پرسیار کردن زۆر لایەنی شارەوەی کارەکانت بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی سەرکەوتنەکانت لە ژیاندا. ئەم پەرتووکە زۆر بەسوودە بۆ لایەنەکانی بازرگانی و بەڕێوەبەرایەتی و کۆمەڵایەتی و زانستی .وەهەرەها فێرمان ئەکات کە چوون مامەڵە و هەڵسووکەوت بکەی لەگەڵ کێشەکانی ژیان کە ڕووبەڕوومان دەبیتەوە لە ژیاندا ئەویش بەبەکارهێنانی دەستەواژەی(تەنیا پرسیاربکە).

بەخوێندنەوەی ئەم پەرتووکە فێر دەبی کە چۆن چارەسەر بۆ هەموو کیشە و ئاستەنگییەکانی دێنە پێشت بدۆزییەوە. ئەم پەرتووکە کە پێمان دەڵێت(تەنیا پرسیاربکە) فێری تێگەیشتن و وردبێنیت ئەکات ،لە کارەکان و کێشەکاندا کە ڕووبەڕووت دەبنەوە لە ژیاندا. بۆ ئەوەی کە بزانی و فێر ببی کە چۆن پرسیاربکەی بەشێوەیەکی زانستی بۆ ئەوەی سوود و چێژ لە ژیان وەربگری و لە هەڵسووکوتی رۆژانەی ژیان جیاواز و سەرکەوتووبی. بە خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە، هەرچی دیوار و بەربەست و تەنگ و

چەڵەمەی سەر ڕێگات هەیە لەبەر دەمت دەیشكێنی و ڕایدەماڵی. فێری پشوو درێژ و حەوسە لەیەكی گەورەت دەكات لە ژیانی تایبەتی و كاری گشتیتدا.

ئەم كتێبە كە دەڵێت(تەنیاپرسیاربكە) فێری وەڵامدانەوی پرسیارەكانیشت دەكات نەوەك تەنیا پرسیار كردن، زۆر بە وردی هەر دوولایەنی بۆت شیكردۆتەوە. بەعەقڵێكی تێر وزیرەكانە فێری پرسیار و وەڵامت دەكات. وەڵامدانەوەكانی ئەم پەرتووكە لە پرسیاركردنەكە گرنگترن، كە فێرت دەكات چەندە هۆشمەندانە و زانستیانە وەڵامی پرسیارەكان بدەیەوە.هەر بۆیە پیرۆزبایی لە (م /مەریوان)دەكەم كە ئەم پەرتووكەی نایابەی هەڵبژاردووە و وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی شیرینی كوردی بۆ ئەوەی خوێنەری بەرێز لێی سوودمەندبێت.فێری ئەوە بێت كە چۆن پرسیار بكات و وەڵامش بداتەوە. لەكۆتایدا هیوادرام (م/مەریوان)بەردەوام بێت لەم كارە پیرۆزەی ، چونكە پەرتووك وەرگێران كارێكی یەكجار بەسوود و پڕ بایەخ و گرنگە. خوێنەر بەخوێندنەوەی ئەم پەرتووكە سوودی گەورەی پێ دەگات .لەكۆتاییدا بە وتەیەكی شاعیری ئەمریكی (ئەدوار هونت) كۆتای پێ دێنم كە دەڵێت: پرسیاركردن هی كەسە ژیرەكانە بۆ تێگەیشتنیان لە هەر كێشەیەك. ئاڕاستە كردنی پرسیار ، تاكە ڕێگایە بۆ ئەوەی كێشەكانت چارەسەر بكات كاتێ ڕووبەڕووت دەبنەوە).

## (ئایان کۆپەر)کێیە..؟

بەهۆی کارکردنی لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی و ڕێنماییکار و دانەر و نوسەری سەربەخۆ. (ئایان کۆپەر)-(٢٢)ساڵ وەک راوێژکار لە بوارەکانی پێشخستنی ژیانی پیشەیی و تایبەت بە دروستکردنی کەسایەتی کاری کردووە . ئەم نوسەرە بە یەکێک لە باشترین راوێژکارە سەرکەوتوو گرنگەکانی ئەوروپادا دادەنرێت .کە خزمەتێکی زۆر باشی پێشکەش بە دامەزرەوە کۆمەڵایەتییەکان و بازرگانییەکان کردووە و چەندین ناوەندی ڕاهێنانی تایبەت بە دامەزراوەکان دامەزراندووە کە چەندەها ڕێگاو شێوە و شێوازی بۆ پێشخستنی تاک و کۆمەڵگا نوسیوەتەوە .

وە هەروەها زیاتر لە (٥٠٠٠)هەزار نوسراوی هەیە لە دەزگایە گشتییەکاندا .لەسەر چۆنییەتی ئاڕاستە کردنی پرسیار و وەڵام دانەوە. چەندین نموونەش لەم کتێبەدا هەیە لەم بارەوەدا، وە هەروها (ئایان کۆپەر) یارمەتی هەزاران کەسی داوە لە چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکانیان کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە لە ژیانی پیشەیی و کۆمەڵایەتیدا . وە هەروەها هاندەرێکی باشبووە لە چۆنییەتی گۆرانکارییەکانی ژیان و بەدەست هێنانی خواست و داواکانیان.

- ئایا ئەزانی چ کۆسپ و تەگەریەک لە هەموو شتێک زیاتر ڕێگر دەبێت بۆ ئەوەی لە ژیاندا بەرەو پێش نەچی..؟

(ئایان کۆبەر)پێوایە وەڵامدانەوە ئەم پرسیارە زۆر ئاسانە: ئەوەیش ئەوەیە کە لەسەرەتادا شکەست دەخۆین لەبەر ئەوەی نازانین چۆن داواکارییەکانمان داوا بکەین.لێرەدا (ئایان کۆبەر)لەم کتێبەدا بە وردی بۆمانی ڕوونکردۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانین کە چۆن پرسیاری پتە و کاری گەر دابڕێژین تا بتوانین پرسیار لە خۆمان و

کەسانی بەرامبەرمان پێ بکەین .کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە بواری کارکردنی گشتی و بوارەکانی تایبەتی ژیاندا بەرەو پێشکەوتن و سەرکەوتنمان ببات.

لەم کتێبەدا (نووسەر) بە ڕوونی ڕێگایەکانی سەرکەوتنت نیشان دەدات .وەک:

- فێربوونی چەندین شێوە و شێوازی جیاواز و بەهێز بۆ پرسیار کردن.

- کارامەیی لە بەکارهێنانی (تەکنەلۆژیا)بۆ پرسیارکردن.

- گەشەپیدانی مێشک بۆ ئەوەی هەمیشە ساز و ئامادەبێت بۆ پرسیارکردن.

- چۆنییەتی ئاراستە کردنی پرسیار ،کە دەبێتە هۆی یارمەتی دەرت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانت لەلایەنی کارکردن و ژیانی تایبەتی خۆتدا ئەویش لە ریگای پرسارکردندا.

سەرکەوتنەکان هەمیشە بوونیان هەیە ،بەڵام تەنیا پێویستیان بەوە هەیە کە چۆن پرسیار دەکەی...

# (ڕێز و سوپاس)

پێش هەموو شتێک پێم خۆشە لە دوای (خودا)سوپاسی مامۆستای خۆشەویستم مامۆستا: (عبدالوهاب شێخانی) بکەم کە هەم مامۆستام بوو لە قوناغی سەرەتایدا کە فێری ئەلف و بێ کوردم کردم هەمیش هاوڕی و هاوکار و پاڵپشت و هاندەر و یارمەتی دەرم بووە هەم لە کتێبی یەکەمم کە بەناونیشانی (ڕێنمایەکانی ژیان)بوو هەمیش لەم کتێبەی ئێستاشم کە بەناونیشانی (تەنیا پرسیاربکە) و سوپاسی هاوژین و منداڵە خۆشەویستەکانم دەکەم کە بەڕاستی زۆر بەخشندە و ئارامگربوون بەوەی ئەم کاتانەی کە دەبوایە لەگەڵ ئەوان بەسەر ببەم بەنووسینەوەی ئەم کتێبە بەسەرم برد...

## (دەستپێک)

ئایا ئەزانی ئەو کوسپ و تەگەرانە چین کە ڕێگرن لە پێشکەوتنی تۆ و لە هەموو شتێک زیاتر بەرەو دواوەت دەبن ...؟بامن بەڕاشکاوی پێت بڵێم: هۆکاری شکەستەکەت  بۆ نەزانینی شێوازی پرسیارکردنت دەگەڕیتەوە لە کاتی داوا و داخوازیەکانت .
ئەگەر بێتو فشارت بخەمە سەر پێت بڵێم خێرا ئەو ئامانجانەی دەتەوێت پێیان بگەی بۆ باشترکردنی کارەکانی ژیانت. لە سەرتادا واهەست دەکەی وەک بڵێی مێشکت هیچ شتێکی تێدا نەبێت.
لێرەدا پێویستە بە زوترین کات خۆت لەو شتە بێ نرخانە رزگار بکەی کە بۆنەتە هۆی بێزاربوونی ژیانت. وەک یاریەکان و ئۆتۆمبێل و تەلەفزیونی پلازما و خشڵ ....هتد .
لێرەدا ئەوەی گرنگە بە گشتی هیوای ئاشتی و سەلامەتی بۆ هەموو دونیا بخوازین . بۆ ئەوەی دونیا ببێتە شوێنێکی باشتر بۆ ئەوەی تێیدا بژین. لێرەدا رەنگە بتوانی کە بەشێک یان هەموو ئارەزوەکانت بەدەست بهێنی وەک ئەوانەی لە خوارەوە هەن.
- زیاد بونی کڕیار و سەردانی کەرانت.
- لێرەدا ئەتوانی زیاترت لە مافی ماندوو بونی خۆتت دەست کەوێت.
- رەنگە لەو گرێبەستانەی کردووتە باشتر و چاکترت دەست کەوێت یان ئەو خزمەت گوزاریانەی ئەتەوێت بیانکڕی.
- بگەی بەپلە و پایەی بەرز یان ڕێبەرایەتی کردنی چەند بەرپرسیاریەتیێک.

- چەند کەسێک بناسە و پەیوەندیان لەگەڵ دا بمەزرێنە . یان دروست کردنی پەیوندییێک لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتی و گشتییەکانت.
- ئەگەر لە پێناو خۆتدا کاردەکەی ، هەندێک جار پێویستت بە کات و دەرفەت هەیە بۆ ئەوەی بتوانی کەل و پەلەکانت بفرۆشی ، تا پارەییێکی شکۆمەندانەت دەست بکەوێت.
- ئەگەر هاتوو جەستەت نەشیاو بوو، یان هەرکێشەییێکی تەندروستیت هەبوو ، پێویستە چارەسەرێکی خێرا بۆ خۆت بدۆزیەوە .
هەواڵێکی خۆشم بۆ تۆ پێیە : پێش ئەوەی زیاتر لاپەڕەکانی ئەو کتێبە بخوێنیەوە . ئامۆژگارییێکی بە سودم هەیە کە لە دوو وشە پێکهاتووە ، ئەو دوو وشەیەش وادەکەن زووتر بە ویست و ئاوات و ئەمانجەکانت بگەی لە سەر ئاستی تاکە کەسیدا .
ئەوانیش (نهێنی و شکۆدارییە) کێشەکە ئەوەیە کە ئەم دوو وشەییە زۆر سادە و ڕوونن و ترست هەیە لەوەی کە وەری نەگرن.
هەربۆیە ئەم دوو نموونەت نیشان دەدەم کە دەبنە هۆکاری گۆڕینی هەموو ژیانت.

## (مانای ژیان چییە؟)

لە سەرەتای دروستبوونی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، مرۆڤەکان سەرگەردان وێڵن بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە :

(مانای ژیان چیە..؟) کەچی پرسیارێکی سادەی ژیانە . ئەتوانی ئەم پرسیارە لە ئەنترنیت بنوسی و بەدوایدا بگەڕێی ، رەنگە بە هەزاران پێناسەی ژیان بدۆزییەوە بێ ئەوەی بگەی بە هیچ ئامانجێک.

ئەگەر سەیری بکەی دەبینین چەندەها بیرمەند و فەیلەسوف و زانایانی گەورە و زانای فیزیایی و مامۆستا و نوسەر و چەندها کەسی تر لە کەسانی جۆراوجۆر و چەندین پێکهاتەی جیاواز لەسەر ئەم خاکە شکەستیان هێناوە و تا ئێستا نەگەیشتوون بە وەڵامێکی گۆنجاو بۆ ژیان. نوسەر و دەرهێنەری بەناوبانگی دراما (دۆگلاس ئەدامز) لە درامای (خەیاڵی زانستی)دا تایبەت بە وەڵامی مانای ژیان نەگەیشت و بێ ئەنجام بوو. تەنانەت کۆمەڵەی (مۆنتی بیتون) لە بواری کومیدییادا فلیمێکی تێر و تەسەلیان لەسەر ئەو پرسیارە  پێشکەش کرد .

سەڕەرای هەموو ئەوانە ، من ئەم کتێبە دەخەمە بەردەستی ئێوەی خوێنەر تا ئەو وەڵامانەی نادیارن ، بە ڕوونی بۆت ڕوون ببێتەوە،هەموو ڕاستی وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە لەم کتێبە بچووکەدا دەستت دەکەوێت.

ئایا..؟ مانای ژیان چیە

بەڵی ، جارێکیتر بەهەمان شێوە و بە هەمان ڕێگا بیخوێنەوە ، ئەوکاتە تێدەگەی لە کۆتاییدا کە هەموو ئەو گەڕانە بەدوای وشەی ئایا (مانای ژیان چیە ..؟)پرسیار نییە بەڵکو (دەستەواژەیە)..

ئایا مانای ژیان چیە..؟

با بۆت ڕوون بکەمەوە کە مەبەستم چیە..

لەسەرەتای تەمەنی مرۆڤدا، هەمیشە هەوڵیانداوە بۆ گەشەکردن و سەرکەوتن و پێشکەوتن و داهێنان و دۆزینەوە و گەشەپێدان و بەدەست هێنانی ئامانجەکان. کاتێک من دەڵیم وشەی (چیە)..؟مانای ژیان لێرەدایە. من پەنچە ئەخەمە سەر وشەی (چیە) لە کۆتایدا ڕستەی ئایا.. مانای ژیان چیە..؟ مەبەست لێی دەربڕینی ناڕاستەوخۆیە بۆ هەموو پێشەنگی مرۆڤایەتی.

هەموو ئەوانەی باسمانکرد، پێشنیارکردنی چەند پرسیارێکی سروشتییە کە مرۆڤ تا ئیستا بۆ بەدی هێنان و گەیشتن بە ئامانجەکانی دەپرسێت ،هەم لە لایەنی تاک هەم لەلایەنی گشتیدا. کاتێک دەمانەوێت بگەین بە دەرئەنجامێکی باش لەسەر ئاستی تاکە کەسی و تێگەیشتن لەو کێشانەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لە کاتی ئەنجامدانی کار و پڕۆژەکاندا. و هەروەها کاتێک دەبینی وڵاتەکان هەوڵی ئەوە دەدەن بگەن بە چارەسەرکردن بۆ ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی جیهان دەبێتەوە. و کاتێک زاناکان دەگەڕێن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ نەخۆشی و پەتا و ئەو دەردانەی بڵاوبۆتەوە. دەبینی ئێمە هیچ شتێک ناکەین جگە لە پێشنیارکردنی چەند پرسیارێک و زیاتر نا... پێتوانیە ئەو هەموو ڕووداوانەی کە مرۆڤ پێ هەستاوە بەئەنجامدانی لە مێژوودا لە بوارەکانی زانستی و ڕەوشنبیری و تەکنەلۆژیا و تەنانەت کارەساتەکانیش.ئایا پێتوایە ئەم هەموو ڕووداوانە کە ڕوویانداوە بێ ئەوەی کەسێک پرسیار و پێشنیاری لێیان کردبی..؟

کە سەیرێکی بوارە جیاجیاکانی ژیان بکەین،ئەو کاتە تێدەگەین لە گرنگی پێشنیاری و پرسیار کردن.

- لە بواری پزیشکیدا : ئەگەر سەیرێکی مێژووی ڕابردووی بواری پزیشکی بکەین ، دەبینین بەملیونەها لە مرۆڤەکان بە هەڵامەت و

سەرمابوون نەخۆشی شەکرە و بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و برینداری.....هتد ژیانیان لە دەست داوە . کەچی لەم سەردەمەی ئێستادا دەبینین بە هۆکاری دروستبوونی جۆرەها داودەرمان و کەرستە و ئامێری پزیشکی تواندراوە پارێزگاری لە مانەوە و ژیانی مرۆڤەکان بکەن. تۆ بڵێی هۆکارەکەی چی بێت..؟ هەموو ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی پزیشکەکان و زاناکانی بواری تەندروستی بەبەردەوام پێشنیار و پرسیاری جۆراوجۆریان کردووە . وەک چ شتێک هۆکاری ئەم نەخۆشیانەیە...؟ یان چۆن بتوانین ئەو دەردە چارەسەر بکەین..؟ ئەگەر سەیری پزیشکێک بکەین کە سەرەتا چاوی بە نەخۆشێک دەکەوێت بە پرسیارکردن لە نەخۆشەکە دەست پێدەکات و دواتر لە مێشکی خۆیدا پێنشیار و وەڵام دروست دەکات چارەسەری بۆ دادەنێت، ئەوە واتای چ دەگەیێنێت..؟

- لە بواری یاسایدا : ئەو ڕێگایەی دادوەر و پارێزەر و کەسانی یاسایی کاری لەسەر دەکەن و پەیڕەوی دەکەن لە بوارەکانی ئازادی و ئاسایش و دادپەروەری ...هتد بۆ گەیشتن بە چارەسەری کردنی کێشەکان پشت دەبەستن بە پێشنیار و پرسیارکردن و دەپرسن ئەو کارە چۆن ڕوویداوە..؟

- لەبواری وەبەرهێنان و پڕۆژەی بازرگانیدا: لەم بوارەدا سەرنج دەخەنە سەر چەند پرسیارێک، وەک چۆن دەتوانین بەکەمترین کات و باشترین شێوە و کەمترین تێچوو کارەکە تەواو بکەین..؟وە چۆن بتوانین بە کارەکەمان سەرکەوین بەسەر ڕکابەرەکانماندا..؟

- لەبواری ئاینیدا : هەموو ئاینەکانی سەر ئەم خاکە سەرنج و تیشک دەخەنە سەر پرسیارەکان ، وەک باوڕ بە چی بهێنم..؟ یان چۆن بتوانین لە خودا نزیک ببینەوە..؟ و چۆن پەیڕەوی ئاینەکەمان

بکەین لە کاری ڕۆژانە..؟ لێرەدا چەندەها پرسیاری جۆراوجۆری تازە هەن لەکاری ڕۆژانەماندا لە بوارەکانی پەروەردەو داهێنان و کشتوکاڵ و هونەر و زانستی و تەکنەلۆژیا ...هتد .لە بیر و مێشکماندا دروست دەبن.
و هەر وەها چەندین پرسیاری تر هەن لە ئاستی ژیانی ڕۆژانەمان بەشێوەیکی گەورە دڕوست دەبن هەر کە چاومان هەڵهێنا لە بیر و هزر و خەیاڵماندا دروست دەبن. وەک ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە..؟ یان پێویستە ئەمڕۆ چ کارێک بکەین..؟یان بۆ کوێ بچین..؟ یان بۆ نانی ئێوارە چ جۆرە خواردنێک بخۆین..؟
لە ڕاستیدا ئەو پرسیارانەی ڕۆژانە لە مێشکتدا دروست دەبن . لە قوناغە جیا جیاکانی ژیانتدا، بووە بەپێشڕەوت لە کاتی ئێستاتدا لە لایەنەکانی ژیانتدا..؟ بیر بکەوە لەو پرسیارانەی ڕۆژانە لە مێشکتدا دروست دەبن، بۆ کەسانی بەرامبەرت . ئایا ئەو پرسیارانە کاریگەری باشی لەسەر دروست کردنی کەسایەتی تۆدا هەیە کە لەئـیستادا تێیدا دەژی..؟ وەک:

- ئەو کەسانە کێن کە دەتەوێت ببنە هاوڕیت..؟
- ئەو کەلوپەلانە چین کە بۆ پرۆسەی خوێندن دەست نیشانیان دەکەی..؟
- ئەو ئاواتانە چین کە هەوڵیان بۆ ئەدەی تا کە گەورەبووی بە دەستیان بێنی..؟
- ئەو شوێنە چ شوێنێکە کە هیواداری لێی بژی..؟
- ئایا ئەتەوێت هاوسەرگیری بکەی..؟ ئەو کەسە کێیە کە ئەتەوێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەی..؟ ئایا ئەو کەسە ویست و خواستی هەیە کە هاوسەرگیریت لەگەڵدا بکات..؟

- ئایا ئەگەر منداڵتان بوو..؟ ئەی منداڵەکان ناویان چی بێت..؟
- ئەو تێڕوانینانە چین کە هەتە بۆ ژیان..؟
- چۆن ئەتوانی هاوکاری کەسەکان بکەی..؟
- ئایا ئەتوانی پیشە و کارەکەت بگۆڕی..؟
- ئایا ئەو کتێبە دەکڕی ..؟ ئایا کە کڕیت دەیخوێنییەوە..؟

ئێستا ئەزانی بۆچی لە میانەی پرسیارەکاندا کۆمەڵێک کاروباری گرنگمان باس کرد لە ناو کتێبەکەدا..؟
لەبەر ئەوەی تاکە ڕێگا بۆ بەدەستهێنان و گەیشتن بە ئامانجەکانی ژیان بریتیە لە (پێشنیار و پرسیار)کردن.
هەر بۆیە لەمەودوا کاتێک گوێت لە پرسیاری (ئایا مانای ژیان چیە)دەبێت خەندەیێک بکە و وەڵامی پرسیارەکە بدەرەوە.

## بڕیار بده و پرسیار بکه..

کەواتا چ شتێک پێویستە بزانین لەسەر دوارۆژماندا..؟
دەوارۆژمان پەیوەستە لەسەر ئەو بڕیارانەی کە دەیدەین و پەیڕەویان
دەکەین لە ژیانماندا دەرئەنجامەکەی ڕێکخراوە لەسەر ئەو بڕیارانەی وەرمانگرتووە و داومانە.ئەم بڕیارانە کاریگەری بەهێزیان دەبێت لە سەر ئەو پرسیارانەی کە کردوومانە . لە کۆتایشدا دەرئەنجامی باشی ئەو پرسیارانە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو بڕیارانەی کە داومانە لە ئەنجامی کۆتایدا ڕەنگ دەدەنەوە لە سەر بڕیارەکانی ژیانماندا ........
هەر چەندە زیاتر و باشتر پرسیار بکەی. زیاتر و باشتر بە دەرئەنجامەکەی دەگەی ..!

## بنچینەکانی ژیری و هۆشمەندی بریتییە لەوەی تەنیا پرسیار بکە

پێش ئەوەی دەست بکەین بە گفتوگۆی لەسەر شێوازەکان یان پرسیاری تەکنۆلۆژیا، پێم خۆشە کە پێت بڵێم بۆ ناوم لێناوە (بنچینەی ژیری و هۆشمەندی) چونکە ئەم بنچینەیە رێگایەکە بۆ بیرکردنەوە لە شێواز و چۆنییەتی (پرسیارکردن) پێم خۆشبوو لەسەرتادا بەباشی بزانی و دواتر کە شێوازەکانی پرسیارکردنم پێ وتی بە زانینیان دەگەشێیەوە،وەهەروەها باری دەروونیت باش و جێگیر دەبێت، بەو مەرجەی بەباشی لێی حاڵی ببی و باوەڕی تەواوت پێی هەبێت و بەکاری بێنی بەشێوەیەکی باش لەکاتی باش و بەشێوەی جیاجیا بۆ هەر کێشە و بابەتێک شێوازی تایبەتی خۆی بەکار بێنی ، وەک چۆن بۆ هەر نەخۆشییێک دەرمانی تایبەتی خۆی هەیە.

### تەنیا پرسیار بکە..!

ئەوە هەموو کارەکەیە.

ئەوەی تریان بریتیە لە شێواز و رێگاییێک بۆ بیرکردنەوە، و هەموو ئەمانە لە ناو ئەم کتێبەدا هەیە . جا لێرەدا تۆ لە بەردەم دوو ڕێگە دای یان ئەوەیە دەستی لێهەڵدەگری پاش ئەوەی چەند شێوازێکت بۆ سەرکەوتن زانیوە ، یان بەردەوام دەبیت لە خوێندنەوەی بۆ ئەوەی بۆت ڕوون بێتەوە لە چۆنیەتی بەکار هێنانی ئەم شێوازانە و زیاتر سود لێ وەرگرتنیان..؟

## له بیری نەکەی هەرکاتێک شتێکت پێویستبوو ، خێرا داوای بکە

لەوانەیە لە خۆت بپرسی و بڵێی : ئەم کارە چۆن بەو ئاسانیە دەبێت ..! بەڵام چۆن ئەزانی بەو ئاسانیە نابێت..؟ ئایا لە پێشتردا تاقیت کردۆتەوە..؟

لێرەدا پێم خۆشە بەڕاشکاوەیی چەند پرسیارێکت لی بکەم:

- ئایا دواجار کەی بوو کە ڕاستەوخۆ داوات لە کڕیارەکە کرد کە کاڵای زیاترت لێ بکڕی..؟ من لەم پرسیارە تەنیا ئامانجم ئەوەیە کە بزانم ئەو خزمەتگوزارییە نوێیە چیە کە پێشکەشی کریارەکانت ئەکەی بەهیوای ئەوەی بتوانی زیاتر لێی سودمەندبی. هەر بۆیە بە دیاریکراوی پێم بڵێ کەیبوو داوات لە کڕیارەکان کرد کە کاڵای زیاترت لێ بکڕن..؟

- ئایا دواجار کەیبوو داوات لە کڕیارەکان کرد کە پارەی زیاتر بدەن لە بەرامبەر کاڵایەکانت..؟ با کۆتا پرسیارت لی بکەم: ئایا ژمارەی ئەو کڕیارانەی سکاڵای گرانی نرخی کالایەکانت لێ دەکەن چەندە و پاشان بە هۆی گرانی نرخەکان کاڵایەکان ناکڕن..؟ ئەگەر ڕێژەی کڕیارەکانت کەمتربوو لە (١٠%) کەواتا پێویست ناکات کاڵایەکانت بە نرخێکی کەم بفرۆشی، باش بیری لێ بکەوە..!

- وای دابنی تۆ شتێکت لە دوکانێک یان مارکێتێک یان فرۆکەخانەیە کڕیوە و داوای ئەوەت لە کەسەکە کردووە کە نرخەکەت بۆ کەم کاتەوە..؟

- ئایا ئەتەوێت پاداشتی زیاتر وەربگری یان پلە و پایەت بەرزبکرێتەوە لە کارەکەت..؟ ئایا لەپێشتردا چووی بۆ لای بەڕێوەبەر یان بەرپرسی کارەکەت وە ڕاستەخۆی داوای لێ بکەی..؟ گریمان تۆ دەتەوێت چاوت بەکەسێک بکەوێت بە هەر هۆکارێک

بێت جا چ لەلایەنی گشتی یان کەسی بێت..؟ چ کارێک دەکەی بۆ ئەوەی داواکارییەکانت بەدی بێت..؟ من ئەزانم زۆر بەی کەسەکان هەوڵ و توانایەکانیان بە گڕ ئەخەن تا نەخشەیەک بکێشن بۆ ئەوەی چاویان بەکەسێک بکەوێت. تەنیا بۆ ئەوەی دەرفەتێک بدۆزنەوە تا چاویان پێ بکەوێت. باشە بۆچی دەست ناکەیتە تەلەفۆنەکەت و پەیوەندی پێوە بکەی..؟

- ئەگەر چەند کێشەیەکی تەندروستیت هەیە ، ئایا ڕاوێژت بە هیچ کەس کردووە لەبارەی نەخۆشییەکەت..؟ ئایا هیچ چارەسەرێکی هاوشێوەی ئەم چارەسەرت دۆزیتەوە وەک جێگرەوە بۆ نەخۆشییەکەت..؟ ئایا دواجار کەی بوو کە داوات لە پزیشکەکەت کرد کە چاوێک بە راچێتی دەرمانەکاندا بخشێنیتەوە..؟

لە ڕاستیدا بەدەگمەن کەسەکان گرنگی بەم جۆرە پرسیارە دەدەن یان ڕاستەخۆ ناپرسن ، ئەگەر تۆ ئەو کارە ئەنجام بدەی لە سێ وەڵام زیاتر وەرناگرییەوە ، ئەوانیش:

(بەڵێ - رەنگە - نەخێر)

من دڵنیا نیم لەوەی کە تۆ (١٠٠%) کام وەڵام وەردەگرییەوە، بەڵام لەم سێ وشەیە زیاتر نییە لەوانەیە

( بەڵێ یان رەنگە  یان نەخێر) بێت ،بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئایا بەچ شێوازێک و چۆن لە چ کاتێکدا بە رێز و خۆشەویستی و بەهێمنی پرسیار دەکەی.

بۆ ئەوەی بگەی بە ئەنجامێکی باش و دروست – هەموو ئەمانە لە ناو ئەم کتێبەدا ئەتوانی بیان دۆزییەوە.

لە کۆتایی ئەم کتێبەدا ، من دەزانم کە ئەم ویستە لەناخت دایە وەک چۆن (عەلاء ئەدین) لەکاتی پێویستی دا دەست بە قۆرییەکە

دادینی تا دێوەکە پێداویستییەکانی بۆ جێ بەجی بکات ، ئەمە وەڵامەکە نییە بەڵکو پێویستە تۆ وشەکانت برازێنییەوە بە وشەی جوان و خۆشەویستی و رێز بۆ ئەوەی بتوانی پارێزگاری لە هەستی کەسی بەرامبەر بگری بۆ ئەوەی دەرئەنجامێکی باشت دەست کەوێت .کەمترین وشە دەبێت بۆ بەرامبەرکەت وشەی (ئەگەر رێم پێ بدەی) بێت.

لە کۆتای ئەم کتێبەدا ، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەی فێری چەندەها رێگا و شێوازی چۆنییەتی(ئاڕاستە کردنی پرسیار) دەبیت. و هەروەها فێری چەندین بنچینەی ئەقل و بیرکردنەوە دەبی .ئەویش تەنیا بە (پرسیارکردن) من و هاوڕییەکانم چەندین تاقی کردنەوەمان کردووە بە درێژای (٢٠)ساڵی ڕابردوو و بە هەزاران سمینارمان پێشکەش کردووە و ڕاهێنانمان بە هەزاران کارمەندی کۆمپانییایەکانی بواری بازرگانی و پیشەساز و کۆمەڵایەتی و مرۆیی کردووە . بۆ ئەوەی فێری شێواز و رێگایەکانی چۆنییەتی هەڵسووکەوتوو پرسیارکردن بن ، وە تۆ دوای خوێندنەوە ئەم کتێبە بە وردی دەتکات بە کەسەێکی بەتوانا و فێری چەندەها ڕێگاو شێوە و شێوازی چۆنییەتی پرسیارکردن دەبی.

وەهەروها چەندەها نموونەت پێ دەڵێم لە چۆنییەتی ئاڕاستە کردنی پرسیار لە خودی خۆت ، ئەم کتێبە پێت دەڵیت هیچ شتێک ئەستەم نییە و نابێتە بەربەست لەپێش ویست و ئاماجەکانت هەموو دیوارە پۆلاینەکانت بۆ دەشکێنی تا بگەی بە ئاماجەکانت. لە رێگای چەند پرسیارێکی گونجاو لە خودی خۆت وادەکات کە مێشکت سەرنج بخاتە سەر چارەسەرییەکانی کێشەکان نەوەک هۆکاری کێشەکە. ئەم شێوە و شێوازە ڕێگایانە وا دەکەن کە

گۆرانکاری لە ژیانتدا ڕووبدا و بەرە و پێش بچی و فێرت دەکات کە چۆن هەڵسووکەوت لەگەڵ هەموو لایەنیەکانی ژیاندا بکەی.
وەهەروها لە بەشەکانی ئەم کتیبەدا چاوت بە چەندین نموونە دەکەوێت کە تێیدا فێری چۆنییەتی گفتوگۆ کردنت . دەکات لە بوارەکانی بازرگانی و کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی بەدەست هێنانی گرێبەستەکانی بازرگانی و چۆنییەتی دروستکردنی بڕیار .وە هەروها دەبیت بەکەسێکی خاون ئەزموون وەک ئەوەی زۆر کەسی شارەزا لە بوارەکانی ژیان لەمیشکتدا بن. لەیەک کات و بەبەردەوام لە کاردابن لە پێناو بەرژەوەندییەکانت و بەبێ دەنگە دەنگ و هاوار کردن فێرت ئەکات کە چۆن  پیشنیاز و پرسیار بکەی و هەموو پنچینە زێرینەکانی پرسیارکردن بە ئاسانی فێردەبی تەنیا متمانەت بەخۆت هەبێت وەک چۆن لە( گوگڵ )بەئاسانی و بێ ترس ودوودڵی  بەدوای پرسیارو وەڵامەکاندا دەگەڕێی تا بییان دۆزییەوە.

## سەربەستانە و راست و ڕەوان پرسیاربکە..

بابیرت بخەمەوە وەک چۆن لە پێشەکی کتێبەکە باسم کردووە ، زۆربەی ئەو کەسانەی کە بە ڕوونی و سەربەستانە داوای ئەم شتانەناکەن کە پێویستیان پێیەتی . دەرئانجام پەشیمان دەبنەوە لەوەی داوای ئەو شتەیان نەکردووە کە پێویستیان پێ بووە. یەک لەو بنەمایانە ئەوەیە کە دەبێت (بە ڕوونی و سەربەستانە پرسیار بکەی) بەڵام بیرت نەچی بە هێمنی و ڕێزەوە پرسیار بکەی. لەهەندێک شوێن و کاتدا زۆر پێویستە پرسیار بکەی ، چونکە رەنگە ئەو دەرفەتەت جارێکی تربۆ نەرەخسێتەوە کە دەبێتە هۆی سەرکەوتن و خۆشی بۆ ژیانت بەم پرسیار کردنە.....

## ئەگەر بتەوێت دواڕۆژێک بۆ خۆت دروست بکەی دەبێت بپرسی...

زۆرجار لە ئەنجامی بە ڕوونی و ڕاستەوخۆ پرسیارکردنت، دواڕۆژی خۆت دیاری دەکەی ، رەنگە کەسانی تر نەزانن و بترسن لە پرسیارکردن، ئەوەی من بەدواداچوونم بۆ کردبێت ، یەکەم هەنگاو ،بۆ ئەوەی داواکارییەکەت بگەینی دەبێت بزانی بەچ شێوازێک پرسیار دەکەی ، رەنگە لەسەرتادا نەزانی کە چۆن پرسیار دەکرێ ، بەڵام هیچ پێویست بە نیگەرانی ناکات ، چونکە هیچ شتێک ناتوانی ببێتە بەربەست لەسەرکەوتنی مرۆڤەکان ، تەنیا تۆ لەسەر بەڵێنەکەت بەردەوامبە لەوەی هەر شتێکت پێویست بێت بپرسی و پرسیار بکەی و منیش کتێبێکت پێشکەش دەکەم کە پڕیەتی لە شێوازی پرسیارو پێشنیاز کردن.....

## بیربکەوە چ کاتێک و چۆن دەست دەکەی بە پرسیارکردن ، ئەوکاتە شەنسی بەدەستهێنانی ئەوەی مەبەستتە بەدەستی بهێنی زیاتردەبێت

چەند ساڵێک لەگەڵ دامەزراوەییێکی بازرگانیدا پەیوەندی و برادەرایەتیم هەبوو، بە هۆی ئەوەی من لە بانکێکی پارەدا کارم دەکرد. ئەم بانکە هەمیشە رێکلامیان بۆ خزمەتگوزاریەکانیان دەکرد لە ڕێگای نامەی ئەلکترۆنی بۆ بریکارەکانیان ، سەڕەڕای بەستنی چەندین کۆبوونەوە و سمینار لە پێناو پەرەپێدانی کارەکانیان ، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی ئەوتۆو بەرچاویان بەدەست نەدەهێنا ، سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەڵایە کە دەیاندا، کەچی هەر شکەستیان دەهێنا لە کارەکانیان . تا جارێکیان داوایان لە من کرد کە پێشنیارێکیان بۆ بکەم کە بتوانن لە کارەکانیاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن. منیش یەک پێشنیارم پێ باشبوو ئەویش کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەژداربوەکان بکەن و بەوردی باس لە خزمەتگوزاریە تازەکانیان بکەن ، لە پێناو بەرزکردنەوەی داهاتی بانکەکانیان.

و لە پاش چەند گفتووگۆییێک لەسەر ئەو پێشنیارەی کە من کردم بۆیان . لە کۆتایدا پێیان وابوو کە ئەم ڕێگایە ، ڕێگاییێکی سەرکەوتوو نییە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی ئیستادا ناگونجێ هەر بۆیە ئەم ڕێگایەیان قبول نەکرد ، هۆکارەکەش ئەوە بوو کە نەیاندەزانی چۆن ئەم کارە ئەنجام بدەن هەر بۆیە وازیان لە بیروکەکەی من هێنا..

دوای تێپەربوونی ساڵێک بەسەر ئەو ڕووداوە ، دووبارە پێیان وتم ئەوە زیاتر لە ساڵێکە خەریکی ڕیکلامین بۆ کارەکەمان بەڵام هیچ پێشکەوتنێکی بەرچاومان بەدەست نەهێناوە .بۆیە وتیان ئایا :

ئەتوانی خۆت بەو کارە هەستی و جێبەجی بکەی..؟ کە ساڵی پێشوو پێشنیارت بۆ کردبووین. منیش قبوڵم کرد.
پاش ئەوەی ئەم کارەم گرتە ئەستۆ .هەستام بەپەیوندی کردن بەو کەسەی کە مەبەستمە قسەی لەگەڵدا بکەم سەبارەت بەو خزمەتگوزاریانەی کە ئەم دامەزراوە بازرگانیە پێویستیان پێ هەیە . بەڵام لە سەرتادا زۆر بە ڕێز و خۆشەویستیەوە قسەم لەگەڵدا کردوو و سوپاسم کرد بەوەی کە توانی ڕاستەوخۆ لەکاتی خۆییم پێ ببەخشێ. دواتر دانم بەوەدانا کە لەپێشتردا لە ڕێگەی نامەی ئەلکترونیدا ئاگاداری و ڕیکلامەکانمان بۆ دەناردن بەمەبەستی ئەوەی بتوانین زیاتر بەشداربوو وەکان بۆلای خۆمان رابکێشین . بەڵام بێ هودەبوو. هەربۆیە پێمان خۆشبوو کە ڕاستەخۆ پەیوندیتان پێوە بکەین تا گوێمان لە داواکریەکانتان بێت . بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر خزمەت بە ئێوە بکەین ئێستا ئەو داواکاریانە چین کە ئێوە هەتانە تا ئێمە ئەنجامی بدەین..؟
بێ ئەوەی بچمە ناو وردەکاری پڕۆژەکە . با بەکورتی پێتان بڵێم ئەوان وەڵامی یەک یەک و پیت بەپیتی پرسیارەکانی ئێمەیان دەداوە . بە چەندین شێواز کە هەموویانم لەم کتێبەدا باس کردووە. دوای ئەوە کارمەندەکانی بانک توانیان لەم دەزگا بازرگانیە هەزارەها دۆلار بەدەست بهێنن.
لە پاش ئەوەی کارمەندەکان هەستیان بە دڵنیایی کرد لەو کارەی ئەنجامامدا . ئەم جارەیان گرنگی ئەو هەنگاوانەیان بۆ دەرکەوت . بێ ئەوەی بیر بکەمەوە لەوەی کەچۆن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە،
تەنیا پرسیارم کردووە کە پێویستە چی بکەم و چۆن ئەو کارە ئەنجام بدەم ، لەکۆتایدا وەڵامەکانم دەستکەوت..

بەڕێوەبەرەکەم وتی : من ئەوە دەزانم بەڵام پێم خۆشە بە شێوەیێکی فرەوانتر لە چۆنیەتی پرسیار کردنەکانت باس بکەی. منیش وتم مافی خۆتە کە لێم بپرسی لە شێوازی چۆنییەتی پرسیار کردنم ، منیش وتم: لەسەرەتادا دەبێت بیر بکەیەوە بە چ ڕێگاییێکی گونجاو پرسیار بکەی، پاشان دەبێت بەو پەڕی ڕێز و متمانە بە خۆبونەوە پرسیار بکەی، و بەشێوازێکی دروست و تایبەت و شارەزایانە لە چۆنیەتی ولە چ شوێنێک دەست بەپرسیارکردن بکەی ، کە توانیت بەجوانی پەیامەکەت بگەینی ئەوە دڵنیابە لەوەی شەنسی سەرکەوتنت زیاتر دەبێت. چونکە زۆربەی خەڵک نازانن کە بەچ شێوازێک و بە چ ڕێگاییێک پرسیارلە بابەتەکانیاندا بکەن ، هەربۆیە دووچاری  شکەست دەبن لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان....

## ئەتوانی چ کارێکی جیاواز ئەنجام بدەی..؟

ئەوەی گرنگە لێرەدا کە هەستی پێ بکەین ئەوەیە کە رەنگە هەندێک جار ئەو پرسیار و پێشنیازانەی دەیخەینە ڕوو کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر ژیانماندا، بەڵام لەمانە کاریگەرتر و گرنگتر بریتیە لەو پرسیار و پیشنیازانەی لە خۆمانی دەکەین. زاناکان ئەوەیان سەلماندووە کە (ڕاوێژکردن دەبێتە هۆی ئەوەی کە بیرت فرەوانتر بێت). ئەتوانی سەرنج بخەیتە سەر بیر وخەیاڵی ئەمڕۆ لەگەڵ هی دوێنی، ئەبینی جیاوازییێک هەیە لە نیوان بیرکردنەوەکانتدا ، ئەوەش هۆکاری ئەوەیە کە مێشکی مرۆڤ بەبەردەوام لە گۆڕان و نوێ بوونەوە دایە. ئەگەر هاتوو بە ڕوونی هەستت نەکرد کە تۆ توانیوتە بگەی بە ئەنجامێکی جیاواز و باشتر ، ئەوکاتە بزانە کە گۆڕانکاری لە بیر و خەیاڵت ڕووی نەداوە .

زۆربەی زۆری دامەزراوەکان و کەسەکان تۆشی هەمان گرفت دەبن لە کارەکانیاندا. ئەوان ئامانجیان ئەوەیە کە بتوانن ئاماجەکانیان بەدی بێنن ، بەڵام ناتوانن هیچ گۆڕانکارییێک بکەن ، چۆنکە بەهەمان شێوەی جاران وکۆن کارەکانیان ئەنجام دەدا. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ پێشنیاز دەکەم لەسەر ئاستی پیشەیی و تاکە کەسیدا:

ئایا ئەتوانم چ کارێک بە شێوەییێکی جیاواز ئەنجام بدەم..؟

دووبارەی دەکەمەوە لێرەدا وەڵامێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا هەیە، ئەویش ئەوەیە کەیبوو بۆ دواجار لەگەڵ خۆتدا گفتووگۆت کردووە سەبارەت بەپیشەی تایبەت بە خۆت کە چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەی بە ئامانجی پێشخستنی...؟

و هەروەها لە خۆتت پرسیوە کە پێویستە چی بکەم..؟ کێشەکە لەوە دایە کە هەندێک کاروبار هەیە کە وەک بڵێی شتێکی ئاساییە لەخۆیانەوە ئەنجام دەدرێت بە شیوەێکی ڕوتین و جێگیرلە ژیاندا. تەنانەت وای لێ هاتووە کە لە خۆشمان ناپرسین کە بزانین چۆن ئەو کاروبارانە جێبەجی بکەین.

جارێکیان یەکێک لە بەرپرسی دامەزراوەیێکی بەناوبانگدا لە بواری ڕاهێناو گەشەپێدانی پیشەیی پەیوەندی پێوە کردم و وتی: ئێمە هەمیشە کارەکانمان دەنوسینەوە پێشانی دەدەین، بۆ ئەوەی ڕکابەری کۆمپانیاکانی تری پێ بکەین. وە هەروەها وتی (١٢) نوسراومان لەو بارەییەوە نوسیتەوە لە ماوەی (١٨) مانگی ڕابردوودا، لە پێناو بەدەستهێنانی هەندێک گرێبەست . بەڵام هیچ لەم گرێبەستانەمان بەدەست نەهێناوە.

کاتێک لێم پرسی ئایا چ شتێک هۆکاری ئەوەیە کە سەرنەکەون..؟ وتی هۆکارەکەی نازانیین ، هەر بۆیە ئەوانیش ڕاوێژیان پێ کردم کە چی بکەن..!

منیش داوام لێکردن ئەو (١٢) ە نوسراوانەم بە پوختی و درێژی بۆ بنێرن. بۆ ڕۆژی دواتر کارمەندێکیان بە باوەشێک نوسراوی زۆرەوە هاتە لام، منیش بە وردی دەستم کرد بە خوێندنەوەی نوسراوەکان ، کە سەیرم کرد نوسراوی یەکەم تارادەییێکی باش باشبوو بەڕاستی پێی سەرسامبووم ، ئەم جارە سەیری نوسراوەی دووەمییانم کرد بەهەمان شێوە بوو، ئەم جارەیان کەسەیری ناوی کارئاشنای نوسراوەکانی سێیەم و چوارەمم کرد هەمان کەسی یەکەم و دووەم نەبوو کە نوسراوەکانی نوسیبوو ، وتم ڕەنگە ئەو دوو نوسراوە جیاوازتربن لە ئەوانی پێشوو ، بەڵام کە سەیرم کرد هیچ جیاوازی

نەبوو لە شێوازی نوسین و دەربرینی وشەکان تەنیا جیاوازییەکەی ئەوەبوو کە بە کۆمپیوتەر بە شێوەیێکی رێک و پێک نوسرابوون.
لە پاشان بابەتەکەم بۆ بەرپرسی دامەزراوەکە ڕوون کردەوە لە هۆکاری شکستەکان بەوەی هەموو نوسراوەکان هاوشێوەی یەکبوون . هیچ گۆڕانکارییێکی ئەوتۆی تێدا نەکرابوو. ئەوانیش وتیان کە نوسراوی یەکەم زۆر کۆن بوو پێشتر کەسانێک کاریان لەسەر کردبوو، هەربۆیە دەرمان هێناوە دووبارە کارم لەسەر کردەوە ، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ کەم ئەزموونی کارئاشنای دامەزراوەکەمان و هەروەها هەموو کارمەندەکان دۆسییە و بەڵگەنامە و نوسراوەکانی ناو ئامێری کۆمپیوتەرەکانیان لەبەر دەستبوو.
بەڕاستی بۆمن کاریکی پێکەنیناوی بوو ،پێم سەیربوو کەچۆن دامەزراوەیێکی بازرگانی بەو پێوەرە کاردەکەن و نەتوانن نهێنیەکانیان بپارێزن و کارمەندەکان بەئاسانی بتوانن دزە بە زانیارەکانی ئەو دامەزراوە بازرگانیە گەورەیە بکەن....! ئەوان هەموو سەرنجیان لەسەر ئەوەبوو کە زیاتر کارەکانیان نمایش بکەن لە بڕی ئەوەی بزانن کە چیان پێوەیستە بیکەن. کێشەکە ئەوەیە کە هیچ کەسێک لەو کارمەندانە هەڵوەستەیێکیان نەکردبوو تا بیربکەنەوە و لە خۆیان بپرسن : ئایا پێویستە چ کارێکی جیاواز ئەنجام بدەین..؟ ئەوان هەوڵی خۆیان دابوو بەڵام درکیان بەوە نەکردبوو کە نوسراوەکان لە یەکتر جیابکەنەوە ...! سەیرکەش لەوە دابوو کە چۆن لە خۆیان نەپرسیوە ئایا ... بۆ تائێستا هیچ بەرهەمێکی ئەو تۆمان نەبووە .

لێرەدا پێویستە هەمیشە ئامادەکاریەکان بکەی و هەموو بیرۆکەکان لە مێشکی خۆماندا گەڵاڵە بکەین و بپرسین ئایا چ کارێکی جیاواز هەیە کە پێویستە ئانجامی بدەین..؟
ئایا لە پێشتردا هیچ لەو نوسین و کتێبانەت خوێندۆتەوە کە تایبەت بێت بە کارەکەت..؟ ئایا چەندت لەو جۆرە بیرۆکانە بەدەست هێناوە..؟ ئەگەر هاتوو ئەنجامەکانت هێواش و لەسەرخۆبوون ، ئایا ئەوکاتە پێویستت بە گۆڕانکاری نییە...؟بەدڵنیایەوە بەڵێ.

## وانەزانی هەمیشە وەڵام دانەوەکان بە نەخێرە..

ئەو جۆرە کەسانە فێڵێکی گەورە لە خۆیان دەکەن کە وادەزانن هەمیشە وەڵامی داواکارییەکانیان بە نەخێرە. من چەندین جار گوێم لەو جۆرە گلەیی و گازاندانەی خوارەوبووە کە دەڵێن:

هۆکارەکەش ئەوەیە کە شێوازی پرسیار کردنەکانیان بەهێز نەبووە:

- چونکە ئێمە ئەو دەرفەتەمان نییە....
- چونکە قەبارەی کارەکانی ئێمە زۆر بچووکن....
- چونکەقەبارەی کارەکانی ئێمە زۆر گەورەن....
- چونکە نرخەکانی ئێمە زۆر بەرزە....
- لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین کێ بڕکێ بکەین...
- لەبەر ئەوەی ئێمە تازەکار و بی ئەزموونین لە بازاری کارکردندا....
- چونکە هەمووان وادەزانن ئێمە شێوازی کۆن بەکار دەهێنین....
- چونکە کڕیارەکامنان لەگەڵ کەسانی تر مامەڵەیان دەکرد....
- چونکە کڕیارەکان ئەو نرخەیان نەدەدا کە ئێمە داوامان دەکرد....
- چونکە ئەوان نەگەیشتبوونە ئەو ئاستە....
- چونکە کارمەندەکان ئەوەندە ژیر نین....
- چونکە من زۆر قەڵەوم...
- چونکە من زۆر بچووکم...
- ڕەنگە ئەوان گاڵتەم پێ بکەن...

ئایا وێنای ئەو منموونانەت هەرلە بەرچاوە..؟ تا چەند پێتوایە ئەم بۆچوونانە وان و بەکارت هێناوە و بیرت لێ کردۆتەوە..؟ کەچی لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونانەش ڕاستن ئەویش هۆکارەکەی  ترسە یان نەزانینە لە شێوازی پرسیار کردندا. وەک چۆن لە پێشتریشدا باسمان کردووە ، ئەگەر پرسیار نەکەی هیچ گرنتییێک نیە بۆ ئەوەی

مەبەستەکە بەدەست بهێنی. ئەتوانم پێت بڵێم کە هیچ بۆچوونێکی ڕاست و گونجاوم نیە جێگەی ئەو شێوازە بگرێتەوە کە پرسیارو داواکاریەکانت پێشکەش بکەی.
لێرەدا وەک ئەم نموونانە:
- ملیونەها دۆلار بۆ ئەو زانایانە هەیە کە هیچ دەرفەتێک نادۆزنەوە بۆ دەرخستنی تواناکانیان....
- چەندها بەخشینی خێرخوازی هەیە بۆ ئەو کەسانەی واهەست دەکەن کە داواکارییەکانیان رەتدەکرێنەوە...
- دامەزراندنی چەندەها پڕۆژە هەیە بۆ ئەو کۆمپانیانەی کە هاوبەشەکانیان واهەست ئەوان لە دەستە و تاقمی بەرزن...
ئایا هیچ تێگەیشتی لەم سێ ڕستەیە...؟
رەنگە ئەو سێ نموونەیە بەتەواوی قایلیان نەکردبی. با من شتێکت بۆ باس بکەم . لە شارەکەمدا ویستگەییێکی شەمەندەفەر هەیە ، لە ناو ئەو وێستەگەیەدا گەراجییێکی تایبەت بە ئۆتۆمبیلی گەشتیارانی تێدایە. زۆرجار تابلۆیەک هەڵدەواسن لەسەری نوسراوە شوێن بۆ وەستانی ئۆتۆمبیل نەماوە. خەڵکەکانی تر هەر لە دورەوە کە چاویان بەو تابلۆیە دەکەوێت ، ئۆتۆمبیلەکانیان دەبنە گەراجێکی دوورتر بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلەکانیان تێدا بوەستێنن تا دەگەڕێنەوە لە گەشتەکەیاندا، بەڵام هەر جارێک من ئەو تابلویە دەبینم کە هەڵواسراوە گوێی پێ نادەم دەچمە لای کارمەندەکە بەرێز و خۆشەویستیەوە قسەی لەگەڵدا دەکەم داوای شوێنێکی لێدەکەم بۆ ئۆتۆمبیلەکەم پەیدا بکات .لە دەرئەنجامدا شوێنێک بۆ ئۆتۆمبیلەکەم پەیدا دەکات.

ئەوەی من لێرەدا باسم کرد جۆرێکە لە سەرکەوتن . کاتێک کە تۆ فێڵ لەخۆت دەکەی و بێ ئەوەی هەوڵی خۆت بدەی ، ئەزانی ئەوە مانای چیە..؟ واتای چۆڵکردنی کۆرەپانە بۆ کەسانی تر....
دەرئەنجەمەکان سەرکەوتنەکانی تۆ دیار دەکەن نەوەک بیر کردنەوە هەڵەکانت...

## ئەم کارە خراپە چیە کە ڕەنگە ڕووبدا..؟

لە ڕاستیدا پێرەوکردنی ئەم بنچینەیە زۆر سادە و سانایە، بەردەوام ئەوەی یارمەتیم دەدات کەزاڵبم بەسەریدا ، بێ دوو دڵی ئەوەیە کە پێشنیار و پرسیار دەکەم.

ئەم سێ برسیارە لە خۆت بکە:

- دەبێت چ کارێکی خراپ ڕووبدا ئەگەر وەڵامەکە (نەخێر)بوو...؟

(گریمانە خراپەکانی (نەخێر) لە خوارەوە بنوسەوە)

- ئەگەر وەڵامەکەی (بەڵێ)بوو چ کارێکی باش ڕوودەدات..؟

(گریمانە باشەکانی (بەڵێ)لە خوارەوە بنوسەوە)

-ئایا ئەو تایبەتمەندیانەی کە دەتگەیێنێتە وەڵامی (بەڵێ) زیاترن یان یەکسانن بەبەراورد کردن لەگەڵ وەڵامی (نەخێر) ...؟

بە تەنیا و بێ دوو دڵی ئەو تاقیکردنەوەت بەسە تا بتوانی پێشنیار و پرسیار بکەی بەمەستی ئەوەی بگەی بەئامانج و داخوازییەکانت.

بیرت نەچی پێشنیار و پرسیارکردن هیچ پارەیێکی تێ ناچێت......

## بەرزخوازبە و پرسیار بکە هەر چەندە ئەستەمیش بێت...

زۆربەی ئەو شتانەی دەمانەوێ و ئارەزووومانە بە دەستی بهێنین ئاسان نیە. کەواتا پرسیار نەکەین و وازی لێ بهێنین..!؟ ئەگەر وابیربکەیەوە کە کەسانی تریش بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە ، ئەوە بەئاشکرا فێڵ لەخۆت دەکەی.هەمیشە ئەو شتانەی گرنگ و سەرنجراکێشن، کەسانێکی زۆر کەم ئازایەتی ئەوەیان هەیە کە پرسیار بکەن بە مەبەستی ئەوەی مەبستیانە بەدەستی بێنن..
من بە درێژی ژیانمدا چەندین جار ئەو کەسانەم بینیوە کە کاتێک تووشی کێشەیەک دەبن نەیانتوانیوە بەسەر کێشەکانیاندا سەرکەون بە هۆی ئەوەی ئازایەتی ئەوەیان نەبووە کە پرسیار بکەن لە ئەوەی ویستوویانە داوای بکەن. لێرەدا پێویستە ئازایانە و ئازادانە پرسیار و داوای بکەیی ،چونکە کەسە (بەرزخوازەکان) داوای شتێک ناکەن کە (گەورە یان گرنگ)نەبێت ئەگەر ترسناکێش بێت دەستی لێهەڵناگرن. تۆ کەسێک بە لەم جۆرە کەسانە بپرسە و داوابکە لەوەی ئەتەوێت . لە کوتایدا هەمووان تۆشی سەر سوڕمان دەکەی...! کە ئەوەی هەوڵت بۆدا شایستەی تۆبوو کە بەدەستت هێناوە...
چەند ساڵێک پێش ئێستا، هاوڕێیەکەم هەبوو بەیانیێک پەیوەندی پێوە کردم . پرسیاری ئەوەی لێکردم کە بەنیازە لە کۆڕبەندی ساڵانە کە تایبەت بوو بەکار و پڕۆژەکان باس لە دۆسییەکی نەتەویی بکات، منیش وتم ئەوە بیرۆکەییکی زۆرباشە ، دڵنیام دەبێتە هۆی سەرکەوتن بۆ دامەزراوەکەت ، بەڵام پێویستە سەرەتا بپرسین لە چۆنی یەتی و شێوازی کارەکان بە مەبەستی خۆئامادەکردن . ئەوەبوو زانیارییکی باشم لێیەوە دەستکەوت .ئەو کۆڕبەندە تەنیا

باسیان لەسەر کار و باری بازرگانی بچووکەکان نەبوو، لەو کۆڕبەندەدا هەزاران کەسی بازرگان و بەناوبانگ و گەورە و بەرپرس تێدا بەشداربوون. وە هەروەها چەند کەناڵێکی نیشتمانی و جیهانیش ڕووماڵی ئەم کۆڕبەندەیان دەکرد. دوای چەند ڕۆژێک پەیوەندیم کرد بەبەرپرسی بەڕێوەبەری کۆربەندەکە بە مەبەستی تۆمارکردنی ناوی ئەم برادەرەم کە بەنیازە وتارەکەی پێشکەش بکات. کە سات و وختی بەڕێوەچوونی کۆڕبەندەکەهات ، لەو ڕۆژەدا من و هاوکارو کارمەندی دامەزراوەکەمان ئامادەی کۆڕبەندەکەبووین . کە نۆرەی هاوڕێیەکەم هات تا وتارەکەی پێشکەش بکات کە تایبەت بوو بە باسکردن لە(دۆسییەی نیشتمانی) هەمووان پێیان وابوو بۆ چونە سەر سەکۆ(منصة) بەمەبەستی پێشکەش کردنی وتارەکەی لەسەر بابەتەکان کارێکی ئاسان نییە و ئەستەمە.بەڵام کاتێک هاوڕێیەکەم هاتە سەر سەکۆ بەمەبستی پێشکەش کردنی وتارەکەی هەمووانی تووشی سەرسۆڕمان کرد. کە چۆن توانویەتی لەم شوێنە و بەم شێوەیە وتارەکەی پێشکەش بکات ،کە توانی سەرنجی هەموو ئامادەبووان بۆ لای خۆی رابکێشی ...

ئەزانن ئەم کەسە بە چ رێگایەک گەیشتە ئەم شوێنە..؟!

بامن پێتان بڵێم کە ئەم کەسە چۆن گەیشت ئەم شوێنە :

ئەویش تەنیا بە پرسیار کردن گەیشتە ئەم شوێنە...!!

باباسی نموونەیێکی ترت بۆ بکەم:

کە قوتابی بووم لەو قوتابخانەی کە لێم دەخوێند لەکۆتایی وەرزی خوێندندا. دەبووایە بچینە کۆمپانیا و دامودەزگاکان بەمەبەستی کارکردن بە شێوەیێکی کرداری . هاوڕێیەکەم وتی : من دەمەوێت کارێکی ئەستەم و جیاواز ئەنجام بدەم کە لەپێشتر کەس

نەیکردووە..! منیش لێم پرسی بەنیازی چ کارێکی ئەستەم وجیاواز ئەنجام بدەی..؟ وتی :بەنیازم بچمە نوسینگەی سەرۆکی وەزیرانی حکومەت لەوی خوێندنەکەم بەشێوەی کرداری بخوێنم . هەستا بەنوسینی نامەیێکی تێر وتەسەل بۆ سەرۆک وەزیران.
ئەزانی چ ڕوویدا..؟ ئەو توانی بگات بەوەی مەبەستی بوو.....
(ئەزانی هەمیشە ئەو پرسیارانەی ترسمان لێی هەیە لە کردنیان، زۆرجار باشترین وەڵامەمان لێیانەوە دەستەکەوێت....)

(لورد دارلینج) یەکێک بوو لە دادوەرو سیاسەتمەدارەکانی پارتی پارێزگارانی بەریتانی(١٨٤٩-١٩٣٦)

## چاونەترسانە پرسیار بکە...

لە هەندێک سات و وەختدا کە چاو نەترسانە پرسیار دەکەی ... زیاتر شانسی ئەوەت دەبێت کە وەڵامێکی (بەڵێ) بەدەست بهێنی، کە خۆشت چاوەڕوانێت نەدەکرد. کاتێک  بەپەرۆشەوە و بوایرانە پرسیار دەکەی ،زۆرجار دەبێتە هۆی دەستکەوتی باش، یان دەستکەوتی بێ بەرامبەر یان داشکانێکی زۆر بەبێ هۆکار ، کە وادەکەن پارەییەکی کەمتر بدەی.  جارێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکانم دەچووین بۆ سینەما ، هەمووان بە ریز لە دوایی یەکتر وەستابووین بە مەبەستی بڕینی (بلیت) کە گەیشتمە بەردەمی پەنچەرەی بلیت بڕ.

سڵاوێکی گەرمم لە کارمەندی بلیت بڕ کرد، وتم : دەتوانم داواکرییێک لەتۆ بکەم..؟ (ڕەنگە زۆرجار داواکارییەکانت پیویستیان بە پرسیاری چاونەترسانە هەبێت. چونکە ئەگەر چاونەترس نەبی لە پرسیارکردن ناتوانی ئەوەی مەبەستتە بەدەستی بێنی) وتی : فەرموو منیش وتم ئێمە (٦)بلیتمان پێویستە دەتوانی سەدا چەند داشکانمان بۆ بکەی لە نرخەکەی. سەرەتادا وتی : (٣٠% ) منیش قبوڵم نەکرد پێ داگریم کرد تا زیاتر داشکانمان بۆ بکات لە کۆتایدا(٤٠%) داشکانی بۆ کردم لە نرخەکەی. ئەوەش وایکرد پارەییێکی باشمان بۆ بگەڕێنێتەوە.

من زۆرجار کە دەچوومە شوێنێک بەمەبەستی کڕینی پێداویستیەکانم هەمان شێوازم بەکار دەهێنا. هەندێک جار(٧٥%) داشکانم بۆ کراوە بەهۆی ئەوەی چاونەترسانە پرسیارم کردووە .ئەوەش بۆمن شتێکی نایابە کە هەمیشە وەڵامدانەوەی باش و

چاک وەردەگرمەوە. ئەوانەش بەرهەمی شێواز و چاونەترسی پرسیار کردنەکانمە بەشێوەیێکی گشتی...

هەر بۆیە ئەگەر ئەتەوێت ویستە گرنگەکانت بەدەست بێنی تەنیا (چاونەترسانە پرسیار بکە)

## ئەم نرخە داوا بکە کە شایانی تۆیە...

چەند مانگێک بەر لە ئیستادا ، لەیەکێک لە کۆمپانیەکان بە هۆی بوونی کێشەیێکەوە پەیوندییان پێوە کـردم ...
وتیان: ئەتوانی یارمەتیمان بدەی ..؟ کە بەنیازبوون نرخی کاڵایەکانیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەو نرخەی کە مەبەستیانبوو.
دیاربوو ئەم کارە بۆ ئەوان کارێکی نامۆ بوو کە بیانەوێت نرخەکان بەرز بکەنەوە .ئەوەش وای لەمن کرد کە بچمە لایان...
کە چووم پێیان وتم : ئێمە خنکاوین بە هۆی کاری زۆرمانەوە..! کەچی قازانجێکی وامان دەست ناکەوێت کە شایانی ماندووبوونی کارەکەمان بێت.
ئەوان کێشەکەیان، ئەوەبوو کە نرخەکانیان زۆر زۆر هەرزانبوو. ئەوان کڕیارییێکی زۆریان هەبوو بەهۆی ئەوەی نرخی کەل و پەلەکانیان گونجاو و هەرزانبوو. ئەوان دەترسان نرخەکان بەرز بکەنەوە ، لەترسی ئەوەی کڕیارەکانی ئێستا هەیانە لە دەست بدەن و لێیان بتۆرێن.
لە باش گفتووگۆییێکی زۆر لەسەر کارەکانیان ، توانیم باوڕیان پێ بهێنم کەلە (٣٠%) نرخەکانیان بەرزبکەنەوە. لەپاش ئەوەی ئەم

کارەیان بەشێوەییێکی هێمنانە ئەنجامدا، لە(٩٠%) ی کڕیارەکانیان رازیبوون ئەو نرخە بدەن.. لە دونیای بازرگانی و کارکردندا، زۆر کۆمپانیا و دامەزراوەیی واهەن کە دووچاری دارِمان دەبن بە هۆی ئەوەی، ترسیان هەیە لە بەرزکردنەوەی نرخەکان هەمیشە بە پارەییێکی کەم کاڵایەکانیان دەفرۆشن ،ئەو نرخەی کەشایانی کاڵایەکانیانە داوای ناکەن...

ئەوان هەمیشە دووچاری کارێکی زۆر و قازانێکی کەم دەبن ، کە ئەو بڕە کەمەش شایانی کارەکەیان نییە..

من هەندێک نموونە ئەخەمە بەر چاوی تۆ کە ئەتوانی هەڵوەستەیان لەسەر بکەی: وەک ئەم نموونانەی لە خوارەوە باسیان لێوە دەکەم...

- دواجار چ کاتێک بووپێداچوونەوەت بە نرخ و ماندووبوونەکانت کرد..؟

- چ ڕوودەدات ئەگەر نرخەکان بە ڕێژی (١٠% یان٢٠ %یان ٣٠%) و زیاتر بەرز بکەیتەوە..؟

- ئایا ئەتەوێت بەرەو پێشەو و ئاستی بەرزتر بچی..؟

- ئەو کڕیارانەی لە دەستیان دەدەی ژمارەیان چەند دەبێت ئەگەر ئەو کارە بکەی..؟

لێرەدا پرسیارییێکی گرنگتر هەیە کە پێویستە لە خۆتی بکەی:

ئەو خزمەتگوزاری و کەل و پەلانە چین کە پێشکەشی کڕیارەکانم دەکەم..؟

با کارەکەت بۆ ڕوون بکەمەوە: رەنگە ئەوەی تۆ پێش بینی دەکەی لەوەی دەیفرۆشی ڕاست نەبێت یان بە پێچەوانەوە ڕەنگە لایەنی دووەم کڕیار بێت..!

ساڵی ڕابووردوو، قسەم لەگەڵ یەکێک لە پارێزەرەکان دەکرد لەسەر نرخی بەرامبەر بە ماندووبوونی. ئەو وتی : لە بەرامبەر ڕێکخستنی بەڵگەنامە و زانیارییەکان لەبەرامبەریدا (٢٥) دۆلار وەردەگرم.

منیش پێموابوو ئەوە تاوانە چونکە هەموو ئەو کارە (١٠)خولەک ناخایەنێت . دواتر بۆی ڕوون کردمەوە لەهۆکارەکەی وتی : ئەو کارەی من دەیکەم ئەگەر لە دەزگاییەکی دەوڵەت بێت حەقەکەی (٧٥) دولارە.... من تێگەیشتم کە ئەوانە (کات)ی خۆیان دەفرۆشن. چونکە ئەگەر کەسێکی ئاسایی بییەوێت ئەو کارە بکات چەند حەفتەییەکی پێویستە ، کە ئەو پارێزەرە بە چەند خولەکێک ئەنجامی دەدات، چونکە ئەو پارێزەرە تا گەیشتووتە ئەم ئاستە چەندەها ساڵ خوێندویەتی و پارەی سەرف کردووە وهەوڵیداوە و ماندووبووە بۆ ئەوەی خوێندنەکەی تەواو بکات و تا فێری شێواز و ڕێکخستنی بەڵگەنامەو و زانیارییەکان بێت. ئێستا من ئەزانم ئەو کارە لە(٢٥)دۆلار مافی زیاتری هەیە ...

با چیرۆکێکی پێکەنیناوی کۆنت بۆ بگێرمەوە: لەیەکێک لە شەوەکاندا شوفێرێکی تەکسی بە خێراییەکی زۆرەوە ئۆتۆمبیلەکەی لێ دەخۆری بەمەبەستی ئەوەی زوو بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی . بەڵام لە ڕێگادا ئۆتۆمبیلەکەی لە کاردەکەوێت. هەربۆیە بە ناچاری دەوەستێت و داپۆشەری بزوێنەکە هەڵدەداوەوە ، بەهیوای ئەوەی لە کێشەی بزوێنەرەکە تێ بگات کە زۆربەی شوفێران کەمێک شارەزاییان هەیە لێی. بە قەدەری خودا ئۆتۆمبیلێک بەو شوێنەدا ڕەتدەبێت و شوفێرەکە وەستای میکانیکی ئۆتۆمبیلە ، ئەویش کە سەیر دەکات ئۆتۆمبیلێک وەستا و داپۆشەری بزوێنەرەکەی هەڵداوەتەوە ، دەوستێت بە مەبەستی ئەوەی یارمەتی بدا لە چاک کردنەوە....

وەستای میکانیکی : ئەگەر توانیم ئۆتۆمبیلەکەت بۆ چاک بکەمەوە لەبەرامبەردا کەمێک پارەم پێدەدی..؟

شوفیری تەکسی : ئەوە کارێکی باشە ئەگەر بتوانی بیکەی..! لەدوای ئەوە وەستا دەستی کرد بە پشکنینی ئۆتۆمبیلەکە بۆ ماوەی (١٠ خولەک) وتی :هیچ کێشەیەک لە بزوێنەرەکەدا نەبوو تەنیا وایەرەکی بچووکی پچڕابوو..

وەستایەکە وتی: داپۆشەری بزوێنەرەکە داخە و بڕۆ ئیش بە بزوێنەرەکە بکە،

شوفێری تەکسییەکە بزوێنەرکەی ئێش پێکردوو زۆر خۆشحاڵ بوو کە بە خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی کەوتەوە کار.

دوای سوپاس کردن شوفیرەکە وتی :مافی ماندووبوونی تۆ چەندە..؟

وەستا وتی: مافی من (٣٠دۆلارە)

شوفێرەکەی تەکسی تووشی سەرسورمانبوو کە چۆن بۆ (١٠ خوڵەک)و پچڕانی وایەرێکی بچووک چۆن (٣٠دۆلار) بدات...!

وەستای میکانیکی : وەڵامی دایەوە و وتی: کرێی چاکردنەوەکەی تەنیا(١٠دۆلارە) و (٢٠دۆلار)ش هی ئەم شوێنە و ئەم کات و وەختەیە... هیچ کات ئەوە لەبیر مەکە - لێرەدا زۆر ڕووداو هەن کە دەتوانی کێشەکانیان چارەسەر بکەی . بەڵام بیرت نەچی هەمیشە داوای ئەوە بکە کە شایەنی تۆیە..

(پیاوی زانا و لێزان هەمیشە گومانی هەیە لە زانستەکەی خۆی نەوەک هاوشێوەی زانستی زاناکان نەبێت..

بەڵام پیاوی نەزان و بێ مێشک هەمیشە گومانی لە زانینی کەسانی تر هەیە چونکە وەک ئەوان نازانێت).. (لیو شتان ) ڕەخنەگری هونەری (١٨٧٢-١٩٤٧)

## ئەگەر لە جاری یەکەم سەر نەکەوتی لە پرسیار کردن، بۆ جاری دووەم بەشێوەیێکی تر پرسیارەکە بکە..

ئەگەر هاتوو پرسیاری هەر شتێکت کرد وەڵامەکەی (نەخێر)بوو، چ کارێک دەکەی..؟ لە ئێستادا زۆربەی زۆری کەسەکان کاتێک وەڵامی لەو شێوەیە وەردەگرنەوە دەوەستن و بێ هیوا دەبن.

لە پێشەکی ئەم کتێبەدا ، پرسیارێکم ئاڕاستە کردبوون و هەر خۆشم وەڵامی پرسیارەکەم داوەتەوە:

ئەزانی چ کارێک لە هەموو کارەکان زیاتر هۆکارن بۆ ئەوەی بەرەو دوواوەت ببەن..؟باشە ،با بەراشکاوی پێت بڵێم ،دەزانی زۆرینەی ئەو کەسانەی رووبەڕووی ئاستەنگ و کۆسپ دەبنەوە لە پێشکەوتنەکانیان ، هۆکاری نەزانینیانە لە پرسیارکردن و نەپێکانی ئامانجەکانیان......

با لێرەدا رستەیەکت بۆ زیاد بکەم لەم بارەیەوە:

هۆکارێکی تر لە سەرنەکەوتنەکانیان بریتیە لەوەی ، کە جاری یەکەم پرسیار دەکەن و وەڵامەکانیان دەست ناکەوێت کە مەبەستیانە دەستیان بکەوێت..

ناشبێت وەک منداڵێکی بێزارکەر هەمان ئەو پرسیار و داواکارییانە دووبارە بکەییەوە تا دەستت بکەوێت. ئەم جارەیان پێویستت بە بیرکردنەوەیێکی زیاتر و باشترە بۆ ئەوەی شێوازی پرسیارکردنەکەت بگۆڕی بۆ شێوەیێکی چاکتر. باش بزانە و ژیرانە وەری بگرە ، هەمیشە وەڵامی(نەخێر) کە پێشتر بەشێوەیێکی سادەت وەرگرتووتەوە، واتای ئەوە ناگەینێت کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی تۆ (نەخێرە).. هەمیشە بیربکەوە: کە هەموو شتێک ئەگەری گۆڕانی هەیە، ئەو کەسەی کە سەرەتا وەڵامی (نەخێر)ت

لێوە دەستکەوت ئەتوانی وازی لێ بهێنی. دڵنیابە کە کەسێکی تر هەییە کە بنەما و بیر کردنەوە و سیاسەتێکی جیاوازتری هەیە لەوی پێشووتر..
هیچ کات باوڕ بەوە کەسانە مەکە کە شکەست خواردوون لە ژیاندا. ڕەنگە گوێت لە ناوبانگی ناوی سینەمایی(والت دیزنی) بووە .کە خاوەنی هونەری دروستکردنی وێنەی نەوەستاوەبوو. کە بەرهەمەکانی بریتین لە فلیمەکانی کارتوونی (سەندریلا و میکی ماوس )و ...هتد. ئەم هونەرمەندە سینەماییە کە دواتر بوو بە ملیۆنێر ، سەرەتا کەسێکی هەژاربوو . کارەکەی پێشکەشی کۆمپانیایەکی سینەمایی کرد,بەمەبەستی ئەوەی کاریان لەگەڵدا بکات وەڵامی (نەخیر)ی دەستکەوت . بەهەمان شێوە کۆمپانیای دووەمیش هەر وەڵامی (نەخیر)یان دایەوە. بەڵام بۆ جاری سێیەم هەر کۆڵی نەدا تا لە کۆمپانیای سێیەم وەڵامی (بەڵێ) یان دایەوە . پرۆژەکەیان لا پەسندبوو و کاریان لەگەڵدا کرد. بانموونەی هونەرمەندێکی  تری بەناوبانگی سینەمای (هۆلیود)ت بۆ باس بکەم . ئەویش (سیلڤیستر ستالون)ە چەندها جار وەڵامی (نەخێر)ی دەست دەکەوت بۆ ئەوەی لەبەردەم کامێرای کەناڵەکانی تەلەفزیون دەرکەوێت، لە کاتی یاری کردندا. دواتر بە گۆڕینی شێوازی هونەری (بۆکسانی) توانی ببیتە بە ملیۆنێر و یەکێک لە بەناوبانگترین هونەرمەندەکانی بواری جیهانی سینەما..
مرۆڤ کە خۆراگر و کۆڵنەدەر بوو لە بەدەست هێنانی ئامانجەکەی درەنگ یان زوو هەر دەگات بەوەی مەبەستییەتی بەدەستی بێنی..
لێرەدا پێویستە دوو پرسیار ئاڕاستەی خۆت بکەی:
- بۆچی وەڵامی پرسیارەکەم (نەخێر)بوو..؟
- چۆن ئەتوانم دووبارە پرسیارەکەم ئاراستە بکەمەوە..؟

لێرەدا مەبەستمە ئەوت بیر بخەمەوە لەبەشی تایبەت بە (پرسیاری تەکنەلوژیا) چەندەها رێگا هەن کە ئەتوانین کاریان لەسەر بکەین . وەک چۆن (والت دیزنی و سیلڤیسترستالون) بەشێوەیەکی خێرا گەیشتن بەمەبەست و ئامانجەکانیان ...
لەهەموو بارودۆخێکدا باشتر وایە لە ئێستا و داهاتوودا بپرسین لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانمان....

نوسەری زانای بیرکاری بەریتانی (بیرترند راسڵ) (١٨٧٢-١٩٧٠)

بۆ ئەوەی وەڵامی (بەڵی)ت دەست بکەوێت لە پرسیارکردن بوەستە..

هەندێک جار بۆ گەیشتن بە وەڵامی (بەڵێ) کارێکی زۆر ناخۆش و سەختە . کەچی ئەو کەسانە دوای چاوەڕوانییێکی دوور و درێژ و پرسیار و راوێژ کردنێکی زۆر، لە کۆتاییدا سەرکەوتوو بوون و گەیشتوون بەوەی ئامانجیانە. هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئەو کەسانە لە سەرەتادا پرسیارییێکی زۆر دەکەن وداوای زانیارییێکی زیاد لە پێویست دەکەن، هەربۆیە لە ئەنجامدا کەسی بەرامبەر دەکەوێتە شک وگۆمان. ئەوەش وا دەکات کە لە سەرەتادا وەڵامی (بەڵێ)ت دەست نەکەوێت.
بیرت نەچی ، بۆ ئەوەی وەڵامی (بەڵێ)ت دەست بکەوێت ، لە قسە کردن بوەستە، تا دڵنیا دەبی لەوەی کە بەرامبەرەکەت قسەکانت وەردەگرێ...

## ئەگەر بڕیارت داوە ڕوخسەت مەخوازە...

روخسەت مەخوازە ئەگەر لە هەر باروودۆخێکدابووی کاتێک لە پێشتردا بڕیارت داوە کە چی بکەیت و چۆنی ئەنجامی بدەیت .
سەرەڕای ئەوەی هەموو فەلسەفەی لەم کتێبەدا هەیە باس لەوە دەکات کە تەنیا بیربکەوە و بپرسە. بەڵام لە هەندێک بارۆدۆخی نەخوازراودا  پێویستت بەپێچەوانەی وەڵامەکانت کارەکەت ئەنجام بدەی. هەر بۆیە هەندێک کات و سات هەیە کە تەنیا ئەو کارە بکە کە پێوستە ئەنجامی بدەی. چونکە هەندێکجار باروودۆخ بڕیارت لەسەر دەدەن کە چ کارێک ئەنجام بدەی. بێ ئەوەی گوێ بەسنورەکان بدەی..ڕەنگە ئیستا تۆ وابیربکەیەوە کە ئاخۆ دەبێت چ کارێکی گرنگ بێت کە لە هەر بارودۆخێکدا بێ کارەکەت ئەنجام بدەی..!
با من لێرەدا نموونەیێکی ئاسانت بۆ باس بکەم:
چەند ساڵیک لەمەوبەر ، کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ کارو باری بازرگانیە گەورەکان لە شاری (براج)دا سازکرابوو..کۆنگرەکە ماوەی چوار ڕۆژبوو. نازانم تا چەند ئێمە ڕاست یان هەڵەبووین، من و خێزانەکەم کە بڕیارماندا  کوڕە (١٤)ە سالانەکەمان لەگەڵ خۆماندا ببەین بۆ شاری(براج)چونکە بڕوامان وابوو تاقیکردنەوەییێکی گرنگ و بەسود دەبێت بۆ کوڕەکەمان...سەرەڕای ئەوەی کوڕەکەمان دەوامی قوتابخانەی هەبوو. ئێمەش هەستاین بەنوسینی یاداشتێکی تێر و تەسەل لەسەر گرنگی ئەو گەشتەمان بۆ دواڕۆژی کوڕەکەمان ، بە مەبەستی ئەوەی کە بۆ ئەو ماوە کورتە بتوانن مۆڵەتی پێ بدەن. لە ئەنجامدا وەڵامی قوتابخانە (نەخێر)بوو..! وتیان : ئێمە

ناتوانین مۆڵەت بە کوڕەکەتان بدەین بۆ ئەو ماوەیە . هەر بۆیە قبولیان نەکرد کە گەشت بکات..

لێرەدا ڕووبەڕووی کێشەیێکی گەورە بووینەوە..! ئایا کوڕەکەمان لەگەڵ خۆماندا ببەین بۆ گەشتەکە و قوتابخانە لە خۆمان توڕە بکەین یان ئەم گەشتە گرنگە و بەسودە لە دەست کوڕەکەمان بدەین..؟ بەڵام بە خۆمم وت: سەرەڕای هەر بارودۆخێک کە ڕوودات .کوڕەکەم بۆ گەشتەکەمان لەگەڵ خۆماندا دەبەین و هیچ پێویستی بە مشت ومڕ ناکات. تۆ بڵێی ئاخۆ کار دانەوەی قوتابخانە چی دەبێت ،خۆنامان خەنە بەندیخانە..؟ لەوکاتەی کە یاسا و ڕێسای قوتابخانە ڕێگا نادات قوتابی مۆڵەت وەربگری.. ئایا لەم بارودۆخەدا چ بە خۆت دەڵێی..؟

من بەدرێژایی ژیانم زۆر جار ئەو هەنگاوانەم هاوێشتوون جا چ لە میانەی کارەکەم بێت یان لە ژیانی تایبەت بەخۆم، بەڵام وانەی گرنگ و بەسودم لێ وەرگرتوون.

هیوادارم بەباشی لێم تێ بگەن، من داواتان لێ ناکەم کە سنوری ڕێز و مافی کەسەکان و یاسا و ڕێسا دەوڵەت ببەزێنن. بەڵام من پێشنیار دەکەم کاتێک ڕووبەڕووی ئەو جۆرە کێشانە بوونەوە .. پێویستە ئەم دوو پرسیارە لە خودی خۆتان بکەن:

- ئەگەر روخسەت وەربگرم بەمەبەستی ئەنجامدانی کارەکەم ، ئایا وەڵامی (نەخێر) وەردەگرمەوە..؟

- ئایا کارەکەم ئەنجام بدەم لە هەموو بارودۆخێدا..؟

ئەگەر گریمان وەڵامی ئەو دوو پرسیارەی سەرەوە (بەڵێ)بوو. کە ئەزانی هیچ دەرئەنجامێکی خراپ ڕوو نادات باشتر وانیە کارەکەت ئەنجام بدەی و بەهیچ شێوەیێک روخسەت مەخوازە و ئەوەی لات مەبەستە ئەنجامی بدا...

## ڕاستگۆبە ، هەمیشە ڕاستگۆبە، تەنیا ڕاستی بڵێ..

ئایا داوات لە کەسێک کردووە تا کارێکت بۆ ئەنجام بدات، بەڵام تۆ ئامادەنی هەموو وردەکارییەکانی پێ بڵێی، کە زانیاری تەواوەی نیە لەسەر کارەکەت..؟
باشە من فشارت لە سەر ناکەم، بەڵام هەندێک جار ،بە هۆی زۆر پێدانی زانیاری تایبەتی خۆت بەکەسی بەرامبەرت ،وا لەکەسی بەرامبەر دەکەی کە خۆی لەلا زۆر گرنگ بێت . هەر بۆیە ئەو زانیارانەی پێ دەدەی . بۆ ئەوەی کارەکەت باشتر ئەنجام بدات، کە لە سەرەتاوە بۆت ئامادەکردووە..
دەبوایە من و خێزانەکەم  ئەو مۆڵەتەی کە وەرمانگرت بوو بە مەبەستی گەشت و گوزار هەڵی وەشێنینەوە، لەبەر خاتری ئەوەی کوڕەکەمان نەخۆش کەوتووە. ئێمە لەپیشتردا پەیوەندیمان بە هوتیل و کۆمپانیای فرۆکەوانی و کۆمپانیای بەکرێ دانی ئۆتۆمبیل و ئەو کۆمپانیانەی دەمانبەن بۆ فرۆکەخانە وە لە فرۆکەخانەش بۆ شوێنی گەشتەکەمان و شوێنی چاودێری کردنی سەگەکەمان بۆ ماوەی دوو حەفتە ، هەموو ئەو شوێنانەی لەسەرەوە ناوم هێناون، پارەکانمان پێش وەختە دابوو بەمەبەستی ئەوەی تێچوونیان کەمتربوو بۆیە بۆیان پاراستبووین تا کاتی گەشتەکەمان.
سەرەڕای ئەو بارودۆخەی کە بەسەرماندا هاتووە بە نەخۆشکەوتنی کوڕەکەمان ماوەی یەک حەفتەمان مابوو بۆ ئەوەی گەشتە کە ئەنجام بدەین کە پلانمان بۆ داڕێژت بوو. هەموو ئەو شوێنانەی پێشتر ناوم هێنابوون ، مافی یاسایی خۆیان بوو، کە ئەگەر گەشتەکەمان دوابخەین ئەوان حەقی ئەوەیان هەبوو باج و کرێی پارستنی ئەم شوێنانەمان لێ وەرگرن. من ئەمتوانی بەئاسانی

نامەیێکیان بۆ بنوسم یان پەیوندی تەلەفۆنیان لەگەڵدا ئەنجام بدەم وپێیان بڵێم کە ئێمە ناچاربووین گەشتەکەمان هەڵ بوەشێنینەوە بەهۆی ئەوەی نەخۆشمان هەیە. بێ ئەوەی گوێ بدەم بەوەی زانیاری تەواو بە هەر یەک لە کارمەندەکانی هوتیل و کۆمپانیای فرۆکەوانی و کۆمپانیای بەکرێ دانی ئۆتۆمبێل و ئەو کۆمپانیانەی دەمانبەن بۆ فرۆکەخانەوە لە فرۆکەخانەش بۆ شوێنی گەشتەکەمان و شوێنی چاودێری کردنی سەگەکەمان بدەم .لەبەر ئەوەی بە هیچ جۆرێک نەخۆش کەوتنی کوڕەکەم پەیوندی بەوانەوە نییە.
بەڵام من بڕیارمدا کە هەر ئێستا سات و وختی ئەوەیە کە خۆم ئامادە بکەم بەمەبەستی چاوپێکەوتنیان ڕاستگۆیانە و بەوردی و تێر و تەسەل باس لە هۆکاری هەڵ وەشانەوەی گەشتەکەمان بکەم بۆ ئەو کۆمپانییانە و شوێنەکان کە پێشتر ناوم هێنابوون ،بۆ ئەوەی باس لە نەخۆشی کوڕەکەمان بکەین. هەر بۆیە (ڕاستگۆبە ، هەمیشە ڕاستگۆبە، تەنیا ڕاستی بڵێ ) ئایا هیچ شتێکی تر هەیە جگە لە ڕاستگۆیی..؟
هەر زوو چووم بۆ لایان و دەستم کرد بە ڕوونکردنەوەی هۆکاری هەڵ وشانەوەی گەشتەکەمان بۆ کارمەندەکان: زۆر نائۆمیدبووم بەڵام ناچاربووم کە گەشتەکەمان هەڵ وەشێنمەوە ، زۆر بەهێمنی وتم: کوڕە(١٨)ە ساڵانەکەم توشی نەخۆشی تێکچوونی کۆئەندامی هەناسەدان بووە . کەچی لە پێشتردا دووجار نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدراوە ، هەر وەها نەخۆشخانە ڕێگای پێنەداوە بچێتە دەرەوە لە نەخۆشخانە بە مەبەستی ئەنجامدانی تاقی کردنەوەی سەری ساڵ کە ماوەکەی دوو حەفتەیە، بە هۆکاری ئەوەی تەندروستی کوڕەکەم گرنگترە لە ئەزموونەکان . تەنانەت گەشتکردن بە فڕۆکەی ئاسمانیشیان لێ قەدەغە کردووە بە هۆی زۆری ئەو

ئێش و ئازارو تەنگە نەفسییەی کە تووشی بووە.. هەر بویە ویستم لە نزیکەوە گوێتان لە تەواوی وردەکاری کێشەکەم بێت و ڕەچاوی ئەو بارودۆخە بکەن کە من و خێزانەکەم تێی کەوتووین، بەمەبەستی ئەوەی کە بتوانن یارمەتیمان بدەن لەو ماف و باج و کرێیەی کە مافی یاسایی خۆتانە لێمان وەربگرن بەهۆی هەڵ وەشانەوەی گەشتەکەمان.

لە پاش ئەوەی هەموو وردەکارییەکانم بۆ باس کردن توانیم مەبەست و ئامانجەکە بپێکم و هەموویان هاوخەمی خۆیان بۆ دەڕبڕیم و بەلێنی هاوکاری کردنیان پێدام . هەموو ئەم دەسکەوتانەشم دەرئەنجامی تاقی کردنەوەکانی خۆم بوو.

لە ئەنجامدا هەر یەک لە کۆمپانیای فرۆکەوانی و کۆمپانیای بەکرێ دانی ئۆتۆمبیل و ئەو کۆمپانیانەی دەمانی گواستەوە بۆ فرۆکەخانە و لە فرۆکەخانەکەش بۆ شوێنی گەشتەکەمان ،لە مافی خۆیان خۆش بوون , تەنیا شوێنی چاودێری کردنی سەگەکە نەبێت مافی خۆی وەرگرت و هوتیلەکەش توانی لە (٥٠٩ دۆلار) تەنیا بڕی (٢٠دۆلار)ی لێ وەرگرتین ئەویش کرێی گرتنی ژوورەکە بوو...

بیرت نەچێت هەندێک جار هەنگاونانت دەبێتە هۆی قازانجییێکی زۆر، بەهۆی پێدانی وردەکاری و زانیاری لە کێشەکان.

زۆرجار هەندێک وەلامی چاوەڕوان نە کراوت دەست دەکەوێت ، کە پێشتر بێ هیوابووی لێیانەوە ،

کاتێک کێشەکەت بۆ کەسی بەرامبەر باس دەکەی دەیان دەرگات بە خۆشحالیەوە بە ڕووتدا دەکرێتەوە.

(نوسەر وفەیلەسوفی بەریتانی(فڕانسیس باکون)(١٥٦١-١٦٢٦)

## پێویستە، لە هەندێک کاتدا بە باشی تێبگەی..

زۆر باشە ئێستا کاتی دان پێ دانانە: کە بەشەکانی ئەم کتێبە دەخوێنیەوە ، بەخۆت دەڵێ ئەو کەسە دەبێت شێت بێت..!چۆن دەبێت ئەوە ڕوو بدات. هەرگیز ناتوانم ئەوە بڵێم. هیچ کەس باوەڕ بە قسەی وا ناکات.

ئایا هیچ شتێک ئەزانی ، لەسەر ڕاستی و دروستی یان بیر و عەقل..؟

لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا ، زۆر نموونەی ڕوون و بەرچاوم نیشان داوی لە سەر چۆنییەتی پرسیار کردن. لە زۆربەی کاتەکاندا ، گەیشتووم بە مەبەست و ئامانجەکانم. بەڵام ئیستا ئەوانەی قسەم لەسەر کردوون هەڵیان دەوەشێنمەوە. چونکە من (سوپەرمان ) نیم هەندێک لە شتەکانت لێ بشارمەوە بەوەی لەژێر چاکەتەکەم بە رەنگی جوان و ڕازاوە بە هێماییێکی گەورەی پرسیارکردن لەسەر سینگم بێت. لە هەندێک کات و ساتدا، شکەست دەهێنم ، دواتر شێواز و ڕێگاکەم دەگۆڕم، کەچی هێشتا ناگەم بەو وەڵامەی کە نیاز و مەبەستم بووە.

لەبەر چی ئەوەم لا گرنگە کە پێت بڵێم..؟ بۆ ئەوەیە کە باش بزانی لە هەندێک کات و ساتدا سەرەڕای بە کار هێنانی شێواز و ڕێگای جیاواز لە پرسیارکردندا، بەڵام ئەو کەسەی دەتەوێت کاری لەگەڵدا بکەی ، یان پرسیاری ئاڕاستە بکەی ، هەندێک کەس هەن کە کەلەرەق و وشک و گوێ نەدەر و بێ هەست و جنگزە و بایەخ بەهەستی کەسی بەرامبەر نادات.رەنگە تۆ لەپێشتردا هەرگیز چاوەڕوانی ئەو هەڵسوکەوتە نەشیاوە و وەڵامدانەوە ناماقوڵەشت لەم کەسە نەکردبێ.

وەهەروەها لە سۆنگەی هەست و عەقلماندا دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە زۆرجار وەڵامی پرسیارەکانمان بە(بەڵێ) وەرناگرینەوە. چونکە زۆرجار ئەو کەسانەی پرسیارەکانیان ئاڕاستە دەکەین کەسانێکن لە ژێرکاریگەری کەسانی تر یان دەستیان بەسەردا گیراوە لەلایەنی هاوبەشەکانیانەوە .هەربۆیە زۆر بە سینگێکی فرەوان و کاریکی ئاسایی وەریبگرە ، بە نەگەیشتنت بەو وەڵامانەی کە مەبەستتبوو دەستت بکەوێت.

من نامەوێت وات نیشان بدەم کە هەموو کارێک زۆر ئاسانە: ئەوەی کە زۆر گرنگ و پێویستە کە بزانی بۆ ئەوەی نە سەرزەنشتی خۆت بکەی و نە رق و کینە لەدڵدا دروست بکەی بەرامبەر بەو کەسەی کە وەڵامەکانت لێ دەست ناکەوێت. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ، نەکەی لە پرسیارکردن بوەستی لە داواکارییەکانت لە دوارۆژدا.

لە ڕاستیدا ، دەبێت ئەوە باش بزانی ئەوەی لەم کتێبەدایە لە هەموو کات و ساتێکدا، کارەکانت جێ بەجی ناکات.

بەڵام لەهەندێک کات و ساتدا زۆر بەسودە.

لە دوای خوێندەوەی ئەم کتێبە . بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ئەم کتێبە چەندە گرنگ و بەنرخە لە کاروباری ژیاندا.

## هەمیشە لێکدانەوە و ڕاڤەکردن بۆ ڕووداوەکان بکە..

چەند جار بڕیارت داوە یان دەستت بەکارێک کردووە یان گرێبەست و ڕێکەوتنت کرووە یان کڕین و فرۆشتنت کردووە ، بێ ئەوەی لە تەواوی وەردەکارییەکان تێگەیشتبی..؟

ئایا مووچەت هەیە..؟ئایا هیچ بیرۆکەیەکت هەیە لەسەر چۆنییەتی بەگەڕ خستن و بەڕێوەبردنی کارەکەت..؟ یان ئەو کارەی ئێستا دەیکەی باشترین کارە. یان چۆن کارەکەت بەشێوەیەکی (رۆتینی )هاتووە و ئەوهات ڕاتپەڕاندووە..؟ ئایا هیچ جۆرە حەب و دەرمانێک دەخۆی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەت..؟ ئەگەر دەیانخۆی ئایا دەزانی کاریگەری باش و خراپی ئەم حەب و دەرمانە چیە..؟ یان تۆ تەنیا دەخەیتە دەمت و قوتی دەدەی..؟ ئایا لەپێشتردا وەستای میکانیکی، ئۆتۆنبێلەکەتی بێ پێچ و پەنا بۆ چاککردۆتەوە ، پێش ئەوەی لە سەرەتادا بە وردی باسی کێشەی ئۆتۆمبێلەکەت بۆ بکات ..؟ تۆش بە هەموو ئەو کارانە رازی بووی کە گوتی بۆت ئەنجام دەدەم و ئەو پارەیەشت پێدا کە داوای لێ کردی... بۆ چی..؟ ئایا تۆش دانی پێدادەنێی یەکێکی لەوهەموو کەسانەی ڕۆژانە تۆشی ئەم ڕووداوانە دەبن..؟

دەبێت هۆکارەکەی ڕاهاتن بێت یان شلۆقی یان شەرم بێت ، لە ڕوونکردنەوەی پرسیارەکەت چەند جارێک تا تێ دەگەی، یان ترسە لەوەی پێت نەڵێن کەسێکی نەزان و سەر لەکارەکەت دەرناکەی یان ترست هەیە لە تێ نەگەیشتنی وەڵامەکانیان..؟

لە ڕاستیدا تۆ کەسێکی گەمژە و نەزانی لە پێش چاوی ئەو کەسانەی کاریان لەگەڵدا دەکەی..

بەوەی ناتوانی وەک ڕاهێنەرێک ، وەڵامی قسەکانیان بدەیەوە و داوای ڕوونکردنەوەی زیاتریان لێ بکەی، بەو شێوازەت چ بەرهەم و سود و قازانجییێکت پێ دەگات...؟
هەمیشە بێ ئەوەی هەست بە شەرمەزاری و دوو دڵی بکەی ،لێکدانەوە و ڕاڤەکردن بۆ ڕووداو و قسەکانیان بکە تا بەباشی لێیان تێ بگەی . دوای تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەیان دواجار بڕیاری خۆت بدە لەسەر ڕووداوەکان. باشترە لەوەی ئەو کەسانەی هەڵسووکەوتیان لەگەڵدا دەکەی بە گێل و نەفامت بزانن...
لێرەدا پێویستە بزانی کە چ کارێک ئەنجام بدەی..؟ زۆر بەئاسانی دان بنێ بەوەی کەبڵێ تێ نەگەیشتووم و داوای ڕوونکردنەوەی زیاتریان لێ بکە. لە چ شتێک تێ نەگەیشتووی..؟ دووبارە بە شێوەیێکی ڕوونتر داوای ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی زیاتر بکە تا بە باشی لە کارەکە دەگەی. یان داوا لە کەسێکی تر بکە تا یارمەتیت بدات بۆ ڕوونکردنەوە .
یان ئەو دەستەواژەیەی خوارەوە بەکار بهێنە:
دەوای لێبوردن دەکەم کە من هێواشم لە تێگەیشتن . بەڕاستی من لێی تێ ناگەم. ئایا دەکرێ یارمەتیم بدەن و بە شێوەیەکی ئاسانتر بۆم ڕوون بکەنەوە تا لێتان تێ بگەم..؟ زۆر ئەستەمە بتوانم وەڵامێکی ڕوونتان بدەمەوە ، ئەگەر بەباشی لێتان تێنەگەم کە چتان مەبەستە.
ڕەنگە تۆ هیشتا ئازار بکێشی بەهۆی بیرکردنەوەت لەم کارو بارەدا ، بەڵام پێویستە بپرسی و هەوڵبدەی زیاتر تێ بگەی.

## بەم شێوەیە وەڵامیان بدەوە کە خۆت مەبەستە..

ئایا لە پێشتردا کەسێک پەیوەندی پێوە کردووی بەمەبەستی ئەوەی ئامۆژگاری بکەی لە هەر بابەتێکدابی..؟دواتر بەرنگارت بوویتەوە لەبەر ئەوەی نەیوستووە گوێی لە ڕوون کردنەوەکەت بێـت.
(دەمەوێت بیر بکەمەوە کە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو کارە ئەنجام بدەم، تۆ چ ڕێگایەک شک ئەبەیت..؟)
(باشە، هەست دەکەم ناتەوێت ئەو کارە لە ئێستادا ئەنجام بدەی..!)
ئایا لەپێشتردا هەوڵت داوە ئامۆژگاری کەسێک بکەی، کە لەکاتی خۆشیدا لەگەڵت دابووە و ئێستا بە هۆی ئەوەی ئامۆژگاریت کردووە و ئامۆژگاریەکەتی بەدڵ نەبووە ئێستا ئەم گەرم و گوڕییەی نەماوە..؟ئایا کەسەکە لەگەڵدا گۆڕاوە وهەڵسووکەوتی دوژمنانەت لەگەڵدا دەکات..؟ یان بە دڵ رەقی و توڕەییەکی زۆرەوە پێت دەڵێن :
پێویستم بە یارمەتی و ئامۆژگاری کەسێکی وەک تۆی گێل و نەفام نییە..؟
لە ڕاستیدا زۆرجار ئەم جۆرە کەسانە بە پێویستی نازانن کە وەڵامێکی جوانی کەسانێک بدەنەوە کە دەیانەوێت یارمەتییان بدەن لە کاتی کێشە و چەڵەمەدا، بەڵام بۆ جارێکی تر ئەگەر رووبەڕووی ئەم جۆرە وەڵامدانەوانە بویەوە پێویستە بەو شێوازانەی خوارەوە وەڵامیان بدەیەوە:
- ئایا ئەگەر ئامۆژگاریت بکەم تۆ بەرهەڵستیم دەکەی..؟ کە پێویستە بۆ تۆ ، یان هەر خۆت پێویستت بە ئامۆژگارییەکانم هەیە..؟

یان بڵێ:
- بەداخەوە بەڕاستی ڕۆژێکی سەختە کە تۆ پێدا تێدەپەری، بەڵام ئەمەوێت پرسیارێکت لێ بکەم ئەگەر ڕێگەم پێ بدەی : ئایا تۆ مەبەستتە چارەسەرییێکی گۆنجاو بۆ کێشەکەت بدۆزییەوە ، یان مەبەستتە کە کێشەکەت گەورەتر بێت..؟
لێرەدا پێویستە کە بزانی چ شتێک لە خەیاڵی ئەو کەسەدا هەیە کە تووشی کێشەبووە کە تۆش بەنیازی ئامۆژگاری بکەی. ئەوکاتە کاردانەوەکانی ئەو کەسە نەرمتر و هێمنانەتر دەبێت. یان کاتێک کە دەزانی ئەو کەسە بەرەنگارت دەبێتەوە پێویستە زۆر بە وریایی هەڵسووکەوتی لەگەڵدا بکەی و زۆر بە وردی پەیامەکەتی پێ بگەینی.
ئەگەر بەنیازبووی داکۆکی یان پشتگیری لەکەسێک بکەی زۆر بەئاشکراو بە فرەوانی، داکۆکیو پشتگیری لێ مەکە. لە کاتی هەر ڕوودانێکدا یان پیاهەڵدان و ئامۆژگاری یان پێشنیاری یان باوەش پێکردن و دەست لە ناو دەست یان پێدانی چەند ڕێنماییەک یان داوی لێبوردن و بەخشندەیی یان ئاگادارکردنەوەت یان پێدانی قەرز و یارمەتی دان.....هتد.
لێرەدا  ئەوەی پێویستە زۆر بەوردی و بەوریاییەوە پرسیار لە مەبەستەکەت بکەی . بۆ ئەوەی مەبەستتە لە کۆتاییدا بەدەستی بێنی. ئەوەی زۆر گرنگە کە هیچ نیگەران نەبی لە دەرئانجامی بێ توانایی تێ نەگەیشتنی بەرامبەرەکەت لە شێوازی بیرکردنەوەکانی تۆ.

## سەرەتا خۆشەویستی دروست بکە..

زۆر ئەستەمە ئەو کەسانەی خۆشیان دەوێیت دەست بەڕووتا بنێن ئەگەر داواکارییێکت هەبوو. ئەگەر پەیوەندییێکی سەرکەوتووت لەگەڵ کەسەکەدا هەیە، زۆر ئەستەمە ئامۆژگارییەکانت لێ وەرنەگرێت.ئەگەر هاتوو ڕووداوێک ڕوویدا و رەنگە زۆرجار وەڵامی کەسی بەرامبەر(نەخێر)بێت ، ئەگەر لە پیشتردا یارمەتیدان و خۆشەویستی و رێز نەبێت لە نیوانتاندا...

جارێکیان ئەندازیارێکی پەیوەندیەکان هاتە ماڵەکەم بەمەبەستی چاککردنەوەی ئامێر و هێڵی پەیوەندییەکان، بۆ ئەوەی ئەندازیارەکە بێتە ماڵەکەمان بە مەبەستی چاککردنەوەی تەلەفونەکەمان سێ تا چوار جار لە ماوەی دوو حەفتەدا پەیوەنیمان بە کۆمپانیای پەیوەندیەکانەوە کرد ، تا ئەندازیارییێکیان بۆ ناردین ، سەرەڕای تورەیی و منەت کردنیان بەسەرماندا...

بیرم لەوە کردەوە کە پێویستە من شێوازەی داواکاریەکانم بگۆڕم بۆ شێوەیەکی باشتر. چونکە ئەوە جاری یەکەم و کۆتایی نییە کە تەڵەفونەکەمان تێکدەچێت ، هەربۆیە دەبێت کارێک بکەم کە پێویستە ئەو هەموو پەیوەندییە و چاوەڕوانییە زۆرە کۆتایی پێ بهێنم ..

چۆن دەکرێ بۆ کێشەیەکی سادە من بەشێوەیەکی یاسایی هەمیشە داوا لە کۆمپانیا بکەم بۆ ئەوەی ئەندازیارێکم بۆ بنێرن بەمەبەستی چاککردنەوەی ئامێرەکەم. هەر بۆیە بیرم کردەوە لەوەی ئەم کارەی من دەیکەم کارێکی گەمژانەیە کەچی ئەندازیاری چاککردنەوە هەیە ..

کە ئەندازیارەکە هات دوای (٣٥خولەک) تەلەفۆنەکەی بۆ چاک کردمەوە . منیش سەرەتای دەستخۆشیم لێی کرد بۆ ئەو ماندووبوون و خزمەتگۆزارییە پێشکەشی کردین.
من نەمویست فێڵ یان هەڵی بخەڵەتێنم . بەڵام ویستم پەیوەندییێکی خۆشەویستی لەگەڵیدا دروست بکەم.
هەر بۆیە داوام لێکرد کە شتێکمان لەگەڵدا بخوا و بخواتەوە.
سەرەتا وتی پێویست بەو ئەزییەتە ناکات من ئەرکی خۆم جێبەجی کردووە.
دواتر پێداگریم کرد کە هەر دەبێت لەگەڵماندا شتێک بخوا و بخواتەوە، بۆ جاری دووەم داواکارییەکەی قبول کردم.
وتم : چی دەخۆیتەوە ..؟
قاوە یان شیر یان هەر شتێکی تر تۆ حەزی لێبکەی..؟
وتی : قاوەیەک دەخۆمەوە
منیش دوو پارچە کێک و دوو قاوەم هێنا تا بەدەم قسەکردنەوی بیان خۆین و بیانخۆینەوە.
منیش دەستم کرد بەپرسیارکردن:
پێموت لەکەیەوە ئەم کارە دەکەی..؟ وچۆن دەستت بەو کارە کرد..؟  ئەو گۆڕانکارییانە چیبوون بە درێژایی ساڵەکانی لە چوارچێوە کارەکانتدا کردووتە..؟
پاشان من و ئەندازیارەکە کەوتینە قوڵایی قسە و گفتووگۆ و باسی رابردوو ئێستا و ژیانی تایبەتی و گشتیمان کرد وەک .بڵێی چەندین ساڵە هاوڕێ و دۆستی یەکترین، پاشان باسی خێزانەکەی کرد کە چۆن لە (یۆنان) ئاشنای یەکتر بوونە زۆر بەسۆزەوە گوێمان بۆ قسەکانی یەکتر گرتبووباسمان لە نەخشەی دوارۆژمان دەکرد.

لەکوتایدا وتی: هەرکارێکی تایبەتت بەمن هەبێت بێ دوو دڵی ئەنجامی دەدەم ، ڕاستەخۆ پەیوندی بەژمارەکەمەوە بکە .
منیش بە دەم پێکەنینەوە تا سەر شەقام یاوەریم کرد ، کە دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی کردەووە،
وتی: سوپاست دەکەم بۆ دانیشتنەکەمان پێم خۆشە جارێکیتریش بەیەکەوە دابنیشینەوە.
جا لێرەدا تەنیا یەک شێواز بەکار بێنە ئەویش:
ئەگەر داوات لەکەسێک کرد ، کە کارێکت بۆ ئەنجام بدا.
سەرەتا هەوڵبدە پەیوەندییێکی بەهێزی لەگەڵدا دروست بکەی.
ئایا ئەزانی ئامێری کۆمپیوتەر و تەلەفون تەنیا وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە ناتوانن خۆشەویستی دروست بکەن..؟

(بابلو بیکاسو ١٨٨١-١٩٧٣)

## با پرسیارکردنەکەت دیاریکراوبێت..

ڕەنگە لە هەندێک کات وسات  چەند پرسیارێکت ئاڕاستە بکرێ، جا چ پەیوەندی بەکاری ڕۆژانەوەت هەبێت یان تایبەت بێت بە ژیانی خۆت. ڕەنگە زۆرجار ئەم پرسیارە نهێنی و شاراوە بێت بە ئەندازەییێکی گەورە کە وەڵامدانەوەی ئاسان نەبێت. پوختی ئەو کتێبانەی لەسەر گەشەپێدانی مرۆیی نوسراونەتەوە هەمیشە دەپرسن ئایا (ئامانجەکانت)چیە..؟ ئایا لە پێشتردا ئەم پرسیارەیان ئاڕاستە کردووی..؟ ئایا هەستت بە فشار و شەرمەزاری کردووە کە توانای دەستبەجیی وەڵام دانەوەت نەبووە..؟ یان ئەو وەڵامانەی لە مێشکدا دەخولێنەوە ڕوون وئاشکرا نین..؟

ڕەنگە تۆ خەریکی کارێکی تایبەت بەخۆت بی ، کەسانێکی زیرەک و بە توانا پرسیارت ئاڕاستە بکەن و لێت بپرسن و بلێن : ئایا ئەو ڕێگا و بەرنامە گرینگانە چیە داتناوە ، بۆ ئەوەی ئامانجەکانت  لە پێنج ساڵی داهاتوو بەدەستی بینی..؟ ئایا ئەوکاتە ئارەقە دەکەیت و هەست بەشەرمەزاری دەکەیت ، بەوەی وەڵامێکی گونجاوت پێ نییە و ناتوانی بەشێوەییێکی روون و ئاشکرا وەڵامی پرسیارەکانیان بدەیەوە..؟ یان ترسێک لە مێشکت دروست دەبێت بەوەی باوڕ بە قسەکانت نەکەن و بڵێن: ئەوە باسی چی دەکات..؟ یان هیچ شتێک لە تۆ تێناگەین..!

زۆر ئاسایە کە هەست بە نیگەرانی و بێ تاقەتی بکەی کاتێک ئەم جۆرە پرسیارانەت ئاڕاستە دەکرێ.

هۆکارەکەش بریتیە لە گەورەیی ئەم پرسیارانەی کە ئاڕاستت دەکری کە لە توانا و هێزی تۆدا نییە ، چونکە گفتووگۆ لە بابەتە گرنگ و گەورەکان پێویستی بە شێواز و دارشتنێکی گەورە هەیە.

هەربۆیە زۆرجار ناتوانی وەڵامێکی باش و چالاکیان بدەیەوە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە سەر گرنگی و بەهێزی ئەو پرسیارانەی ڕاستەوخۆ ئاڕاستت دەکری لە بابەتەکاندا.

وانەکە لێرە دایە کاتێک بەنیازی وەڵامێکی دروست بدەیەوە هەر کەسێک کاتێک پرسیارێکت ئاڕاستە دەکات، ئەوەی پێویستە لەسەرت کە زۆر بەباشی سەرنج بخەیە سەر پرسیارەکان کە ئاڕاستت دەکرێ بۆ ئەوەی وەڵامێکی دروستی بدەیەوە.

یان بەپیچەوانە ئەگەر وەڵامدانەوەکانت شاراوە و بە پێچ و پەنابوو لێرەدا (ئامانجەکانت) تێکدەچێت و کەسی بە رامبەر لێکدانەوەی خراپت بۆ دەکات..!

بۆ نموونە چەند پرسیارێکی سادە و دیاری کراوت لێدەکەن وەک :

- ئایا لە ئێستادا هیچ پلانێکت هەیە تا ببیە خاون منداڵ..؟ ئایا حەز دەکەی ژمارەی منداڵەکان چەند بێت..؟

- ئایا پلانت هەیە بۆ ئەوەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەی..؟

- ئایا حەز دەکەی لێرە ژیان بەسەر ببەی ، یان لە دەرەوەی وەڵات..؟

- ئای شێوە و شێوازی ئەم خانووەی حەز دەکەی چۆن بێت کە تێدا بژی..؟

- ئایا کاری ئیستات بەدڵە ، یان بەنیازی کارەکەت بگۆری..؟

ئایا شێوازەکان بەو شێوەیە نییە..؟

ئەگەر پرسیاری لەم شێوانەی سەرەوەت ئاڕاستە کرا، پێویستە سەرنج بخەیە سەر پرسیارەکان بۆ ئەوەی بتوانی وەڵامێکی روونیان بدەیەوە. بۆ ئەوەی لە کۆتایدا بتوانی وێنەی نەخشەی ئامانجەکانت دیارکەوێت.

با نموونەیەکی ئاسانتر بۆ باس بکەم ، ئەو نموونەیە زۆر روونە و بەئاسانی مێشکت وەری دەگری:
وای دانی رۆژی لە دایکبوونی هاوڕێی خۆشەویستت، نزیک بۆتەوە، ناتەوێت لە ناکاو(سوپرایز) دیارییەکی پێشکەش بکەی . بڕیارت داوە کە ئەو دیارییەی پێشکەش کەی کە حەزی لێیەتی بۆ ئەوەی ئامادەی بکەی.
ئایا لەپێشتردا ئەم شێوازەت بەکار هێناوە..؟ کاتێک لێی دەپرسی : ئایا حەزت لە چ شتێکە بۆ ئەوەی لە رۆژی لەدایکبوونت بۆت بینم..؟ ئەویش بە شەرمەزاییەکی زۆرەوە دەڵێت زۆر سوپاست دەکەم لە ڕاستیدا ئێستا هیچ شتێکم بە خەیاڵدا نایێت.
بیربکەوە پرسیارەکە چەندە شەرمەزارانەبوو..!
باشتر وایە پرسیارەکەت روونتر بێت بۆ نموونە:
- ئەگەر  حەزی ئەوەت هەبوو کە کراسێک پێشکەش بە کەسێک بکەی ،پێ دەڵێی حەز دەکەی شێوە و رەنگی کراسەکە چۆن بێت..؟
- ئەگەر لە کتێبخانەیێک بووی وتیان هەندێک کتێب بە خۆرایی هەڵگرە ، کام جۆرە کتێب هەڵدەگری..؟
ئەو کاتە وەڵامێکی دیاری کراو و روونت لە حەزیان دەستەکەوێت.
با هەر ئێستا بنچینەکەت بۆ دووبارە بکەمەوە:
با پرسیارکردنەکەت دیاریکراوبێت،
بۆ ئەوەی وەڵامەکانت بە روونی وەرگرییەوە..
تێگەیشتنی هەڵە و دوور لە ڕاستی ، هۆکاری خراپی و ناروونی پرسیارکردنە.

(سیاسەتمەدار و فیلەسوفی ئەمریکی (تۆماس باین/ ١٧٣٧-١٨٠٩)

## سود و قازانجی ئەم کەسانە چییە،
## کاتێک وەڵامی داواکارییەکانت دەدەنەوە..؟

کارمەندەکانم پێیان ڕاگەیاندم کە لە یەکێک لە دامەزراوەکاندا ، کارمەندێک کارێکی شکۆمەندانەی ئەنجام داوە، بەوەی خزمەتێکی باشی پێشکەش کردووە بەو کەسانەی داواکارییان هەبووە . وەهەروەها پێیان وتم کە خزمەتی (٧٠٠) کۆمپانیایی جۆراوجۆری کردووە لە بوارەکانی جیاوازدا، بەوەی وەڵامی داواکارییەکانیانی داونەتەوە.

ئەو قسانە کاریگەری زۆریان بەسەرمەوە هەبوو ، من هەمیشە خۆشحاڵ دەبم بەو جۆرە کەسانە .

خۆتان دەزانن کە من هاندەرێکی باشی ئەو جۆرە کەسانە بوومە، کە هەمیشە داواکارییەکانیان پێشکەش دەکەن. بەڵام وتیان : کێشەکە ئەوەیە کە کاتێک ئەو داواکارییەک پێشکەش دەکات هیچ وەڵامێک وەرناگرێتەوە کە داوایان لێ دەکات.

یەکێک لە هاوبەشەکانم وتی: ئێمە بێزاربووینە لەوەی چەندین جار پرسیار و داواکاریمان پێشکەشی چەندین دامەزراوە کردووە ، بەڵام هیچ وەڵامێکمان نادەنەوە کە دڵمان پێی خۆش بێت...!

منیش بە پرسیارێک وەڵامم دانەوە و وتم:

سود و قازانجی ئەم کەسانە چیە کاتێک پرسیاریان لێدەکەن و ئەوانیش وەڵامی داواکارییەکانت دەدەنەوە، تا کارەکانتان ئاسان بێت..؟

بێدەنگی دەستی بەسەر ئەم شوێنە داگرت..! هەر سێ هاوبەشەکە ئەو سەیری ئەوەی دەکرد ، ئەویتریش سەیری ئەوانی تری دەکرد، بێ ئەوەی یەک نوقەیان لێوە بێت..! لەکۆتایدا یەکێک لە

هاوبەشەکان بەشڵەژانەوە، وتی : لە ڕاستیدا هیچ سود قازانجێکمان پێشکەش بەوان نەکردوون"

ئێستا کێشەکە بە روونی بەدیار کەوت. سەرەڕای ئەوەی بۆ من گرنگ نەبوو کە روون بێتەوە ، بەڵام وتم: باشە، ئەوە هۆکاری کێشەکەتانە کە ناتوانن هیچ شتێک بە دەست بێنن لە دوای پرسیارەکانتان.

ئەم جۆرە کارانە زۆر ئاسانە..!سەرەڕای ئەوەی لە پێشتردا لەم کتێبدا باسم کردبوو، هیچ کات دوو دڵ مەبە لە پرسیارکردن لەسەر بنەمای بیرکردنەوەیێکی تەندروست و باش بۆ ئەوەی مەبەستەکانت بە دەست بێنی، بەڵام ئەوەی گرنگە دەبێت سەرەتا لە خۆت بپرسی:

ئایا سود و قازانجی ئەم کەسانە دەبێت چی بێت کاتێک وەڵامی داواکارییەکانی وەردەگرێتەوە..؟ لە بواری کارکردندا ، زۆر سود و قازانجی جۆراوجۆری دیاریکراوی هەیە ، کە وادەکەن سود و قازانج لە کەسانی وەڵامدەر دەستبکەوێت وەک:

- پارە...
- ریگایەک بۆ دەستکەوتنی چەند کارێکی تر...
- ئاڵو وگۆری کاڵا و خزمەتگوزارییەکان...
- دەستکەوتنی چەند زانیارییێک...

هیوایەکی باشت بەو پێشنییارانە هەبێت و بیریان لێ بکەوە، و ئەگەر دڵنیا نەبووەی لەوەی کە ئەو پێشنیارانە ئامانجەکانت بەدی ناهێنن و هیچ نموونەیەک لەم شێوە کارەکانت باش ناکات...

پێویستەکە بە راشکاویی و ڕاستەوخۆ پێیان بڵێی:

- ئایا ئەتوانم چۆن هاوکاری و یامەتیتان بدەم، کاتێک زانیاری بابەتەکانم پێ رادەگەیێنن..؟

ئەو کارە دەگەڕێتەوە سەربیرکردنەوەی ئەو کەسەی کە داواکاری زانیاری بابەتەکانی لێدەکەی. هەندێک لە کەسەکان کە سەیر دەکەن هیچ سود و قازانجێک بە ئەوان نابڕێت خۆی لە وەڵامدانەوە دەدزێتەوە . هەر بۆیە پێویستە پێش ئەوەی پرسیاری ئاڕاستە بکەی دەبێت بیر بکەیتەوە کە چ سود و قازانجێک بە کەسی بەرامبەر دەگەیێنی. ئەوەی گرنگە دەبێت ئەو کەسە باوڕ بەوە بکات کە سودو قازانجی پێدەگات، هەندێک کات و سات هەیە دەبێت ببەخشی لەپێناو ئەوەی دەتەوێت بەدەستی بێنی . ئەوەش دەرئەنجامی ئەو متمانەیە کە لەلای کەسەکە بەدەستت هێناوە. چونکە مرۆڤەکان حەزیان لەوەیە کە هەست بەوە بکەن کە ڕێزیان لێ گیراوە و نرخیان لای کەسەکان هەیە، وە هەروەها ئێمەش ئەو هەستەمان هەیە کاتێک کەسێک کارێکی باشمان لەگەڵدا ئەنجام دەدات..

سەرەڕای هەموو ئەوانە ، هەمیشە با ئەو کەسە بەلای کەمەوە هەست بکات کە لای تۆ ڕێز و نرخی تایبەتی هەیە ، کاتێک پرسیارەکانی ئاڕاستە دەکەی.

دەتوانی تاقییان بکەیەوە بۆ نموونە بڵێی:

- ئایا حەز دەکەی کارێکی باشم بۆ ئەنجام بدەی..؟

- زۆر سوپاس گوزار دەبم ئەگەر یارمەتیم بدەی ..

- ببورە دەزانم کە ماندوو دەبی بەڵام لە تۆ زیاتر کەس شک نابەم کە کارەکەم بۆ بکات.. باش بزانە بۆ جاری داهاتوو، کاتێک پرسیار لە کەسێک دەکەی بەوەی داواکارییەکەت جێبەجی بکات. لێرەدا ئەم ئامۆژگارییە لەبیر نەکەی:

کە سەرەتا لە خۆت بپرسی : ئایا ئەو سود و قازانجە چیە کە کەسی بەرامبەربە دەستی دێنێت..؟

## ئەوەی دەتەوێت بێ ترس و بە ئاشکرا داوای بکە..

لێرەدا شتێکی سەیر و بەرچاو هەیە..! کارمەندێکی کۆمپانیاییێکی بانگەشە( ریکلام) کردنی کاڵایەکان نزیکەی هەموو دوومانگ جارێک دێت، گۆڤاری بانگەشە( ریکلام) کردن لە ژێر دەرگای ماڵەکەمان دەخاتە ژوورەوە لەگەڵ پارچە کاغەزێک بۆ ئەوەی داواکارییەکامنان لەسەربنووسین . دوای دوو رۆژ دێتەوە بە مەبەستی بردنەوەی کاغەزی داواکارییەکامنان ، بەڵام کاتێک لە زەنگی ماڵەکەمان دەدات و منیش دەرگاکەی لێ دەکەمەوە ، وەک بڵێی منداڵە تۆپی یاری کردنی لێ کەوتووتە حەوشەی ماڵەکەمان ، بەشەرمەو دەڵێت : هاتووم کاغەزی داواکارییەکان ببمەوە ، ئایا دەتوانی بۆم بگەرێنیەوە ئەگەر ئەزیەت نەبێت..؟

دواتر دەڕوات و دوای چەند حەفتەییێکی تر بە هەمان شێوەی جاران دێتەوە..!

بەڕاستی زۆر نیگەرانی هەڵسووکەوتی ئەو کارمەندە بووم ، وتم : دەبێت ئەوە ستراتیژی خۆی بێت یان هی کۆمپانیایەکەیە کە دەبێت کارمەندەکانیان بەو شێوەیە هەڵسووکەوت بکەن..! پابەند بن.. بەڕاستی سەیربوو لای من چونکە ئەو کارە لە چوارچێوەی کارێکی دابەشکردنی گۆڤاری بانگەشەکەیەوەیە ، نەوەک جیاواز بێت لەگەڵ گۆڤارەکە..

پێویست بوو ئەو کارمەندە بەشێوازێکی تر داواکارییەکەی پێشکەش بکات بۆ منوونە:

- ئایا کاتێکی باشت هەبوو، بۆ ئەوەی داواکارییەکانت بنوسی ، یان پیویستت بە کاتی زیاتر هەیە..؟

- من کارمەندی نێردراوی کۆمپانیای گۆڤاری بانگەشە کردنم، پێش دوو رۆژ کاغەزی داواکارییەکانم لای ئێوە جێهێشت بوو، ئایا دەتوانی بۆم بگەرێنییەوە بۆ ئەوەی بتوانم داواکارییەکانت بۆ جێبەجی بکەم..؟

- ئایا سەیری لاپەڕەی (٣٧)تت کرد کە داشکاندنێکی باشی بۆ ئامێرەکانی قاوە و هەویر شێلان کردووە..؟

بیرت نەچێت کاتێک ئەتەوێت پەیامەکەت بەباشی بگەیێنی ، ئەم کارە زۆر ئاسانە تەنیا با داواکارییەکانت بەم شێوەییە بێت: بێ ئەوەی بترسی، بە ئاشکرا و و دیاریکراوی ئەوەی دەتەوێت داوای بکە.

## چۆن ئەتوانی رێگای بیرکردنەوەت دیاری بکەی...؟

وشەی (چۆن) یەکێکە لە کارە گرینگەکانی ئەم کتێبە ، لێرەدا زۆریک لە بابەتەکان هەیە دەمەوێت شان بەشانی ئەو کارە روونیان بکەمەوە، پێویستە زۆر باش لە گرنگی ئەم وشەیە تێ بگەی ، چونکە بە سود ترین وشەیە لەم کتێبەدا بۆ کارەکەت ، بەڵام تەنیا دەبێت بپرسی.

ئەم وشەیە تایبەت مەندییێکی زۆری هەیە لای من، بەو ئەندازەییە هەر جارێک کە دائەنیشم و بیری لێ دەکەمەوە لە چ بەشێک ئەم کتێبەدا دایبنێم :

- ئایا دەبێت لە بەشی تایبەتی ژیری و ئەقڵییەکان دایبنێم..؟
- یان لەگەڵ بەشی تەکنەلوژیا رێکی بێخم..؟
- یان دەبێت لەو بەشە گرنگەی کە لە مێشکمدا پیشنیاری پرسیاری پی لە خۆم دەکەم دایبنێم..؟

لە کۆتایدا، توانیم کە بگەم بە وەڵامێکی روون ..! ئەویش تەنیا پرسیار کردنە ، و دواتر بڕیارمدا کە لە هەر سێ بەشەکەدا وشەی(چۆن) لە زۆربەی بابەتەکانی ئەم کتێبەدا دەربکەوێت، و هەرجارەو بەشێوەییێک لە شێوەکان روونی بکەمەوە.

لە سەرەتادا، دەمەوێت بیر لە وشەی (چۆن) بکەییەوە لەبەر ئەوەی بنامەییێکی گرنگە بۆ پرسیار کردن.

چەندجار گوێت لەکەسێک بووە کە دەڵێت (ناتوانم)..؟ و چەندجار خۆت ئەو وشەیەت بەکارهێناوە، جا چ بەدەنگێکی بەرز بێت یان لە ناختدا..؟

ڕەنگە زۆر لەو جۆرە کەسانە بوونیان هەبێت لە ژیاندا، کە خوازیارن کارێک ئەنجام بدەن بەڵام بەهۆی بێ ئەزموونی نازانن کە چۆن ئەنجامی بدەن..

لێرەدا حەز دەکەم تیشک بخەمە سەر چەندن نموونەیەک لە چوارچێوەی کاری گشتی و تاکە کەسیدا..

بۆ نموونە :

ئایا دەتوانی بەشداری لە کێبڕکێی زۆرانبازی راکێشانی پەت (حبل)دا بکەی بەشێوەیەکی چالاک ، بەمەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی بۆ هەژاران..؟

لە وەڵامدا وتی : نا ناتوانم چونکە من شیاوی ئەم کارە نیم و حەزم لێنیە...

ئەگەر تۆ شیاونی بۆ ئەم کارە و حەزی لێناکەی، کە وایە بۆ وازی لێ ناهێنی و کارکەت بگۆڕی بۆ کارێکی تازە..؟

لە وەڵامدا دەڵێت : نا(ناتوانم) هەر بۆیە بۆم روون بکەوە کە بۆ ناتوانی لە شوێنی خۆت جولە بکەی، ڕەنگە کاری زۆر هەبێت بەڵام تۆ بوێری ئەوەت نییە کە بتوانی خۆت بخەیە ژێر مەترسی گۆڕانکارییەکان..

- پێشنیاز: باشە بۆ پەیوەندی بە کۆمپانیایی (س)وە ناکەی..؟ من دڵنیام ئەوان گرنگی بە توانا و بەرهەمەکانت دەدەن کە پێشکەشیان بکەی..

وەڵامی دامەوە و وتی: من نا(ناتوانم) بە بەردەم دەرگای بەڕێوەبەری ئەم کۆمپانیایەشدا بڕۆم.

- پێشنیاز : باشە بۆ لە دەرەوە پرسیار ناکەی..؟

وتی : نا(ناتوانم) چونکە کەسیان ناناسم.

پێش ئەوەی گفتووگۆیەکەمان تەواو بکەین ،پێم وت بە هەموو شێوەیێک لە شێوەکان دەبێت دوورکەوینەوە لە وشەی (ناتوانم) و چەند شێوازێکی تر لەم شێوەییە هەیە:
بۆ نموونە :
- من نامەوێت ئەم کارە بکەم....!
- من لە ئەنجام دانی هەر گۆڕانکارییەک دەترسم..
- لە پیشتردا هەولّم داوە، بەڵام نەمتوانی سەرکەوتووبم..
- من لەوە دەترسم کە وەرم نەگرن..
ئەگەر ئەترسی لەو شێوە ڕووداوانە ، هەموو ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدەی ئەوەیە کە لە جێگای وشەی(ناتوانم) وشەی (چۆن) بەکار بێنە ، واتا گۆڕینی وشەی (ناتوانم) بە گۆڕینی وشەی(چۆن) پرسیارەکەت ئاڕاستە بکەی..
بۆ نموونە:
- چۆن ئەتوانم ئەو کارە ئەنجام بدەم...؟
لەگەڵ گەرانەوەم بۆ پرسیاری سەرەتا و یەکەم ، ئەگەر کەسێک پێشنیازی ئەوەی بۆ کردی و وتی :
بۆ بەشداری لە کێ بڕکێ زۆرانبازی راکێشانی پەت (حبل)دا ناکەی بەشێوەیەکی چالاک ، بەمەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی بۆ هەژاران..؟ و تۆش بەپەرۆش بووی بۆ ئەم کارە ، لە جیاتی بڵێی (ناتوانم) پێویستە بوەستی لە بەکار هێنانی ئەم جۆرە وشەیە.. بەڵکو دەبێت بڵێی:
- چۆن ئەتوانم ببم بە کەسێکی شیاو بۆ ئەم کارە..؟
پێویستە سەرنج بخەیە سەر وەڵامی پرسیارەکە، و پاشان هەڵسووکەوتی لەگەڵدا بکەی..

بۆ نموونە : ئەگەر ویستت کارەکەت بگۆری ،تەنیا لەبڕی وشەی (ناتوانم)ئەم وشەیە بۆوشەی پرسیارکردن بگۆڕە..

- چۆن ئەتوانم ئەو کارە ئەنجام بدەم..؟

لە ڕاستیدا پێویستە ئەم پرسیارە لە خودی خۆت بکەی ، وەک چۆن ڕێگات بە خۆت دابوو بڵێی (ناتوانم)..

لەو کاتەی دەتەوێت کارێک ئەنجام بدەی ، لێرەدا دوو هاندەر دێنە ئاراوە...

یەکەم : دەبێتە هۆی بەهێزکردن و تێگەیشتنت بۆ ئەنجامدانی کارەکەت بە شێوەییەکی ئەرێنی(ایجابی)..

دووەمیان: سەرنجت دەکەوێتە سەر ئەو ڕێگایانەی کە دەتوانی پێیاندا سەرکەویی کە دەبنە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم ڕێگاکەتدا.

## ئایا باشترین چارەسەر چیە بۆ کێشەکان..؟

لە هەندێک بارووددۆخدا وەڵامەکان بۆ چارەسەی کردنی کێشەکان ئەوەندە ئاسان و روونە، کە خۆشمان هەستی پێ ناکەین. ئەگەر گریمان هەستت بە کێشەیەک کردوو گیرۆدە و دۆش داماوی کە نەزانی چۆن چارەسەرێک بۆ کێشەکانت بدۆزییەوە..! وەک چۆن لە وەرزی زستاندا هەموو شتێک چەق دەبەستی. بەو شێوەیەش بیر و خەیاڵی تۆش چەق دەبەستی..لێرەدا بە شێوەیەکی سەرسورهێنەر پرسیار لە خۆت بکە:

- ئاخۆ باشترین چارەسەر دەبێت چی بێت..؟

کاتێک وەڵامی ئەم پرسیارەت کە دەست کەوت ، پێویستە لەسەری بەردەوام بی بەشێوەیەکی ئەرێنی(ایجابی) سەیری بکەی کە لەم کاتە ناخۆشەدا ئەم وەڵامە سەیرەت بۆ دروستبوو....

بالێرەدا نموونەیەکی تایبەتت بۆ باس بکەم:

کاتژمێری (٦:٠٠)ی ئێوارەییە ، بارووددۆخیماڵەکەمان هێمن و بێدەنگە، لە ناکاو، دەنگێکی بەهێزو هاوارێکی سەیر لە هۆڵی ماڵەکەمان بەرزبۆوە..!

کورەکەمان بوو وتی: خێرا خێرا وەرن، من و هاوسەرەکەم بەخێرایی رامانکردە هۆڵەکەمان کە سەیرمان کرد بینیمان کورەکەمان لەبەردەم بینگەری (شاشەی)تەلەفزیون دانیشتەوە، کە سەیری بینگەری (شاشەی)تەلەفزیون دەرکەوتووە.

بەڕاستی دەرکەوتنی کچەکەمان بۆ ئێمە مایەی دڵخۆشی بوو لە سەر بینگەری تەلەفزیون..

کاری کچەکەمان ئەکتەری فلیمی سینەمایی بوو، ئەو فلیمەی لە تەلەفزیون نمایش کرا بەشێکی کەمی ئەم فلیمە نوێیە بوو کە لە

سینەمای(لیدز) بۆ یەکەم جار نمایش دەکرا کە ئەم شەوە کەناڵەکانی ناوخۆ بانگیشەیان بۆ دەکرد، بۆ ئێمە کارێکی نایاب بوو. و هەرەوها لە کەناڵی(یورکشایر) لە کاتی پێشکەش کردنی هەواڵەکان باسی کرد و بەرنامەییێکی تایبەتی بۆ سازکرد بە مێوانداری دەرهێنەری فلیمەکە.

کەچی ئێمە کە هیچمان نەدەزانی سەبارەت بەو رووداوە ، بەڵکو کچەکەشمان هیچی لەو بارەوە نەدەزانی کە چی روودەدات سەرەڕای ئەوەی کچەکەمان کە ئەکتەرێکی دیاری ناو ئەم فلیمەیە، بە هۆی ئەوەی کە فلیمەکە لەسەر ئاستی ناوخۆ پەخش دەکرا، لە ڕاستیدا ویستی ئەوەمان هەبوو کە بچین بۆ سینەما بەمەبەستی سەیرکردنی فلیمەکە.. بەڵام پێویستە چ کارێک ئەنجام بدەین بۆ ئەو مەبەستە..؟

هەر بۆیە هاوسەرکەم سەیری رۆژنامەکانی دەکرد بۆ ئەوەی کات و ساتی نمایش کردنی فلیمەکە بزانی ، و هەروها کوڕەکەشم لە ئەنترنیت خەریکی گەڕانبوو بۆ هەمان مەبەست کە بزانی لە کام رۆژی حەفتەدا ئەم فلیمە نمایش دەکرێ. لە کۆتاییدا هەردووکیان رۆژی نمایش کردنەکەیان پێ وتم ، بێ ئەوەی کاتژمێری یەکەم نمایش کردنەکە بزانن ئەوان نمایش دووەمیان دەزانی،بەڵام نمایشی یەکەم تایبەت بوو بە دەرهێنەرە بەناوبانگەکان و ئەکتەر و کەسانی بەرپرس و ناودارەکانی بواری سینەما و چەندین کەسانی تایبەتی تر. ئێمەش مەبەستمان بوو کە لەیەکەم نمایشی فلیمەکە بەشداربین، و هەرەها هاوسەرکەم پەیوندی تەلەفۆنی لەگەڵ بلیت بڕەکە ئەنجامدا بۆ ئەوەی بزانێت کاتژمێر چەند پەخش دەکرێ ، ئەو کاتژمێرەکەی پێ وتین بەڵام وتی: کە نمایشی یەکەم تایبەتە و

بلیتەکانی لە دەست ئیمەدا نییە، تەنیا ئەوندە دەزانم کە لە کۆتا ڕۆژەکانی حەفتەدا جاری دووەم نمایش دەکرێتەوە.
میلی کاتژمێرەکە لەسەر (٦:١٠)ی ئێوارەیە، لەناکاو هەستێکی سحراویم بۆهات کە پێویست دەکات پرسیار ئاراستەی خۆم بکەم..!هەر بۆیە لە شوێنێکی ئارام دانیشتم و لە خۆم پرسی :ئایا دەمانەوێت بەشێکی گرنگی ئەم ڕووداوەبین،هەربۆیە وتم : ئایا باشترین ڕێگا چیە بۆ ئەوەی بگەین بەم شوێنە ..؟ وەڵامەکە ئەوە بوو کە باشترین رێگا بۆ ئەوەی بتوانین لە نمایشی یەکەمی ئەم فلیمە بەشداربین،پێویستە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە بەڕێوەبەری دەرهێنەری فلیمەکە بکەم کە ئەم ئێوارەییە لە کەناڵەکە مێوانە .
بەڵام چۆن بتوانم پەیوەندی پێوە بکەم..؟ لێرەدا وەڵامەکە زۆر روونە و ئاسان بوو، ئەویش پەیوەندی کردنە بەو کەناڵەی کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا ئەنجام دەدات و داوای ئەوەیان لێبکەم کە قسەی لەگەڵدا بکەم... لێرەدا پێویستە چەند چرکەیەک هەڵوەستە بکەم ئەویش هەموو ئەو رێگایانەی گرتمەبەر دەرئەنجامی ئاراستە کردنی پرسیاربوو لە خودی خۆم..دوای ئەوەی کە ژمارەی تەلەفۆنی کەناڵی (یورکشایر)م دەستکەوت لەدەفتەری هەڵگری ژمارەی تەلەفۆنەکان.. لێرەوە گفتۆگۆیەکان بەم شێوەیە دەستیان پێ کرد:
شەوباش ، کەناڵی (یورکشایر) پێویستیمان بە هاوکاری ئێوەی بەرێزە ، ئایا دەتوانن یارمەتیمان بدەن ...؟
لە وەڵامدا وتی: دەتوانی داواکارییەکەت پێشکەش بکەی..
منیش وتم: ئای دەتوانن پەیوەندیەکەم بگوازنەوە هۆڵی چاوپێکەوتنەکان کە چەند خۆلەکێک پێش ئێستا ئەنجامدرا..؟

لەڕاستیدا پەیوەندیەکەم گواستراوە هۆڵی دەرهێنەرەکانی ئەم بەرنامەیە کە تایبەت بوون بە چاوپێکەوتنە کە.
پێم وتن : لە کەناڵە بەرێزەکەی ئێوەم بینی کە چاوپێکەوتنتان لەگەڵ دەهێنەری فلیمی(س) ئەنجامدا کە بۆ یەکەم جارە نمایش دەکری و کچەکەی ئێمە یەکێکە لە ئەکتەرە دیارەکانی ناو ئەم فلیمە ، ئایا دەرهێنەری بەرێزی ئەم فلیمە تا ئێستا لە هۆڵەکەدا ماوە..؟ وتیان نەخێر پێش چەند خولەکێک دەرچووە ، بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە نمایشی یەکەمی ئەم فلیمە..
منیش وتم: ئەی چۆن دەتوانن یارمەتیم بدەن تا بتوانم پەیوەندی پێوە بکەم..؟ سەیرکە لێرەدا دوو وشەم بەکار هێناوە ئەوانیش وشەی
(چۆن و وشەی یارمەتییە)
وتیان باشە : هەر ئیستا ژمارەی موبایلی تەیبەت بە خۆی پێ دەدەین بۆ ئەوەی پەیوەندی پێوە بکەی ، بەڕاستی ئەم وەڵامەی مایەی دڵخۆشی و سەرکەوتن بوو بۆ من لەم کاتەدا...
لە کاتژمێر(٦:٤٥) ی ئێوارە پەیوەندیم بە دەرهێنەرەکەوە کرد کاتێک وەڵامی دامەوە خۆی نەبوو..! دەنگی ئافرەتێک بوو ، وتی فەرموو من خێزانی(س)نم ، دوای ئەوەی خۆمم پێ ناساند ، وتم بەمەبەستی ئەوە پەیوەندیم کردووە کە بتوانن سێ بلیتم بۆ دابین بکەن بۆ ئەوەی کە بتوانین بەشداری لە نمایشی یەکەمی فلیمەکە بکەین. دوای چەند خولەکێکی کەم لە چاوەڕوانی مانەوەم لەسەر پەیوەندی لە کۆتایدا وتی: سێ بلیتی بێ بەرامبەر بۆ ئێوە ئامادە کراوە لە نوسینگەی سینەما بۆ بەرێزتان هیوادارم کە بتوانن بۆ کاتژمێر(٧:٣٠) لەم شوێنە چاومان بەیەکتر بکەوێت.

له کاتژمێر(٧:٠٠) بەخێرایی خۆمان ئامادەکردوو سواری ئۆتۆمبیلەکەمان بووین بەخێرایی کەمتر لە نیوکاتژمێر گەیشتینە هۆڵی سینەما. لەو شوێنە دانیشتین کە بۆمان ئامادەکرابوو ، هەر ئەوکاتە دەرهێنەر و خێزانەکەی هاتن بەخێر هاتنیان کردین. لەهەمان کاتدا چاومان بە دەهێنەر و ئەکتەرە بەناوبانگەکان کەوت و مایەی شانازی و خۆشحالی بوو بۆ کچەکەمان . لە دوای تەواو بوونی فلیمەکە و ئاهەنگی کرانەوەی (افتتاح) فلیمەکە گەڕاینەوە ماڵەوە بە دەربڕینی شادی و خۆشی و باس کردنی فلیمەکە...

سەڕەرای ئەوەی ئەم رۆژە تایبەت و گرنگە ، خۆشییەکی بێ سنوری پێ بەخشین ، بەڵام لە هەماکاتدا وانەیەکی گرنگ و بەسوود بوو لەم رۆژەدا، ئەوەیش ئەوەبوو کە پرسیار ئاڕاستەی خۆت بکەی و بپرسی: ئایا باشترین چارەسەر چیە بۆ ئەم کێشەیە..؟ دواتر هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکە.

## ئەگەر وەڵامێکی جیاوازت دەوێت ، پێویستە پرسیارەکانت ئاڕاستەی کەسێکی جیاواز بکەی....

ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەت بە دڵ نەبوو کە وەری دەگریەوە، ئەتوانی پرسیارەکەت ئاڕاستەی کەسێکی تر بکەی. من زۆربەی جار لەکاتی کارەکەمدا ئەم شێوازە بەکار دەهێنم کاتێک لە جاری یەکەمدا وەڵامێکی باشم دەست ناکەوێت بۆ جاری دووەم پرسیارەکە ئاڕاستەی کەسێکی جیاوازتر دەکەم و لەکۆتایدا ئەنجامێکی نایاب و دڵخۆشکەرم دەست کەوتووە ،ئەم شێوازە بۆتە هۆی باشکردنی کارەکانم هەم لە بواری بازرگانی گەورەدا هەم لە کارە ئاسانەکانی رۆژانەمدا.

ئەگەر کارێکی لەم شێوەیە روویدا- ئەگەر گریمان لە جاری یەکەمدا وەڵامدانەوەکەت بە ویستی تۆ نەبوو جا چ لەکاری رۆژانەی ژیانت بێت یان لە چوارچێوەی کاری پیشەیتدا بوو. ئەوەی گرنگە لێرەدا بوستە و ژیرانە پرسیار لە خودی خۆت بکە:

- ئایا کێ هەیە لەم دامەزراوە کە بتوانم پرسیارەکەی ئاڕاستە بکەم، بۆ ئەوەی وەڵامەکەم دەستکەوێت..؟

بە هۆی زۆری ئەو شارەزایەوە و تاقیکردنەوانەی کە ئەنجامم داوە لە ژیانمدا،چەندین جارئەو وەڵامانەی دەستم کەوتووە ، جیاوازی هەبووە لە کەسی یەکەم بۆ کەسی دووەم. هۆکارەکەش ئەوەبوو بۆ نموونە : کە رەنگە یەکێک لە کەسەکان درۆزن بێت یان نەزان بووە یان فشاری کەسی سەرەوەی خۆی لەسەربووە.

یان رەنگە بەو هۆیەوە توشی شەڕکردن بێت لەگەڵ هاوبەشەکەی یان کارمەندەکان یان بەڕێوەبەری پیشەکەی، یان ببێتە هۆی دەرکردنی لە کارەکەی یان گواستنەوەی، یان وەک بڵی کاسەکە

پڕبووه و لەسەری رژاوه سەری گەرمبووه بەهۆی کێشەکانی خۆیەوە، یان دواکەوتووه لە کۆبوونەوەکەی، یان خەریکی یاری (سودوکو)بێت ، یان ئەوکاتەی سەیری یاری تۆپی بێ بکات، یان رەنگە ئەو کەسە هەر خۆشی نەوێی، یان دەسەڵاتی ئەو وەڵامدانەوەی نەبێت کە تۆ دەتەوێت، یان لە مەبەست و داواکارییەکەت تێ ناگات، یان هیچ سودێکی بۆ ئەو نییە ، یان لەو جۆرە کەسانەیە کە زۆر بەزەحمەت وەڵامی کەسەکان دەدەنەوە و حەز بە رەتکردنەوە دەکەن، یان ئەو کەسە ئەوەند نەزانە کە نازانێت کومپیوتەرەکە چۆن بەکار بێنێت.

یان ڕەنگە کەسەکە بە پێچەوانەی ئەوانە بێت کە باسم کرد لە پێشتر، کەسێک بێت بەرێز و زیرەک و ڕووخۆش و ئەو کەسە بێت کە حەزبکات یارمەتیت بدا یان کارەکەت بۆ ئاسان بکات یان پێشنیارێکی گونجاو باشت بۆ بکات. یان ئەو کەسە بێت کە چێژ لە وەڵامدانەوەی ئەرێنی (ایجابی) وەردەگرن کە دەدەنەوە کاتێک پرسیاریان ئاڕاستە دەکەن، یان رەنگە کارەکە ئیداری بێت ئەوەی ئەو زانیارانەی لەسەر بینگەری (شاشة) کۆمپیوتەرەکە هەیە شتێکی تربێت..

با چەند نموونەیەکی ئاسانت بۆ باس بکەم ، بۆ نمونە:

من لە ژیانی پیشەییمدا لە ساڵانی ڕابردوودا بە هەزاران داواکاریم پێشکەش بە کۆمپانیا و دامەزراوە و کەسانی تایبەت کردووە ، بەمەبەستی ئەوەی وەڵامێکی دروستم بدەنەوە ، بەڵام بەداخەوە وەڵامەکەنیان رەتدەکردەوە، کەچی هەر کۆڵم نەدەدا ، هەر کە تەلەفۆنەکەیان بە ڕوودا دادەخستم ، ئەم جارە تەلەفونم بۆ کەسێک یان شوێنێکی جیاوازتر دەکرد. ئەو کاتە وەڵامێکی جیاوازترم دەست دەکەوت.

من ئەزانم کە ئێستا تۆ بیر لە چی دەکەیەوە..! ڕەنگی بڵێی لەوانەیە کەسی یەکەم بێزار کردبێت لەم کارەدا یان ڕەنگە توڕەت کردبێت... باشە، گریمان ئەو کارە وابوو یان بەڕاستی کارێکی هەڵەت کرد و ئەو کەسە لێت بێزاربوو یان توڕەبوو. من لە تۆ دەپرسم ئایا چی دەکەی..؟ ئایا شێوازاکەت دەگۆڕیی و بە شێوەیەکی دیبلۆماسی پرسیارەکەت ئاڕاستەی کەسێکی جیاوازتر دەکەی یان دەست لە ئامانج و ویستەکانت هەڵدەگری و بەدوایی وەڵامەکاندا ناگەڕێی و بۆ ئەوەی ژیانت هێمن و ئارام بێتەوە..؟ بڕیاری کۆتایی لای خۆتە.

لێرەدا نموونەیەکی تر هەیە: من هەرکاتێک بمەوێت پەیوەندی بە چێشتخانە و مێوانخانە یان نوسینکەی بلیت بڕینی فڕۆکە و شەمەندەفەربکەم بەمەبەستی گڕدانەوە(الحجز) تا کاتی مەبەست. بەڵام زۆر جار دەڵێن شوێنمان نەماوە..! کاتێک ئەمە ڕوودەدات، یان دەبێت دووبارە بەخێرایی پەیوەندی بکەمەوە یان چاوەڕێی بکەم بۆ ئەوەی هەمان کەسی یەکەم وەڵام نەداتەوە، لە زۆربەی کاتەکاندا وەڵامێکی جیاوازم دەست کەوتووتەوە، و هەروەها هەمیشە بۆ پرسیارکردنی لە نرخی کەل و پەلەکان ئەم شێوازانە بەکار دێنم، ئەگەر ئەو نرخەی داوای دەکەن بە دڵم نەبوو بۆ جاری دووەم پەیوەندی بە کەسێکی ترەوە دەکەم بەمەبەستی ئەوەی نرخێکی جیاوازترم دەستکەوێت، زۆربەی جارەکان پەیوەندیەکان دووبارە دەکەمەوە.

هاوسەرکەم پەیوەندی بە کۆمپانیایەکی بواری دڵنیایی ئۆتۆمبیلەوە کرد بەمەبەستی ئەوەی ئۆتۆمبیلەکەی دڵنیا(تأمین) بکات. کە جاری یەکەم هاوسەرەکم گفتوگۆی لەگەڵ کارمەندی کۆمپانیایەکە کرد وتی :بۆ هەر ساڵێک لەبەرامبەر دڵنیایی کردنی ئۆتۆمبیلەکەت

(٣٥٠)دۆلارت لێ وەردەگرین. منیش بەهاوسەرکەم ووت : دووبارە پەیوندیان پێوە بکەوە ، هاوسەرەکەم بەدەنگی بەرز وتی پێویست ناکات ئەوە نرخەکەیانە، بۆ رۆژی دوایی من پەیوەندیم بە هەمان کۆمپانیاییەوە کرد وتیان بە (٢٧٠) دۆلار بۆ هەر ساڵێک لە بەرامبەر دڵنیایی کردنی ئۆتۆمبیلەکەت لێتان وەردەگرم.

سەیری ئەم دوو نرخە بکە لەم نێوانەدا (٨٠) دۆلارمان بۆ گەڕایەوە.

## ئامادەبە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان..

ئایا هیچ جار لە پێشتردا چاوپێکەوتنت ئەنجام داوە بەمەبەستی دەستکەوتنی کار و لە کاتی ئاڕاستە کردنی پرسیارەکان توشی سەرسوڕمان و ڕامان ببی..؟ و چەند جار لە چاوپێکەوتندا پرسیارت ئاڕاستە کراوە و ئامادەی وەڵام دانەوەت تێدا نەبووە ، بەو هۆیەوە تۆشی زۆر ووتن و چەنە بازی هاتبی ، لەبڕی ئەوەی بە متمانە بەخۆبوونەوە بەشێوەیێکی پیشەیی وەڵام بدەیەوە..؟ لە ڕاستیدا هەندێک کات هەیە کە تۆ پرسیار ناکەیت ، بەڵکو تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەیەوە کە ئاڕاستەی تۆ دەکری لە کەسانی ترەوە.

لێرەدا ڕێگایەکی ئاسان و بێ بەڵگە نەویست هەیە کە ئەتوانی بەکاری بهێنی بۆ ئەوەی ترست نەمێنی و ئەویش تەنیا (پرسیار بکە) بۆ جاری داهاتوو ئەگەر ڕووبەڕووی ئەو جۆرە پرسیارانە بوویەوە ، پێویستە پرسیار لە خۆت بکەی و بڵێی:

- ئایا دەبێت ئەو پرسیارانە چ بن کە ئاڕاستەم دەکرێن ، و ئایا چۆن وەڵامێکی نموونەیی پرسیارەکان بدەمەوە..؟

لێرەدا ئەوەی گرنگ و پێویستە لیستێک دروست بکەی و پلانی بۆ دابڕێژی، پیش ئەوەی بچی بۆ چاو پێکەوتن بۆ مەبەستی کارەکە جا لە هەر بوارێکدا بێت. لەخۆت بپرسە و گریمانە دابنی ، چۆنکە هەندێک پیشەی تایبەت هەیە ئەو پرسیارانەی ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرێ کە داواکاری بۆدەستکەوتنی کار پێشکەش دەکەن دیار و ڕوونن. وەک چۆن کاڵاکان دەفرۆشی و چۆن پێشوازی لە کریارەکان دەکەی و چۆن هەڵسووکەوت لەگەڵ کەسانێک دەکەی کە توڕە و دوو دڵن ، و چەندین گریمانەی تریش هەن کە تایبەتن بە کارەکە . هەربۆیە لیستێک دروست بکەو هەموو ئەو ئەگەرانە

بنوسە کە پرسیارت لە بارەیەوە لێ دەکرێ بە وەڵامەکانیشەوە ، یان هەوڵ بدەی پێش چاو پێکەوتن ئەو کەسانە بدوێنی کە لەوی کار دەکەن. ئیستا چەند نموونەیەکی ئاسان و زۆر بەسودت بۆ باس دەکەم ، ئەگەر هاتوو لەگەڵ کەسانی ڕاگەیاندکار چاوپێکەوتنت هەبوو... چەند ساڵێک لەمەو پێش کەناڵێکی تەلەفزیۆنی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ساز کردم . بۆ باسکردن لەسەر یەکەم کتێبم. ئەو کاتە بۆمن زۆر ناخۆش بوو چونکە یەکەم چاوپێکەوتنم بوو ، من پێش ئەوەی بچم بۆ چاوپێکەوتنەکە ، هەستام لیستێکم دروست کرد هەموو ئەو پرسیارانەی گومانم هەبوو لێم دەکریت نوسیمەوە و پاشان وەلامەکەشم بۆ نوسییەوە و دواتر لە ئەنترنیت سەیری ئەو چاوپێکەوتنانم کرد کە لە پێشتر لەگەڵ کەسانی هاوشێوەی من سازکرابوو ، بەباشی سەرنجم خستە سەر پرسیارەکان بە هەمان شێوە هەموویان نوسیەوە ، چونکە بۆمن زۆر ناخۆش بوو لەبەردەم هەزاران بینەردا قسە بکەم و هەمووان وادەزانن کەسێکی زۆر زۆر زیرەک و قسە زانم . هەر بۆیە کە هەموو ئەو پرسیارانەی پێش بینیم کردبوو لەگەڵ ئەو چاوپێکەوتنانەی لە ئەنترنیت سەیرم کردبوون هەموویانم نوسییەوە و هەروەها وەڵامەکانیشم بۆ ئامادەکرد بوون و ڕاهێنانم لەماڵەوە لەسەریان کرد. کە چوم بۆ چاوپێکەوتنەکە زۆربەی زۆری ئەو پرسیارانەی خۆم بۆ ئامادە کردبوو لێیان کردم بەوەش فشارەکانم کەمبوونەوە و سەرکەوتووبووم لە چاوپێکەوتنەکەمدا.

هەر بۆیە ئەگەر بۆ جاری داهاتوو ویستت کارێکی لەم شێوەیە ئەنجام بدەی پێویستە، ئەم بنچینەیە لە بیر نەکەی :

خۆت ئامادە بکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ، پیش ئەوەی چاوپێکەوتن بکەی.

## پرسیار لە کەسێک بکە کە وەڵامی پرسیارەکان بزانی...

هەندێک لە مرۆڤەکان هەن بە هەموو شێوەیێک نەفرەت لە پرسیار کردن دەکەن. خۆی لە خۆیدا پرسیارکردن بریتیە لەو رێگاییەی کە دەتگەیێنێت بە زانیارییەکان، باشە لەبەرچی هەندێک لەو کەسانە پێیان وایە کارێکی زەحمەتە ...؟ لێرەدا بۆت روون دەکەمەوە بە چەند نموونەیەک:

دۆست و خزمێکم هەبوو لە هەندەران دەژیا هەمووکات دژی ئەوە بوو پرسیار بکات . هەر جارێک کە دەچووم بۆ لای بەیەکەوە پیاسەمان دەکردوو دەچووین بۆ شوێنە گەشتیارەکان ، ئەو دەهات لەگەڵمدا تا چاوساغم بێت و شوێن ئاشنام بکات کەچی من لە ئەو شارەزاتربووم چونکە من پرسیاری شوێنەکانم دەکرد و ئەو پرسیاری نەدەکرد.

وە هەروەها بەشێک لە هاوڕێم هەن کە بەیەکەوە کار دەکەین کە هاوکاری و ئامۆژکارییەکان لە من وەرناگرن لەو بابەتانەی پێشکەشمان دەکەن. ئەوان وای دەبینن کە هەڵەو کارە چەوتەکانیان دەردەکەوێت.

وە هەروەها هەندێک هاوڕێم هەیە کە لە هوتیل دەخەون کاتێک کە سەردانی شارەکەم دەکەن بێ ئەوەی بپرسن کە کام لە هوتێل خزمەتگۆزاری باش و خەوتنی تێدا ئارامترە.

کێشەکە ئەوەیە..! لێرەدا چەندەها ئاستەنگ هەیە کە توشمان دەبن لە بوارەکانی ژیاندا، کاتێک دەتەوێت کارێک ئەنجام بدەی یان بچی بۆ شوێنک و بڕیارت داوە کارەکەت بکەی بە پشت بەستن بە زانیارییەکانت. بەڵام کاتێک پرسیار لەو کەسانە دەکەی کە لە پێشتردا کارێکی لەم شێوەیان ئەنجامداوە، یان راوێژ بەو کەسانە

دەکەیی کە لە تۆ زیرەکتر و شارەزا ترن، بەو هۆیەوە شەنسی بەدەست هێنانی ئامانجەکانی زیاتر دەبێت.
هەمیشە پرسیار لە خودی خۆت بکە:
- ئایا کێ هەیە وەڵامی پرسیارەکان بزانێت، و کێ شارەزایی لەم بوارەدا هەیە..؟
لەکۆتاییدا ئەو کەسانە سەردەکەون کە ڕاوێژ و پرسیار لە کەسانی خاوەن ئەزموون و شارەزا لە بوارەکان دەکەن.
ئەگەر بە دروستی پرسیار نەکەی ، وەڵامێکی دروستت دەست ناکەوێت. ئەو پرسیارانەی بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوا دەیانکەی هەمیشە بەرهەمی باشیان دەبێت، پرسیارکردن هی کەسە ژیرەکانە بۆ تێگەیشتنیان لە هەر کێشەیەک، و ئاڕاستە کردنی پرسیار ، تاکە ڕێگایە بۆ ئەوەی کێشەکانت چارەسەر بکات کاتێ ڕووبەڕووت دەبنەوە

(ادوارد هودنت - شاعیری ئەمریکی(١٨٤١-١٩٢٠)

## با بیرکردنەوە و پرسیارەکانت نامۆ نەبێت...

بە دڵنیایەوە هەندێک جار پرسیاری نامۆت بە مێشکدا هاتووە، هیوادارم هەر ئێستا بیربکەیەوە کە چۆن وابکەم (بیرکردنەوە و پرسیارەکانم نامۆ نەبێت) ئەو پرسیارانەی کە ژیرانە ئاراستەی دەکەی یان نا ژیرانە ،بەڵام کاتێک ڕاهێنان بە مێشکت دەکەی بۆ ئەوەی ژیرانە پرسیارەکانت ئاڕاستە بکەی هەمیشە بەرهەمی باش و بە چێژی لی وەدەست دێنی.

رۆژێکیان کوڕە گەورەکەم بیرۆکەیەکی زۆر جوانی پێشنیارکرد ، کە بیرکردنەوەیەکی بەرهەم هێنەربوو،

کە وتی: بابە گیان بیرم لەم کارە سەیرەی خەڵک کردووتەوە ، ئەویش ئەوەیە ئەگەر نیازی (ناو) گۆڕینت هەبێت لە بەڵگەنامەی شارستانی (٢٥) دۆلاری تێ دەچێت، بەڵام ئەگەر بەنیازبی ژمارەی تابلوی ئۆتۆمبیلەکەت بگۆری زیاتر لە (١٠٠٠) دۆلاری پێویستە..! باشتر نیە ئەو خەڵکانە بیر لەوە بکەنەوە کە ناوەکانیان بگۆڕن بۆ ئەوەی لەگەڵ تابلووی ئۆتۆمبێلەکانیان بگونجێ لە بڕی تابلۆیەکان..؟ بەڕاستی بیرۆکەییەکی ناوازە بوو. من ناڵێم تۆ بڕۆ ئەم کارە ئەنجام بدە، بەڵام پرسیارەکە خۆی لەخۆیدا نایاب بوو.

ئەو نموونە شێوازی بیرکدنەوەکەی کوڕەکەم هاوشێوەی بیرکردنەوەی ژیانی کۆن و جاران بوو کە باپیرانمان پێشنیاری کەمترین تێچونەکانیان دەکرد ، بیرمە جارێکیان لە گوندەکەمان گەشتمان کرد بۆ شاری(ڤیرژینیا) بەمەبەستی کڕینی ئامێری کشتووکاڵی ، بۆ نیوەڕیەکە چووین بۆ چێشتخانەیەکی بەرچاو بۆ نانخواردن من ئەو کاتە تەمەنم (١٦)ە ساڵبوو باپیرە گەورەم لە جۆنییەتی و نرخی خواردنی(سالیسبری ستیك) شارەزابوو . خاوەن

چێشتخانەکە وتی : نرخی (١٢)دۆلارە بۆ هەر کەسێک... بەڵام باپیرە گەورەم ئامادە نەبوو ئەم بڕە پارەیە بدات ، دواتر چەند هانگاوێک دوورترلە چێشتخانەی یەکەم ، چێشتخانەیەکی میللیمان دۆزییەوە کە هەمان خواردنمان خوارد من و پاپیرە گەورەم بە نرخی(١٤) دولار لەم هاوکێشەدا باپیرە گەورەم توانی (١٠)دۆلاری بۆ بگەڕیتەوە ،ئەوەی باپیرم مەبەستی بوو جۆری خواردنەکەبوو نەک شوێنەکە .

لەهەندێک کات و ساتدا، بەنیازی کارێک ئەنجام بدەی یان بڕیارێک بدەی لە ژیاندا پێت وایە ئاساییە ئەنجامدانی.

من بەدرێژایی تەمەنی کارکردنم و ئەو ئەزموونەی کە هەمە لە بواری گشتی و بەتایبەتی بواری بازرگانی،کاتێک پرسیارەکانم ئاسایی و دوورە لە پرسیارێکی نامۆ لە زۆربەی کاتەکاندا ئەنجامی باش و بەسوودیان هەبووە.

چیرۆکیکت لە زمانی هاوڕێیەکەم بۆت باس دەکەم ، کە یەکێکە لە هاوڕییە نزیکەکانم ، دایکێکی بە ساڵداچووی هەبوو وتی:

چەند ساڵێک بەر لەئێستا دایکم بەنیازبوو یەکێک لە موڵکەکانی بفرۆشێت، و پاشان بەو پارەیە یەکەیەکی نێشتەجی بوونی بچووک بکڕی (شقە) بە نرخی(٥٠)هەزار دۆلار لە شوێنێکی ئارام و فرەوانتر، ئەو خانووەی تێدا دەژیا بەهایەکەی (٦٠)هەزار دۆلار بوو. دایکم بۆ چەند مانگێک بوو فشارێکی زۆری دەروونی لەسەربوو، بە هۆی بیرکردنەوەی، کە ئاخۆ کەی کڕیارێکی گونجاوی دەست دەکەویت بۆ ئەوەی خانووەکەی پێ بفرۆشێت کە بتوانی لە کاتێکی گونجاو ئەو یەکەیی نیشتەجییەی دەست نیشانی کردووە بیکڕێت، بە هەر شێوەیک بێت، بتوانی ماڵەکەی بگوازیتەوە ئەو (یەکە)یەکە دەست نیشانی کردووە.

ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە ، پێش ئەوەی بیر لە فرۆشتنی خانووەکەمان بکەینەوە ، لە خۆمان بپرسی بایە بە شیوەیەکی جیاوازتر لە بڕی ئەوەی بیر لە فرۆشتنی خانووەکە بکەینەوە ، و پاشان یەکەیەکی نیشتەجی بوون بکڕین.
ڕەنگە ئەو کاتە لێکەوتەکان بەشێوەیەکی تر دەبوو. ئیمە بەباشی بیر ناکەینەوە کاتێک تووشی کێشەیەک دەبین یان بەنیازی ئەوەین کە کارێک ئەنجام بدەین هەر زوو بڕیاری خێرا دەدەین، لە ڕاستیدا دایکم دەیتوانی ئەو یەکەی نیشتەجییە نوێیە بکڕی ، چونکە دایکم پارەی پاشەکەوتی هەبوو کە کۆیکردبۆوە، بۆ ئەوەی یەکەیەکی نیشتەجێ بوون پێ بکڕی ،پێش ئەوەی بیر لە فرۆشتنی خانووەکەمان بکاتەوە.
دایکم بیری لەوە نەکردبۆوە کە باشتر وایە ، ئەم خانووە بپارێزی و بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا بە کرێی بدات و لە بەرامبەریدا مانگانە برێکی باش پارەی دەست کەوێت و سودی لێ ببێنێت، دەیتوانی ئەوپارەیە لە بانکێک بە گڕ بخستبایە و قازانج و دەسکەوتێکی باشتری دەست دەکەوت و ئەوکاتە نرخی خانووەکەمان دەگەیشتە (٢٤٠) هەزار دۆلار تاکو ئیستا.
لێرەدا من ئامۆژگاری ئەوەت ناکەم لە چۆنیەتی ئاڵوگۆری مولکەکەت، جونکە شارەزایی من لەو بوارەدا سنورداره.
گێرانەوەی ئەم چیرۆکە چێژ و خۆشی دەبەخشێت بەو کتێبە، و هەمیشە ئامۆژگارییەکە بۆ ئەوەیە بیربکەیەوە لەوەی کە پرسیار بکەی ، بەڵام ئەم بنچینەت لەبیر بێت با بیرکردنەوە و پرسیارەکانت نامۆ نەبێت.
- من دەزانم کە زۆرینەی خەڵک ئەم شێوازە بە کاری دێنن، بەڵام ئایا ئەوە باشترین ڕێگایە بۆ پرسیار کردن یان ڕێگای باشتر و

جیاوازتر هەیە بۆ پرسیارکردن..؟ ئەوەی گرنگە لێرەدا بەشێوەیەکی جیاواز بیربکەوە و پرسیار بکە،و لە کۆتایدا دەرئەنجام و بەرهەمی باشت دەست دەکەوێت.

(ئەو کاتە مرۆڤ گێل و نەفام و نەزانە کاتێک لە پرسیارکردن دەوەستێت)

زانای بیرکاری ئەمریکی(تشارلزبی شتیمیتز)-(١٨٦٥-١٩٢٣)

## ئەگەر کەسێک داوای هاوکاری لێ کردی، دەستی هاوکاری بۆ درێژبکە..

هەندێک لە مرۆڤەکان سروشتیان وایە کە حەز بە هاوکاری کەسەکان دەکەن و هیچ کات دەست نانێن بەڕوویانەوە، وە هەروەها کەسانی تریش هەن ، کە بەهیچ شێوەیێک لە مانای هاوکاری کردن تێ ناگەن و نازانن هاوکاری ئەو کەسانە بکەن کە پێویستیان پێیانە. ئەگەرهاتوو تۆ ئەوەندە سەرقاڵی کاری پیشەیی و تایبەت بەخۆتی و خۆت پێ کەسێکی سەرکەوتوو و گەورەیە، چۆن دەتوانی لەکاتی خۆت تەرخان بکەی بۆهاوکاری و ئامۆژگاری و زانیاری پێشکەش بەو کەسانە بکەی کە پێوێستیان پێتە و داوای هاوکاری تۆ دەکەن بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەی لە داواکاریەکانیان..؟

کە تەمەنم (١٨)ە ساڵانبوو زۆر سەرسامبووم بە یەکێک لە بێژەرەکانی کەناڵێکی تەلەفزیون، ئەوکاتە شارەزا ببووم لە چۆنیەتی ئاڕاستە کردنی پرسیار، جارێکیان نامەیەکم بۆ بێژەرێکی بـــــــــەناوبانگ نووسی کـــــــــــە ناوی..(ریتشارد وایتلی)کە زۆربەمان دەمان ناسی و کەسێکی دیاربوو، چونکە هەواڵەکانی پێشکەش دەکرد لە کەناڵی (یورکشایر)ی ناوخۆ.

لە نامەکەمدا بۆم نوسی کە من زۆر سەرسامم بەکارەکانت ، و هەروەها نوسیم ئەگەر بتوانی چەند خولەکێکم لە کاتی خۆت پێ ببەخشی بۆ ئەوەی هەندێک ئامۆژگاری و رێنمایت لێ وەربگرم،ئەگەر دەرفەتت هەبێت. رۆژێک نامەیەکم بۆ هات کە سەیرم کرد بینیم لە لایان بەرێز(ریتشارد)بە دەست گەیشت کە تێیدا نوسرابوو دەتوانم بۆ چەند ساتێک لەگەڵت دابنیشم، کەچی

ئەو کاتە خەریکی سازکردنی بەرنامەیێکبوو، منی خستە پێش بەرنامەکەی خۆییەوە بەڕاستی ئەو ساتەی کە لەگەڵی دانیشتم بۆم دەرکەوت کە کەسێکی رەوشنبیر و ڕەسن بوو، هەر ئەو دەمە کۆمەڵێک ئامۆژگاری ئاڕاستە کردم، کە پێوەستبوون بە ژیانەوە، کە پێشتر نەمدەزانی. دوای چەند ساڵێک لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵایەتیدا چاوم پێکەوتەوە و دووبارە سوپاسم کردوو و چەند ئامۆژکارییەکەم بیر خستەوە کە لەکاتی خۆی ئاڕاستەی کردبووم.

بە خەندەیێکی جوانەوە وتی:

زیندووەکان ئەوانن کە بەهرە و زانست و زانینەکانیان دەدەن بەو کەسانی کە لە دوای خۆیان جێ دەمێنن.

هەمیشە حەزدەکەم ئامۆژگاری ئەو کەسانە بکەم کە تازە لە سەرەتای رێگای ژیاندان، چونکە کێ دەڵێت ئاخۆ بۆ جاری دووەم چاوم پێیان دەکەوێتەوە یان نا لە کاتێکدا من لە کۆتایی ڕێگادام و خۆرم بەرەو ئاوابوونە.

## نەرم و نیان بە و بەهێواشی پرسیار بکە..

زۆرجار پرسیارکردن تاکە ڕێگا نییە بۆ گەیشتن بەزانیارییەکان یان هەر شتێکی کە تۆ مەبەستت بێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە شێوازی پرسیارکردنە چونکە ئەو پرسیارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر کەسی بەرامبەر کە بەشێوەیەکی نەرم و نیان ئاڕاستە دەکرین هەر ئەوەشە دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕێڕەوی ڕێگای ژیانت.
لێرەدا پێویستە زۆر وریابی لە ئاڕاستە کردنی پرسیارەکان چونکە زۆربەی کەسەکان ، کەسانی دەم دەمین (مزاجی) ن زۆرجار گوێ لەکەسی بەرامبەر ناگرن ، کاتێک کە تۆ خەریکی پرسیارکردنی ، ئەو هەر لەسەرەتاوە بڕیاریداوە کە گوێت لێ نەگرێ یان هەندێک پرسیار هەن کە دەبنە هۆی خەم و بێزاری کەسەکان.
کاتێک پرسیارەکانت ئەرێنی بوون بە لای کەمەوە کەسی بەرامبەر بیر لە وەلامدانەوەییەکی ئەرێنی دەکاتەوە، چونکە نەریتی مرۆڤەکان وایە حەز بە پرسیاری ئەرێنی دەکەن و ئەوکاتە هەستیان بۆ کەسی بەرامبەر دروست دەبێت. بەڵام کاتێک کە پرسیارێکی نەرێنیان(سلبیە) ئاڕاستە دەکەی ،کەسی بەرامبەر ناچار دەکەی بەوەی وەڵامێکی نەرێنیت بداتەوە، بەدڵنیایەوە ئەم شێوازە کاریگەری خراپی لەسەر هەستی کەسەکان دروست دەکات.
نموونەیێکی ئاسانت لێرەدا بۆ باس دەکەم:
چەند ساڵێک لەمەو پێش من و هاوسەرەکەم بەشداریمان لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی کرد، لەوێدا چاومان بەهەندێک کەس کەوت کە لە(لەندەن)لە دایکبوون و پەروەردە کرابوون، بەڵام شوێن گۆڕکێیان کردبوو بۆ شاری(بێرمینگام) ی بە هۆکاری تایبەتی و

پیشەییان. پاش گفتوگۆیەکی کورتی نێوامنان، هاوسەرەکەم پرسیارێکی ئەرێنی ئاڕاستە کردن و وتی:
چ شتێکی (بێرمینگام)تان بە دڵە و پێی خۆشحاڵن..؟
ئەم پرسیارە وایکرد هەمووان سەرنج بخەنە سەری و وەڵامێکی ئەرێنی بدەنەوە. کە وایکرد ئەو کەسانە ستایش و پێهەڵدان بۆ زۆربەی لاینەکانی ژیان لە(بێرمینگام)یان کرد. هەمووان خەندە وشادییان بەروخسارەوە دیاربوو و گفتوگۆی نێوامنان زیاتربوو.
ئەم جارە هاوسەرەکەم پرسیارێکی جیاوازتری ئاراستە کردن و وتی:
ئەی چیتان لە دەست داوە لە (لەندەن)..؟
لەناکاودا بێ دەنگی باڵی بەسەردا گرتن و روخساریان لێل بوو، بەڕاستی تەواوی شێوەیان گۆڕا کاتێک ئەو پرسیارە نەرێنییەی (سلبی)ئاڕاستەکردن و خەم و پەژارە کۆی ئەندامی جەستەی داگیر کردن, چونکە ئەوان ماوەیێکی دوور و درێژە هاوڕێ و خزم و دۆستان و کەسانی ناو خێزانەکانیان نەدیوە.
لێرەدا چەند منوونەیەکتان لە شێوازی پرسیارکردن نیشان دەدەم کە دەبنە هۆی ئەوەی کەسەکان هەست بەبێزاری نەکەن، کە دەتوانی ئاڕاستەی کەسەکان بکەی و ئاڕاستەت بکرێ لەلایەن کەسانی ترەوە، سەرنج بخە سەر پرسیارەکە و باش بیری لێ بکەوە ئاخۆ ئەم پرسیارە تا چ ڕادەیەک ئەرێنییە یان نەرێنییە، جونکە هەر یەک لە ئێمە ناچارە بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە کە پرسیاری ئاڕاستە دەکرێ جا چ ئەم پرسیارە ئەرێنی بێت یان نەرێنی - چونکە جۆری پرسیارکردن کاریگەری زۆری لە سەر هەستی کەسەکان هەیە .
باشتر وایە کە پرسیارەکانت بەو شێوەیەبن، بۆ منوونە:
- ئەم کێشەیە چیە کە ئەمڕۆ ڕوویداوە..؟
- ئەمڕۆ برینەکەت چۆنە هەست بەباشی دەکەی..؟

- چۆن دەتوانی ئەوندە بیر بکەیەوە..؟
- چۆن دەتوانی ئەو هەموو فشارانەی لەسەرتن کەمیان بکەیەوە..؟
- ئەمڕۆ توانیت چەند لە بەرهەمەکانت بفرۆشی..؟
- ئایا بەنیازی لە کاتی وەرگرتنی موڵەتی پشوودان بچی بۆ(س)..؟ ئایا دوو دڵ نی بەهۆی ئەو ترس و توقانەی لەم شوێنە هەیە..؟
- کەواتا گەشتەکەت لەگەڵ کۆمپانیای گەشتیاری (س)دا دەکەی ، ئەی نازانی کە خراپترین خزمەتگوزاریان هەیە لە ڕووی سەلامەتی گەشتیاران..؟
- کەواتا دکتور (س) نەشتەرگەرییەکەت بۆ ئەنجام دەدات ، دەزانی ئەو باشترین دکتوری برینکارییە کە شارەزاییێکی زۆر باشی هەیە لەم نەخۆشییە..؟
بنچینەی سەرەکی ئەوەیە:
یەکجار بیر لە خۆشەویستی کەسەکان بکەوە، هەمیشە لە خۆت بپرسە کە چۆن پرسیار بکەم بێ ئەوەی هەستی کەسەکان بریندار بێت، ئەگەر دڵنیابووی لەوەی کە ئەو پرسیارەی لێ دەکەی هەستی ئەرێنی پێ دەبەخشی ، ئاراستەی بکە، ئەگەرنا بێزاری مەکە با کەسی بەرامبەر هەست بە بێزاری و بێ تاقەتی نەکات.
پرسیارەکان دەبنە مایەیی رووناک کردنەوەی رێگایەکانی ژیان، نەوەک وەڵامدانەوەکان ...

نوسەری شانۆگەری فەرەنسی(یوجین یونێسکۆ)رۆمانیا(١٩٠٩-١٩٩٤)

## (تەکنەلۆژیای پرسیارکردن)

تا ئێرە باسم لە چەند بابەتێک کرد کە ناوم نابوون بنچینەی زێرین ئەویش ئەوەیە(تەنیا پرسیار بکە) .رەنگە بەلایەنی کەمەوە سودێکی باشت لە هەندێک لە پێشنیار و بابەت و رووداو و بەسەرهاتەکانی بەشی یەکەمی ئەم کتێبە وەرگرتبێت، و رەنگە هەندێک لەو شێوازو رێگایانەشت بە کارهێنابێت کە بۆم باس کردبووی لە پێشتردا. رەنگە بڵێی (بەڵێ) وایە ئەوانەباشترین بنچینەی سەرەکی بوون بۆ پرسیارکردن . ئەگەر هاتوو بەم شێوەیە بیر بکەیتەوە ئەوە کارێکی باشە، بەڵام بۆچی هێشتا زیاتر بەدوای رێگاییێکی ئاسانتردا نەگەرێن بۆ پرسیارکردن لە بابەتەکان چونکە ژیان نەوەستاوە...؟ لێرەدا پێویستە سەرنج بخەیە سەر ئەم بابەتە کە ناوم ناوە ( تەکنەلۆژیای پرسیارکردن) ئەم رێگایە باشتر و بە سودترین رێگایە بۆ پرسیارکردن لە داواکارییەکانت کە لە رێگای (ئەنتەرنیتەوە) کە زۆر بە خێرایی و بە خۆڕایی وەڵامت دەداتەوە.

### (کاریگەری هێز)

هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە بە تەنیا پشت بەو شێوازانە ببەستی کە لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا باسم کردووە، ئەمتوانی بە سەدان لاپەڕە و دەستەواژە و شێوازی تر بنوسم ، بەڵام شێوازی دەربڕن و پرسیارکردن پێویستی بە فەلسەفەی نەرێنی هەیە کە زمانێکی تایبەتە لەکاتی گفتوگۆدا بەکاردێ ، ئەو فەلسەفە نەرێنیە پەیوەستە بە ژیری کەسەکەوە، یان ئەتوانی بە زمانێکی ئاسان و سادەتر بدوێی ئاخۆ دەبێت کامەیان باشتر بێت..؟

با راشکاوبم لەگەڵتدا: تۆ پێویستت بە تێگەیشتنی ئەو شێوازانە نیە بۆ ئەوەی سەرکەویت ، چونکە ئامانجی ئەم کتێبە ئەوەنیە تۆ بکات بە کەسێکی زیرەکتر لەوەی کە ئیستا تێدایی، بەڵکو بۆ ئەوەییە کە تۆ زیاتر سەرکەوتووتربی لەوەی کە ئێستادا تێدا دەژی، بەڵام لێرەدا بنچینەکی سەرەکی هەیە کە پێویستە زۆر بەباشی لێی تێبگەی ئەویش یەک وشەیە: کە کاریگەرییە...

لێرەدا کە پێویستە باش تێبگەی کە هەموو شێوازێک بە خێرایی ئامانجەکانت بەدی ناهێنێت، ئەوەی گرنگە چی دەڵێی و بە چ شێوازێک قسە دەکەی و چۆن هەڵسووکەوت دەکەی، دواتری کاریگەری لەسەری کەسی بەرامبەر دەردەکەوێت بەوەی کە چۆن وەڵامی داواکارییەکانت دەداتەوە. هیچ گۆمانی تێدا نیە کە دەبێت وەک (مامۆستایەک کاریگەریت) هەبێت بە شێوەیەک لە شێوەکان، تاکە ڕێبازێک کە پێویستە بیزانی ئەویش ئەوەیە :

ئەو برسیارانە کە ئاڕاستەی کەسەکان دەکەی با کاریگەرتربێت لە پرسیاری کەسانی تر . ئەگەر بەشێوازیکی باش و کاریگەر پرسیارەکەت ئاڕاستەی کەسەکان کرد ناچاریان دەکەی کە ئەوان سەرنجی تەواو بخەنە سەر داواکارییەکەت.

هەر کاتێک پێویستبوو پرسیار ئاڕاستەی کەسێک بکەی لە هەر بابەتێکدا ، نەکەی شێوازی پرسیارکردنەکەت وەک خوێندنەوەی هەواڵەکانی سەر بینگەری تەلەفزیون بێت، نەکەی پرسیارەکانت ئاڕاستەی کەسێک بکەی کەمێشکی توانای وەرگرتنی نەبێت . یان سەرنجی لەسەر قسەکانت نەبێت و لە کۆتاییدا دووچاری ڕەتکردنەوەبیت یان هەر رابکات لە بەرت و گوێیت لی نەگری، هەوڵ بدە پرسیارەکەت ئاڕاستەی کەسێک بکەی کە شارەزایی هەبێت لە بابەتەکە، یان با کەسێکی بیر فرەوان و تێگەیشتوو بێت

. بۆ ئەوەی ئەگەر شارەزایی نەبوو لە بابەتەکەت هەوڵی ئەوەت بۆ بدا کە وەڵامەکەت بۆ بدۆزێتەوە و بەشێوەیەکی جوان هەڵسووکەتت لەگەڵدا بکات .وەک بڵێی وەڵامی پرسیارەکەت وەرگرتبێتەوە .

لێرەدا نموونەیەکی سادە و ئاسانت بۆ باس دەکەم کە لە کۆڕێکدا باسم لێوە کرد.

هەستم کرد کاتێک گەیشتمە شوێنی کۆبوونەوەکە، یەک دەنگەوەر(سماعة) کاری دەکرد ئەویش تا بڵێی دەنگی نزمبوو،کە دانیشتنی بەیانیەکە تەواوبوو بە شێوەیەکی زانستیانە بە بەڕێوەبەری کۆڕەکەم ووت : کە ئەو دەنگەوەرەی بەنیازم بابەتەکەمی پێ پێشکەش بکەم دەنگی زۆر نزمە..!

دواتر چووم کە بابەتەکەم پیشکەش بکەم ، سەیرم کرد سەڕەڕای ئەوەی دەنگەوەرەکە دەنگی نزمە، و هۆڵەکەش هەر هەمووی ژاوەژاوە لەبەر نزمی دەنگەورەکە هەر کەسە و لە شوێنی خۆیدا خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵ ئەوەی بەرامبەری.

پاش خوێندنەوەی سەرەتای بابەتەکەم ، هەستم کرد بە هۆی ژاوەژاوی دەنگ وەرەکە هیچ کەسێک سەرنجی لەسەر قسەکانم نییە ، هەر بۆیە وتارەکەم وەستاند بۆ چەند ساتێک تا کەمێک هۆڵەکە بێ دەنگی بۆ گەڕاوە ، پاشان وتم: ئەی خۆشەویستان دەزانن ئەو ژاوەژاوە هۆکارەکەی ئێوەی بەڕێز نییە ، بەڵکو بەهۆی ئەوەیە کە دەنگەرەوەکان دەنگیان نزمە بۆیە داوای لێبوردن دەکەم کە دەنگەم ناگات بە هەمووان . بەو شێوەیە ناچارم کردن کە بیر بکەنەوە کە پێویستە بێ دەنگ بن و مافی ئەو کەسانە بپارێزن کە لە دواوە دانیشتوون، وەستام تا ئارامی و بێ دەنگی تەواو دەستی بەسەر هۆڵەکەدا گرت، دوای ئەوە وتارەکەم پێشکەش کرد ، دواتر

گلەیی و گازاندەم لە  تەواوی دەستەی کارگێری ئەم هۆڵەم کرد بە هۆی نزمی دەنگەوەرەکان.
لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا یەکێک لە بەژداربوانی کۆڕەکە هاتە لام و وتی : بەڕاستی هەستمان بەو ژاوەژاوە نەکردبوو تا تۆ پیت نەوتین.
پاشان وتی تۆ کەسێکی چەندە زۆرزانی..! توانیت بەو رێگایە هەموو بەشداربووانی هۆڵەکە بێ دەنگ بکەیت و سەرنجیان بۆ لای خۆت رابکێشی. بەڕاستی تاقیکردنەوەی ئەو شێوازەم سودێکی باشی هەبوو بۆ من،  توانیم نیشانیان بدەم لە بەهێزی پرسیارکردن کە بەم شێوەیە پەیامەکەی خۆمم پێ ڕاگەیاندن کە بە پێچەوانەی پێشکەش کردنی هەواڵەکان بوو .
بـــــەم بۆنەیەوە ئەپرسم ئایا لـــە کوێ ئـــــەم کـــتێبە دەخوێنییەوە..؟ ئـــــــــەگەر لەسەر تەختی خەوتنەکەت دەخوێنییەوە ئایا چرکە چرکی میلی کاتژمێرەکەت بێزارت ناکات..؟ یان ئەگەر لە ماڵەکەتدا بە رۆژ دەیخوێنییەوە ئایا دەنگی ئۆتۆمبێلەکان بێزارت ناکەن..؟  ئێستا تێگەیشتی لە مەبەستەکەم..؟ کە دەبێت لەکاتی خوێندنەوە و پرسیارکردندا شوێنێکی ئارام و هێمنت هەبێت.

## (پرسیار لە کەسێکی گونجاو بکە)

ئەگەر دەتەوەێت ئەو وەڵامەت دەستکەوێت کە مەبەستتە، یەکەم هەنگاو کە پێویستە بکەی ، پرسیارکردنە  لە خودی خۆت بکەی و بڵێی:

- ئایا کێ باشترین کەسە بۆ ئەوەی پرسیارەکەی ئاڕاستە بکەم..؟

بیرت بێت ئەگەر ئەوە کەسەی پرسیارەکەی ئاڕاستە دەکەی کەسێکی شارەزا و پێشکەوتووی ناو دامەزراوەکە نەبوو، بەلایەنی کەم با ئەو کەسەی پرسیاری ئاڕاستە دەکەی کەسێک بێت کە بتوانێت وەڵامی داواکارییەکانت بداتەوە.

پێویستە لە سەرەتادا بیربکەیەوە و دواتر کەسێکی گونجاو هەڵبژێری، و ئەگەر کارەکەت پێویستی کرد هەوڵ بدە ڕاستەوخۆ گفتووگۆی لەگەڵدا بکەی، بەڵام وریابە هەڵنەخەڵەتێی و پرسیارەکەت ئاڕاستەی کەسێکی تر بکەی، ئەگەر هاتوو بە هەڵە پرسیارەکەت لە کەسێکی تر کرد، توشی شۆک نەبی ئەگەر وەڵامێکی هەڵەت دەست کەوت.

لە هەندێک کات و ساتدا کە نازانی کەسی گونجاو دەست نیشان بکەی.

کەواتا چ کارێک ئەنجام دەدەی لەو کاتەدا..؟ بپرسە و هیچ گریمانەیەک فەرز مەکە بەسەر خۆتدا- هەوڵی بۆ بدە.

ئەگەر پێویستی کرد پەیوندی بە دامەزراوەیەک یان کەسێکەوە بکە . بۆ ئەوەی ڕێنمایەکانیان لێ وەرگری.

بەشێوەیەکی زانستانە پرسیار بکە و بڵێ:

- هاتووم بۆ ئەوەی ئەگەر بتوانن یارمەتیم بدە، چونکە زۆر پێویستیم بە بەرێزتانەوە هەیە بۆ ئەوەی هەندێک زانیاریم پێ بدەن.
- ببورە ئەگەر بێزارت دەکەم، بەڵام دەتوانی یارمەتیم بدەی بۆ ئەوەی کە بزانم کێ بەرپرسی ئەم شوێنەییە بۆ ئەوەی بتوانێم هەندێک زانیاری لێ وەرگرم..؟

## له کاتی گونجاودا پرسیار بکه..

هەر چەندە بە توانا و لێهاتووبی لە پرسیار کردندا، لێرەدا شێواز و ڕێگایەکی ئاسان هەیە بەڵام زۆر گرنگە، دەبێت فێری ببیت – ئەویش دیاری کردنی کاتی گونجاوە. ئەگەر بەنیازبووی پرسیار ئاڕاستەی هەر کەسێک بکەی ، سەرەتا پێویستە لە خودی خۆت بپرسی :

- ئایا باشترین کاتی چ کاتێکە کە پرسیارەکەی ئاڕاستە بکەم...؟

وەڵامەکەی ئاسانە ئەویش دیاری کردنی کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی پرسیارەکەمی ئاڕاستە بکەم ، بەو مەبەستەیکە بتوانم وەڵامەکەم دەستکەوێت کە مەبەستمە. یان بەلایەنی کەمەوە ئامادەیی ئەوەی تێدابێت کە سەرنج بخاتە سەرقسەکانت و گوێ لە داواکارییەکانت بگرێت.

ڕێ بدە با نموونەیەکت بۆ باس بکەم:

ئەگەر بەنیازی کە پرسیار لە بەڕێوەبەری کارەکەت بکەی بە مەبەستی ئەوەی پلەی پیشەییەکەت بەرزبکاتەوە یان مانگانەکەت بۆ زیاد بکات کە ناگونجێن لەگەڵ ئارەزوەکانت - لەم کاتەدا پێویستە زۆر دڵنیابی لەوەی کە ئایا کاتەکە گونجاوە بۆ ئەوەی پرسیارەکەم ئاڕاستەی کەسی بەرامبەر بکەم .تا سەرنجی تەواوی لەسەر داواکارییەکەم هەبێت نەوەک پرسیارەکەم بەفیڕۆبڕوات.

هەر بۆیە زۆر وریابە لەوەی کە لەکاتێکدا بەڕێوەبەرەکەت کێشەیەکی لە کاتی کارکردندا بۆ دروست بووە ، یان فشارێکی دەروونی لەسەرە ،یان چاوەڕوانی پەیوەندیی تەلەفۆنیە ،یان بەنیازە بچیت بۆ شوێنێکی گرنگ ،یان مێوانێکی هەستیاری لەلا دانیشتووە پرسیاری لێ مەکە.

هەر بۆیە ئارام بگرە و بیر بکەوە و بڵێ چ کاتێک  گونجاوە بۆ پرسیار کردنەکە..؟

بەڕاستی مسۆگەر کردنی داواکاریەکەت لە دەستی خۆتدایە ، کارەکە ئاسانە تەنیا بیر لە کات و شێوازی پرسیارەکەت بکەوە. بۆ نموونە بەو شێوەیە پرسیار ئاڕاستەی بەرێوەبەرەکەت بکە و بڵێ:

- ئەزانم چەندە سەرقاڵی لەم کاتەدا،بەڵام پێویستیم بە هەندێک کات هەیە بۆ ئەوەی قسە لە سەر بابەتێکی گرنگی پەیوەست بەخۆمەوە بکەین. چ کاتێک بۆتۆ گونجاوە..؟

هەموو پیاوانی بازرگان و بەرێوەبەرەکان لە هەموو بوارەکاندا حەز دەکەن کاتێکی دیاری کراوییان هەبێت بۆ قسە کردن لە سەر بابەتە گرنگەکان. چونکە زۆربەی کار و بابەتەکان یان زۆر زووە ، یان زۆر درەنگ بەدەستیان دەگات ،هەر بۆیە هەمیشە بیرت لای هەل و کاتە گونجاوەکان بێت.

کوڕەکەم بۆ من و هاوسەرکەم شوێنێکی دەست نیشانکرد بۆ نیو کاتژمێر بۆ ئەوەی وێنەی لێ بگرین. خاوەنی نوسینگەکە نرخێکی گونجاوی دیاری کردبوو بەمەبەستی ئەوەی کەسانی تریش هانبدا بۆ ئەوەی وێنەی لێبگرن. کە ئەوەمان زانی دەستخۆشیمان لێکردوو و هیوای سەرکەوتنمان بۆ خواست بۆ ئەم کارەی کە ئەنجامی داوە. سەرەڕای ئەوەی نرخەکەی دابەزاندبوو چەند وێنەیەکی بەدیاری پێمان بەخشی بەنیازی ئەوەی کە بانگەشەی بۆ بکەین لەناو خەڵکدا. کاتێک من و هاوسەر و کوڕەکەم گەیشتینە بەردەمی شوێنەکە کەسانی زۆری لێبوو هاوسەرکەم کراسێکی رەنگاو رەنگی لەبەردابوو کە کچەکەم بۆی دەست نیشان کردبوو کە پۆشیبووی، چەند خولەکێکمان لەبەردەمی وێنەگرە کەدا گوزەراند پاشان چوینە ژوورەوە پێش ئەوەی هیچ وێنەیەک بگرین. وێنەگرەکە وتی

: ئایا هیچ شتێکی ترتان پێویستە لە پاڵ وێنەگرتنەکەدا..؟ ئایا وێنەیەک بە قەبارەی
(٨x٩) تان بۆ بگرم لە بەرامبەر (٥) دۆلار..؟ یان وێنەیەک بێ چوارچێوە بە قەبارەی (١٠ ٨x) بە نرخی (٢.٥) دولاڕ ، یان وێنەیەکی بازنەیی لەسەر پارچەی قوماشێکی جۆری(کانفا) بە قەبارەی(١٢x١٥)بە نرخی (١٣)دۆلاربگرم بۆتان... بەس تکایە زوو وەڵامم بدەنەوە با کاتم بە فیرۆنەچیت .
ئێستا پێشنیارت چۆنە بۆ دیاری کردنی کاتی گونجاو، لەو بارو دۆخەی ئێمەی تێداینە هەست بە چی دەکەی..؟
بۆ ئەوەی کڕیارەکانت بە باشی خوێندنەوە بۆ کاڵایەکانت بکەن کە بەنیازی بییان فرۆشی، هیچ کات هەوڵ مەدە کە بەو ڕێگایە کاڵاکانت بفرۆشی بەکڕیارەکانت تا تەواو داواکارییان لەسەر نەبێت لە کڕینی. دەبوایە وێنەگرەکە باسی هیچ شتێکی نەکردبا تا وێنەکەی بۆ دەگرتین و پاشان داوای دانیشتنی لێ بکردباینە بۆ ئەوەی  نمایشی شتەکانی تری بۆ کردباین ئەو کاتە سوپاس و ستایشمان دەکرد. بەو هۆیەوە تەنیا ئەو وێنەمان گرت کە کوڕەکەم پارەکەی دابوو. ئەگەر وێنەگرەکە بەو شێوە هەڵەیە هەڵسوکەوتنی نەکردبا ڕەنگە سودی زیاتری لێ وەردەگرتین بەوەی کە دەیویست ، هەر بۆیە زۆر گرنگە پرسیارەکانت لە کاتی گونجاودا ئاڕاستەی کەسی بەرامبەر بکەی ، کاتێک هەست دەکەی ئەو کەسە خەریکی کارێکە یان سەرقاڵە ، یان لە ژێر فشاردایە پرسیاری ئاڕاستە مەکە ، چونکە زۆر جار کە کاتەکە کونجاو نەبوو وەڵامێکی خێرا، یان وەڵامێکی نادیار وەردەگریەوە. ئەگەر هاتوو پرسیارەکەت بەشێوەیێکی باش دارشتبوو و کاتێکی گونجاویشت بۆ گفتوگۆ دیاری کردبوو بە دڵنیایەوە دەرئەنجامی باشت دەست دەکەوێت.

هەڵبەتە، هەڵبژاردنی کاتی گونجاو بۆ ئاڕاستە کردنی پرسیارەکانت لە کارە هەرە گرنگەکانی ژیانتە.

بۆ خودا ئامۆژگارییێکت بکەم . پرسیار ئارەستەی کەسی بەرامبەر مەکە ئەگەر دەزانی کاتەکە گونجاو نییە لەکاتێکدا ئەگەر لەو کەسە گەنجینەیەکت دەست دەکەوێت... یەکێک لە کەسە نزیکەکان کە دەمناسی پەیوەندی پێوە کردم ، لە کاتێدا کە خەریکی نانخوادنی شێوان بووم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم. ئەیویست پرسیارەم لە بابەتێکدا لێ بکات: وتم ببورە لە ئێستادا من خەریکی نانخواردنم. دواتر پەیوەندیت پێوە دەکەم..... دیاربوو پێداگربوو بۆ ئەوەی پرسیارەکەی بکات و وتی: پرسیارەکەم زۆر کاتت لێناگرێ تەنیا لەسەربابەتی(س...) وە قسەت لەگەڵدا دەکەم ، دەمەوێت بزانم چیت کرد لەگەڵیدا، باشە، ئەگەر ئەو کەسە ئارامی گرتبایە بەدڵنیایەوە هەموو وردەکاریەکانم بۆ باس دەکرد. ئەوکاتە من ناچاربووم تەنیا کۆتایی بابەتەکەی بۆ باس بکەم.

وە هەروها لە بابەتی سۆزداری و هاوسەرگیریدا ، هەمیشە ئەوە رێبازی من بووە ئەو کەسانەی دەیانەوێت پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن پێم وتوونە کە ئارامگربن و کاتی گونجاو دیاری بکەن ، کاتێک کە ئارامگربوونە لەسەر دیاری کردنی کاتی گونجاو بە دڵنیایەوە ئەوەیان دەست دەکەوێت کە دەیانەوێت. ئەگەر سووری لەسەر ئەوەی کە دەتەوێت بەدەستی بێنی ، پێویستە کاتی گونجاو دیاری بکەی بۆ پرسیارکردن. ئەگەر دەتەوێت وەڵامێکی ئەرێنی و پڕ بەرهەمت دەستکەوێت ئەوە پێویستە، پرسیارەکەت ژیرانە و لەکات خۆیدا بێت.

نوسەری شانۆ و چیرۆک و شاعیر و زانای ئەڵمانی
(یوهان فۆلفجانج)- (١٧٤٩- ١٨٣٢)

## له كەشێكی لەبار پرسیاربكە....

زۆربەمان ئەو دیمەنەمان لە ناو فلیمەكاندا بەرچاو كەوتووە ، كاتێک دەنگی میوزیكێكی هێمن و دەنگی شەپۆلەكانی دەریا كاتێک دەدەن لە كەنار دەریا و چەهچەهەی هوزارو و تیشكی هەتاو لە نێوان گەڵاكانی دارسنوبەردا دەردەكەون و كوڕێک لەسەر چۆكدا دەوەستێت و ئەلقەی پەیمانی پێشكەش دەكات و بەدەنگێكی لەسەر خۆ پێ دەڵیت هاوسەرگیریم لەگەڵدا دەكەیت..؟ كچەكەش بەچاوێكی پر لە خومارییەوە ،وەڵامی دەداتەوە و بەدەنگی پڕ لە ئاهەنگ پێ دەڵێت (بەڵی) رازیم بەوەی هاوسەرگێریت لەگەڵدا بكەم ، چونكە پرسیارەكەی لە كەش و كاتێكی لەباردا پێشكەش كرد، پاشان دەنگی میوزیكەكە بەرز دەبێتەوە و كۆتایی بە پرۆسەكە دێ.

ئەو دیمەنەی كە من باسم كرد، دەزانم دیمەنێكی زۆر سۆزدارانە بوو. بەڵام وانەیەكی سادە و گرنگبوو وە هەروەها وانەیەكی باشی لێیەوە فێربی. ئەم دیمەنە پێمان دەڵێت كە كەشێكی لەبار دروست بكە بۆ ئاڕاستە كردنی پرسیار بۆ ئەوەی كاریگەری باش لەسەر كەسی بەرامبەر دروست بكەین، لێرەدا شێوازێک فێردەبین بۆ بە دەست هێنانی ئەو وەڵامەی دەمانەوێت ، كە پێشتر پرسیارت تێدا ئاڕاستە كردبوو و بەرنامە سازیت بۆ كردبوو .

لە ڕاستیدا، رەنگە هەموو كات كەشی لەبارت بۆ نەرەخسێت بۆ ئەوەی پرسیارەكانت ئاڕاستە بكەی. بەڵام ئەگەر كەشەكەت لەبار نەبوو ،هەناسەیەكی قوڵ هەڵمژە و پرسیار لە خۆت بكە و بڵێ:

- ئایا هیچ شوێن و كاتی دیاری كراو و كەشی لەبار هەیە بۆ ئەوەی پرسیارەكانم ئاڕاستە بكەم ،

یانیش وەڵام دانەوەکەی کەسی بەرامبەر سەخت و گران دەبێت لە کۆتایدا رازی نابێت..؟

ئەگەر هاتوو دۆخەکە لەبار بوو، بە زووترین کات خۆتی بۆ سازبکەو دەست بکە بە ئەنجامدانی کارەکەت.

ئەگەر هاتوو لە کاتی کارکردنی پیشەیی دابووی ، یان بارزگانی،یان لەگەڵ کڕیارەکان دابووی، یان لەگەڵ مێوانەکانت ، یان هەر کەسێک کە پەیوەندی بە کارەکەتەوە هەبوو. پێویستە سەرەتا بەم شێوازانە پرسیار ئاڕاستەی خۆت بکەی بۆ نموونە بڵێی:

- ئایا دەبێت گفتووگۆ بکەین لەم شوێنەدا، یان لە شوێنێکی تر...؟

- ئایا لە نوسینگەکەم هەندێک گفتوگۆ بکەین ، یان بچین شوێنێکی تر هەم شتێک بخۆینەو و هەمیش قسەکانمان بکەین..؟

- ئایا دەبێت کۆڕەکە هێمن بێت ، یان کەسانی بەشداربووش بۆیان هەیە کە بەشداری تێدا بکەن..؟

- ئایا دەتوانم هاوڕێیەکانم لەگەڵ خۆمدا ببەم، ئەگەر توانیم بیان بەم، باشە ئەم کاتە کام لە هاوڕێیەکانم ببەم ..؟

- ئایا دەبێت لەم کۆڕەدا کەسانی گەورە و مەزن پێشوازیم لێ بکەن..؟

- ئایا پرسیارەکانم ئاڕاستە بکەم لە دوای تەواوبوونی یاریەکە لە هۆڵی یارییەکەدا..؟

- ئایا دەبێت لە ژووری جل گۆڕینی جلی وەرزشی ، یان کە رۆیشتین لە رێگادا پرسیارە کەم بکەم..؟

- ئایا ئەتوانم لەچێشتخانەکەدا لـــــــــەکـــــاتی نانـــــــــخواردندا کورتەیەک لـــــــــــە بابەتەکەم باس بکەم..؟

ناتوانم وەڵامێکی دیاری کراوەت بدەمەوە، چونکە هەموو ئەو نموونانەی باسم کرد ئەشێت ڕووبدەن یان بە پێچەوانەوە ڕوونەدەن، هەر بۆیە باشتر وایە کە پشت بەخۆت ببەستی و رەچاوی شوێن و کەش و باری گونجاو بکە ، یان پرسیار وراوێژ بەو کەسانە بکە کە لە شوێنەکەن ئەوەی گرنگە لێرەدا دەست بەرداری کارەکە نەبێت ، یان چاوەڕێی شتێکی لە ناکاو بکە کە رووبدات.

هەمیشە پرسیار لە خۆت بکە: چۆن باشترین شوێن و کەشی لەبار دیاری دەکەم بۆ ئاڕاستە کردنی پرسیارەکانم...؟

لەکاتی پرسیارکردندا بۆت دەردەکەوێت ئاخۆ کام لەم کەسانە زیرەکە و زانا و تێگەیشتوون یا بەپێچەوانەوە.

ڕۆمان نووسی میسری(نەجیب مەحفوز)-(١٩١١-٢٠٠٦)

## پێویستە کێ پرسیار بکات..؟

ئەگەر هاتوو شتیکت پێویستبوو، مەرج نییە تۆ خۆت داوای بکەی. یەکێک لە شێوازە هەرە گرنگ و ستراتیژی و کاریگەرییەکان ئەوەیە. کە کەسێکیتر لە جیاتی خۆتدا بنێری بۆ پرسیار کردن ، و پێویستە بەباشی بایەخی پێ بدەی . هەربۆیە سەرەتا لە خۆت بپرسە سەبارەت بەکارەکەت و بڵێ:

- ئایا من باشترین کەسم بۆ ئەوەی پرسیار بکەم..؟

یان

- ئایا کەسێکی لە من باشتر هەیە، پرسیار بکات بۆ ئەوەی وەڵامێکی خوازراوم دەستکەوێت..؟

لێرەدا دوو هۆکاری گرنگ لەپشت کارەکەتدا هەیە، بۆ ئەوەی کەسێکی گونجاو یان شایستە هەڵبژێری کە پێویستە بە نوێنەرەیاتی تۆ پرسیار بکات.

یەکەم : رەنگە ئەم کەسە باشتر بێت لەتۆ بۆ ئەوەی کارەکە بە نوێنەرایەتی تۆ ئەنجام بدات، چونکە بە ئاشکرا زۆرجار لەم شێوازانەم بەر چاو کەوتووە لە کاری پیشەیی رۆژانەمدا. هەر بۆیە کاتێک کەسێک هەڵدەبژێری و دەست نیشانی دەکەی بۆ ئەوەی هەستێت بە ئەنجامدانی کارێک لە جیاتی تۆدا ، جا لەبواری کڕین و فرۆشتن بێت ،یان راوێژکردن یان دانوسان یان داواکاری لە بابەتێک...

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی کەسەکان ئەو توانایەیان تێدا هەیە کە پرسیار ئاڕاستە بکەن ، بەڵام لە ڕاستیدا هەندێک کەس هەن کە زۆر بەئاسانی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کارەکان ، وەک جۆگە ئاوی لێژاو لێژ بەخێرایی کارەکان تەواو دەکەن.هەربۆیە ئەگەر ئەم جۆرە

کەسانەت دۆزییەوە کارەکەتی پێ بسپێرە بۆ وەدەست خستنی مەبەستەکەت. بەڵام بەوشەرتەی کە ئامادەبێت لە جیاتی تۆ هەستێت بە کارەکە،ئەو کاتە بۆتۆ سەرکەوتنە ئەگەر پاڵپشتیت بکات، ڕەنگە ئەو کەسەی هەڵیدەبژێری بۆ ئەنجامدانی کارەکەت بە نوینەراتی تۆ پەیوەندیەکی باشی هاوڕییەتی یان پیشەیی، یان خزمایەتی و دۆستایەتی هەبێت لەگەڵ کەسەکەدا. لە ڕاستیدا ئەوکاتە ئەگەری سەرکەوتنەکانت لە داخوازییەکان زیاتر دەبێت.

دووەم :ڕەنگە کارەکە پەیوەندی بە شارەزایی کەسەکەوە نەبێت. بەڵکو پەیوەندی بە (متمانە یان باڵادەستی) ئەو کەسەوە هەبێت کە لە شوێنەکەدایە، هەربۆیە ئەو کەسە کەلە شوینەکەدایە یان دەزگایەکەدایە بایەخی تایبەتی هەیە و نرخ و سەنگی لای هەمووان هەیە ، هەر بۆیە زۆر بەئاسانی پرسیار و داواکارییەکانی وەردەگرن.

ساڵی رابردوو ، یەکێک لە دەزگایەکان راوێژییان پێ کردم کە کۆمپانیایێکیان دەست نیشان کردووە تا کاری بازرگانیان لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەوەی باشترین ڕێگایان پێ نیشان بدەم تا کارەکەیان ئەنجام بدەن، یەکێک لە کارە گرنگەکان کە پێویستە بیری لێبکەنەوە تەنیا جێبەجی کردنی کارەکە نەبوو، بەڵکو کەسێکی شیاوبوو بۆ ئەم کارە . لەگەڵ داوای لێبوردن وتم: هەر هەمووتان سەرنجی تەواوتان لەسەر من بێت ، ئایا کەسێک هەیە لەم دامەزراوە کە لە پێشتردا پەیوندیەکی لەگەڵ کەسێکدا هەبێت کە لەم کۆمپانیایە کاربکات..؟ یەکێک لە کارمەندە پێشکەوتووەکان وتی : (بەڵێ) هەیە ،لە کاتی خۆیدا من و بەڕیوەبەری دارایی ئەم کۆمپانیایە هاوڕێی قوتابخانەی یەکتربووین ، وەهەروەها حەفتەی

پێشو لە یەکێک لە یانەکان چاومان بەیەکتر کەوت کە خەریکی یاری(تینس)ی سەر زەوی بوو.
سەرەڕایی ئەوەی کارمەندەکە هەستی بە شلۆقی کرد کە دەبێت ئەم ئەرکە گرانە هەڵبگرێ..! بێ گومان ئەم کارمەندە سەنگ و قورسایی تایبەتی خۆی هەیە لە هەر کەسێکیترلەم دامەزراوەدا ،چونکە ئەو کارمەندە پەیوەندی بەکەسێکەوە دەکات کە زۆرباش یەکتر دەناسن، بەدڵنیاییەوە ئەم کەسەی داواکاری پێشکەش دەکەی کە ئاشناتە، زۆر جیاوازە لەگەڵ کەسێکی تر کە بەهیچ شێوەیەک ئاشناییت لەگەڵدا نییە. هەربۆیە پێشنیاری ئەوەم کرد کە ئەم کارمەندە پێشکەوتووە پەیوەندی پێوە بکات . تا گفتوگۆ لەسەر کارەکە بکەن،چونکە ئەستەمە داواکاری هاوڕێیەکی چەندین ساڵەی قوتابخانە و کە ئیستاش بەیەکەوە یاری (تینس)ی سەر زەوی دەکەن وەرنەگرێت..!
لەدوایی ئەوەی باوەرم بە کارمەندەکە هێنا کە بەم کارە هەڵبستێت. پاشان هانمدا کە بچێتە لای بەڕێوەبەری دارایی کۆمپانیایەکە و باسی وردە کاری کارەکەی بۆ بکات. دواتر ئەو کارمەندە چوو بۆلای ئەم هاوڕێیە کۆنە باسی کارەکانی بۆ کردبوو ئەوەیش بەڵێنی هاوکاری کردنی پێدابوو، چونکە ئەو کەسەی داواکارییەکەی پێشکەشی بە بەڕێوەبەرەکە کرد کە هاوڕی کۆن بووە و سەنگ و نرخی زۆری هەبووە لەلای بەڕێوەبەری دارایی ئەم کۆمپانیایە.
لە دوایی مانگێک لە دانیشتن و گفتوگۆ لەنێوانیاندا. ڕێکەوتن و چەندین سود و قازانجیان لێوە بینی.
لە ڕاستیدا هەندێک ڕێگای زۆر گرنگ هەیە بۆ ئەوەی بگەی بەکەسی گونجاو :

یەکێک لە هاوڕێیەکانی کوڕەکەم بەنیازبوو لە من نزیک بێتەوە، چونکە دەیزانی من پەیوەندییێکی باشم هەیە لەگەڵ کەسانی ڕاگەیاندنکار. هەربۆیە داوای لێ کردم کە بە یەکێک لە هاوڕێیەکانم بڵێم کە لە یەکێک لە دامەزراوە ڕاگەیندنەکان کاری دەکرد، تا بۆ ماوەی یەک حەفتە کاریان لەگەڵدا بکات.هەر بۆیە من بەکارەکە هەستام و هەر زوو هاوڕێیەکەم ڕازی کرد کە کاری لەگەڵدا بکات.

بۆیە ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە نابێت پەلە بکەی لە ئاڕاستە کردنی پرسیار و داواکارییەکەت، پێویستە لەسەرت لە خۆت بپرسی و بڵێی: ئایا پێویستە کێ پرسیار بکات..؟

بۆچوونی کەسانی تر وەربگەرە ئەگەر لە ناو بابەتەکە دابوون ..

ئایا لە پێشتردا پرسیارت لە هیچ کەس کردووە، کە راستەوخۆ وەڵامی نەدابیتەوە..؟ رۆژێکیان داوای ئامۆژگاریم لە کەسێکی لێ زان و شارەزا کرد، لەم نزیکانە .تا یارمەتیم بدات لە کێشەی تەندروستیم..؟

بۆ ئەوەی بچم چارەسەری ئازاری نەخۆشیەکەمی تێدا بکەم.

ئەوەیش (سێ )شوێنی بۆ دیاری کردم تا بچم چارەسەری سرۆشتی تێدا بکەم.

پێ وتم : کام شوێن بۆ تۆ باشتر و گونجاوە لەم سێ شوێنە دەتوانی چارەسەری لێ وەربگری، چونکە هەموویان دەتوانن یارمەتیت بدەن.

لێرەدا شێوازێکت پێدەڵێم کە چۆن پرسیار بکەی ،بۆ ئەوەی وەڵامێکی تەواوت بدەنەوە.

لە پیشتردا ئەم شێوازەم زۆرتاقی کردۆتەوە و دەسکەوتی باشم لێوە بەدەست هێناوە. بۆ نموونە

لە کەسی بەرامبەر بپرسە ئەگەر تۆ لە شوێنی من بیت کامیان هەڵدەبژێری..؟

ئەم جارە شێوازی پرسیارەکەم گۆڕی ، لەبەر شێوازی وەلام دانەوەکەی کە وتی : کام شوێن بۆتۆ باش و گونجاوە ئەتوانی چارەسەری لێ بکەی..!

منیش وتم:باشە، با پرسیارییێکی ترت لێ بکەم: باشە چیت دەکرد ئەگەر خۆت ی یان کەسێکی ناو خێزانەکەت نەخۆش بێت، کام شوێن هەڵدەبژێری لەم سێ شوێنە..؟

بێ دوودڵی وەڵامی دامەوە و وتی: بەدڵنیایەوە دەچمە شوێنی (.م.) بۆ وەرگرتنی چارەسەری سروشتی.
دواتر ناوی کەسەکە و ناونیشانی شوێنەکەشی بەدیاری کراووی پێدام، وە هەروەها وتی : خزمەتێکی باشیشت دەکەن..!
ئەم شێوازە زۆر سادە و ئاسانە و زۆریش کاریگەرە بۆ ئەوەی لێت تێ بگات.

## هەڵویستی نەرێنیت بگۆڕە بۆ ئەرێنی.

ئایا لەپیشتردا هیچ داواکاریت پێشکەش کردووە وەڵامی (نەخێر)ت وەرگرتبێتەوە و پێیان وتبی نە ئێمە و نە تۆش ناتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەی..؟ چونکە لە بواری پیشەیی و کاردا ، رەنگە زۆرجار ڕووبەڕووی ئەم شێوازانە ببیەوە.بۆ نموونە : ناتوانیین ئێستا کارەکەت بۆ ئەنجام بدەین چونکە لەم کاتەدا خەریکی داخستنین، یان ئەمە کەمترین نرخە، و ناتوانین لەم نرخە کەمترت پێ بدەین، یان سیستەمی کۆمپیوتەرە و ناتوانین گۆڕانکاری تێدا بکەین ، یان زۆر جار لە چێشخانەکاندا ڕووبەڕووی ئەم جۆرە هەڵسوو کەوتانە دەبییەوە، بۆ نموونە پێدەڵیت : (نەخێر) شوێنمان نەماوە بۆ دانیشتن ، چونکە هەموو مێزەکان گیراوە لەم کاتەدا، یان (نەخێر) ناتوانی لێرە کۆبوونەوەکەت بکەی چونکە ژاوەژاوە. رەنگە زۆرجار توشی وەڵامێکی نەرێنی ببی ، یان جۆری وەڵامدانەوەکەیان نەرێنی بێتز، یان هەر زوو کەسەکە پێت بڵێت (نەخێر) هەر بۆیە کە گوێت لە وشەی(نەخێر) بوو ، یان ناتوانم بوو...هەوڵبدە شێوازی بگۆری بۆ ئەرێنی .

وەک :

- ئەگەر لە تواناتدا هەیە........
- چۆن دەتوانی یارمەتیم بدەی تا........
- دەتوانم داوای......بکەم...؟

لێرەدا سێ نموونەم بۆ باس کردی، کە دەتوانی لە کاتی خۆیدا بەکاری بێنی. ئەم نموونانە راستین و بەدڵنیایەوە تییدا سەرکەوتوو دەبی.

لە کۆتایدا یەک ئامۆژگاریت دەکەم ، ئەویش لە کاتی داواکاریدا ئارام و ژیرانە بیربکەوە کە چۆن شێوازی نەرێنی بگۆڕی بۆ ئەرێنی...پیاوانی ئاگر کۆژێنەوە کاتێک ڕووبەڕووی ئاگر دەبنەوە ، بە ئاگر ڕووبەڕووی ئاگر نابنەوە، بەڵکو بە ئاو ڕووبەڕووی ئاگر دەبنەوە.

## ئەگەر دەتوانی شێوازێکی تر بەکار بێنە....

چێشتخانەیەک هەبوو کە هەموو رۆژانی یەکشەممە نانمان لێی دەخوارد. منیش پەیوەندیم پێوە کردن بە مەبەستی ئەوەی مێزێکی نانخواردنمان بۆ بگرن، بۆ رۆژی یەکشەممە. بەڵام پێیان وتم: (ببورە) چێشتخانەکەمان ژمارەی مێوانەکانی تەواوە و زۆریش سەرقاڵین بەکارەکانمانەوە و هیچ شوێنک نەماوە بۆ رۆژی یەکشەممە. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە وەڵامدانەوەییە بۆمن زۆرناخۆشبوو ، لە ناخەوە هەستم بەبێتاقەتی کرد. ئەم جارە یەکێک لە بنچینە گرنگەکانی شێوازی قسەکانم بەکار هێنا.ئەویش دووبارە پەیوەندیم پێوە کردن، ئەم جارەیان قسەم لەگەڵ کارمەندێکی تر کرد، هەمان داواکاری پێشوم دووبارەکردەوە دیسان هەمان وەڵامم وەرگرتەوە..! وتی: ببورە هەموو مێزەکان گیراوە و زۆر سەرقاڵین و ناتوانین هیچ شوێنێکت بۆ بگرین. لەمیشکی خۆمدا بیرم دەکردەوە کە دەبێت چی بکەم.

ئەم جارەیان شێوازەکەم گۆڕی بۆ شێوازییێکی تر، وتم: بە داوایی لێبوردوونەوە دەزانم کە سەرقاڵن و شوێنتان نەماوە بۆ رۆژی یەکشەممە ، بەڵام سوپاست دەکەم ئەگەر بتوانی شوێنێکمان بۆ بگری بۆ ئەوەی نیوەڕۆی یەکشەممە نانی لێ بخۆین ، بشبوورە کە کاتت دەگرم، چ کاتێک بۆ ئیوە گونجاو بێت کێشەم نیە..؟

وەڵامی دامەوە و وتی: باشە، کاتژمێر (١:٣٠)ی نیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە دەتوانم شوینێکتان بۆ دیاری بکەم.

پێم وت: ئەمە کارێکی باشە، زۆر سوپاست دەکەم، بۆ پاراستنی شوێنێک لەم کاتەدا، رۆژی یەکشەممە چاومان بەیەکتر دەکەوێت.

کارەکە بە سەرکەوتووی کۆتایی پێهات.بەڵام هۆی چی بوو بەم شێوازە قسەکردنە سەرکەوتووبووم..؟
لە ڕاستیدا کاریکی زۆر ئاسان بوو ، تەنیا وامکرد کە کارمەندەکە سەرنج بخاتە سەر قسەکانم و بەبایەخەوە گوێم بۆ بگرێ، لەبڕی سەرنج بخاتە سەر لایەنی قەڵەبالغی چیشتخانەکە بەوەی هەموو مێزەکان گیراون، وامکرد کە سەرنجی کارمەندەکە بکەوێتە سەر لایەنی ئەرێنی هەوڵ بدات بۆ ئەوەی توانا و بیری بکەویتە سەر دۆزینەوەی کاتێکی گونجاو بۆ رۆژی یەکشەممە بۆ نانخواردن.
ئایا ئەم شێوازە بۆ هەموو شوێنێک گونجاوە..؟ بەدڵنیایەوە (نەخێر) بەڵام بۆ هەندێک کات زۆر باشە هەوڵبدە تاقی بکەیەوە.

## چۆن بتوانین کارەکان ئەنجام بدەین..؟

هاوسەرەکەم کاری دەرهێنانی هونەری لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندانی ناوخۆ دەکرد . کە کارییان دەرهێنانی دراما و شانۆگەری بوو. لە کۆتایی کۆبوونەوە و گفتوگۆییەکانیان کە لە ماڵی ئێمە سازیان کردبوو, باسیان لە ژمارەی گازینوی شەوانە دەکرد بۆ ئەوەی تیمەکەی نمایشی شانۆگەری تێدا ئەنجام بدەن. کە بەباشترین کارەکانی خۆیان دەزانی. هەندێکیان هاوڕابوون لەگەڵ یەکتردا هەندێکیشیان پێچەوانەی بیر و رای ئەوانی تربوون. هاوسەرەکەم پێ باشبوو کە ماوەی پێشکەش کردنی شانۆگەرییەکە بۆ ماوەی چوار رۆژ بێت. بەڵام ئەوانی تر دەیانوت، ناتوانین چوار رۆژ نمایشی شانۆگەرییەکە بکەین....!باش هێنان وبردن و گفتوگۆی زۆر، لە کۆتایدا هاوسەرەکەم شکەستی هێناو زۆرینە بڕیاریاندا کە تەنیا سێ رۆژ نمایشەکەیان ئەنجام بدەن. ئەم بڕیارە هاوسەرەکەمی زۆر توڕە کرد .لە ناکاو هاتە لام کە لە نانداندینی (مەتبەخ) ماڵەوە بووم، بۆ ئەوەی گلەیی دڵی خۆییم لەلام باسبکات کە چی ڕوویداوە.

هاوسەرەکەم بەتوڕەیی و دەنگی بەرزەوە تەواوی دەرئەنجامی کۆبوونەوەکەی بۆ گێرامەوە. لە ڕاستیدا منیش دەمویست هاوسەرەکەم لەم ناخۆشییەی کە تێیدایە دەری بێنم.هەربۆیە منیش داوام لە هاوسەرەکەم کرد کە شیوازەکەی بگۆڕی بۆ شێوازی راوێژکردن ئەویش: (چۆن دەتوانین کە کارەکەمان ئەنجام بدەین...؟)..ئەوەی لە مێشکی مندا دەخولایەوە هەمووم بەهاوسەرەکەم گۆت. دواتر گەڕاوە ناو کۆبوونەوەکە و وتی: سەبارەت بەنمایش کردنی شانۆگەریەکان لە گازینوی شەوان

بەڕاستی من بە دڵم نییە بەم شێوەیە نمایشی بکەین. لێرەدا من پیشنیارێکم هەیە ئەویش ئەوەیە: کە ئایا چۆن بتوانین کە چوار رۆژ نمایشەکانمان پێشکەش بکەین..؟ وچۆن دەتوانین سەرکەوین بەسەر ئەم کێشانەی دێنە سەر رێگامان کەلە پێشتر باستان لێوە کرد..؟

هەر خێرا ، یەکێک لەو ئەندامانەی کە پێشتر بەرهەڵستی دەکرد وتی : باشە، دەتوانین بەم شێوەیە...... کارەکەمان ئەنجام بدەین. لێرەدا چارەسەرێکیان بۆ کێشەکە دۆزییەوە، ئێستا نمایشەکە بۆ چوار رۆژ ئەنجام دەدرێت، کە هاوسەرەکەم ویستی لەسەر بوو.

هاوسەرەکەم سەرکەوت بە بەکار هێنانی ئەم شێوازە لە پرسیار کردنەکەدا. چونکە پرسیاری (چۆن بتوانین ، یان چۆن دەتوانی...؟ شێوازی بیرکردنەوەکانیانی گۆڕی ، بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە و هانیدان کە چۆن رێگایەک بدۆزنەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکە، نەوەک تەنیا بەرهەڵستی بکەن.چونکە سەرکەوتنەکان چێژی تایبەتی خۆیان هەیە.

لێرەدا دەمەوێت تیشک بخەمە سەر چەند پەرچە کردارێکی نەرێنی کە لە سەرەتای ئەم بەشە باسمان کرد.

بابزانین چۆن دەتوانین چ جۆرە شێوازێک بەکار بهێنین بۆ بەدەست هێنانی داواکارییەکانمان ، بۆ نموونەبڵێین:

- ئەگەر بتوانی کارەکەمان بۆ رێک بێخەی ، بۆ ئەوەی لە کاتێکی باش و گونجاو  داواکارییەکانمان جێ بەجی ببێت، ئیستا چ کاتێک دەتوانی کارەکەمان بۆ بکەی..؟

یان...

- چۆن دەتوانی چاوێک بە خشتەی نرخەکاندا بخشێنیەوە، بۆ ئەوەی بتوانی یارمەتیمان بدەی..؟

لەبەر ئەوەی ئەو نرخە زۆرە ، یان رەنگە بڵێت ، ناتوانم لەم نرخە کەمتر بفرۆشین.

ئەم جارە شێوازەکەی بگۆرە و بڵێ:

- ئەگەر دەتوانی نرخەکەمان بۆ کەمبکەیتەوە بۆ کەمترین نرخ تا بزانین چەندەمان خاتر دەگری بۆ ئەوەی لەبەرامبەری ماندووبوونی تۆدا پێت چونە بانگێشەی شوێنەکەت بۆ بکەین..؟

ئەم جارە رەنگە بڵێت : ناتوانم چونکە سیستەمی کۆمپیوتەرە و ناتوانم نرخەکەت بۆ دابشکێنم.

بۆ وەڵامی لەم شێوەیە بڵێی:

- باشە چۆن دەتوانی کارێک بکەی کە لە دەرەوەی ئەم سیستەمە بێت ..؟ ئەگەر لەسەر کاغەزیش بێت کێشە نییە.

من هەمیشە ئەم شێوازانە بەکار دێنم بۆ ئەوەی سەرکەوم، بەڵام پێویستە ئەم شێوازانە خۆت تاقی بکەیتەوە تا دەرئەنجامەکان ببینی.

## چۆن بتوانم چارەسەری بکەم..؟

هەندێکجار بیرۆکەیەکی زۆر گرنگ دێتە مێشکت، بەڵام ئەم بیرۆکەیەی کە دێتە مێشکت وەڵامەکەی(نازانم)ە . ئەو کاتە هەست بەبێزاری و بێ تاقەتی دەکەی. کاتێک خۆت لە بارووددۆخێکی چەقیو دەدۆزییەوە کە نازانی چۆن کارەکە ئەنجام بدەی. هەربۆیە لە جیاتی ئەوەی خۆت بەدەستەوە بدەی و بکەویتە سەر ئەژنۆ لەم قۆناغەدا، هەوڵبدە پرسیارەکە بە شێوازێکی تر بکەی. وەک :

- هاتۆم تا بپرسم ئاخۆ دەتوانی یارمەتیم بدەی لە پێدانی زانیاری لە سەر.........؟

کاتی خۆی ناسیارێکی نزیکم  لە نەخۆشخانەیەک خەوتبوو بە هۆکاری نەخۆشییەکەی. ئێمە لەتەنیشت نەخۆشەکە دانیشتبووین لە چاوەڕوانی پزیشکەکە بۆ ئەوەی بزانین کە جۆری نەخۆشییەکەی چیە و چ چارەسەرێکی بۆ دەکات.لە کۆتایدا پزیشکەکە هاتوو وتی: ئەم کارە پێویستی بە پزیشکی تایبەت هەیە ئەو دەبێت بڕیار بدات کە چارەسەرەکەی بە دەرزی و دەرمانە ، یان دەبێت نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدەین.

پێمان وت: ئایا پزیشکی تایبەت ئەمڕۆ دێت بۆ بینینی نەخۆشەکان..؟

وتی بەڵی بەدڵنیایەوە....

منیش لێم پرسی و وتم: ئایا نازانی رێک لە چ کاتێکدا دێت بۆ لامان..؟

وەڵامی دامەوە و وتی: نازانم چ کاتێک دێت، بەڵام دەزانم ئەمڕۆ لەکاتێکدا هەر دێت.

دوای ئەوەی بۆ ماوەی یەک کاتژمێری تر لە دانیشتن و چاوەڕوانی و کات بەسەر بردن بە سەیرکردنی دیمەنی شار لە پشتی پەنجەرەوە. ئەمجارەیان چووم بۆ لای پەرستاری قاوشی نەخۆشخانەو لێم پرسی :

- ئایا دەزانی چ کاتێک پزیشکی تایبەتی نوژداری(جراحی) دێت..؟

لە وەڵامدا وتی: ببورە نازانم لە چ کاتێک دێت ، بەڵام دەزانم کە هەردەبێت بێت.

لەڕاستیدا کارێکی نەشیاوە بۆمن ، چونکە من خۆم ڕێنمایی کەسەکان دەکەم لە چۆنییەتی پرسیارکردن و لە هەمان کاتدا نازناوی من (مامۆستای پرسیار)کردنە، کەچی خۆم ناتوانم وەڵامی کارێکی ئاسان وەربگرمەوە..! هەبۆیە بیرم کردەوە کە ڕێگایەکی تر بەکار بێنم (چۆن دەتوانم وەڵامێکیتر بەدەست بێنم..؟ ) هەر بۆیە دووبارە چومەوە لای پەرستارەکە ، بەڵام ئەمجارەیان بە ڕووێکی خۆش و دەم بەخەندە پێم وت: ببەخشە کە دەبمە مایەی بیزارکردنت. دەزانم کە پێش ئیستا پێت راگەیاندم کە نازانی چ کاتێک پزیشکی تایبەتی نوژداری دێت. بەڵام چۆن بتوانین خشتەی سەردانکردنی ئەمڕۆی پزیشکی تایبەتی نوژداری ببینم..؟ سەیری شێوازی پرسیارەکەم بکە ،کە چۆنم داڕیشتبووە تەنیا ئامانجم داوای لێبوردن و بەخشین نەبوو. بەڵکو وامکرد کە کەسەکە لایەنی (ویژدان)یشی تێدا بجولێت.ئەویش بەوتنی (چۆن بتوانین.....؟) وەک بڵێ ئەویش بەژداربێت لە بابەتەکە، بەوەی کە شێوازی پرسیارەکەم گۆڕی بۆ ئەوەی (چۆن بتوانین بەدەستی بێنین..؟)

پەرستارەکە وتی: باشە ، دەتوانم پەیوەندی بە یاریدەدەری پزیشکەکە بکەم ، دڵنیام کە ئەو خشتەی کارەکانی پزیشکی یایبەتی نوژداری دەزانێت.

هەر لە دوای پێنج خولەک، پەرستارەکە هاتە لامان و وتی: قسەم لەگەڵ یاریدەدەری پزیشکی تایبەتم کرد. پێ ڕاگەیاندم کە پزیشکی تایبەتی نوژداری کە تازە کۆتا چاوپێکەوتنی بە نەخۆشەکان تەواوبووە. بۆ کاتژمێر (٤:٠٠)یان(٤:١٥)خولەکی ئێوارە دیتە لای ئێوە.

کارەکە بەسەرکەوتووی کۆتایی پێ هات..!

من دەپرسم، کە چۆن دەتوانین زانیاری لەسەرهەر بابەتێک ....وەربگرین..؟ ئەمە کاریگەرترین ڕێگایە بۆ بەدەست هێنانی ئەوەی دەتەوێت لە پرسیارکردندا بەدەستی بهێنی.

دەتوانی لە کاتی پرسیارکردندا کاریگەری بخەیتە سەر ناخ و ویژدانی کەسەکان ، بۆ ئەوەی زۆرترین وەڵامت دەستکەوێت.

(نوسەر و فەیلەسوفی فەرەنسی (فرانسوا ماریە ئۆڕیە)سەردەمی ڕووناکبیری(١٦٩٤- ١٧٧٨)

## وەڵامی پرسیار بەپرسیار بدەوە.

کاتێک پرسیار دەکەی زاڵ دەبی و دەست بەسەر گفتوگۆیەکە دا دەگری. ئەم رێگایە کلیلی سەرەکییە بۆ سەرکەوتن. لە رێگای زاڵبوون بەسەر گفتوگۆدا،هەربۆیە پێویستە پرسیارەکانت لەئاستێکدا بێت، کە کاریگەری بخاتە سەر کەسی بەرامبەر بۆ ئەوەی ئەم وەڵامەی دەتەوێت دەستت کەوێت.

کاتێک پرسیارەکەت بەم شێوەیەبوو کەسی بەرامبەرناچار دەبێت کە سەرنج بخاتە سەر پرسیارەکەت. ئەم کارانەی کە بەرنامە رێژیت بۆ کردووە، شانسی سەرکەوتنیان زیاترە لە کارێکی هەرەمەکی. من هەمیشە هەوڵ دەدەم کە پرسیارەکان زانستی و فەلسەفیانە بێت. بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر بیربکاتەوە تا بەدوای وەڵامی پرسیارەکەمدا بگەڕێ. بیر لە کارەکە بکەوە، چۆنکە زۆر سەختە کاتێک کەسێک پرسیارێکی ڕاستەوخۆت ئاڕاستە دەکات. تێگەیشتن و ئەنجامدانی ئەم کارە، بەواتای ئەوە دێ تۆ نەخشەی هەنگاوەکانت بەتەواوی داریشتوە .بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانەی بدەیەوە کە ئاڕاستت دەکرین. باشترین نموونەش بۆ ئەم شێوازە ئەوەیە کە وەڵامی پرسیارکە، بەهەمان شێوە پرسیار وەڵام بدەیەوە. گریمان تۆ بەنیازی هەندێک لە کاڵایەکانت بفرۆشی . پرسیارێکت لەلایەن کریارێکەوە ئاڕاستە دەکرێ. بۆ نموونە :

- ئایا ئەو توانایەت هەیە کە بتوانی ژمارەیەکی زۆر لە کاڵاکانت بفرۆشی لە کاتێکی کەمدا..؟

سەیرکە رەنگە ئەم کارە رووبدا کە پرسیارێکی لەم جۆرەت ئاڕاستە بکرێ، رەنگە بۆ (ئەو )ئەم جۆرە پرسیارە وەک گفتوگۆیەکی ئاسان بێت ، بەڵام رەنگە تۆ نەتوانی بە وردی وەڵامەکەی بدەیەوە. هەر

بۆیە ئەوەی گرنگە هەوڵ بدەی زاڵبی بەسەر پرسیارەکە جارێکی تر. ئەم کارەش ئاسانە ئەنجامدانیی ، ئەویش وەڵامدانەوەی پرسیارەکەیە بە هەمان پرسیار. وەک:

- باشە ڕێگەم بدە کە بپرسم ئاخۆ مەبەستت چیە لە فرۆشتنی ژمارەیەکی زۆر لە کاڵاکانم لە کاتێکی کەمدا..؟

ئەم جۆرە پرسیارکردنە زۆرگرنگە کاتێک بەم شێوازە پرسیارت ئاڕاستە دەکرێ. هەر بۆیە بەم هەنگاوە زاڵدەبی بەسەر گفتوگۆیەکەدا، ئەگەر زانیاری زۆرت هەبوو دەتوانی بەئاسانی وەلامی پرسیارەکان بدەیەوە.

لەڕاستیدا من خۆم ڕووبەڕووی ئەم جۆرە پرسیارکردنە بوومە کە خەریکی نوسینەوەی ئەم کتێبەبووم.

جارێکیان هاوڕێیەکەم پرسی: کەی دەتوانی ئەم کتێیە تەواو بکەی..؟

منیش بەپرسیار وەڵامم دایەوە و وتم: باشە، چ کاتیک ئەم کتێبەت دەوێت..؟

هەمووومان دەستمان کرد بە پێکەنین ، بەوەی کە زانیم چۆن وەڵامی بدەمەوە.

بەشێوەیەکی وا پرسیاربکە کە کەسی بەرامبەرت وەربگریت.

کاتێک پرسیار ئاڕاستەی کەسێک دەکەی، چ شتێک پێویستە بکەی بۆ ئەوەی دەتەوێت دەستت کەوێت..؟ بە دیارکراوەیی، دەبێت ئەم پرسیارەی ئاراستەی کەسی بەرامبەر دەکەی ژیرانەبێت تا کەسی بەرامبەر وەری بگرێت بۆئەوەی گوێت لێ راگرن و بزانن چی دەڵێی . چونکە تا کەسی بەرامبەر باری دەرونی باشتربێت ، شانسی ئەوەت زیاتر دەبێت کە دەتەوێت. چونکە مێشکی مرۆڤ زۆر سەیرە، هەر کەسێک لە ئێمە ،بە شێوەیەک بیر دەکاتەوە و وەردەگرێ.هەربۆیە پێویستە پێش ئەوەی پرسیار بکەی. دەبێت بیر لە چۆنیەتی پرسیار کردن و بەکارهێنانی وشەکان بکەیتەوە، ئەگەرنا وەڵامێکی بەسود وەرناگرییەوە.چونکە بەکارهێنانی وشە و شێوازی جوان دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی بەرامبەر بەخۆشەویستییەوە وەڵامەکەت بداتەوە.

ئامانجم لە پێشکەش کردنی ئەم زانیارییانە ئەوەیە کە هەندێک نموونەی هێورکەرەوەت بۆ باس بکەم، کە یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست بدەی بەو کەسانەی کاریان لەگەڵدا دەکەیت، یان کارێکت پێیان دەبێت. ئەو کاتە بەئاسانی دەتوانی پرسیاریان ئاڕاستە بکەی.هەر یەک لەم هێورکەرەوانە یارمەتیت دەدات بۆ بەدەست هێنانی ئەوەی دەتەوێت. بەڵام سەیربکە دەبێت بۆ هەر شوێنێک و کارێک شێوازێکی هێوکەرەوەی تایبەت بەکار بێنی. نابێت هەمووی لە یەک کاتدا بەکاربێنی ، بۆهەر کارێک شیوازی تایبەتی خۆی هەیە. چونکە ئەم کتێبە وەک جانتای قوتابخانە وایە ،هەر وەک چۆن بۆ هەر بابەتێک کتێبی تایبەتی خۆی هەیە ئەمەش بەهەمان شێوە وایە. لەکاتی گونجاو بەکارییان

بێنه. ئەم دەستەواژانە وادەکەن کەسی بەرامبەرت هەست بە ئارامی بکات. لێرەدا چەند هێورکەرەوەیەکت پێشکەش دەکەم بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە دەرکەوێت لە کاتی پرسیار کردندا بۆ نموونە:

- داوای یارمەتی بکە...
- سەرەتا داوای لێبوردن بکە...
- پێش ئەوەی پرسیار بکەی بڵێی ئەزانم کە کارت هەیە...بەڵام...
- سەرەتا مۆڵەت وەربگرە بڵێ ئەتوانی هاوکاریم بکەی لە.......

با سەیرێکی ئەوانەی خوارەوەش بکەین کە هەر یەکێک لەوانە کاریگەری خۆی هەیە بۆ پرسیار کردن:

داوای یارمەتی بکە.......

گریمان تۆ بەڕێوەبەری شوێنێکی و کەسێک بەم شێوەیە پرسیارت ئاڕاستە دەکات..!

- ببورە پرسیارێکم هەیە ئەگەر بتوانی یارمەتیم بدەی یان نا.
- ئایا دەتوانم داوای هاوکاریت لی بکەم بۆ ئەوەی کارێکم بۆ ئەنجام بدەی..؟
- ئایا دەتوانی یارمەتیم بدەی لە .........؟

ئاخۆ، دەبێت وەڵامدانەوەک چۆن بێت بەو خێرایە...؟ پێتوانیە لەم کاتەدا کە ناچاری لە هەموو بارودۆخێکدا وەڵامی تەوایان بدەیەوە، بێ ئەوەی تێڕامان و بیرکردنەوەی بۆ بکەی..؟

بەدڵنیایەوە ئەوەی لە تواناتدا هەبێت بۆیان ئەنجام دەدەی..!

ئەوکاتە دەڵێی:

- پێویستە من چ کاریکت بۆ بکەم..؟
- هەوڵی خۆم دەدەم...

لە کاتی ئاڕاستە کردنی پرسیار بەم شێوازە ،کەسی بەرامبەر ناچار دەکەی کە گرنگیت پی بدات و هاوکار و خەمت دەبێت . ئەوکاتە بەخەم خۆرییەوە بە زووترین کات کارەکانت بۆ ئەنجام دەدات.
هەست ناکەی کاتێک پرسیارێکی لەم شێوەیە ئاراستەی کەسێک دەکەی لە کۆتایدا ، وەڵامێکی ئەرێنی وەردەگرییەوە لەوەی دەتەوێت..؟
هەر بۆیە ئەگەر ئەوەی دەتەوێت بەدەستی بێنی ، دەبێت سەرەتا داواکارییەکەت بە هاوکاری و یامەتیدان دەست پێ بکات.
سەرەتا داوای لێبوردن بکە....
هەموو ئەم شێوازانەی لە پێشتر باسمان لێوە کرد، بۆمان روون دەکاتەوە کە چۆن لە کاتی گونجاندا پرسیارەکانمان ئاڕەستە بکەین، کە وادەکەن کەسی بەرامبەرمان هاوکاریمان بکات، بگرە هاوسۆزیش دەبێت لەگەڵماندا. وە یەکێک لە رێگایە باشەکان بۆ پرسیارکردن ئەوەیە سەرەتای ئاڕاستەکردنی هەر پرسیارێک بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان دەبێت داوای لێبوردن بکەی. بیرت بێت ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لیرەدا ئەوەیە کە هەستی کەسی بەرامبەر بجولێنین، کە دەبێتە هۆی بەرهەمی باش و دروستکردنی پەیوەندی هاوڕییەتی لەگەڵ کەسەکاندا.
بۆنموونە ئەگەر کەسێک وتی:
- ببورە هەر چەندە بێزارت دەکەم ، بەڵام دەتوانم پرسیارێکت لێ بکەم..؟
- زۆر داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر نارەحەتیشت دەکەم ، بەڵام پێویستیم بە یارمەتی تۆیە بۆیە دەتوانی هاوکاریم بکەی..؟
پێتوایە کاردانەوەیان دەبێت چۆن بیت..؟! من پێم وایە رێگایەکم بۆ دەدۆزێتەوە تا کارەکەم بۆ ئەنجام بدات، ئەگەر بزانی کەسەکە

فڵبازیش بێت کاتێک بەم شێوەیە داوای هاوکاری لێ دەکات، بە دڵنیایەوە یارمەتی دەدەی.

پێ دەڵێی هیچ کێشە نیە بفەرموو...یان پێدەڵێی باشە، دەتەوێت لەبارەی چیەوە بپرسی..؟

لە ڕاستیدا ،نابێت تەنیا پشت ببەستی بە پرسیارکردن . لەوانەیە پرسیارکردن هیچ ئەنجامێکی باشت بۆ بە دەست نەهێنیت ، دەبێت ئەو کەسەی پرسیاری ئاڕاستە دەکەی کەسێک بێت کە ئامادەی هاوکار و یارمەتیدانی هەبێت بۆ ئەوەی پرسیاری ئاڕاستە بکەی، چونکە کەسانێک هەن بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکان هاوکاری و یارمەتی کەسەکان ناکەن، ئەگەر پەرژەوەندی و سودی بۆ ئەوان تێدا نەبێت.

- پرسیارەکە دووبارە دارێژەوە بە زیادکردنی وشەی ئەزانم..
بزانە لە پێشتر گوتومە نابێت دەستەواژە و وشەی ئاڵۆز بەکاربهێنن، بەڵام دووبارە دارشتنەوەی دەستەواژەکان، بە شێوەیەکی تر ، لای من زۆر گرنگە دارشتنەوەی دەستە واژەکان، بۆیە دەمەوێت ئێوەش بەباشی وەری بگرن و فێری بن. بەڵام ئەوەی گرنگە دەبێت لە رووی کرداریشەوە بەکاری بهێنن، پێموایە سەرەتای هەموو پرسیارکردنێک ئەوەیە کە بزانی و فێربی کە چۆن پرسیار دووبارە دادەڕێژییەوە لە کاتی پرسیارکردندا لەگەڵ کەسەکاندا، بۆ ئەوەی نزیک بیەوە لێی تا پرسیاری لە هەر بابەتێکدا لێ بکەی.
ئەمەش کارێکی سروشتیە کە ئەنجامی دەدەی بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەرت دروست بکەی و گوێت بۆ ڕابگرێ لەکاتی پرسیارکردندا . بگرە ئەوکاتە هاوسۆزیشت دەبێت لە داواکارییەکانت.دوبارەی ئەکەمەوە لە گرنگی و سود بەخشی ئەم هەنگاو هاوێشتنە . بۆ ئەوەی وابکەی کە کەسی بەرامبەر بەدڵێکی فرەوان پرسیارەکەت وەربگری.
بۆ نموونە : تۆ بەنیازی شتێک بفرۆشی.....
کەسێک دێت پێت دەڵێی : ئایا دەتوانی بە نرخێکی کەمترم پێ بدەی..؟
ئەوکاتە کاردانەوەی تۆ چۆن دەبێت..؟ هەست بە چی دەکەی لە پرسیارکردن بەم شێوەیە..؟
بیربکەوە کە چۆن کڕیارەکە پرسیارەکەی ئامادەکردبوو..!
من دەزانم ئەو کەسە بە بوێرییەوە پرسیاری کرد ، بەڵام شێوازی پرسیارکردنەکەی بووە هۆی ئەوەی کە ببیە هاوسۆزی کەسەکە..؟
لێرەدا هەندێک نموونەی ترت بۆ باس دەکەم لە چۆنییەتی دارشتنەوەی پرسیارکردن:

- دەزانم لەوانەیە تا رادەیێک پرسیارەکەم سەیر(جۆرێک) بێت، بەڵام.....
- دەزانم کە من کەم تەرخەم بوومە ...بەڵام......
- دەزانم کە کاتەکە درەنگە و گونجاو نیە ..بەڵام....
- دەزانم کە تۆ وەڵامی ئەم پرسیارەت دامەوە لە پێشتردا..بەڵام...
داڕشتنەوەی پرسیار بەشێوەیەکی تر دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی بەرامبە زیاتر سەرنج بخاتە سەر پرسیارەکەت و گوێت بۆ راکرێ ، ئەگەر هاتوو پرسیارەکەت سەیر و بوێری و دووبارەش بێت.
چونکە بەکارهێنانی دەستەواژەی(من دەزانم ..بەڵام....) دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی بەرامبەر وەڵامێکی خێرا و ئەرێنیت بداتەوە.

### - سەرەتا روخسەت وەرگرە

یەکێک لە باشترین رێگایەکان کە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی بەرامبەر پرسیار و داواکارییەکانت وەربگرێ، ئەوەیە کە سەرەتا روخسەت وەربگری.

گرنگی بە شێوازی پرسیارکردن بدە، بۆ نموونە کە داوای هەر شتێکت لە کەسێک کرد بەم شێوەیە پرسیار بکە:

- ئایا روخسەت هەیە پرسیارێک لێ بکەم..؟
- ئایا دەتوانم کە پێت بڵێم .....؟
- خۆزگە سەرەتا بەمنت دەوت تا........!
- ئایا روخسەت هەیە سەیری ئەم......بکەم..؟

هەموو ئەم نموونانە و زیاتریش، دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی بەرامبەر ناچار بکەی بەشێوەیەکی جوان داواکارییەکانت جێبەجی بکات.

## با پرسیارەکەت هەڵبژاردە بێت...

ئەگەر پێشنیاری چەند پرسیارێکت کردوو پاشان وتت بەئارەزووی خۆت یەکێکیان هەڵبژیرە، ئەو کاتە کەسی بەرامبەر ناچار دەبێت کە یەکێکیان هەڵبژێرێ. لێرەدا رێگای زۆر هەن کە دەتوانی بۆ بەرژەوەندی خۆت بەکارییان بینی بۆ ئەوەی دەتەوێت و ویستت لەسەرە دەستت بکەوێت.

لێرەدا چەند شێوازێک لەم شێوازانە باس دەکەم ،دەتوانین ناو بنێی (شێوازی هەڵبژاردن):

کاریگەری ئەم شێوازە دەبێتە هۆی هەستکردن بە رەزامەندی یان دوورکەوتنەوە لە ناخۆشی..

چونکە یەکێک لە شێوازی پرسیارکردن ئەوەیە ئەگەر لەسەرەتادا پرسیارەکەت بە شێوازی هەلبژاردنبوو، کەسی بەرامبەر هەست دەکات کە خۆی سەرپشکە و هیچ فشارێکی لەسەر نییە هەربۆیە ئەوکاتە هەست ناکات کە فشاری بۆ دروست دەکەن ، کەسەکە واتێ دەگات کە بەئارەزووی خۆیەتی و تۆ ئامانجت لابردنی ناخۆشییەکانییەتی لەبەردەم ئەنجامدانی کارەکەی. هەر بۆیە کەسی بەرامبەر کاتێک پێ دەڵێی کام رێگا باشە بۆ تۆ ئەویان هەڵبژێرە ، ئەو لە ناخەوە هەست بەئاسوودەیی دەکات و تۆش ئەوەت دەست دەکەوێت کە دەتەوێت بەدەستی بێنی.

با لێرەدا بەسەرهاتێکتان بۆ بگێرمەوە:

کوڕە گەورەکەم  کارگەیەکی پیشەسازی بەڕێوەدەبرد، هەموو ساڵێک لە کاتی پشویی کۆتایی ساڵی خوێندن بۆ ماوەی سێ مانگ خولی  فێربوونی پیشەسازی بۆ قوتابیان دەکردەوە لەبەرامبەریدا بۆ هەر منداڵیک نزیکەی (٥٠دۆلار)ی وەردەگرت. ئامانجی کوڕەکەم لە کردنەوەی ئەم خولە کۆکردنەوەی پارەبوو بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی لەبیرچوونەوە(زهایمر). هەربۆیە دایک و باوکەکان بڕی(٥٠دۆلار)یان دەدا تا منداڵەکانیان لە پشووی سەری ساڵدا ببەن بۆ ئەم کارگەیە بەمەستی ئەوەی پیشەیێک فێرببن هەم بۆ ئەوەی منداڵەکان هەست بەبیزاری نەکەن لەماڵەوە.

لە دوای دوو ڕۆژ لە کارەکەیان، یەکێک لە منداڵەکان ناچاربوو واز لە کارەکە بهێنی لەبەر ئەوەی تووشی ماندووبوون ببوو. لێرەدا کوڕەکەم پەیوەندی بە باوکی منداڵەکەوە کرد بۆ ئەوەی پارەکەی بۆ بگەرێنیتەوە. بەڵام کوڕەکەم شارەزایی باشی هەبوو لە چونییەتی ئاڕاستە کردنی پرسیار بەشێوەی هەڵبژاردن ، هەر بۆیە بە بەکار هێنانی ئەم شێوازەی توانی دەستکەوتێکی باشی دەستکەوێت.

هەر بۆیە پەیوەندی بەباوکی کوڕەکەوە کردوو پێ وت:  زۆرم پی ناخۆشە کە کوڕەکەت وازی لە کارەکەی هێناوە، چونکە کوڕەکەت منداڵێکی زۆر گوێرایەڵبوو، بەڵام ڕەنگە ئەم کارە بۆ ئەو زەحمەت بوو بێت . وە سەبارەت بە گێرانەوەی پارەی خولی بەژداربوونی کوڕەکەت، ناتوانم هەموو پارەکەت بۆ بگەڕێنمەوە چونکە کورەکەت چەند ڕۆژێک بەژداربووە لە خولی فێرکردن.لێرەدا پرسیاری هەڵبژاردن دێتە ئاراوە، ئەویش(هەستکردنە بە رازیبوون)

لێرەدا ئەتوانم دوو ڕێگات بخەمە بەردەم بەرێزتان ئەوانیش، یان گەڕانەی سێ بەشی پارەکە یان بەردەوام بوونتە لە یارمەتیدانی کۆمەڵەی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی لە بیرچوونەوە. ئەم دوو بژاردەیە خۆت تێدا ئازادی لە هەڵبژاردنییان . تۆ کامیانت پێ باشە..؟

کوڕەکەم بەهۆی شارەزاییەوە تووشی شۆک نەبوو کاتێک منداڵەکە وازی لە کارەکەی هێناو لەوەی کە باوکی منداڵەکەی داوای وەرگرتنەوەی پارەکە بکات . بەم شێوازەی کە  ئەنجامیدا توانی کە کۆمەڵەکە سوود بەخشێ. لە ڕاستیدا بەکارهێنانی ئەم شێوازە کارێکی نایاب بوو. بەهۆی سەرپشک کردنی کەسەکە بە هەڵبژادنی یەکێک لەم دوو ڕێگایە، بەوەش سودی باشی هەبوو. لێرەدا دوو گریمانە هەیە ئەویش یان باوکی منداڵەکە سێ بەشی پارەکەی وەردەگریتەوە  یانیش بەئارەزوو و هەستکردن بە دڵخۆشی پارەکەی دەبەخشێت بە کۆمەڵەکە.

لێرەدا نموونەیەکی ترت لە بواری فرۆشیارییەوە بۆ باس دەکەم: هەمیشە ئەو کەسانەی کاری پارێزەریان بۆ دەکەم لە بری ماندووبوونی کارەکەم بڕێک پارەم پێدەدەن. بەمەبەستی یەک لایی کردنەوەی موڵکەکانیان کە لە باوکیانەوە بە میرات بۆیان ماوەتەوە. یەکێک لە گرنگترین ئەو کاری کە دەکەوێتە سەر شانی پارێزەر ئەوەیە کە بتوانێت ڕێژەی ئەو پارەی لە باجی خانووبەر لێیان وەردەگرن کەمبکاتەوە ،بە شێوەیەک لە شێوەکان. لێرەدا کە کەساکان پەوەندیم پێوە دەکەن منیش کرێ و مافی (حەقی)ماندووبوونی خۆمیان پێدەڵێم کە (٧٥دۆلار)ە ئەگەر کەسەکە پێداگری کرد لە نەدانی ئەم بڕە پارەیە دوو بژاردەی

دەخەمە بەردەمی ، یەکەم یان ئەم پارەیە دەدەن . ئەگەر ئەم پارەیەم پێ نەدەن بۆیان رووەدەکەمەوە  ئەگەر خۆیان کارەکە ئەنجام بدەن دەبێت یەک حەفتە خەریکی کارەکەبن و بەهۆی ناشارەزاییان لە یاسای باجی خانووبەرەو هەروەها  زۆر زیاتریان لێدەستینن کە دەیدەن بەمن، جا خۆتان سەرپشک بن کامەیان هەڵدەبژێرن...؟

هەر بۆیە هەموو کەسەکان بە بژاردەی یەکەم رازی دەبن بەوەی پارەی ماندووبوونەکەم پی بدەن.

## با پرسیارەکەت ئەرێنی و ئارەزوو مەندانەبێت..؟

لێرەدا بابەتێک هەیە کە دانی پیادەنێم ، پێم خۆشە بۆتان باس بکەم، وەک کەسایەتی خۆم بەکارهێنانی ئەم شێوازەم زۆر لا گرنگە ، لە پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە ، گرەو دەکەم لە بەکارهێنانەکانم بەم شێوازە و ئەو هاوڕێیانەی کە کارم لەگەڵدا کردوون ئەتوانن ئەم قسەیەم پشت ڕاست بکەنەوە. باوەڕەم پێ بکەن بەکار هێنانی ئەم شێوازە زەحمەت نیە، ئەوەی لەسەر تۆیە تەنیا دەست نیشان کردنی چەند نموونەیەکە لە جۆرەکەی، ئەوکاتە هەموو کەسەکان یەکێک لەو نموونانە هەڵدەبژێرن کە تۆ دەست نیشانت کردووە. من دەیسەلمێنم بۆ هەر کەسێک کە ئەم کتێبە بخوێنیتەوە ، ئەگەر وانەبوو ئەتوانێت گاڵتەم پێ بکات. بە ئاشکرا ئەم نموونەیەت لە چێشتخانەکان بەرچاو دەکەوێت،کاتێک کارمەندی چێشتخانەکە پێش ئەوەی داوای خواردن بکەی دوو، سێ جۆر لە شوربا و نیسک .....هتد ، پێشکەش دەکات تۆش چی دەکەی..؟ بە دڵنیایەوە لەم دوو سێ جۆرە یەکێکیان بە ئارەزوو خۆت هەڵدەبژێری. ڕەنگە بڵێی کەسەکە داوای شتێکی تر دەکات، ڕاستە ، بەڵام زۆربەی زۆری کەسەکان ناچارن کە سەرنجیان لە سەر ئەم جۆرانەیە کە پێشکەشیان دەکرێت. بۆ نموونە کاتێک دەچی بۆ چاوپێکەوتن بە مەبەستی کارکردن لە دەزگایێک یان کۆمپانیایێک .زۆربەی جارەکان پێت دەڵێت: (چا) یان (قاوە) دەخۆیتەوە..؟ چی دەکەی لەم کاتەدا..؟ زۆربەی جارەکان یەکیان هەڵدەبژێری. من گرەو لەگەڵ هەر کەسێک دەکەم کە لەم ساتەدا بڵێت شیرێکی گەرم و تێکەڵاو بە ڤانێلا و قاوە هەیە بێ زەحمەت..؟ ئێستا چۆن دەتوانی ئەم ڕێگایە لە کاری ڕۆژانەدا بە شێوەییەکی کرداری جێبەجی بکەی بۆ

ئەوەی مەبەستتە بە دەستی بێنی ..؟ بەشێوەیەکی ئاسان چەند پرسیارێک پێشنیار بکە و هەڵبژێرە ، دواتر کەسەکان بە ئارەزووی خۆیان یەکێک هەڵدەبژێرن. لە هەمان کاتدا دەتوانی ئەم شێوازە فرەوانتر بکەی بۆ شێوەی پرسیاری .بە مەرجێک کەسەکان یەکێک لە پرسیارەکان هەڵبژێرن. بەشێوەیێکی تر دەتوانی چەند پرسیارێک دیاری بکەی بۆ ئەوەی وەڵامت بدەنەوە ، لە کۆتایدا ئەوەی دەتەوێت دەستت دەکەوێت.

یەکێکی تر لە سەرکەوتنەکان ئەوەیە کە وابکەی کەسی بەرامبەر هەست بکات کە ئەو گفتوگۆیەکان هەڵدەسورێنی. گریمان تۆ لە سەر کارەکەتی و کەسێک پرسیاری ئەوەت لێدەکات کە بە چ نرخێک کارەکەی بۆ تەواو دەکەی . تۆش لەم کاتەدا خەریکی پەیوەندی تەلەفۆنی، ئایا نرخی کارەکەتی پێدەڵیی لەم کاتەدا ..؟ بەڵنیایەوە نەخێر. بەڵام لەم کاتەدا کە پرسیارێکی لەم شێوەت لێ دەکرێ ، تۆ دەتوانی هەر ئەوکاتە پرسیارێکی پێچەوانەی لێ بکەی بۆ نموونە پێی بڵێ : - کەی دەتەوێت کارەکەت بۆ تەواو بکەم..؟ هەر ئێستا یان لە داهاتوو..؟ سەیربکە چۆن پرسیارەکەت لە (نرخ) گۆڕی بۆ (کات)

ئەگەر هاتوو کەسەکە وەڵامدانەوەیەکی خێرای دەویست، چەند پرسیارێکی ئاراستە بکە. بۆ نموونە:

- بۆ ئەمڕۆتە یان بۆ سبەی ...؟ بۆ ئەم حەفتەیەتە یان حەفتەی دابێت...؟ بۆ بەیانیەکەتە یان نیوەڕۆیەکە..؟ ئەگەر وەڵامەکەی (باشە)بوو دەتوانی چەند پێشنیازەکی تری بخەیە بەر دەم، بۆ نموونە: باشە،

- ئایا پێت باشە لە کۆتایی ئەم حەفتەیە بۆت تەواو بکەم یان لەکۆتایی حەفتەی دابێت..؟

## با شێوازی پرسیارەکانت کراوە و هەڵبژاردەبێت..

هەندێک کات هەیە لە ژیانتدا چ لەبواری کاروباری رۆژانەدا بێت یان لەکاری تایبەتیتدا، رەنگە سودی لێ وەرگری کاتێک رێگا بەکەسانی تر دەدەی بە ئارەزووی خۆیان پرسیارەکان هەڵبژێرن لە لیستی کراوەدا. بەڵام لێرەدا دەبێت زیرەکانە پرسیارەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان دابرێژی کە سنوردار بێت بۆ ئەوەی کەسەکان هەستی پێ بکەن.

بۆ نموونە: تۆ بەرپرسی هەڵسەنگاندنی لە یەکێک لە سمینارەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتانەی لە لایەن کەسانی ترەوە پێشکەش دەکرێن. پێش ئەوەی داوا لە بەشداربوانی ئەم سمینارە بکەی بۆ پێشکەش کردنی ڕاو بۆچوونیان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی توانای کەسەکان.

لێیان بپرسە و بڵێ: سێ شتی گرنگم لەم سمینارەدا پێ بڵێن کە سودی بۆ ئێوە هەبووبێت..؟

ئەوکاتە چ روودەدات..؟ زۆربەی کات،هەموو مێوانەکان بۆ ماوەی دوو سێ خولەک سەرنجیان دەکەوێتە سەر ئەوەی کە باشترین سێ سودی ئەم سمینارە بە شێوەیەکی ئەرێنی بنووسن.

## چەند بژاردەیکی نەرێنی لە ناو پرسیارەکانتدا پێشکەش بکە...

ئەگەر ویستت چەند پرسیارێکی تایبەت ئاراستەی کەسێک بکەی بە شێوەی هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی پرسیارەکەت کاریگەری دروست بکات لەسەر کەسی بەرامبەر . نابێت دوو پرسیاری نەرێنی لێ بکەی. ئەگەر ئەم کارەت کرد، لە کۆتاییدا توشی سەر سوڕمان نەبی بەوەی کەسی بەرامبەر وەڵامی پرسیارە نەرێنییەکانت نەداتەوە بەوەش بێ بەش دەبی لەوەی دەتەوێت بەدەستی بێنی.

کەسێک دەناسم کە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ دەزگایەکی بازرگانی کردبوو بەمەبەستی دامەزراندنی بەڵام لە پاش حەفتەیەک لە چاوپێکەوتنەکەی هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە. لە کۆتایدا بڕیاریدا کە پەیوەندیان پێوە بکات لە هۆکاری وەڵام نەدانەوەکەیان:

پەیوەندی پێوەکردن وتی: ئایا هۆکاری وەڵامنەدانەوەکەتان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە کەسایەتی منتان بەدڵ نەبوو، یان کەسێکتان دۆزیوەتەوە لەمن شارەزاتر و زیرەکترە..؟

من ئەو ڕاستیە دەزانم کە ئەم کەسانەی لە بواری فرۆشیاری کار دەکەن هەمیشە پرسیاری نەرێنت لێ دەکەن لە کاتی کڕینی کەل و پەلدا..پێش ئەوەی کڕیارەکان بگەن بە نرخێکی باوڕ پێکراو، ٣فرۆشیارەکە دەلێت :چیە نرخەکەت پێ زۆرە..یان فرۆشیارەکە دەڵێت ئەم نرخە کۆنە ئیستا گرانتربووە ..یان پێت دەڵێی چیە ناتوانی لەئیستادا بریار بدەی..؟ هەموو ئەم چۆرە پرسیارانە وادەکەن کڕیارەکان تۆشی شلۆقی(احراج) ببێت. بۆئەوەی بەکورتی لێ رزگاری بی بەم شێوەی سەرەوە پرسیاریان ئاڕاستە دەکەی.

(چەند پرسیارێکی ئەرێنی هەڵبژێرە لە سەرەتادا)

- پێتوایە ، کام لە شێواز و بژاردەکان کە لە پێشوتردا لەم کتێبەدا خوێندیتەوە ، زۆر سود بەخش بووە بۆ سەرکەوتنی کارەکانت..؟ لەژێرەوە بییان نوسەوە:

١-.................................................................

٢-.................................................................

ئایا پێتوایە ئەم رێگایە رێگایەکی سەرکەوتووبوو..؟ لە ڕاستیدا ئەگەر بتوانین دووشێوازی بەویستی خۆت بنوسی. ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تۆ توانیوتە سەرکەوی..!

## هەوڵبدە کەسەکان ئەم پرسیارت لێ بکەن
## کە خۆت دەتەوێت لێت بکەن..

چەند جار لەکاتی بەشداری کردن لە ئاهەنگ و کۆبوونەوەی خێزانیدا . یان کۆبوونەوەی کار و بازرگانی کە ویستووتە ئەو کەسانەی لە سەرمێز لەگەڵیان دانیشتووی یان تێکەڵیان بووی لەگەڵیاندا کە پرسیارێکی دیاری کراوت لێ بکەن..؟ بۆ نموونە ویستووتە پرسیارت سەبارەت بە ناسنامەی کارەکەت، یان جۆری کارەکەت یان شوێنی کارەکەت لێ بکەن.هەر لە بنەڕەتدا ئارەزووت لەسەر ئەم جۆرە پرسیارانە بووە.چونکە ئەم پرسیارانە دەبێتە هۆی کردنەوەی گفتوگۆ لە نیوان تۆ وئەواندا، هەر وەها دەبێتە هۆی فرەوانبوونی پانتایی گفتوگۆیەکان.

جا لێرەدا چەند ڕێگایەکی گرنگ و ئاسانت بۆ باس دەکەم سەبارەت بەم بابەتە:

- ئەگەر دەتەوێت کەسەکان ئەم پرسیارەت لێ بکەن کە دەتەوێت ، تۆ سەرەتا ئەم پرسیارانەیان لێ بکە.

ئەم شێوازە شێوازێکی باوە و کاریگەریشی هەیە. چەند جارێک پرسیار لەکەسەکە دووبارە بکەوە، لە زۆربەی جارەکاندا بێ ئەوەی کەسەکە هەست بەخۆی بکات هەمان پرسیارت ئاڕاستە دەکات.

نموونەیەکی بەرچاو هەیە لەم بارەیەوە ئەویش ئەوەیە هەموو ڕۆژێک بە کەسێک بڵێی :

چۆنی باشی..؟

هەمیشە وەڵامەکەی بەم جۆرە دەبێت: سوپاس بۆ خودا باشم..! ئەی تۆ چۆنی..؟

تۆ بەم کارە وادەکەی کەسەکە هەمان ئەو پرسیارەت لێ بکات کە تۆ دەتەوێت ، بەوەی کە تۆ سەرەتا پرسیارەکەی ئاڕاستە دەکەی.

تەنانەت هەندێک جار هەیە کە پێش ئەوەی وشەی چۆنی بەتەواوی دەربڕی ئەو لەخۆیەوە دەڵێت: سوپاس بۆ خوا باشم بەدڵنیایەوە ئەم شێوەیەت لە پێشتردا دیوە..؟

دەتوانی ئەم شێوازانە لە چەندین شوێنی تر بەکار بهێنی.لەچوارچێوەی ژیانی تایبەتی خۆتدا بێت ، یان لە کاروباری گشتی خۆت دابێت. گریمان دەتەوێت کەسەکە بزانێت چ کارێک دەکەی، سەرەتا پێویستە تۆ هەمان پرسیاری لێ بکەی.

بۆ نموونە چ کارێک دەکەی..؟

هەمیشە بەم شێوەیە وەڵام وەردەگرییەوە:

من ( ئەندازیاری مەدەنی)م ئەی تۆ..؟

گریمان تۆ دەوێت پرسیارت لێ بکەن، سەبارەت بەجۆری کارەکەت ،ئەوکاتە ئەوەی پێویستە لە سەر تۆ بەم شێوەیە پرسیاری لێ بکەی: ئایا لە کام کۆمپانیا کار دەکەی..؟ بەدڵنیایەوە وەڵامەکەی بەم شێوەیە دەبێت: من لە کۆمپانیای (جویس جریبفرویت) کار دەکەم، یان رەنگە زیاترت بۆ باس بکات،بۆ نموونە بڵێت:

من بەرێوەبەری ئیدارەی کۆمپانیای (جویس جریبفرویت)م .

بەشی گرنگی ئەم کارە ئەوەیە دواتر ئەو پرسیارت لێ بکات

ئەی تۆ کارەکەت چیە..؟ لەگەڵ کێدا کار دەکەی..؟

ئەمەیان دەرفەتێکی زۆرباشە تا ئاشنای تۆو کارەکەت بێت ، تۆش پێی دەڵێی : منیش بەڕێوەبەری فرۆشیاری کۆمپانیای(ئۆتماتید فرویت بیگز)م.

یان گریمان تۆ دەتەوێت کەسەکە پرسیارت سەبارەت بە ناسنامەی پیشەکەت لێ بکات. پێم وایە ئێستا تۆ دەزانی کە پێویستە چی دەکەی، تەنیا هەمان پرسیاری لێ بکە.

یان دەتەوێت قسە لەسەر سەرکەوتنەکانت بکەن کە بەدەستت هێناوە، لەکەسەکە بپرسە و بڵێ: ئایا ئەو ماوەیە هیچ بەرهەم و کاری تازەت لەبەر دەست نییە..؟

لەسەرەتادا ئەو وەڵامت دەداتەوە و دواتر هەمان پرسیارت ئاڕاستە دەکات.

- ئەی تۆ خەریکی چی..؟

ئێستا دەتوانی باسی کارە خێرخوازییەکەی خۆتی بۆ بکەی کە خەریکی فراوانی بکەی و لە هەمان کاتدا دەتوانی داوای لێ بکەی کە هاوکاریتان بکات لە رووی مادی و مەعنەوییەوە.

ئەگەر دەتەوێت کەسێک لە بابەتێکی دیاری کراو پرسیارت لێ بکات ، سەرەتا تۆ هەمان پرسیاری لێ بکە.

هەر کەسێک زۆر پرسیار بکات ، فێری زانیاری زۆر دەبێت،کە زانیاریت زۆربوو، سود و قازاجی زۆری بۆت دەبێت.

نوسەر و فەیلەسوفی بریتانی(فرانسیس باکۆ)
یەکێک لە پیاوە خانەدانەکانی سەردەمی پاشایی
(١٥٦١-١٦٢٦)

## ئامرازی چونکە- لەپرسیار بەکار بهێنە...

پێش ئەوەی قسە لەسەر ئەم شێوازە بکەین پێم خۆشە پرسیارێکت لێ بکەم:

-ئایا دەتوانی دڵنیایی ئەوەم پێ بدەی کە (١٠خولەک) لە تەنیشتم دابنیشی بەبێ دەنگی و بێزارم نەکەی تا ئەم بەشە دەخوێنمەوە چونکە (١٠خولەک)م بەسە تا ئەم بەشە دەخوێنمەوە..؟

دووبارە سەرنج بخەوە سەر ئەم پرسیارەی لێم کردی، ئیستا پێش ئەوەی ئەم بەشەی ئەم کتێبە بخوێنیەوە ، چەندجارێک لە دوای یەک بێخوێنەوە.لەڕاستیدا پرسیارێکی بێ مانابوو ..! سەیرکە پرسیارەکەم بێ مانایە..؟ وایە...بۆچی تەنیا (١٠خولەک)بە دیاریکراوەیی..؟ چ شتێک روودەدات ئەگەر (٩خولەک)بێت بۆ خوێندەنەوەی ئەم بەشە..؟ ئەمە واتای ئەوەیە چونکە، بە(٩خولەک) ئەم بەشەم پێ تەواو ناکرێ..؟

سەیری پرسیاری دووەم بکە. لەبەر ئەوەی کلیلی پرسیارەکە لە وشەی(چونکە)پێکاتووە. بۆ ئەوەی لەم شێوازە تێ بگەی،پێویستە بزانی کە چۆن ئەم وشە ئاسانە بەکار بێنی بۆ ئەوەی کەسەکە هەموو هۆشی بکەوێتە سەر پرسیارەکەی تۆ، بۆئەوەی هەست بکات لە پشتەوەی ئەم کارە کێشەیەک بوونی هەیە لە ئاڕاستە کردنی پرسیارەکەی. هەربۆیە زۆربەی کات وەڵامێکی باشت دەدەنەوە بێ ئەوەی زۆرجار خۆشیان هەستی پێ بکەن، یان وەڵامێکی دیاری کراوت دەدەنەوە ئەگەر پرسیارەکەت بەروونی و ئاشکرابوو.

باوەڕ بەم قسەیە بکەی یان نا،تەنانەت ئەگەربابەتەکە جێی باوڕی تەواوی تۆ نەبوو ، بەکارهێنانی وشەی(چونکە) بەردەوام ئامانجی

ئەرێنی بەدەست دەهێنی و زۆربەی جارەکان ئەم وەڵامە وەردەگرییەوە کە دەتەوێت بەدەستی بێنی.هەندێک کەسیش هەن کە لە بنەڕەتدا وەڵامی پرسیاری هیچ کەسێک نادەنەوە.بەڵام کاتێک پێیان دەڵی (چونکە) ئەو کاتە هەستیان بۆ دەگەڕێتەوە، هەربۆیە باشتر وایە کە وەڵامەکەت بدەنەوە.
ئایا باوڕم پێ ناکەی..؟
وا هەستەکەی کە وڕێنە دەکەم لە کاتی قسەکردندا..؟
هەوڵبدە ئەم شێوازانە بەکار بهێنی، بۆ ئەوەی بتوانی چێژی لێوەربگری.
داوای شتێک لە کەسێک بکە کە بیناسی، بەڵام وشەی(چونکە)لە پرسیارکردن بەکاربهێنە وپشتی پێ ببەستە، ئەوکاتە هەلی زیاترت بۆ دەرەخسیت بۆ ئەوەی وەڵامێکی ئەرێنت دەست کەوێت بەشێوەیەکی زۆر باش.
جارێکی تر سەیرێکی ئەو پرسیارە بکەوە کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا پرسیارم کردبوو.
من گرەو دەکەم کە لای زۆرێک لە کەسەکان پرسیارکردن هیچ واتا و مانایەک ناگەیێنێت. زۆر بەی کەسەکان خەیاڵ و سەرنجیان لای (١٠خولەکە) کەیە تا ئەم دوولاپەڕە بخوێنەوە، بەڵام ئەوەی لەم دوولاپەرەدا گرنگی هەیە وشەی(چونکە)یە کە وادەکات کەسەکان رامێنن و بیربکەنەوە کە بابەتێکی گرنگ لە ئارادا هەیە.
با نموونەییێکی تری ئاسانت بۆ باس بکەم لەسەر ئەم بابەتە:
کاتێک گەیشتمە بەردەمی گەراجی وەستانی ئۆتومبێل ، سەیرم کرد تابلۆیەکیان هەڵواسیوە لەسەری نوسرابوو شوێنی وەستان نەماوە، پەتێکی رەنگ زەردیان لە دەرگای گەراجەکە داوە، کارمەندی گەراجەکەش بە دەست ئاماژەی دەکرد کە بچنە گراجێکی تر.

هەربۆیە ئەم کەسانەی لەگەڵمدا بوون هەستیان بە نیگەرانی کردوو، بەوەی ئەگەر بچینە شوێنێکی تر بەمەبەستی ئەوەی ئۆتۆمبیلەکەمان لێ رابگرین کاتێکی زیاترمان پێویست دەبێت بەوەش دوادەکەوین لە کارەکەمان.
منیش وتم نا نیگەران مەبن ئیستا وادەکەم بە بەکارهێنانی وشەی(چونکە) شوێنێکمان بۆ بدۆزیتەوە تا ئۆتۆمبێلەکەی لێ رابگرین.
هەربۆیە، چووم بۆلای وئاماژەم بۆ کرد کە پەنچەرەکەی بکاتەوە کە کردییەوە بە شێوەیەکی ئارام و لەسەرخۆ پاش سڵاو کردن.
وتم: ئەزانم کە هیچ شوێنتان نەماوە ، بەڵام ئەتوانی شوێنێکمان بۆ بدۆزییەوە(چونکە) گەراجەکانی تر بۆ ئێمە کێشەیە..؟ ..لەم کاتەدا سەرنجی کەوتە سەر وشەی(چونکە) بێ ئەوەی یەک وشەش بڵێت پەتەکەی کردەووە و وایکرد کە بچینە ژوورەوە..!
ئیستا ئەزانم چۆن بیر دەکەیەوە...رەنگە باوڕ بەم رێگایە نەکەی .. ئەم رێگایە ، رێگای تەلسمی رەشە دەزانی..؟! بەڵام رەنگە ئەم شیوازە لە هەموو کاتێکدا کارەکانت ئاسان نەکات، هەربۆیە وشەی (چونکە) لە کاتی پرسیارکردندا زۆرجار وەڵامی نەرێنی لێوە بەدەست دێنی، رەنگە تا ئەم رێگایە تاقینەکەیەوە تێ نەگەی لە گرنگییەکەی ، هەر بۆیە کە تاقیت کردەوەو ، ئاگادارم بکەوە لە سەرکەوتنەکەت.
بۆیە پرسیار لە هەموو شتێک بکە، شارەزای شتەکان دەبێت،بەڵام وەڵامی هیچ شتێک مەدەوە.

## لە ڕێگای پرسیارکردن نرخێکی باشتر بەدەست بێنە..

ئێمە هەمووومان حەز دەکەین کە زیاترمان دەستکەوێت..!باشە، پێم خۆشە هەواڵێکی خۆشت بدەمی:لێرەدا تۆ پێویستت بەوە نیە کە چاوەڕێی داشکانە وەرزییەکان بکەی بۆ ئەوەی کاڵا و پێداویستیەکان بە نرخێکی کەم بکڕی. کە لەسەرتای ئەم کتێبە باسم لێوە کردووە.ئەوەی لەسەرتۆ پێویستە (تەنیا بپرسە)ئەگەر بۆ یەک جاریش بێت. ئەم شتە خراپە چیە کە ڕوودەدات..؟ ئەگەر فرۆشییار داواکارییەکەی قبول نەکردی، گریمان ئەو هەر نرخەکەی خۆی لا مەبەستبوو، تۆش بڕیارەکەی خۆتت لەبەر دەستە دەتوانی لێ بکڕی یان نا...وانییە..؟ لەم کارە لایەنی ئەرێنی چیە ئەگەر ڕوویدا..؟کە بتوانی بە نرخێکی کەم و باش کاڵا و پێداویستیەکانت دەست بکەوێت..؟

کاتێک دەتەوێت شتێک لە شوێنێک بکڕی ، جا ئەو شتە ئۆتومبێل بێت، یان بتەوێت گەشتی شوێنێک بکەی، یان مانەوە و خەوتن لە هوتیلێک یان بتەوێت بەپەیوەندی تەلەفونی هەر شتێک داوابکەی....هتد ئەگەر تۆ بتوانی بەشێوەیەکی باش و گونجاو پرسیارەکانت بکەی،زۆربەی کاتەکان ئەوەی بەهیوای بۆی بەدەستی دێنی. ئەم شێوازانە لە کاری ڕۆژانەی ژیانماندا جێبەجی دەکرێ. کاتێک پێویستت بە بەکرێ گرتنی شوێنیکە بۆ هەڵواسینی تابلۆی بانگەشەکانت، یان بۆ نمایەش کردنی هەر شتێک بێت. کە ڕەنگە لە پیشتردا پارەی زۆرت بۆ تەرخان کردبێت...بەڵام پرسیارە گرنگەکە لێرە دایە ئەویش ئەوەیە: کە چۆن پرسیارلە بابەتەکە دەکەیەوە..؟ بۆ ئەوەی ئەم جارە پارەیەکی کەمتر تەرخان بکەی بۆ کارەکەت.

لێرەدا پیشنیاری چەند نموونەیەکی کەمتان پێشکەش دەکەم، دواتر باسی شتێک دەکەم کە هاوبەشە لە نێوان کەسەکاندا.
بۆ نموونە:
- ئایا هیچ ڕێگایەک هەیە تا بتوانی نرخەکەم بۆ کەم بکەیەوە،چونکە بەڕاستی دەمەوێت ئەم کاڵایە بکڕم.؟
- ئایا کەمترین نرخ لای تۆ چەندە، ئەگەر بزانم نرخەکە گونجاوە ڕاستەخۆ دەیکرم..؟
- ببورە، من ناتوانم بەم نرخە بکڕم، چونکە لەگەڵ گیرفانی من ناگونجێت ، ئایا کەمترین نرخی چەندە کە بتوانی بۆم دابەزێنی..؟
- ئایا دەتوانی تاچەند داشکانم بۆ بکەی ئەگەر لە یەک دانە زیاتر بکڕم لە هەمان بابەت..؟
- ئایا ئەو داشکانەی بۆ من دەکەی چەندە چونکە ئێستا من کڕیاری تۆم..؟
ئەم شێوە پرسیارکردنە پەیوەندی بەهەموو کەسێکەوە هەیە، هەر یەکێک لە ئێمە شێوازێک یان چەند شێوازێکی تر لەم نموونانەمان پێویست دەبێت بۆ پرسیارکردن لە کاتی کڕیندا کە لە پێشتردا باسم کردبوو. لێرەدا دوو گریمانە دێنە پێشەوە ئەوانیش یان ئەوەیە داشکانێکی باشت بۆ دەکات کە دەبێتە هۆی قازانج بۆتۆ، یان ئەوەیە بیانوێک دەدۆزێتەوە تاخۆی لەوە دووربخاتەوە کە بتوانێت داشکانت بۆ بکات. دووبارە هەوڵ بدە ئەم نموونانە بخوێنیەوە چەند جارێک بۆ ئەوەی بەباشی فێربی چۆن و چ کاتێک بەکاری بێنی. بەدڵنیایەوە کاریگەری دەبێت بۆ سەر کەسی بەرامبەر، وە ئەم کاریگەریەی تۆ لە کاتی پرسیارکردندا ئەگەری سەرکەوتنت بۆ زیاد دەکات. هەر وەها سەرنج بخە سەر شێوەی دەنگت چونکە دەنگ یەکێکە لە کارە گرنگەکانی ئەم پرۆسە یە....(ئەو زمانەی

دەنگێکی خۆش و هێمن و لەسەر خۆیان لێوە دەردەچێت ، زۆر باشترە لە دەنگێکی بێزارکەر و ناخۆش و رەق)

ئەگەر هاتوو هەستت کرد کە ئەم نرخە گونجاو نییە بۆتۆ،ئەو کاتە دەتوانی پرسیاری ئاڕاستە بکەیی و نرخەکەی پی بگۆڕی، بەو نرخەی لە بەرژەوەندی تۆدایە.

جۆرێکی تر لە پرسیار کردن ، ئەگەر بتەوێت شتیک بکڕی، ئەویش بەم شێوەیەیە:

- ئایا نرخی فرۆشتنی ئەم کاڵایە یان ئەم بابەتە چەندە..؟

ئەم پرسیارە وەک (موکناتیز) وایە نرخەکە بۆ لای خۆت رادەکێشێت ، ئەگەر وەڵامەکەی وەک خۆی دایەوە. نرخەکەی خۆی پێ وتی ، ئەوکاتە تۆ هەوڵی کەمترین نرخ دەدەی و پێ دەڵێی ئەم نرخە زۆرە کەمترین نرخ چەندە بۆ ئەوەی کەل و پەلەکەت لێ بکڕم..؟

دارشتنی پرسیارکردن و بەکارهێنانی (نرخی کۆتای کاڵایەکە وادەکات کەسی بەرامبەر سەرنج بخاتە سەر پێ وتنی کەمترین نرخ، ئەم جۆرە شێوازە وا لە کەسی فرۆشیار دەکات نرخەکەت بۆ دابەزێنی کە بۆ تۆ زۆر گرنگە. تەنانەت ئەگەر هاتوو ئاسودەش نەبووی لەکاتی پرسینی نرخەکەدا ، ئەو لە مێشکی خۆیدا وێنای تۆ بەشێوەیەکی تر دادەڕێژی ، ئەمەشیان تۆ بەکەسێکی لێزان و شارەزا نێشان دەدات لە بەر چاوی کەسەکە.

هەربۆیە ، ئەگەر دەتەوێت داشکانی وەرزی ساڵت ببێت بە داشکانی رۆژانە لە کڕیندا (تەنیا پرسیار)بکە بۆ ئەوەی هەرزانترین نرخت دەستکەوێت.

## به شێوەیێک پرسیاربکە تا وەڵامی داواکارییەکانت بدەنەوە..

لێرەدا  رێگایەکی زۆر ئاسان و کاریگەر هەیە بۆ گۆڕینی ئاڕاستە و سەرنجی ئەو کەسەی کە پرسیاری لێدەکەی بۆ لای خۆتی راکێشی. یان بەلایەنی کەمەوە داواکارییەکەت ڕەت نەکاتەوە. ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدەی تەنیا ئەوەیە بەشێوەیەک پرسیار بکەی کە هەنگاوێک بەرەو پێشەوەت ببات. لە ڕاستیدا وات لێدەکات کە لە سەرتاوە هەست بەوە بکەی کە وەڵامێکی ئەرێنیت دەست دەکەوێت.بۆ نموونە تۆ دەتەوێت گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکدا بکەی سەبارەت بە پرۆژەکەت، تۆ دەتوانی پرسیار لە کەسەکە بکەی و بڵێی: ئایا دەتەوێت گفتوگۆ سەبارەت بە کارەکەم بکەین..؟

ئەم پرسیارە دوو وەڵام دەخاتە بەردەمی کەسەکە: یان (بەڵێ) یان (نەخێر) لەم کاتەدا کەسەکە لەم دوو وەڵامە زیاترسەرنج  ناخەتە سەر هیچ شتێکی تر.

لێرەدا هەنگاوێکی خێرات هاوێشت ، بەوەی کە تۆهەر لەسەرەتادا فشارت خستە سەر کەسەکە بەوەی گفتوگۆت لەگەڵدا بکات.

تۆ دەتوانی بەشێوەیەکی تر پرسیار بکەی بۆ نموونە :

- ئایا ئەگەر سەرقاڵ نی، دەتوانین گفتوگۆ بکەین سەبارەت بە........؟

سەریرت کرد لەم نموونەیەدا ، هەر لە سەرەتاوە ناچارت کرد کە کەسی بەرامبەر بیر لە کاتێک بکاتەوە بۆگفتوگۆیەکە. دەتوانی ئەم رێگایەش زیاد بکەی لە بەکارهێنان کە تازە بیرم کەوتەوە لە ژێر ناونیشانی(بژاردەی ئەرێنی) بۆنموونە:

- ئەزانم کە ئێستا سەرگەمی کارکردنی ، ئەگەر کارەکەت تەواکرد چۆن دەتوانی گفتوگۆ بکەین سەبارەت بەکارەکە..؟ ئەم حەفتەیەت پێ چۆنە یان حەفتەی دابێت..؟

ئەم جۆرە شێوازە زۆر جار لە کاتی فرۆشتنیش سودی لێوە دەبینی. بینە بەرچاوت تۆ کاڵاییێک دەفرۆشی و کڕیارەکە نرخی کاڵایەکەت لێ دەپرسی ، تۆش پێ دەڵێی. ئینجا لە جیاتی ئەوەی نرخی کاڵایەکی تر بپرسێت ، تۆ ئەم جارە پرسیار لەئەو دەکەی : ئایا هیچ شتێکی ترت پێویست نییە بکڕی..؟

دەتوانی دووبارە پرسیاری ئاڕاستە بکەیەوە و بڵێی:

- چەند دانەت پێویستە..؟

- پێت باشە چ کاتێک کاڵایەکەت بە دەست بگات..؟

- چ کاتێک بۆ تۆ گونجاوە تا کاڵایەکەت بۆ بنێرم..؟

بیرت نەچێت ، چۆنیەتی شێوازی ئاڕاستەکردنی پرسیارەکەت. بڕیار لەسەر چۆنییەتی وەڵام دانەوەی ئەنجامی پرسیارەکەت بۆ دەردەخات، دەرئەنجام ویستەکانت بەدی دێنی.

## دوورکەوە لە دارشتنی پرسیارەکانت بە شێوەیەکی نەرێنی..

هەندێک لە مرۆڤەکان هەن کە هەست بە شەرمەزاییەکی زۆر دەکەن کاتێک داواکارییەک یان پرسیارێکی نەرێنییان لێ دەکەی. بەئەندازەیەک هەست بەشەرمەزاری دەکەن کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن بەباشی وەڵامت بدەنەوە. ئەم کارەش نابێتە هۆی ئاسان کردنی کارەکەت، بەڵکو وا لە کەسی بەرامبەر دەکەی کە بڵێت(نەخێر) نەوەک هەر ئەوەندەش بگرە هانیشی دەدی کە وەڵامێکی نەرێنت بداتەوە.

با ڕووداوێکتان بۆ بگێرمەوە ،لەم زووانە چووم بۆ دامەزراوەیەکی بازرگانی، کەسێک لیم نزیک بۆوە و پێ وتم:

- وابزانم ئەگەر (پینج خولەک) لە کاتت بگرم هیچ نیە تا ئەم بابەتم بۆ ڕوون بکەیەو...؟

پرسیارکردنەکەی بەم شێوەیە وایکرد بەئاسانی وەڵامی بدەمەوە و بڵێم:

ببورە ، من (ناتوانم)...

جارێکیشان لە گەڵ هاوژینەکەم سواری(شەمەندەفەر)بووین بۆ ئەوەی گەشتێک بکەین بۆشاری(کالیفۆرنیا) ساردەمەنی فرۆشێک هاتە لامان وتی :

- وابزانم پێویستیتان بە ساردەمەنی هەیە...؟ ئیمەش وتمان (نەخێر) دووبارە وتی: بەڕاستی هیچ شتێکتان ناوێت ...؟

مەبەستەکەی من لێرەدا ئەوەیە کە پرسیارکردن بەشێوەیەکی (ئەرێنی) شایەنی دەرئەنجامی باشترە لە شیوازی پرسیارکردن بەشێوەیەکی (نەرێنی)..

من پێموایە ئەگەر ئەو کەسانەی لەپیشتردا بەم شێوەیە پرسیاریان بکردبایە بە دڵنیایەوە دەرئەنجامەکەی باشتر دەبوو. بۆ نموونە:

- ببەخشە ، ئەگەر بێزارت دەکەم، (چونکە هەمیشە ئەوانەی خاوەن کەسایەتین بیرو بۆچوونی جوانییان هەیە) ببەخشە ئەگەر (پینج خولەک)م لە کاتی خۆت پێ بدەی زۆر دڵخۆش دەبم تا بتوانی یارمەتیم بدەی لە روون کردنەوەی ئەم بابەتە..؟

نموونەی ناو (شەمەندەفەر)کە دەیتوانی چەند بژاردەیەکی (ئەرێنیمان) پێشکەش بکات لە جیاتی ئەوەی پرسیارامان لێ بکات بە شێوەیەکی (نەرێنی).. بۆ نمونە:

- سڵاو ماندوونەبن سەفەرتان سەفەری خێر وخۆشی بێت ، ببورن هیچ شتیکتان پێویست نیە وەک : قاوە و شیر یان دۆندرمەیەکی سارد..؟

بیرۆکەی سەرەکی ئەوەیە کە بتوانی بە شێوەیەکی (ئەرێنی) پرسیار لە کەسەکان بکەی ، چونکە لە زۆربەی جارەکاندا وەڵامێکی (ئەرێنی)ت دەدەنەوە.

## چەند کاتت هەیە..؟

ئەگەر ئەم شێوازەت لەبیر بوو لە کاتی پرسیارکردندا ، جا چ لە خودی خۆتی بکەی یان لە کەسانی تر، رەنگە یارمەتیت بدا بۆ ئاسانکردنی کارەکانت. وەهەروەها رەنگە ببیتە هۆی ئەوەی یارمەتیت بدا لە جێبەجی کردنی کارەکەت بەشێوەیەکی باشتر و کاتێکی باشتریشت بۆ دەستەبەر بکات.

با نموونەیەکت پیشکەش بکەم:

ئایا لە پێشتردا چووی بۆ چاوپێکەوتن بە مەبەستی بەدەست هێنانی دەستکەوتێک ، کە تیدا چاوەڕێت کردبێت و بە ئارامی قاوەکەت خواردۆتەوە گفتوگۆت لەگەڵ کەسی تەنیشتت کردووە تا بانگت دەکەن بۆ چاوپێکەوتن..؟ پاشان پێیان وتووی ئەم کەسەی دەتەوێت چاوت پێ بکەوێت پاش (١٠خولەکی)تر دەڕوات و شوێنەکە بەجێ دەهێڵێت..

یەکسەر هەستت بە دڵە راوکێی و فشاری دەروونی کردووە کە دەچییە لای ، کاتێک پرسیاری ئاراستە دەکەی . رەنگە هەست بە نائومێدی بکەی لەم پرسیارانەی کە داترشتووە بەهیوای ئەوەی کارەکەت بۆ ئاسان ببێت کەچی لێت تێکدەچێت.

رەنگە ئەم نموونەیە روویدابێت وا هەستت کردبێت کە ئەو کەسەی پرسیاری ئاراستە دەکەی واتێگەیشتووە کە کاتێکی زۆرت پێویستە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەی، کە لە ڕاستیدا وانەبووە.

ئەگەر سەرەتا ئەم پرسیارەی لێ بکەی و بڵێی:

- ئایا چەند کاتت هەیە بۆ گفتوگۆیەکە..؟

بەدڵنیایەوە ئەمە باشترین شێوازە بۆ پرسیارکردن. ئەگەر کەسەکە رازی بوو چاوپێکەوتنم لەگەڵدا بکات.
ئەو کاتە ئاساییە ڕاستەخۆ بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و بەخەندەوە پرسیاری ئاڕاستە بکەم و بڵێم:
- زۆر سوپاست دەکەم بۆ چاوپێکەوتنەکەت. بۆ ئەوەی کاتت زۆر لێ نەگرم، تەنیا دەمەوێت بپرسم کە چەند کاتت هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵمدا دابنیشی..؟
ئەگەر من بم لە جێگای تۆ کەسەکە رازی بێت بۆ ئەوەی گفتوگۆم لەگەڵدا بکات . سەرەتا بەم شێوەیە پرسیارم لی دەکرد بۆ نموونە:
- سوپاس بۆ بانگهێشت کردنم بۆ ئیرە. ببورە بەڵام پێم خۆشە بزانم کە چەند کاتت هەیە تا لەگەڵمدا دابنیشی..؟
وەڵام: من نیو کاتژمێرم ماوە بۆ ئەوەی بچمە شوێنێک کە بەڵێنم پێداون بچم، ئایا ئەوەندە کاتە بەسە بۆ ئەوەی پرسیارەکانت بکەی..؟
ئەم جۆرە شێوازە لە پرسیارکردن ، کارەکەت بۆ ئاسان دەکات بۆ ئەوەی ئەنجامێکی (ئەرێنی) ت پێ بدا و کارەکەت بۆ جێبەجی ببێت.

## با پرسیارەکانت ڕاستگۆیی و ستایشی  تێدا بێت..

ڕاستگۆیی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا مایەی خۆشبەختی و دڵنیایە . وەهەوەها دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە پەیوەندییەکی باش و پتەو لەگەڵ کەسانی تردا پێ دروست بکەی، بەو مەرجەی کە ڕاستگۆبیت لەهەموو کاتێکدا.

ڕاسگۆییانە ستایشی کارەباشەکانی کەسەکان بکە. بۆ نموونە:

- ئایا دەزانی تابلۆکانت زۆر جوانن..؟
- ئایا ئەزانی زۆر چالاکبووی ئەم بەیانییە لە کاتی کارکردندا..؟
- چۆن فێربووی ئەم کارە ئەنجام بدەی..؟ بەڕاستی کارێکی باشبوو..!

لە ڕاستیدا زۆر بە ئاسانی دەتوانی لایەنی (ئەرێنی ) لە هەر کەسێکدا بدۆزییەوە کە لەلای گرنگە.

بەڵام باش بزانە کاتێک ئەم لایەنە (ئەرێنی)یانە کە بەشێوەیەکی پرسیار دایدەرێژی ، کاریگەری تەواو دروست دەکەی لە سەر لایەنی بەرامبەر ، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی گفتوگۆیەکی (ئەرێنی) لە نێوان تۆ و ئەودا، گفتوگۆیەک کە تۆ تێدا براوە دەبی ، تەنانەت ئەگەر کەسەکە هەستی بەشەرمەزاریش کرد ، بەڵام ئەم شێوە گفتوگۆیە دەبێتە مایەی ئەوەی هەمووان هەست بە ئارامی و خۆشی بکەن.

بیربکەوە کاتێک ، گریمان تۆ لە شوێنێکی کەسێک (پیانۆ) دەژێنی تۆش لە پاش تەواو بوونیدا دەچی بۆ لای و پێدەڵێی:

- کارێکی باشت ئەنجامدا..!

بەبڕوای تۆ وەڵامدانەوەی پیانۆ ژەنەکەچی دەبێت..؟ ڕەنگە بە دەستەواژەیێکی کورت وەڵامت بداتەوە یان بە خەندەیەکی سەرلێوان بڵێت: (زۆر سوپاست دەکەم)....

یان ڕەنگە ئەم گفتوگۆیە کۆتا گفتوگۆبێت لە نێوانتاندا.

بەڵام ئەگەر ستایشت کردبا لەسەر شێوەی پرسیارکردن بۆ نموونە:

پەنجەکانت گوڵی لێ بڕوێ بەڕاستی جوان و نایاب بوو ژەنینەکەت..!

- ئایا لە کەیەوە تۆ (پیانۆ) دەژەنی..؟ ئەم پرسیارە وەک بڵێی کە چەندین ساڵە تۆ ژێنەری پیانۆی.

لەم بارودۆخەدا ڕەنگە وەڵامەکەی بەم شێوەیەبێت و بڵێت:

بەڵی، من چەندین ساڵە (پیانۆ)دەژێنم..یان (نەخێر) من دووساڵە دەستم بە ژەنینی (پیانۆ)کردووە.

لەهەردوو بارودۆخدا، گفتوگۆیەکی (ئەرێنی) لەنێوانتاندا دروست دەبێت و تۆ تێیدا سەرکەوتوودەبی. ئەم جۆرە گفتوگۆیانە دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ کەسەکەدا.

لێرەدا باسی نموونەیەکی ئاسانت بۆ دەکەم لەسەر تایبەتمەندی ئەم شێوازە لە پرسیارکردن کە دەبێتە هۆی ئەوەی سودێکی باشی لێوەببینی:

جارێکیان چاوم بە قۆشمە چییەک(مهرج) کەوت لە یەکێک لە چێشتخانەکاندا کە بەهرەکانی نیشانی خەڵک دەدا و دڵی منداڵەکانی خۆش دەکرد، خەڵکەکەش خەریکی نانخواردنی خۆیانبوون بێ ئەوەی هەست بەبێزاری بکەن. پێی وتم کە لەم شوێنە ناتوانم بەهاسانی (بەخشیش) وەرگرم چونکە من زیاتر یاری لەگەڵ منداڵەکان دەکەم بەڵام شێوازیکی بەکار دەهێنا کە زۆر پێی سەرسامبووم ئەویش ستایشکردنی منداڵاکان بوو لای دایک و

باوکیان ، کە دوای تەواوبوونی یارییەکە دەستیانی دەگرتن و دەیبردنەوە لای دایک و باوکیان ، و دواتر پرسیاری ئاراستەدەکردن دەیوت: بەراستی منداڵەکانتان زیرەک و بەتوانان ئەم زیرەکییەو و توانایەیان هەیە هی خۆیانە یانیش پەروەردەی دەستی ئێوەن..؟ هیوادارم دوارۆژیان گەش بێت ئەم شێوازە پرسیارکردنە وای لە دایک و باوکەکان دەکرد کە بیر لە پاداشتێک بکەنەوە بۆ قۆشمە چییەکە.

هەربۆیە ، بۆجارێکیتر (ئەگەر ویستت ستایشی کەسێک بکەی هەوڵبدە لە سەر شێوەی پرسیارکردن ستایشی بکەی)

ئەو کەسەی کە وەڵامی پرسیارەکان دەزانێت ، هیچ پرسیارێک لەدوای پرسیارەکان ناکات.

## برۆ ناو گفتوگۆ لەگەڵ کەسەکاندا..

ئەگەر هاتوو لە بواری بازرگانی کار بکەی، چۆن پێشوازی لەم کەسانە دەکەی کە پەیوەندیت پێوە دەکەن بەمەبەستی ئەوەی نرخی کاڵاکان بزانن کە نمایشت کردووە..؟ ئەگەرهاتوو.

بۆ نموونە پرسی:

- ئایا دەتوانم بزانم نرخی کاڵایەکانت..... چەندە..؟

تۆ باش دەزانی پرسینی نرخی کاڵا بەم شێوەیە نیشانەی ئەوەیە کە کەسەکە دەیەوێت تۆ بخاتە تەڵەوە کە تەنیا دەیەوێت نرخی کاڵایەکەت لێ بپرسیت .

لێرەدا شێوازیکی زۆر ئاسان هەیە بۆچۆنیەتی هەڵسووکەوتکردن لەگەڵ ئەم جۆرە پرسیارانە .

من بۆ ئەم شێوازە ئامۆژگاریم ئەوەیە کە دەست بکەی بە گفتوگۆ لەگەڵ کەسەکەدا.

تەنیا دوو خولەک بیربکەوە کە چی بکەم و چی نەکەم: مەبەستم لەم کارەدا ئەوەیە کە بتوانی سەرکەوتووبی لە کاتی وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکان .بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر هەست بکات کە تۆ گرنگی بە پەیوەندییەکەی ئەو دەدەی. وە لەهەمان کاتدا کەسەکە هەست بەئارامی دەکات کاتێک پرسیاری (ئەرێنی) ئاڕاستە دەکەی. لەم جۆرە شێوازانە رەنگە بتوانی کاڵایەکەتی پێ بفرۆشی، ئەوکاتە دەتوانی بەسەر رکابەرەکاندا سەرکەوپی .

لێرەدا پێت دەڵیم کە چۆن بچیە ناو گفتوگۆ لەگەڵ کەسەکاندا،کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجەکانت . بینە بەرچاوت کەسێک پەیوەندیت پێوە دەکات لێت دەپرسێت:

- ئایا تێچووی دروستکردنی تاخمێکی داری هەشت کەسی چەندی تێدەچێت..؟

بەدڵنیایەوە تۆش بەئاسانی وەڵامی دەدەیەوە و پێدەڵی بە (٤٠٠دۆلار) تۆ باش دەزانی کە ئەم کەسە بەلایەنی کەمەوە پەیوەندی بە دوو، سێ شوێنیتر کردووە تا بگاتە کەمترین نرخ. بەڵام ئەگەر هاتوو بە گەرم و گوڕی پێشوازێت لی کردوو وتت:

- کێشە نیە نرخەکان ، بە دڵخۆشییەوە نرخەکانت پێدەڵێم. بەڵام پیش ئەوەی نرخێکی دیاری کراوت پێ بڵێم ، سەرەتا ئەگەر سەرقاڵ نیی پێم خۆشە دووخولەک لە کاتی خۆتم پی بدەی. بۆ ئەوەی باسی جۆری و شێوازی تاخمەکەت بۆ بکەم و ئەم جۆرەی کە ئێوە داواتان لەسەرە ..؟ هەر بۆیە دەمەوێت کارێکتان بۆ بکەم کە بەدڵی ئێوە بێت و هەروەها بتوانم بە کەمترین نرخ بۆتان دروست بکەین. ئایا پێت چۆنە..؟

لە رێگای بەکارهێنانی ئەم شێوازەدا تۆ لە کۆتایدا سەردەکەویی.

بیرت نەچی ئەو کەسەی پرسیار دەکات ئەویان لە گفتوگۆیەکەدا سەردەکەوێت...

لەم رێگایەدا گرنگیدانی تۆ دەردەکەوێت بۆ کەسی بەرامبەر، و هەم لەم رێگایەشدا ویستی تۆ دەردەخات لە بایخدانت بۆ داواکارییەکانت. بۆیە بە گەرم و گوڕی روخسەتی لێ بخوازە بۆ ئەوەی لە رێگای پرسیارکردندا پەیوەندییەکی باش دروست بکەی و هەمیشە سەرکەوی بەسەر رکابەرەکاندا کە تەنیا گرنگی بە نرخ دەدەن. هەموو ئەمانە ئەتوانی بەدەست بێنی لە ماوەی چەند خولەکێکدا ، و بەم رێگایە کەسەکە هەست دەکات کە کارەکەی جیگای بایەخ و گرنگی پێدانە..

هەربۆیە ، تۆ پێویستت بەوە نییە تا وەڵامی نرخەکەی بدەیەوە بەم ڕێگایە.ئەگەر ویستت ئامۆژگاری کارمەندەکان بکەی یان یارمەتییان بدەی لە کارکردن پێویستە فێریان بکەی کە ئەم ڕێگایە بەکار بێنن.
وەهەرەها ئەم ڕێگایە بۆ کاری تایبەتیش بەسودە وادەکات کارەکانت باشتر بەڕێوە بچێت، بۆ نموونە لەگەڵ هاوڕێیەکانت یان کەسانی ناو خانەوادەکەت ، کاتێک پەیوەندیت پێوە دەکەن باسی دڵ تەنگی خۆیانت بۆ دەکەن تۆ لەم ڕێگایەدا پرسیاری ئاراستە دەکەی ئەو خەمەکانی خاڵی دەبیتەوە هەست دەکات گوێی بۆ دەگری و هاوخەم و هاوسۆز و خەمخۆری ئەوی، نەوەک تەنیا هیوای باشبوونی بۆ بخوازی و گوێی بۆ بگری تۆ سەردەکەویی لە بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە ئەویش (لەگەڵ کەسەکاندا گفتوگۆ بکە).. دەتوانی تاقییان بکەیەوە و بڵێی:
- لە راستیدا ئەزانم کە تۆ پەرێشان و دڵتەنگی ، من دڵخۆشم کە تۆ پەیوەندی بەمنەوە دەکەی بۆ ئەوەی ، ئەوەی لە دڵتدایە بەمنی رابگەینی ، بەڵام پێش ئەوەی باسی کێشەکەتم بۆ بکەی، دەتوانی چەند خولەکێکم پێ بدەی تا هەندێک پرسیار سەبارەت بە کێشەکەت لێ بپرسم ....؟ بەراستی مەبەستمە بزانم کاردانەوەی تۆ چۆن دەبێت ئەگەر من چەند پرسیارێک ئاراستەی تۆ بکەم هەتا بە وردی تێبگەم لە هۆکاری کێشەکەت، ئەوکاتە کە تەواوی هۆکاری کیشەکەم زانی ، ئینجا زۆر بەباشی و ئاسانی دەتوانم یارمەتیت بدەم .. بە بڕوای تۆ کارێکی چۆنە..؟
ئەگەر ئەم کتێبەت خوێندەوە ، وە ویستت پەیوەندیم پێوە بکەی سەبارەت بە بابەتێک یان کێشەیەک ،توشی سەرسوڕمان نەبێت کاتێک ئەم شێوازەم بەکارهێنا لەگەڵتدا.

## تۆیی گومان بڕوێنن..

ئایا لە پێشتردا تاقیت کردۆتەوە هیچ جار، بەوەی کەسێک بڕیاری داوە کارێک بکات و تۆش گومانت هەبێت لەکارەکەی ، پێتوابێت کە کارێکی هەڵەیە..؟ بۆ نموونە کوڕەکەت پلانی داناوە لە بەیانیەوە نەچێتە کۆلێژ لەبەر ئەوەی هەست بە ماندووبوون دەکات بەهۆی زۆری ئەرکەکانی رۆژانەیی و گەشتکردنی بۆ شوێنێک بۆ ماوەی چەند مانگێک.

یان لە بواری کارکردندا، یەکێک لە کڕیارەکانت پێت دەڵێت لەشوێنیکی تر لەم نرخەی تۆم بە کەمتر دەستکەوتووە...

یان..

نرخەکانی تۆ بەرزن من لە شوێنەکانی تر پرسیارم کردووە. من دڵنیام کە توشی ئەم جۆرە رووداوانەبووی جا چ لەبواری ژیانی رۆژانەت بێت یان لەبواری کارکردن و بازرگانی. لەم کاتانەدا زۆر گرنگە کە بتوانی وا لەکەسی بەرامبەر بکەی کە بە بیرو بۆچوونەکانیدا بچێتەوە ، بێ ئەوەی مشت ومڕی لەگەڵدا بکەی. بەڵام ئێمە کاتێک دەمانەوێت وا لە کەسێک بکەین کە بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە و باشتر بیر بکاتەوە لە کارەکەی، بە بۆچوونی ئێمە کارێکی هەڵەیە ، بە شێوەییێکی وا رووبەڕووی دەبینەوە کە کەسەکە وا هەستدەکات کە ئێمە دژایەتی دەکەین. بۆ نموونە پێی دەڵێن:

- چییەوە دەتەوەێت بۆ ماوەی شەش مانگ مۆڵەت لە کۆلێژ وەربگری تا گەشت بکەی ...؟ بەڕاستی تۆ بێ عەقلی و شێتی...!

(سروشتی مرۆڤ وایە حەز لە ململانی دەکات) بەهەرحاڵ ،ئەگەر ویستت کارێک ئەنجام بدەی لەمەودوا توشی سەرسوڕمان مەبە ئەگەر کارەکە پرووپوچیش بوو.

من دەپرسم ئایا ..باشتر نیە شێوازیکی وا بەکاربێنین کە وا لە کەسی بەرامبەر بکات کە بیر بکاتەوە و بە بڕیارەکەیدا بچیتەوە بێ ئەوەی مشت و مڕی لەگەڵدا بکەی و بێ ئەوەی پێ بڵێی تۆ هەڵەی..؟

تۆ دەتوانی بە شێوازێک گومان بخەیە سەر کارەکەی کە ئەو هەموو شتەکان لە دیدی تۆدا ببینێت.

بۆ جاریکیتر ئەگەر خۆت دۆزییەوە لەناو ئەم ڕووداوانە ، شێوازێک هەیە کە بەکاری بێنی ئەویش وشەیەکە کە لە سێ پیت پێکهاتووە کە وشەی (تگب)ە.

لێرەدا(تگب) واتا:

- ت= تۆیی
- گ= گۆمان
- ب= بڕوێنە

هەموو ئەوەی پێویستە لەسەر تۆ ئەوەیە کە بەشێوەیەک پرسیار لە کەسەکە بکەی کە (تۆیی گومان بڕوێنی) لە بیر و مێشکیدا.

کەواتا، چۆن ئەم شێوازە بەکاربێنین..؟ لێرەدا تەنیا پێویستیت بە (سێ) شێوازی ئاسان هەیە. ئەوانیش :

- بێ لایەنی لە هەڵوێستەکەت بەرامبەری نیشان بدە، هەوڵبدە شتێکی پێ بڵێی کە کەسەکە وا هەست بکات کە تۆ دەرئەنجامێکی خراپی کارەکە لە روخساری ئەودا دەبینی ، ئەو کاتەی خۆشی دەکەوێتە گومان لە دەر ئەنجامی کارەکەی.

- پێ بڵێ کە من چەند پرسیارێکی  کەمت ئاڕاستە دەکەم،بەنیازی ئەوەم یارمەتیت بدەم
 لە بیرکردنەوە و پێ داچوونەوەت بە بڕیارەکەت.
- پرسیارێکی ئارستە بکە کە تێیدا تۆی گومان لە دڵی بڕوێنی،و هەروەها کۆمەڵێک پرسیاری ئارستە بکە کە وای لێ بکەی خۆی گومان لە کارەکەیدا بکات .
و باشترین پرسیارێک کە لێ بکەی ئەوەیە کە توانای وەڵام دانەوەی پرسیارەکەی نەبێت، بۆ ئەوەی زیاتر گومان لە مێشکیدا دروست بێت.
با سەیرێکی نموونەکەی پێشتر بکەینەوە و لەگەڵ ئەو هانگاوانە کە تازە بیرم کەوتەوە:
لە هەڵوێستی یەکەمدا ، دەبێت کاردانەوەکەت بەم شێوەیە بێت:
ئایا ئەزانی..؟ من زۆر بەباشی لە کێشە و هۆکارەکانی تۆ تێدەگەم دەزانم فشارێکی زۆرت لەسەرە، چونکە نوسینی سێ بابەت لە حەفتەییێکدا کارێکی قورسە ، بەڵام دەمەوێت هەندێک پرسیارت لێ بکەم کە یارمەتیت بدات  لەوەی کە ئەنجامی دەدەی کارێکی ژیرانەیە یان نا.گریمان تۆ دوو بەیانی گەشت دەکەی دەچیت بۆ ئەم شارە و لە سەر کەناری دەریادا دەژی، لەکوێی ئەمێنییەوە..؟ تێچووی ئەم گەشتە لە کوێی دێنی و چۆن دابینی دەکەی..؟ ئایا لە دوارۆژدا کۆلێژەکەت وەرتدەگرنە و قایل دەبن دووبارە دەست بە خوێندن بکەیەوە لەم کۆلێژە..؟ گفتوگۆ و خوێندنەوەتان بۆ ئەم بابەتە کردووە لەگەڵ مامۆستا و هاوڕییەکانی کولێژ..؟ تۆ دڵنیای لەوەی کە لە دوارۆژدا پەشیمان نابییەوە لەم بڕیارەی کە دەیدەی و ئەو کاتە پەشیمانی دادت نادات کە هەموو شتێکت لە دەستدا چی دەکەی..؟ ئایا پێت وایە ئەو کارەی ئەنجامی دەدەی کارێکی

ژیرانەیە کە لە پێناوی خۆشییەکی کەم خۆت تۆشی ناخۆشییەکی دوور و درێژدەکەی..؟

بە شێوازێک پرسیاریان ئاڕاستە بکە کە (تۆیی گومان لە دڵیاندا بڕوێنی) پێش ئەوەی کەسەکە بڕیاری تەواوەتی بدات لەسەر ئەنجامدانی کارەکەی.

لە هەڵوێستی دووەم: دەتوانی هەمان شێواز بەکار بهێنی بۆ ئەوەی زاڵبی بەسەر کوسپ و تەگەرەکاندا .

بۆ نموونە بڵێی:

ئایا دەزانی..؟ ئەگەر من لە شوێنی تۆدا دەبووم بیرم دەکردەووە دەبێت چ شتێک لەپشت ئەم کارەوە هەبێت کە ئەم کۆمپانیایە دەیانەوەیت بۆ خۆیانم راکێشن ونرخی گەشتەکەیان دۆزینەوەی شوێنی مانەوە کارەکەم هیندە هەرزانە بەراورد لەگەڵ کۆمپانیایەکانی تر..؟ باشە ، لێم گەڕی با چەند پرسیاریەکی کەمت لێ بکەم :کە یارمەتیت دەدات لەوەی ئەنجامی دەدەی کارێکی ڕاست و گونجاوە یان نا.. بە کۆمپانیایەکە بڵێ کە من دەمەوێت چەند پرسیارێکتان لێ بکەم سەبارەت بە گەشتەکەی من. بۆ نموونە : ئایا ئەو کەسەی هەڵدەستێت بە ئەنجام دانی کارەکە کێیە..؟ ئایا لە پێشتردا ئەم جۆرە کارانەی ئەنجامداوە ..؟ئایا لەم شارەدا لە کام کۆمپانیا کاری بۆ دەدۆزنەوە و جۆری کارەکە چیە..؟ ئایا ئەو پارەی لە کارەکەی دەستی دەکەوێت بەشی ژیان و خۆشییەکانی دەکات..؟

ئایا ئەوان دەزانن کە کاتەکەی تۆ کورتە و دەزانن کە تۆ قوتابی کۆلێژی و barوودۆخێکی تایبەتت هەیە..؟

گومان لە مێشکیدا بڕوێنە پێش ئەوەی پرسیار لەکەسێک بکات بۆ چوون و نەچوونی.

باش بیر بکەوە لە بابەتەکە پاشان بەم شێوەیە پرسیاری ئاڕاستە بکە، کە تۆ تێدا براوەبیت کە پرسیارێکت لێ کرد ئەگەر وەڵامی کەسەکە (نازانم)بوو ئەوە باشترین شتە و نیشانەی ئەوەیە وات لەکەسەکە کردووە کە بیربکاتەوە و بە بڕیارەکەیدا بچێتەو و دڵنیابە بڕیاری ئەم جارەی وەک بڕیاری پێشتر نابێت.

ئەگەر ویستت کەسی بەرامبەر بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە و پەشیمان ببێتەوە، ئەوە تۆیی گومان لە مێشکیدا بڕوێنە.

وتەییێکی (چین)ی هەیە کە دەڵێت:( دەشێت کەمێک نەزان بێت ئەو کەسەی کە پرسیار دەکات، بەڵام ئەو کەسەی کە پرسیار ناکات بێ دوودڵی و بە دڵنیایەوە نە فام و نەزانە).

## پرسیار بکە تا لەکارەکەت سەرکەوتووبی..

لێرەدا ژمارەیەکی زۆر لە بابەت و کتێب و نووسین هەن کە باس لە (چۆنیەتی ئامانجەکانی فرۆشتی کاڵا دەکەن) لە ئەنجامی گەڕانم لە ئەنتەرنێت نزیکەی (٥٥١) بابەت و کتێب چاوەڕییان دەکرد تا بیان خوێنمەوە، هەر بۆیە ویستم ئەم بابەتەت بۆ باس بکەم لەسەر(چۆنیەتی شێوازی فرۆشتی کاڵا یەکانت) لە چەند دێڕێکی کەمدا بە پوختی و بە روونی و بەکورتی بۆت باس بکەم وەک ئامۆژگارییەک بۆ تۆ..ئەویش:

ئەگەر مەبەستت بوو کاری فرۆشیاری بکەی وپرسیار نەکەی لە ویست و داوکاری کڕیارەکان، تووشی سەرسوڕمان نەبی کە سەرنەکەوتی لە کارەکەتدا .

بە یاسا هەڵسوکەوت لەگەڵ کڕیارەکاندا مەکە وشەی (ئەگەر) بەکاربهێنە لە کاتی مامەڵەکردندا لەگەڵییاندا.

زۆربەی ئەو کەسانەی لە بواری فرۆشیاریدا کار دەکەن دەڵێن لەکاتی فرۆشتندا تووشی بەربەست و کێشە دەبین لەگەڵ کڕیارەکاندا.

پێویستە سەرەتا پێیان بڵێی(باشە) بەڵام ئەگەر دەتەوێت کاڵایەکە بکڕی، تکایە دوودڵ مەبە لە مامەڵەکردن لەگەل ئێمەدا. چونکە ئێمە زۆر دڵخۆش دەبین بە مامەڵەکردن لەگەڵ کڕیارەکانماندا بە ئارەزووی خۆیان کاڵایەکان بکڕن.

دەبێت تۆ دڵنیابی لەوەی کە راستەخۆ پرسیاریان لێ بکەی و بڵێی:

- ئێمە بەو پەڕی هەست کردن بە خۆشی دەمانەوێت مەمەڵە لەگەڵ ئێمەدا بکەن،چونکە لای ئێمە ویستی و ئارەزووی ئێوە

گرنگترە لە مامەڵەو کڕینی کاڵاکانمان، ئایا تێگەیشتن لە مەبەستەکەم..؟
کاتێک تۆ بەم شێوەیە مامەڵە لەگەل کڕیارەکاندا دەکەی متمانە و دڵنیایی زیاتر دروست دەکەی لە نێوان خۆت و کڕیارەکاندا.

## بەشێوەیەک پرسیار بکە بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر پێت بڵێت، بەڵێ.

چەند رۆژێک بەر لەئێستا هاوژینەکەم داوای لێ کردم کە بچمە نوسینگەی پۆستەو گەیاندن بۆ ئەوەی نامەیەکی دەست نووس و چەند وێنەیەک بۆ هاوڕێیەکی سەردەمی خوێندنی بنێریت کە لەناوچەییێکی دەرەوەی شار دەژیا.

بەنەرم و نیانی پێی وتم: زۆر کاتت لێ ناگرم تەنیا چەند خولەکێک نەبێت، هەروەها هەوایەکی تازە هەڵدەمژی چونکە تۆ بەدرێژایی رۆژ لە ژورەوە کار لەسەر کۆمپیوتەر دەکەی.

منیش رازی بووم و داواکارییەکەم پەسندکرد، چونکە من حەز دەکەم دەستی هاوکاری و یارمەتی بۆ خەڵک و بەتایبەتیش هاوسەرەکەم درێژ بکەم ، هەروەها ئیشەکەش زۆرناخایینێت.

دواتر داواکارییەکانی زیادکرد و پێی وتم: ئەگەر پۆستەکەت گەیاندە نوسینگەی پۆستە و گەیاندن ، ئایا دەتوانی هەر لە تەنیشت ، نوسینگەکە (سوپەر مارکێت)ێک هەیە لەگەڵ دەستی خۆت هەندێک نانمان بۆ بێنی؟

دوای ئەوەی پۆستە و وێنەکانم رادەست کرد و پاشان چووم بۆ (سوپەر مارکێتەکە) نانەکەم کڕی، لە پڕ زەنگی موبایلەکەم لێیدا، تۆ بڵێ کێ بێت پەیوەندی دەکات..؟

خێزانەکەم بوو وتی: ئەگەر لیستێکی پیویستیەکانی ماڵەوەت بۆ بنێرم تا لەدەرەوەی دەتوانی ئەویشمان بۆ بێنی..؟

لەکاتێکدا زیاتر لە (٤٠خولەکە) من وەستاوم لە چاوەڕوانیدا، تا نۆرەم دێ بگەم بە ژمێریارەکە بۆ ئەوەی پارەی کاڵایەکانی پێ بدەم، تازە ناچارم دووبارە بگەڕێمەوە سەر کڕینی داواکارییەکانی

هاوسەرەکەم ، دەمێکبوو وەستابووم تا نۆرەم دێ بۆ پارەدان ، کەچی (چوار)عارەبانەم لەپێشبوولەنۆرەدا لەگەڵ عارەبانەیەک کە ژمارەیەکی زۆری دەبەی ئاوی لەسەربوو ئەمویست باوەڕ بەخۆم بێنم کە یارمەتی ئەویش بدەم.دوای تەواوبوونی کارەکەم لە (سوپەر مارکێتەکە) هاتمە دەرەوە باشبوو هەوایەکی تازەم هەڵمژی و توانیم پێداویستیەکانی ماڵەوە بکڕم و چاوم بە خەڵک و سروشت و شەقام و چەند منداڵێک کەوت بەڕاستی کاتێکی کورت و خۆشبوو چێژم لێ وەرگرت.

لەوکاتەی لە گۆرەپانی ئۆتۆمبێل خەریکی بارکردنی کاڵایەکان بووم دووبارە زەنگی موبایلەکەم لێیدا..! تۆ بڵێی ئەم جارە کێ بێت..؟ ئەمجارەشیان هاوسەرەکەم بوو، وتی:

ببورە ئەزانم ماندووم کردی .ئایا شتێکی بچووکم بۆ ئەکەی هەر لەسەر رێگاکەی خۆت..؟ زۆرت لەکات ناگری ، برۆ لای (هاری) پێم وتووە کە هەندێک کەل وپەلی بۆ داناوم  بۆ کۆبوونەوەی ئەمشەو کارم پییان هەیە.

لەکۆتایدا ، پاش کاتژمێرێک و نیو گەڕامەوە ماڵەوە ، ئەم رۆژە ئەگەر ئەم کارەم نەکردبا ،دەبوایە ئەم کاتژمێرونیوە لەسەر کومپیوتەرەکەم دانیشتبام و ئەو کاتە نەمدەتوانی ئەو هەوایە تازەیە هەڵمژم و چاوم بەو دیمەنەجوانانە بکەوێت و هەروەها هەست بە دڵخۆشی و گەورەیم کرد کە توانیم هاوکاری هاوسەرەکەم بکەم.

لەمیانەی گێرانەوەی ئەم چیرۆکە هێمن و ئاسانە لەم کتێبەدا، ئەوەیە ئەگەر داواکارییەکت هەبوو لە کەسێک سەرەتا با داواکارییەکت بچووک بێت، ئەو کاتە کەسی بەرامبەر بەئاسانی پێت دەڵێت (بەڵێ) و بە داواکارییەکەت رازی دەبێت.

بەم شێوازە ئاسانە دەتوانی داوای کاری زیاتری لێ بکەی و  ئەم کارەی کە دەتەوێت بۆت جێبەجی بکات. بگرە کەسێ بەرامبەر زۆر ئەستەمە داواکارییەکەت بۆ جێبەجی نەکات.
بە پشت بەستن بەم ڕێگایە دەتوانی کارەکانت بە ئاسانی ئەنجام بدەی. لێرەدا ئەوەی گرنگە لە خۆت بپرسی و بڵێی:
- ئایا ئەم پرسیارانە چین کە وا لە کەسی بەرامبەر دەکات پێت بڵێت (بەڵی)..؟
لە بواری کارکردندا بەکارهێنانی ئەم شێوازە زۆر گرنگە، چونکە ڕۆژانە ئیشت پێ دەبێت. گریمان تۆ گفتوگۆ دەکەی لەگەڵ یەکێک لە کڕیارەکانت یان دامەزراوەیەکی بازرگانی کە حەز دەکەی کاریان لەگەڵدا بکەی. بە ڕێگاییێکی ئاسان ئەم دەرفەتەت پێ دەدات ئەگەر کەسەکان ویستیان ناچارت بکەن بەو نرخەی کە خۆیان دەیانەوێت کارت پێ بکەن، بۆ ئەوەی سەرکەوی بەسەریاندا ئەویش تەنیا بە ڕێگای (پرسیارکردن)دەبێت. بۆنموونە:
- ڕەنگە ئەم نرخەی من دامناوە زیاتر بێت لە نرخی کۆمپانیایەکان، بەڵام پێت چۆنە ئەگەر ئێوە بەبەردەوامی لەگەڵ ئیمەدا کار بکەن نرخێکی زۆر تایبەت بۆتۆ دیاری دەکەین . بۆ ئەوەی هەم تۆ سوودمەندبی هەمیش ئێمە تێیدا زەرەمەند نەبین..؟ ئێمەش دڵخۆش دەبین کە ئێوە وەک بریکارێک کارمان لەگەڵدا بکەن. ئەگەرنا دەتوانم دەرفەتێکت پێ بدەم بۆ ئەوەی کە بزانی بۆچی نرخەکانی ئێمە بەرزترە لە کۆمپانیایەکانی تر، ئەویش دەتوانی خۆت تاقی یان بکەیەوە بەوەی سەرەتا هەم لەگەڵ ئەوانیتردا کاریان لەگەڵدا  بکەی هەمیش لەگەل ئێمەدا، لەهەردوو کاتدا تۆ هیچ زەرەر ناکەی . ئایا ئیستا دەتوانی لەسەر ئەم بنەمایە کارمان لەگەڵدا بکەی..؟

ئەگەر پێتوایە ئەم رێگایە هیچ کاریگەری نیە من دڵنیات دەکەمەوە کە زۆر کاریگەری هەیە لەسەر کەسی بەرامبەر ئەم شێوازە وەک ئەم نموونەیە وایە کە کاتێک دەچێت بۆ شوێنێکی جل و بەرگ یان پێڵاو کڕین خاون کۆگاکە پێت دەڵێت : یەکێک بکڕە یەکێک بەدیاری هەڵگرە. ئەوان بەم شێوازە وایان لەتۆ کرد کە بەئاسانی بڵێی (بەڵێ).

## ئایا سوودی دەبێت ئەگەر پێت بڵێم کە چۆن ...؟

ئایا ئەگەر شێوازێک هەبێت بۆتۆ کە وا لە کەسی بەرامبەر بکات بێ دوو دڵی و بیرکردنەوە پێت بڵێت(بەڵێ)..؟ ئەگەر وەڵامەکەت (بەڵێ) یە ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تۆ سەرکەوتنت مسۆگەر کردووە.

ئەوەی گرنگە لەسەر تۆ ئەوەیە کە بپرسی: ئایا سودی دەبێت ئەگەر کارەکە ئەنجام بدەی...؟ باشە ئەم ڕێگایە بە کاردێنی کە لێی دڵنیای. لە زۆربەی جارەکان ئەم ڕێگایە وەڵامی (بەڵێ) لێوە دەست دەکەوێت.تەنیا ڕێکخستنی پێویستە بۆ ئەوەی پرسیاربکەی.

بۆ نموونە : ئایا سودی دەبێت ئەگەرپێت بڵێم کە چۆن:

- ئایا دەتەوێت پێت بڵێم کە چۆن کێشت دابەزێنی بۆ ئەوەی لەشێکی تەندروستت هەبێت..؟

- ئایا دەتەوێت پێت بڵێم کە چۆن بتوانی پەرە بە یاری (تۆپی پێ) بدەی بۆ ئەوەی لە جاران باشتر یاری بکەی..؟

- ئایا دەتەوێت پێت بڵێم کە چۆن دەتوانی هەندێک (پارە) دابین بکەی بۆ ئەوەی گەشتی هاوینەی پێ ئەنجام بدەی..؟

- ئایا دەتەوێت باسی سەرکەوتن و نهێنییەکانی کارەکەمت بۆ بکەم ..؟

- ئایا دەتەوێت پێت بڵێم کە چۆن ئامۆژگاری کوڕەکەت بکەی لەوەی بتوانێت هەڵسووکەوت لەگەڵ کێشەکانیدا بکات کە ڕووبەڕوی دەبێتەوە..؟

بەباشی سەرنج بخە سەر ئەم پرسیارانەی سەرەوە، کە وەڵامی (بەڵێ)ت بۆ هەموو پرسیارەکان وەرگرتووە.

بۆ جارێکیتر ئەگەر ویستت پرسیار لە کەسێک بکەی لە هەر بابەتێک، بیربکەوە کە چۆن رێکخستنی بۆ بکەی تا کاتێک پێ بڵێی ( ئایا سودی دەبێت ئەگەر پێت بڵێم کە چۆن...؟) کەسەکە یەکسەرو بێ سێ و دوو پێت بڵێت (بەڵێ).

چەند ساڵێک بەر لەئیستا ، پێش ئەوەی لە تەلەفزیون دەست بە کارکردن بکەم ،کە کارەکەم پێشکەش کردنی چەند بابەتێکی کۆمەڵایەتی بوو، کە رۆژانە یەک لە دوای یەک پێشکەشم دەکرد، پەیوەندیم بە تیمی ئامادەکردنی بەرنامەکان کرد و وتم:

ببورن ئەزانم کە زۆر سەرقاڵن، بەڵام ویستم لە رێگەی پەیوەندی کردن بە تەلەفۆن( سێ،چوار) پێشنیاری بەسوودتان پێشکەش بکەم کە دەتوانن سوودی لێوەربگرن ئەگەر پێتان خۆش بێت..؟

بە خۆشحالیەوە پێشنیارەکانیان وەرگرتم و هەروەها رازیبوون ، ئەم پێشنیارەم دەرئەنجامێکی باشی هەبوو. هەر ئەم پەیوەندییە وایکرد کە بە ئاسانی چاومان بەیەکتر بکەوێت.

## پێویستە چ کارێک بکەم تا بیرۆکەکەی بگۆری..؟

سەرەڕای ئەوەی تۆ ئەم کتێبە بە باشی دەخوێنییەوە و باوڕی تەواویشت بەو شێوە و شێوازانە هەیە کە تێدا نوسراوەتەوە. بەڵام هێشتاکە چەند پرسیارێک هەیە کە وەڵامەکەی بە(نەخێر) دەدەنەوە لەلایەن کەسی بەرامبەرەوە.لێرەدا شێوە و شێوازێک هەیە کە هەموو رێگایەکان لەخۆ دەگرێ و رەنگە رێرەوی کاروبارەکانی ژیانت بگۆڕێ و وابکات کە ئەوەی دەتەوێت بە دەستی بێنی ئەویش تەنیا: هەوەڵ بدەی کە پرسیار بکەی: وەک:

- پێویستە چ بکەم تا کەسی بەرامبەر بریارەکەی بگۆری..؟

هەندێکجار کەسی بەرامبەر بە پووختی و بە باشی پێت دەڵێت کە چی بکەی . لەکۆتایدا تۆپەکە دەکەوێتە گۆڕەپانی تۆ.

(بوێری لە پرسیارکردن نیوەی ئەوەیە کە ببی بە حەکیم)

نوسەرو فەیلەسوفی بەریتانی

(فرانسیس باکون- ١٦٢٦-١٥٦١)

## پێویستە چۆن پرسیار بکەین..؟

ئەگەر ویستت کارێک ئەنجام بدەی. ئەوەی پیویستە بڕیاری لەسەر بدەی ئەوەیە کە (تەنیا پرسیاربکەی)

لێرەدا پرسارێکی ئاسان و گرنگ هەیە کە پێویستە سەرەتا لە خۆتی بکەی ئەویش: - پێویستە چۆن پرسیار بکەم..؟ ئەم پرسیارە تایبەت مەندی و گرنگی خۆی هەیە . هەربۆیە دەبێت کاتێکی باش تەرخان بکەی بۆ بیرکردنەوە تێدا. تاکە وەڵامی راستی بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە: ئایا چ رێگاییێک باشە بە کاری بێنم بۆ ئەوەی ئامانجەکانم بە دی بێنم..؟ لەهەندێک کات و ساتدا، رەنگە هەموو شتەکان گونجاو رێک پێک بێت. کە بتوانی رووبە روو چاوت بە کەسەکە بکەوێت و یان پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵدا ئەنجام بدەی یان نامەیەکی ئاسایی بۆ بنێری لە ریگای ئەنترینیتەوە و راستەوخۆ بەدەستی بگات. لێرەدا با هەندێک ئامۆژگاریت پێ بڵێم بە هۆی شارەزایم لەم بوارەدا ئەویش: بە پشت بەستن بەو تاقی کردنەوانەی کە لە پێشتردا تاقیم کردۆتەوە، لەهەموو ئەو رێگایانەی وەک گفتوگۆی راستەو خۆ لەگەڵ کەسەکاندا یان پەیوەندی تەلەفۆنی زۆرباشترە لە ناردنی نامە لە رێگەی ئەنتەرنیت یان دەست نووسەوە، رەنگە بڵێی چۆن..؟ ئێستا لە خوارەوە بەچەند خاڵێک بۆت ڕوون دەکەمەوە:

یەکەمیان: لەزۆر بواری ژیاندا و بەتایبەتی لە کاروباری بازرگانیدا، زۆربەی کەسەکان لە رێگای نامە نووسین یەکتر دەناسن ، بەڵام باشترین و سەرکەوتوترین پەیوەندی کردن ئەو پەیوەندیانەیە کە رووبەروو یان لە ریگای پەیوەندی تەلەفۆنییەوە یەکتر دەناسن چۆنکە لایەنی سۆز و خۆشەویستی لەگەڵدا تێکەڵ دەبێت.

دووەمیان: کاتێک نامەی بۆ دەنێری لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە یان بە دەست نووس بۆی دەنێری ، لەم کاتەدا تۆ ناتوانی دەست بەسەر گفتوگۆیەکاندا بگری، ڕەنگە تۆ نامەیەک بە تێر و تەسەلەیی و بە پەرۆشەوە بۆی دەنیرێ ،کەچی لەبڕی ئەو کەسە کەسێکی تر وەڵام دەداتەوە یان هەر لە ریگای کومپیوتەرەوە راستەوخۆ هەر لەخۆیەوە وەڵامت بداتەوە. (کەسی زیرەک ئەو کەسەیە کە رووبەروو گفتوگۆ لەگەڵ کەسەکەدا دەکات) یان لە رێگایە پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامی دەدات بە پشت بەستن بەم شێوە و شێوازانەی لەم کتێبەدا ئاماژەمان پێ کردووە. ئەم جۆرە کەسانە دەرفەتی زیاتریان هەیە بۆگفتوگۆیێکی زیاتر و دروستکردنی پەیوەندییێکی پتەو و تۆکمە لە نێوانیاندا. وەهەروەها دەرئەنجامێکی ئەرێنی دەبێت لە ئەنجامی گفتوگۆیەکە یان پەیوەندی تەلەفونییەکەوە.

سێیەمیان: کاتێک تۆ پەیوندی تەلەفۆنی یان راستەوخۆ گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەی دەزانی چیت پێویستە و چیت دەوێت ، لەم کاتەدا وەڵامی بەسوود وەردەگرییەوە بەلایەنی کەمەوە.

با ئەمەشت بۆ ڕوون بکەمەوە کە لە چ کاتێکدا نامەی بۆ دەنوسی یان لە رێگای ئەنتەرنێتەوە نامەی بۆی دەنێری.

لێرەدا لە سێ کاتدا دەتوانی نامەی بۆ بنووسی لە سەرەتادا، ئەوانیش:

- کاتێک کە ناتوانی راستەوخۆ چاوت بەو کەسە بکەوێت کە خۆت دەتەوێت ببینی.

- کاتێک دەزانی کە ناسینی ئەو کەسە تەنیا لە رێگای نوسینەوە دروست دەبێت.

- کاتێک کە دەتەوێت پرسیار ئاراستەی کەسانێک بکەی و کە یەکتر ناسین لەگەڵیاندا کارێکی ئەستەمە.

بەڵام زۆر گرنگە تێبگەی لە دارشتنی نووسینی نامە کە چەندین رێگا و شێوە و شێوازی تێدا باسکراوە. ئەویش تەنیا (پرسیاربکە) زۆربەی ئەم شێوازانەی باسم لێوە کردوون لەم کتێبەدا لەبەشی پرسیارکردن لە تەکنەلۆژیادا دەتوانی سوودی لێوە وەربگری. بۆ نموونە : ئەگەر ویستت نامەیێک لە ریگای ئەنتەرنیتەوە بۆ کەسێک بنێری، ئەویش بۆ چاوپێکەوتن لەگەلیدا. نابێت ئەم شێوازە بکار بێنی کە پێی بڵێی دەتوانم چاوم پێت بکەوێت یان (نا)..؟ بەڵکو دەبێت پێی بڵێی: (چ کاتێک گونجاوە بۆ تۆ تا چاوم پێت بکەوێت..؟ ) وەهەروەها دوو بژاردەی تر بخەمە بەردەستت بۆ چاوپێکەوتن ، ئەو کاتە سەرنجی دەکەوێتە سەر یەکێک لەم دوو بژاردانە. ئەگەر کێشەیێکت هەبوو یان داوای جێ بەجێ کردنی کارێکت لێ کرد،بۆی بنووسە کە (چۆن) دەتوانی رێگاییێکم بۆ بدۆزییەوە کە تێیدا سەرکەوتووبم .

(نەزان ئەو کەسەیە کە لەکاتی پێویستیدا پرسیار ئاراستەی کەسانی تایبەتمەند ناکات بۆ ئەوەی کارەکەی ئاسان ببێت)

(د. ریتشارد میلتون)

## گرنگ نیە چی دەڵێی، گرنگ ئەوەیە کە چۆن قسە دەکەی..

ئەگەر سەرنج بخەیتە سەر ئەم کتێبە دەبینی لە سەرەتاوە هەوڵی بنیادنانی ڕێگای بیرکدنەوەی جێگیر و تەنیا ئەوەیە پرسیاربکە. ئەم شێوازەی کە دەتەوێت بەکاری بهێنی کاتێک بڕیار دەدەی کە لەئیستادا چی بڵێی. حەز ئەکەم هەندێک لە بابەتی نوێ و جیاواز بۆ پانتایی و فرەوان کردنی چۆنییەتی(پرسیاری تەکنەلۆژیا)ت فێربکەم.

ئێستا کاتی ئەوەیە شیکارییەک بۆ گرنگی لایەنەکانی بەشی ئەم کتێبە بکەین. کە بریتیە لە (چۆن) پرسیار دەکەین.

لێرەدا شتێکی زۆر سەر سوڕهێنەر هەیە کە دەبی کە فێری ببی، ئەویش ئەوەیە کە لەپیشتردا زانایەکان باسیان لێوە کردووە کە بریتیە :لە گرنگی و تایبەتمەندی راستەوخۆی (روو بەرووی) گفتوگۆ ، چونکە شیکەرەوەکان دەڵێن :گفتوگۆیەکان ٧% ی بریتیە لەو وشانەی کە بەکاری دێنی و ٣٨% تیش بریتین لەشێوەی هەستی بینین و شێوازی دەربڕین و زمانی جەستە. بەڵام بەشی زۆر و گرنگییەکەی بریتیە لە٥٥% کە بریتیە لە پەیوندی تەلەفونی ئەوەش ڕێژەیەکی گرنگە . بەڵام گرنگتر لە وانە کەلە ٨٤% کە ڕێژەیەکی سەرسوڕهێنەرە کە ئەویش بریتیە لە شێوازی قسەکرد و چۆنییەتی دەربرین و شێوازی دەنگ و لەسەرخۆی و بەکار هێنانی وشەی سادە و روون.ئەگەر گومانت هەبوو لە قسەکانت تەنیا چەند خولەکێک بیربکەوە. لێرەدا نموونەی دوو کەست بۆ باس دەکەم کە یەکیان (مستەر بین)ە بێ ئەوەی هیچ بنوسێت تەنیا بە جولانی جەستەی هەمووان دڵخۆش دەکات. ئەویتریان (بیلی کونولی)کە وشە لە دوای وشە دەنوسێت وپێشکەشمان دەکات بێ

ئەوەی بتوانێت خەندەیەک بخاتە سەر لێوانمان.گرنگی لە نوسینەوەی کۆمیدیا و وشەی پێکەنیناویدا نیە بەڵکو گرنگی لە چۆنیەتی پێشکەش کردنی وشەکانی کۆمیدیایە. ئەگەر سەیرێکی بێژەری بەناوبانگی تەلەفزیونی ئەستورالی(ستیڤن ئەیروین)بکەین کاتێک لە دارستانەکان توێژینەوە و یاری لەگەڵ ئاژەڵەکان و (مار)دا و شەڕ لەگەڵ تیمساح دەکات ، سەرەڕای جوولە سەیرەکانی ، خۆی وەک بێژەرو ئەکتەرێکی داهێنەر و پێشکەوتوو نیشان دەدات. نەوەک تەنیا قسەکانی بەڵکو بەئازایەتی و بەپەرۆشەوە چەندین رێگا و شێواز وجوولە بەکاردەهێنێت لەگەڵ ئاژەڵەکاندا.

ئەگەر تۆ بەدوای کتێبە زمانەوانییەکاندا دەگەڕی بۆ ئەوەی فێری وشەکان بێت ، ئەوە تۆ هەڵە دەکەی، بەڵام ئەگەر لەگەڵ فێربوونی زمانەوانی خۆت فێری ئەو هەنگاو و رێگاو شێوازانە بکەی لە چۆنیەتی بەکارهێنانیانی وشە ئەوە تۆ تێدا سەرکەوتوو دەبی . بەردەوامبە لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە.

پێش ئەوەی بچینە ناو وردەکاری زانستی ئەم بەشە ، دەتوانی ئەوەی ئەتەوێت کورتی بکەیەوە لە یەک وشە ئەویش:

دروستکردنی (خۆشەویستیە)......

ئەگەر ئەتەوێت شانسی دەستکەوتنی وەڵامەکانت زیاتر بێت لەم کەسانەی پرسیاریان ئاڕاستە دەکەی ، سەرەتا هەوڵبدە خۆشەویستی لەنێوانتاندا دروست بکەی. لێرەدا دوو کردار هەیە کە یارمەتیت ئەدات لە دروستکردنی خۆشەویستی ئەوانیش:

- جوولە و هێما و ئاماژەی جەستەییە...
- شێوەی دەربڕینی دەنگە...

وەهەروەها ئەوەی گرنگ و پێویستە لە خۆت بپرسی و بڵێی:

- ئایا ئەم ڕێگایانە چین کە دەبێت گفتوگۆی پێ بکەی..؟
- ئایا ئەم جوولە و هێما و ئاماژانەی جەستەیی چین کە دەبێت بەکاریان بێنی بۆ ئەوەی بتوانی پەیوەندییەکی پتەو دروست بکەی لەگەڵ کەسەکاندا..؟
- ئایا ئەو کەسەی پەیوەندییەکی پتەوت لەگەڵدا دروست کردووە و گفتوگۆیەکانت فرەوانترە ،کاردانەوەکانی (ئەرێنی )تر نییە..؟
با بەشێوەیەکی تردەربڕینەکە راڤە بکەین:
- ئایا ئەم شێوازانەچین کە وا لەکەسەکە دەکات هەست بە ئارامی بکات کاتێک ئاڵوگۆر و کاری بازرگانی لەگەڵدا دەکەی..؟
- ئایا ئەم شێوازانە چین کە وا لەکەسەکە دەکات کە هەست بە نائارامی دڵە راوکی بکات لە کاتی ئاڵوگۆڕ و کاری بازرگانی لەگەڵدا دەکەی..؟
کێشەی ڕاستەقینە کە رووبەڕوومان دەبێتەوە لە وەڵامدانەوەی ئەم دوو نموونەیە ئەوەیە .کە هەردووکیان لە رێگای جوولەی جەستە و شێوازی دەنگەوە وەڵام دەدرێنەوە .لێرەدا دەبێت زۆر ژیرانە هەلسووکەوت بکەی چونکە زۆرجار تۆ هەست بەوە ناکەی کە کەسەکانی بەرامبەرت نیگەران کردووە بەم شێوە جوولەیەی جەستەیە و دەڕینی شێوازی قسەکردنەکەت . رەنگە کەسانێکی تر هەست بەوە بکەن و دواتر پێت بڵێن ئەم شێوازەی گفتوگۆیەت زۆر هەڵەبوو چونکە کەسەکەت بیزارکرد.
هاورێیەکەم هەبوو نامەوێت ناوەکەی بڵێم ، بەڵام ئەتوانم چیرۆکەکەی باس بکەم ،ئەو کەسێکی بیزارکەربوو، کەچی یاریزانێکی زۆرباشی تۆپی پێ بوو، بە گوێرەی توانایەکانی دەبوایە چەندەها مەدالیای پێ بەخشرابایە، بەڵام چونکە کەسێک بوو چاوەکانی ترسناکبوون و دەنگیکی زلی بێزارکەری هەبوو و

قسەکانی ڕەق و وشکبوون وسینگی دەردەپەڕاند لەکاتی قسەکردندا وەک هەڕەشە کردنێکبوو ئەویست خۆی لەسەر کەسەکان زاڵ بکات و هیچ کاتێک سیمایەکی جوان و بەخەندەی نەبوو.

زۆر کەم بانگهێشتی ئاهەنگەکان دەکرا بەهۆی ئەوەی کە کەسێکی خۆشەویست نەبوو و ترسناکیش بوو بۆ ئەوەی خۆی هەستی پێ بکات بەهۆی دەنگە بەرزەکەیی و جووڵە ناشیرینیەکانی. لێرەدا ئامانجی من چی بوو لە گێرانەوە ئەم چیرۆکە..؟ ئامانجم ئەوەبوو کە تۆ پێویستە لە هاوڕییەکانت بپرسی لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانت و لە چۆنیەتی جووڵە و شێوەی دەنگت و کەموو کوڕییەکانت.

لە لاپەڕەکانی تری ئەم بەشە، باس لە چەند بابەتێکی تر دەکەین بەگشتی ، لە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانی جەستە و دەنگ. کە یارمەتیت ئەدات لەوەی کەسەکان زیاتر هەست بەئارامی و خۆشی بکەن کاتێک گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەی.

ئەگەر بوێری ئەوەت نەبوو پرسیاربکەی و بڵێی ئەمە چیە و چۆنە..؟ ئەوە من ناتوانم هیچ شتێک لە پێناو تۆدا بکەم..

فەیلەسوفی چینی (کونفشیوس)

## زمانی جەستە بەکار بێنە بۆ ئەوەی کاردانەوەکانیان ئەرێنی بێت..

وەک لەپێشتردا باسم کردبوو، جوولەی جەستە یەکێکە لە کەرستە گرنگەکانی مرۆڤ کە هەیەتی. وە بەکارهێنانی بەشێوەیەکی گونجاو یارمەتیت ئەدا لە گەیشتنت بە کەسانی تر و دروستکردنی پەیوەندییەکی بە تێن.بەئەندازەیەک کە وا لە کەسەکان ئەکات کاتێک پرسیارییان ئاڕاستە دەکەی ئەوان هەست بە ئارامی بکەن لە بەرامبەرتدا. وەهەروها بەشێوەیەکی زۆر ئەرێنی وەڵامی داواکاری و پرسیارەکانیشت ئەدەنەوە.

کاتێک بیر لە تایبەتمەندی جوولەی جەستە دەکەیەوە وەک رێگاییێک بۆ ئەوەی یارمەتی دەرت بێت لە بەدەست هێنانی ویستەکانت بە شێوەیەکی ئەرێنی . پێویستە بیر لەم هۆیانە بکەوە کە دەبنە هۆی یارمەتی دەرت بۆ سەرکەوتنت. وەک:

- دەرکەوتنی خەندە لەسەر لێوت
- جولەی دەست و قۆل و باڵ و جولەی سەر
- پێکەنینت...
- بزەی چاوەکانت...
- سنوری خۆت مەبەزینە لەکاتی گفتوگۆدا...
- تەوقە کردن و دەست خستنە نێو دەستی...

سەرەڕای ئەم تایبەتمەندیانەی جەستە کەباسم لێوە کردن لایەنێکی گرنگی تر هەیە. ئەویش چۆنیەتی شێوازی دەربڕینە کە گرنگترین لایەنی گفتوگۆیە کاتێک گفتوگۆی پێوە دەکەین لەگەڵ لایەنی بەرامبەرەکانماندا . وەهەروەها بۆ ئەوەی ئامانجە ئەرینییەکانمان

بپێکین بە سود وەرگرتن لەم کتێبە. لێرەدا هەندێک لەم نموونانەی لەسەرەوە ناویانم هێنابوو ئیستا بە وردی باسیان لێوە دەکین....

خەندە....

راستییەکی حاشا هەڵنگر و دیارە، کاتێک تۆ بەخەندەوە بەرەو ڕووی کەسێک ئەچی، ئەو کەسە بەهەمان شێوەی تۆ بە ڕوخسارێکی خۆشەوە پێشوازیت لێ ئەکات ئەمە وەک ئارەزووییێکی سروشتی وایە. ئەو کەسانەی خەندە لەسەر روخسارەکانیاندا هەیە کاریگەرێکی ئەرێنییان لەسەر دەوروبەر هەیە و هەروەها کاریگەری لەسەر وەڵامدانەوەی کەسەکانیشدا هەیە بە شێوەیەکی ئەرێنی.

لەسەر روخسارتدا خەندەیەکی ناسک و جوان دروست بکە و داوای ئەو شتە بکە کە دەتەوێت داوای بکەی و هەروەها ئەتوانی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ کەسەکە دروست دەبێت کاتێک بەخەندەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەی، ئەوکاتە هەست دەکەی لەگرنگی پێدانیان و وەرگرتنی (بەڵێ) لەلایان کەسەکانەوە.

رەنگە پێت سەیربێت، بەڵام ئەم کردارەی ڕووبە خەندەیی و ڕووخۆشییە لەکاتی پەیوەندەی تەلەفۆنیش کارەکانت ئاسان و باش دەکات. ئەگەر هاتوو بەخەندەوە پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ کەسەکاندا بکەی بەدڵنیایەوە کاریگەری ئەرێنی لەسەر کەسەکان دروست دەکات چونکە مرۆڤ لەرێگای دەنگیشەوە هەست بەو خەندەو ڕووخۆشییەی بەرامبەری ئەکات بە شێوەیەکی گشتی. زۆرجار ئەم خەندەییە لەکاتی پەیوەندی تەلەفۆنی دەگوازریتەوە هەربۆیە هەوڵبدە کە بەخەندە و ڕوو خۆشییەوە قسە بکەی.

وە پێچەوانەکەشی ڕاستە ، ئەگەر هاتوو هەمیشە روخسارت گرژ و مڕومۆچ وو وەک ئەو یاریزانەی لەپیشتردا باسم کردبوو،

بەدڵنیایەوە ڕووبەڕووی هەڵسوکەوتی نەرێنی دەبییەوە ،ئەو کاتە توشی سەرسوڕمان نەبی لەهەڵسوکەوتە نەرێنییەکانیان بەرامبەرت.

- جالێرەدا پرسیاریکت لێ ئەکەم بە راشکاوی وەڵامم بدەوە، ئایا تۆ کەسێکی ڕووخۆش و دەم بە خەندە و پێکەنینی...؟

جولەی دەست و قۆڵ و باسک و جوولەی سەر....

- قۆڵ و باسک: لەم بەشەدا زۆر بەراشکاوەیی و ئازایانە باسی بابەتەکان دەکەم. ئەگەر تۆ پێت وایە کردنەوەی قۆڵ وباڵت لە کۆبونەوەوە خێزانییەکان و بارزگانییەکان کۆمەڵایەتیە و دەبێتە مایەی رێزگرتن،ئەوە بێ ئەوەی تۆ هەست بکەی بامن پێت بلێم ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە تۆ کەسێکی نەرێنی(سلبی)و خۆشەویست نی لای کەسەکان. تۆ بەم هەڵسووکەوتە دیوارێک لە نێوان خۆت و کەسەکان دروست دەکەی ،لێرەشدا شتیکی سەیر روودەدات ئەویش ئەوەیە: هەرهانگاوێک بنێی هەنگاوەکانت پێچەوانە دەبنەوە بێ ئەوەی تۆ هەستی پێ بکەی لە هۆکارەکەی. هەربۆیە ئەوەی دەبێتە رێگر لەبەردەم پێش خستنەکانت یەک کۆسپ نییە بەڵکو دوو کۆسپە ...

- یەکەمیان :دیوارێکە کە بەهۆی هەڵسوکەوتت دروست دەبێت .

دووەمیان : دەبێتە زویری ئەو کەسەی کە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەی .

هەربۆیە بەدەست هێنانی ئەوەی ئەتەوێت زۆر ئەستەم دەبێت.

بەڵام کاتێک قۆڵ و باسکت نەکردەوە بە نەرمی قسەت کرد، بەخۆشحاڵییەوە لەکەسێکی نەویست دەگۆڕێی بۆ کەسێکی (خۆشەویست)... ئەوکاتە بارودۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە هەموو کارەکانت بەرەو ئاراستەی باشی و رێکی دەڕۆن.

- جالێرەدا پرسیاریکت لێ ئەکەم بە راشکاوی وەڵامم بدەوە، ئایا تۆ کەسێکی ڕاهاتووی لەوەی کە قۆڵ وباڵت بکەیەوە...؟

- جوڵەی دەست: ئایا لەپێشتردا هیچ کات تاقیت کردۆتەوە کە راهێنان بکەی لەسەر چۆنییەتی جولەی دەست لە کاتی وتاردان یان قسە کردن چونکە جولەی زۆری دەست واتای تێگەیاندن دەدات..؟ جارێکیان هاوڕێیەکەم پی وتم کە راهێنانی لەسەر جولەی دەستەکانی کردووە و بە کامیرای ڤیدیۆش تۆماری کردبوو و پاشان دیمەنەکانی نیشانی چەند کەسێک دابوو، ئەوانیش پێیان وتبوو کە نابێت ئەوەندە دەستەکانت بجولێنی وپیویستە دەستەکانت جێگربێت و ئەوەندە نەیجولێنی.

من پێموایە ئەم قسەیە ، قسەیێکی بێ ماناو پڕووپووچە، چونکە زۆربەی کەسەکان لە کاتی سمینار و خوێندنەوەی وتارەکاندا جولەی دەستییان بەکاردەهێنن، بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجی بەرامبەرەکەیان رابکێشێت و بتوانن وا لە ئامادەبووان بکەن زیاتر چێژی لێوەربگرن و ببێتە هۆی بەستنەوەی ئامادەبوان و سەرنج خستنە سەر وتارەکەی . جوولەی دەست بریتیە لە گرنگترین کەرستەی تێگەیشتن لای تاکەکان.

نەکەی بوەستی لە جوولەی دەست ، چونکە جوولەی دەست، هێمایەکە وا لەکەسەکان دەکات زیاتر تۆیان لای پەسند بێت و زیاتر هەست بە پەرۆشی بکەن بۆ بابەتەکەت. جوولەی دەست وەک بەکارهێنانی بەهاراتە لە خواردندا خۆشی دەکات. ئەم ئامۆژگارییەت لە بیربێت . لەکۆتایدا دەپرسم ئایا چۆن جوولەی دەستەکانت بەکار دێنی لەکاتی گفتوگۆکردندا....؟؟؟

- جوولەی سەر: ئەمەش یەکیکە لە رێگایە ئاسانەکان کە کاریگەری ئەرێنی دروست دەکات لە سەر بەرامبەر. ئەویش بەجولاندنی

سەری تۆ ئەکرێت، جولەی سەر لایەنێکی رەوشنبیری کەسەکانە بەوەی کاتێک کەسی بەرامبەر قسە دەکات بەواتای تێگەیشتن و گوێبستن دێت. ئەگەر تۆ بتەوێت پرسیار ئاراستەی کەسێک بکەی پێویستە بە چاوەکانت خۆشەویستی و رێزت نیشانی بدەی.ئەمەش دەبێتە هۆی کاردانەوەییێکی ئەرێنی(أیجابی) لە لایەن کەسەکانەوە. پێچەوانەکەشی تەواوە :چونکە هەندێکجار جولاندنی سەر لەکاتی پرسیارکردن هێمایەکی نەرێنییە بۆ کەسی بەرامبەر. هەربۆیە ئەم پیشنیارم بۆت هەیە پیش ئەوەی پرسیار بکەی . باشتر وایە کە بڵێی:
(پێم وانیە دەرگام بەڕوودا دابخەی و کارەکەم لێ ئاڵۆز بکەی..؟)
کاتێک سەر دەجولێنی تووشی سەر سوڕمان نەبی لەوەی کە ئەنجامێکی نەرێنی وەرگرییەوە...
- جالێرەدا پرسیارێکت لێ دەکەم بە ڕاشکاوەییەوە وەڵامم بدەوە، ئایا تۆ بڕوات بە جولەی سەر هەیە لەکاتی گفتوگۆدا..؟

# پێکەنین...

پێکەنین هەمان کاریگەری خەندەی هەیە لەسەر کەسەکان.هەر بۆیە ئامۆژگاریت ئەکەم لە کاتی کۆبوونەوە و چاو پێکەوتنەکاندا ڕووخۆشی و گالتە و پێکەنین بە کاربێنە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت کەمێک لە موکڕی(جدية)کەم دەکەیەوە لە کاتی کۆبوونەوە. لە بیری مەکە کاتێک چاوت بەکەسێک دەکەوێت ڕووخسارت با خۆش و دەم بەپێکەنین بی کاتی کەسێک قسەت بۆ دەکات چونکە ئەو پێکەنینە و ڕووخۆشییە دەبێتە مایەی دروست کردنی پەیوەندییەکی باش . لە راستیدا پێکەنین و ڕووخۆشی بناغەی دروستبوونی پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤەکان . وەهەرەها دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی بەرامبەر حەز بە دیتنت بکات و تۆش ئەبێت بە کەسێکی سەرنجراکێش لای ئەو، وە کاتێک پرسیارییان ئاڕاستە دەکەی ئەوان بە(بەڵێ) وەڵامت دەدەنەوە.

- جالێرەدا پرسیارێکی ڕوون و ئاشکرا هەیە،ئایا خۆت فێری ڕووخۆشی و پێکەنین ئەکەی کاتێک گفتوگۆ لەگەڵ کەسەکان دەکەی..؟

## چاوەکان...

ئەگەر ئەتەوێت پەیوەندیت لەگەڵ کەسێکدا بەردەوام بێت ،هەمیشە بزەی چاوەکانت بەکار بێنە بۆ هێمایە ئەرێنییەکان . هەربۆیە پارێزگاری لە پەیوندی چاوەکان بکە لەگەڵ کەسەکەدا. چونکە بزەی چاو سێ بەشی گفتوگۆیە ، وە هەروەها ئەگەر کەسەکە بەهەمان شێوەی تۆ بزەی چاوی بەکارنەهێنا ، ئەو کاتە تۆ بزەی چاوەکانت پێچەوانە بکەوە لە رێگای هەردوو چاوەکانت ئەو کاتە کەسی بەرامبەر هەست بەوە دەکات کە تۆ دەتەوێت بی ترسێنی.

وە کاتێک ئیمە قسە لەسەر گرنگی و تایبەتمەندی چاو دەکەین.لێرەدا شتێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش نابێت لەکاتی گفتوگۆدا کاتێک کەسی بەرامبەر قسەت بۆ دەکات تۆ چاوەکانت بەرزبکەییەوە بۆ ئەوەی سەیری ئەم کاتژمێرە بکەی کە بەدیوار هەڵواسراوە یان سەیری کەسێکی تر یان مۆبایلەکەت بکەی ، ئەگەر کارێکی وات کرد ئەوە تۆ پەیوەندی گفتوگۆیەکە تێک و پێکی دەدەی، چونکە کەسی بەرامبەر واهەست ئەکات تۆ بێزاربووی لێی یان دەتەوێت کە بڕۆی بۆ شوێنێک. لەم کاتەدا پێویستە بەدەنگێکی زۆر خۆش بڵێی دانیشتن لەگەڵ ئێوە چێژی تایبەتی هەیە لەوەی تەنیا گوێ بگرم. ئەگەر نەتوانی ئەوە بکەی نیگەران نەبیت لە رەتکردنەوەت لەلایەن کەسەکانەوە.

- جا لێرەدا پرسیارێکی ڕوونت ئاڕاستە دەکەم :ئایا سەیری چ شوێنێک ئەکەی کاتیک کەسێک قسەت بۆ ئەکات..؟

## سنوری خۆت بزانە لە کاتی گفتوگۆدا

ئایا هیچ کات لەپێشتردا بەسەرتداهاتووە لەکاتی کۆبوونەوە و دانشتنی کارگێری لە ناکاو کەسێک بەمەبەستی گفتوگۆ ڕووبەڕووت هاتبێت لەکاتێکدا تۆ قسە دەکەی بۆ کەسەکان..؟

بەڵێنم دابوو کە سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی ساڵانەی پێشخستنی کارەکان بگرمە ئەستۆ،کە ماوەکەی سێ رۆژبوو. ئەندامێکی هەمیشەمان هەبوو هاتە لام بۆ ئەوەی قسە لەسەر بابەتێک بکات، ئەوەندە لێم هاتبووە پێش نێوان من ئەو تەنیا (١٠سم) بوو، هەستم کرد هێواش هێواش بەرەو دواوە ئەڕۆم.

دەزانی ئەمجارە چ ڕوویدا..؟ دووبارە بەهەمان شێوە هاتە وەڵام و سنوری خۆی بەزاند ، هەم هەڵسووکەوتەی ناچاری کردم کە رابکەم و خۆمی لێ بشارمەوە. وایکرد کە هەست بە بیزارییێکی زۆر بکەم.

وەک ئەوەی لە ڕابردوودا باسم لێوە کرد. لێرەدا بنچینەیەکی سەرەکی هەیە ئەویش ئەوەیە ،ئەگەر ویستت گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکدا بکەی بەشێوەیەکی باش. تا ئەوەی دەتەوێت بەدەستی بێنی، بیرت نەچی بەخێرایی زۆر لێی نزیک مەبەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی دەتەوێت گفتوگۆی لەگەڵدا بکەی هیچ نەبێت هەست بەئاسودەیی بکات، ئەگەر هاتوو کەسەکەشت لە پێشتریشدا دەناسی ،دەبێت کە بەلایەنی کەمەوە (سێ بۆ چوار)هەنگاو لێیەوە دووربی بۆ ئەوەی چوارگۆشەیێکی ئارام دروست بکەی.

- جا لێرەدا پرسیارێکت لێ دەکەم :ئایا بۆ ئەوەی لە گفتوگۆیەکانت سەرکەوتوو بێت، تا چەند لەم کەسە نزیک دەبییەوە کە گفتوگۆی لەگەلدا دەکەیت..؟

## تۆقەکردن و دەست خستنە نێو دەست...

هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەک بە تۆقەکردنی و دەست خستنە نێو دەستی یەکتر دەست پێ دەکات و کۆتایی پێ دی جا ئەم کۆبوونەوەیە کۆمەڵایەتی بێت یان بازرگانی یان سیاسی. زۆر ڕوون و ئاشکرایە ئێستا لە خەیاڵی خۆتدا دەڵێی ئاخۆ دەبێت ئەم کەسە کێ بێت کە تەوقەی لەگەڵدا بکەم..؟ ئەنجامدانی تۆقەکردن و دەست خستنە ناو دەستی کەسەکان بەشێوەیەکی جوان یەکێکە لە کارە زۆرگرنگەکان.پێتوایە کام ڕێگا بەسوودە بۆ چۆنییەتی تۆقەکردن..؟ بەدڵنیایەوە گوێت لێبووە کە تەوقەکردن بەشێوەیەکی(توند) باشترین تۆقەکردنە . بەڵام هەموو کات نا . بامن پرسیارێکت لێ بکەم:

- ئایا لەپێشتردا دەستت خستۆتە ناو دەستی کەسێکەوە بەمەبەستی تۆقەکردن ئەویش بە هەموو هێزییەوە دەستی تۆی کوشیبێت، بەو ئەندازەی کەئازار بە پەنچەکانت گەیشت بێت..؟ ئەوکاتە هەستت بەچی کردووە لەم جۆرە تۆقەکردندا..؟

هەندێک کەس تەوقەکردنی بەهێز و کوشینی پەنچەکات تێکەڵ یەکتر دەکەن، ئەم ڕێگایە دەبێتە هۆی ڕێگری کردن لە بەردەم دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ کەسەکەدا.ئەم جۆرە کەسانە بێ ئەوەی هەست بکەن تواناکانیان لەسەر ئەم کەسە تاقی دەکەنەوە و خۆیان دەسەپێنن بەسەر کەسی بەرامبەر.

دووبارەی ئەکەمەوە :ئایا پێتوایە ئەم ڕێگایە باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی بتکات بە کەسێکی خۆشەویست...؟بەدڵنیاوە نەخێر..

- ئەی پێویستە چ کارێک بکەین..؟

ئاسانە ،هەوەڵبدە کەمێک دەستی بکوشی بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر هەستی پێ بکات ، پاشان بزانە کەسی بەرامبەر چەندە

دەستت دەکوشی و تۆش بەهەمان شێوەی ئەو دەستی بکوشە.ئەگەر کەسی بەرامبەر بەتوندی تۆقەی لەگەڵدا کردی ،تۆش بەهەمان شێوەی ئەو بەتوندی تۆقەی لەگەڵدا بکە.ئەگەریش زانیت تۆقەکردنەکەی بە نەرمبوو تۆش نەرمتر لە تۆقەکردنی ئەو تۆقەی لەگەلدا بکە.هەمیشە مرۆڤەکان هەست بەئارامی دەکەن کاتێک هەست دەکەن کەسی بەرامبەر وەک خۆیەتی.

- جا تۆ چۆن تۆقە لەگەڵ کەسەکان دەکەی..؟

## سیما و روخسارت دەرخەری کەسایەتیتە...

هەندێکجار سیما و دیمەنمان کارێکتەرەکی زۆرباشە بۆ ئەوەی ئامانجەکانمان بەدیبێنین ، بەتایبەتێش شێوازی جل و بەرگەکانمان، چونکە کەسی بەرامبەر لە دوورەوە وێنای کەسایەتێیەکی گەورەی لە بیری خۆیدا بۆت دروست دەکات، ئەمەش وادەکات بەئاسانی وەڵامی داواکارییەکانت بدەنەوە. ئایا پێت وانیە کاتێک دەتەوێت بچی بۆ چاوپیکەوتن یان کۆبوونەوە ، بیر دەکەیەوە کە کام جل و بەرگ شایەنی شوێنەکەیە تا بی پۆشی..؟ هەمیشە بیر لە جل و بەگێکی جوان و گونجاو دەکەیەوە تا ئەو کەسانەی چاوت پێیان دەکەوێت هەست بەئارامی و ئاسوودەیی بکەن.

لێرەدا پرسیارێک هەیە کە پیویستە لە خۆتی بکەی ئەویش:

- ئایا کامە جل و بەرگ شیاو و گونجاوە بۆ ئەم شوێنە..؟

- ئایا بە چ شێوازێک جل و بەرگەکەم بپۆشم بۆ ئەوەی بتوانم کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەر دروست بکەم بۆ ئەوەی ئامانجەکانم بێتە دی...؟

چەند ساڵێک بەر لە ئێستا دەستم کرد بە تویژینەوەیەکی مەیدانی، لەسەر ئەم بابەتە، کە لە ئەنجامی تاقی کردنەوەکەمدا ئەنجامێکی باشم دەستکەوت.

کۆمپانییایەکەم داوایان لێکردم کە چەند ڕێنماییەک بدەمە یەکێک لە کۆمپانیایەکانی ئۆتۆمبێل، کە کۆپانیایەکی گەورەی ئۆتۆمبێل بوو. کە ئامانجیان ئەوەبوو فێریان بکەم کەچۆن هەڵسووکەوت لەگەڵ کریارەکانیاندا بکەن. ئەم کارە بۆ من زۆر ئاسان بوو. چونکە دەمزانی کە چۆن هەڵسووکەوت لەگەڵ کریارەکان دەکەن و چ شتێک کاریگەری دەبێت لەسەرهەڵسوکەوتی کارمەندەکان. بۆیە

دەمویست کە دڵنیاببمەوە لە چۆنییەتی هەڵسووکەتی کارمەندەکان لەگەڵ کڕیارەکاندا. کەتاقیم کردنەوە بەڕاستی وێنایەکی سەیرم لێیانم بەدیکرد.
کە چووم سەردانی کۆمپانییایەکەیانم کرد کراسێک و پانتۆڵێک و پێڵاوێکی ئاسایم لەبەرکردبوو، وەک ئەوەی خەڵک رۆژانە لەبەری دەکەن. هەستم کرد هیچ گرنگی ئەوتۆم پێنادەن بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلەکان تاقی بکەمەوە پێش ئەوەی بیکڕم..! بۆیە دوای چەند رۆژێکیتر گەرامەوە هەمان شوێن، بەڵام ئەمجارە چاکەت و بانتورێکی سێ پارچەی کەشخم لەبەرکرد و پێلاوێکی بریقەدارم لەپێ کرد، بینیم گرنگییەکی تەواوم پێ دەدەن لەلایەن کارمەندەکانەوە تەنانەت بۆ چرکەیێکش چاویان لەسەر هەڵنەگرتووم و گرنگییەکی تەواویان پێدام و تەنانەت داینیشاندم بەدەم قاوەخواردنەوە وەک بڵێی دۆستی چەندین ساڵیان لێ ونبووە تازە دۆزیتیانەوە. کوردەواری دەڵێت(جل وبەرگ ئەگەر نەتکات بە دوو ئەتکات بە یەک ولە سەرەوەی دیوەخانت دادەنێت)
هەربۆیە ئەگەر بەنیازبووی بچی بۆ شوێنێکی تایبەتمەند وەک شوێنێکی بازرگانی یان ئاهەنگ یان چاوپێکەوتن لەگەڵ پیاوانی سیاسەتمدارو ئافرەتان ،چونکە ئافرەتەکان حەز لەپیاوانی سەرنجراکیش و کەشخە دەکەن بەگشتی. بۆئەوەی داواکارییەکانت رەت نەکرێنەوە و جێی بایەخ و گرنگی پێدانیان بی سەرەتا بیرلە شێوە و شێوازی جلو بەرگەکەت بکەوە .
لێرەدا چەندین نموونەی و شێواز هەیە کە وادەکات کەسی بەرامبەر گرنگیت پێ بدات کاتێک جل و بەرگێکی گونجاوت لەبەر کردووە بەم شێوەیە پیشوازیت لێدەکەن:

- ئایا چ شتێک تۆی هیناوە بۆ ئێرە..؟
- ئایا حەز ئەکەی هەندێک لەکاڵایەکانت نیشان بدەم کە نمایشمان کردووە..؟
- ئایا دەتوانی کەمێک چاوەڕی بکەی بۆ ئەوەی ناوت بخەینە ناو سندووقەی پیانگۆ(یانسیب) بۆ ئەوەی بەختت تاقی بکەیەوە..؟
لە کوتایدا پێت دەڵێم بیرت نەچێت لەخۆت ببرسی و بلێی: ئایا کام شێوە و شێواز سەرنجراکیشە بۆ ئەوەی جلەکانم بپۆشم، هەوڵبدە جلەکانت گونجاو و شیاو بێت بێ ئەوەی زیادەڕەوی تێدا بکەی..؟

## پرسیارەکانت بەدەنگی ئاسایی بکە و سووربە لەسەر داواکاریت..

پێش ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەم شێوازە بکەین، پێم خۆشەوە سەرەتا بۆت ڕوون بکەومەوە سەرەڕایی ئەو بەهرەیەی هەمەکە کتێب نوسینە، وە هەروەها ئەم هاوکارییانەی لە لایەن نوسەرەکانەوە کە دەبێتە پاڵپشتییەک بۆ نووسینەکانم .کەچی هیشتاکەش ناتوانم بە تەواوی و پوختەیی لە ڕێگەی نوسین و وتندا بۆتان باس بکەم . بەڵکو دەبێت پشت بەتواناکانی خۆتانەوە ببەستن بۆ تێگەیشتنتان کە لە خودی خۆتاندا بوونی هەیە. یەکێک لەم شێوازە گرنگانە ئەوەیە کە سەیری نموونەکەی ئەم کتێبە دەکەی چەند جارێک بەدەنگێکی بەرز بیخوێنەوە بۆ ئەوەی خۆت تاقی بکەیەوە و تا بەباشی لە خاڵەکان تێ بکەی کە باسیان دەکەم.

- توندی...

شمشێرساز پشت بە کەرستەی خاوی ئاسنەکە دەستی. ئەم توندییەش پشت بە توانای و بوێری تۆ دەبەستێت لەکاتی پرسیارەکردندا. زۆربەی جارەکان توندی پەیوندی بە هەست یان خوێن گەرمی کەسەکەوە هەیە . بەدڵنیایەوە تۆ پێویستت بەکەسێک هەیە کە وەڵامی پرسیارەکانت بداتەوە. هەر بۆیە لە کوێ ئەم توندییە بەکاردەهێنی ..؟ لێرەدا سەرنج دەخەمە سەر چەند نموونەیەک وەک:

- کەواتە، دەتوانی چ کاریکم بۆ بکەی تا یارمەتیم بدەی..؟

ئەمجارە هەوڵبدە ئەم نموونەیە بەکاربهێنی بە دەنگێکی بەرز و سەرنج بخە سەر وشەکانت بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر هەست بە خوێنی گەرمی تۆ بکات.

ئەم نموونە بەکار بهێنە و توندبە لەسەر وشەکانت بەبەکارهێنانی وشە(تۆ) ئەم کاتە شێوازی دەگۆڕێت:

- تۆ چ کارێک دەکەی تا یارمەتیم بدەی..؟

ئەمجارەیان بەتوندی وشەی(دەتوانی)بەکاربهێنە وادیارە پێویست دەکات زیاتر توند بی:

- کەواتە تۆ(دەتوانی)چی بکەی بۆ ئەوەی یارمەتیم بدەی..؟

ئەم نموونەش بەکار بهێنی بۆ ئەوەی کەسەکە زیاتر گرنگیت پێ بدات لەوەی پێداگری بکەی لە داواکارییەکانت.

بۆ ئەوەی رستەکەت زیاتر ڕاستگۆیی پێوە دیار بێت لە پرسیارکردندا ناکری وشەی (یارمەتی)تێدابێت..!

بەڵام نابێت بەم شێوەیەش زۆر توند بیت تا ئەو ئاستەی کەسی بەرامبەر هەست بکات تۆدەتەوێت خۆت زاڵ بکەی بەسەر کەسەکەدا. بەڵکۆ بۆ ئەوەیە کەسی بەرامبەر هەست بکات توندییەکەت دەرخەری ئەوەیە کە کارەکەت لا گرنگە. لە ڕاستیدا ئێمە رۆژانە پێویستیمان بەم شێوازە هەیە بۆ ئەوەی پرسیاری پێ بکەین، بەڵام دەبێت سەرنج بخەیتە سەر وشەکانیش ، هەر بۆیە دەبێت ڕاهێنان بکەی لەسەر بەکارهێنانی وشەکان و شێوازی دەربرینت بۆ بابەتەکان..

- دەنگی بەرز...
لە ڕاستیدا دەنگی بەرز کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کەسایەتیدا. لێرەدا پێویستە بیر لەکاتەکە بکەیەوە بۆ ئەوەی دەمانەوێت بیڵێین کە چۆن بە دەنگی بەرز قسە بکەین بۆ ئەوەی بتوانین کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەر دروست بکەین لە کاتی پرسیار کردندا. بیرت نەچێت ئەم کتێبە، کتێبی پڕۆگرامی خوێندن نیە لەسەر فێربوونی چۆنیەتی بەکارهێنانی دەنگ و دەربڕینی وشە. بەڵکو ئامانج لێی بەئاگابوونەوەیە لە چۆنییەتی بیرکردنەوە لەم زانستە گرنگەی دەنگ دەربڕین. لەگەڵ ئەوەش دوو شێوازیتر هەیە کە پێوسیتە شارەزایی ئەوانیش (دەنگی گونجاو)یان (ڕەنگ دانەوەی دەنگە)کە هونەرێکی گرنگە.
بەدڵنیایەوە هەمووان لەپێشتردا کەسانێکمان دیوە کە بەخێرایی قسەدەکەن یان بەدەنگێکی نزم و لەسەرخۆ یان بەدەنگێکی بەرز یان بەدەنگێکی زۆر نزم قسەدەکەن.
لەسەرەتادا پێویستە بەدەنگی نزم و لەسەرخۆ قسە بکەین و سەیری کەسی بەرامبەر بکەین بزانە ئەم شێوازە گونجاوە یان نا. لێرەدا با نموونەیەکت بۆ باس بکەم ئەویش کاتێک تۆ لە کتێبخانەی گشتیدای ئەگەر (کتێبەوانە)کە بەدەنگێکی بەرز قسەی لەگەڵدا کردی راستەوخۆ وێنای کەسێکی (نەرێنیت) دێتە بەرچاو.
شێوازی دووەمیان بریتیە لە (ڕەنگ دانەوەی دەنگ) ئاسانترین رێگایە کە باسی بکەم بە زارەکی ئەوەیە کە کەسی بەرامبەربە چ شێوازێک قسەی لەگەڵدا کردی تۆش بەهەمان شێوەی ئەو قسەی لەگەڵدا بکە. چونکە کەسی بەرامبەر هەست بە ئارامی و ئاسودەیی دەکات کاتێک وەک خۆی هەڵسووکەوتی لەگەڵدا بکەی. وە هەروەها بەشێوەیەکی ئەرێنی بەدەم داواکارییەکانتەوە

دێت.ئەم شێوازە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە لاسای دەنگی کەسەکە بکەیتەوە،بەڵکو ئەوەیە کە ژیرانە سەرنج بخەیتە سەر شێوازی و بەرزی و نزمی دەنگی کەسەکە....هتد . پاشان وەک ئەو هەنگاو بنێ.

هەربۆیە ئەگەر چاوپێکەوتنت کرد لەگەڵ کەسێکدا بە مەبەستی ئەوەی کاڵاکانتی پێ بفرۆشی یان بیرۆکەیەکی پێ بدەی، سەرەتا بزانە ئەم کەسە، کەسێکی نەرم و نیانە یان دوودڵە لە گفتوگۆیەکانیدا، باشە ئەگەر کەسی بەرامبەر هەستی بەوە کرد کە تۆ بە توندی و بەدەنگی بەرزهەڵسووکەوتی لەگەڵدا دەکەی ، ئایا کەسی بەرامبەر هەست بە چی دەکات بەم جۆرە هەڵسووکەوتەی تۆ...؟ بەدڵنیایەوە نا رەحەت و بیزار دەبێت، یان ڕەنگە هەست بە ترس و فشار بکات. هەر بۆیە ئەگەر ئەم هەڵسووکەوتە پێچەوانە بکەیەوە ، بەشێوەیەکی نەرم و دەنگێکی لەسەرخۆ گفتوگۆو کیشەکانت باس بکەی ، بە دڵنیایەوە کەسی بەرامبەر هەست بە ئارامی و دڵخۆشی دەکات . بەمەش کارەکانت باشتر و سەرکەوتووتر دەبێت.

## لەکاتی قسەکردندا دەنگت بەرز و نزم بکە...

لێرەدا حەز ئەکەم کە شتێکت بۆ باس بکەم کە پەیوەندی بە دەنگ و ئەم وشانەوە هەیە کە بەکاری دێنی. ئەویش: دەنگی مرۆڤەکانە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین وەک ئاوازی مۆسیقایە. وەک چۆن مۆسیقا لە کاتی گۆرانیدا  دەنگی بەرز و نزم دەکاتەوە بە پێ ئاواز و وشەکانی گۆرانی. دەنگی مرۆڤیش بەهەمان شێوەیە بەپێی ئەم وشانەیە کە دەری دەبڕی بە دەنگی بەرزو نزم لە کاتی قسەکردندا. وەهەروها چەندین شێوازی جیاوازی تر هەیە کە تێدا شێوەی هەر یەکێکیان دەنگ و دەربڕینێکی تایبەتی خۆی هەیە بە پێی بارووددۆخی شوێنەکە.

**بەرزکردنەوەی دەنگ لەکاتی پرسیارکردندا:** هەوڵبدە پرسیار بکەی بێ ئەوەی بیری لێ بکەیتەوە. دەبینی هەر  لەخۆیەوە بەسروشتی وایە لە کۆتایی رستەکەدا دەنگت بەرز دەبێتەوە.هەوڵبدە تاقی بکەیەوە بڵێی:

- سڵاو چۆنی باشی..؟

بەباشی گوێی لێ بگرە هەست دەکەی وشەی کۆتایی ڕستەکە کەمێک لە ئەوانی پێشەخۆی بەرزترە هەر لە خۆیەوە وایە ،بێ ئەوەی تۆ پێ بزانی و هەستی پێ بکەی، سروشتی دەنگی مرۆڤ وایە لە کاتی پرسیارکردندا.

سەیربکە (ڕستەی هەواڵی) چۆن لەسەر یەک شەپۆڵ دەڕوات. وەک:

- ئاسمان شینە...

- ئیتالیا لە مۆندیالی (٢٠٠٦) بردییەوە...
- پاریس پایتەختی فەرەنسایە...
هەوڵبدە سەرنج بخە سەر دەستەواژەکان چۆن لە کۆتایی رستەکاندا دەنگەکان بەرز دەبنەوە بەشێوەیەکی گشتی.
لێرەدا سەیر بکە کە دەبینی لە هەموو ڕستەکاندا ئەم بەرز و نزمییە بەدی دەکرێت.دووبارە تاقی بکەوە بزانە هەمان شێوە دەرناچێت بێ ئەوەی تۆ بیری لێبکەیەوە.

**نزم کردنەوەی دەنگ لە کاتی پێدانی فەرمانکردندا:** هەوڵبدە بەمنداڵەکەت بڵێی (دانیشە)یان (بوەستە) ئەوەندە شیرینی مەخۆ. بەجوانی سەرنج بخە سەر ئەم فەرمان پێکردنە، بەرز و نزمی دەنگت چی بەسەرهات لە کۆتای وشەکان..؟ دەنگی نزم وایە..؟ وەک ئەوەی باسم کرد بێ ئەوی هەستی پێ بکەی لە کاتی دەربڕیندا. کەواتە بۆ باسی ئەمم بۆ کردی..؟ چونکە بەشێکی بەچێژ و خۆشی تێدایە لەم دەربڕینانەدا لەبەر ئەوەی مێشکی مرۆڤ دەریاییەکی رێکخراوە . با لێرەدا شتەکان پێچەوانە بکەینەوە بۆ ئەوەی بابەتەکە بەچێژ تربێت . ئەویش ڕستەی پرسیارکردنە لەجیاتی ئەوەی بەدەنگی بەرز دەریببڕین بە دەنگی نزم دەریدەبڕین هەست دەکەی ئەم شێوازە شێوازی فەرمانکردنە ، چونکە مێشکی مرۆڤ  بە ڕستەیەکی فەرمانی وەری دەگری . هەربۆیە کەسی بەرامبەر بەهەمان شێوە وەڵامت دەداتەوە- کە کەسی بەرامبەرت بەم شێوەیە تێ دەگات.
لێرەدا دوو نموونە هەیە لەسەر جۆری پرسیارکردن ئەوانیش :
- ئایا هیچ دەرفەتێکم هەیە بۆ ئەوەی بە نرخێکی کەمترم دەستکەوێت..؟

شێوازی قسە کردنت بگۆڕە کە پرسیارت پێ کرد ، ئەویش کەمێک دەنگت نزم بکەوە لە وشەی کۆتایی ڕستەکەدا، وە بە جەختکردنەوەی وشەی(بە دەستی بێنە)هەست دەکەی ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی فەرمان پێ کردن.
سەیری ئەم پرسیارەی خوارەوە بکە:
- ئایا حەز ئەکەی لە وەختێکدا بەیەکەوە قاوەیەک بخۆیتەوە ..؟
ئەم ڕێگایە ڕیگایەکی سروشتییە ،بۆ ئەوەی ڕستەکە بە کەمێک دەنگی بەرز دەری ببڕی تا لە کۆتاییدا وەک پرسیار خۆی نیشانبدا. بەڵام ئەگەر لە کۆتایی ڕستەکەدا دەنگت نزم بکەیتەوە هەست دەکەی کە ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی فەرمان پێ کردن . لێرەدا هەست دەکەی داواکارییەکەت بەشێوەیەکی جیاوازتر دەبێت. لەکۆتاییدا خۆرسکانە و لەخۆرا وەڵامەکەت دەبێت بە(بەڵێ) ....
سەرەتا ڕاهێنان بکە و پاشان هەوڵبدە کە تاقی بکەیەوە.

## پێویستە پرسیار ئاڕاستەی خودی خۆت بکەی...

لە ڕاستیدا ئەم پرسیاریارانەی ئاڕاستەی خۆتیان دەکەی تواناکانت دەردەخات لە بەدیهێنانی خواستەکانت.
نەوەک تەنیا لای کەسەکان بەڵکو لای خودی خۆشت. زۆربەی ئەم فشاروو کێشە و کۆسپانەی لە دەستیان دەناڵێنی لە ژیاندا، دەتوانی کەمی بکەیتەوە یان هەربەتەواویی نەیهێڵی ئەویش تەنیا بەهۆی ئاڕاستە کردنی پرسیاری ڕاست و گونجاو لە خودی خۆت. ئەمەش بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کە بە وردی باسیان لێوە دەکات . بەهیوای ئەوەی کە سود لەم کتێبە وەربگری کە تێیدا بیربکەیەوە لە چۆنییەتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەت، ئەویش تەنیا پرسیار بکە

## خواستەکانت چین..؟

سەرەڕای ڕوونی ناونیشانی ئەم کتێبە، لێرەدا پرسیارێکی زۆر گرنگ هەیە کە پێویستە لە خۆتی بکەی. ئەویش:

خواستەکانت چین..؟

ئەگەر هاتوو داوام لە ئێوە کرد هەر ئیستا لە لیستێکدا ویستەکانتانم بۆ بنوسن لەسەر پارچە کاغەزێک ئەوەی دەتانەوێت. لە ڕاستیدا زۆربەی زۆرتان تۆشی ئاستەنگ دەبن لە وردی و ڕاستی نوسینی خواستەکانتان

ڕەنگە ئەم داخوازییانەی دەیاننوسی تا ئاستێک شتی باشیان تێدابێت بە گشتی وەک: هیوای تەندروستییەکی باش و خێزانێکی بەختەوەر و هاوڕێ باش و ماڵ و سامان و ئاسایش و ئازادی کەسیەتی وڕێز و خۆشەویستی و ستایش و داهاتێک کە بەشی پێداویستییەکانی ژیانم بکات.

سەرەڕای گرنگی ئەم شتانەی سەرەوە. لێرەدا هەندێک شت هەیە کە هاوبەشە لە نێوانماندا.تەنانەت ئەگەر ئەمانەمان هەشبێت، هەمیشە ئەم شتانەمان لە مێشکدایە کە ویستمان لەسەریانە. بۆیە با پرسیارەکەم دووبار بکەمەوە، بەڵام دوور لەم ویستانەی پێشوو :

- خواستەکانت چین..؟

بەدڵنیایەوە وەڵامێکی ڕاست و دروست نیە بۆ ئەم پرسیارە، وەک چۆن بیرم خستیەوە لەم کتێبەدا بۆ ئەوەی یارمەتی خودی خۆت بدەی بۆ چۆنییەتی دۆزینەوەی وەڵامەکان. لێرەدا پێویستە تۆ سنوری پرسیارەکانت بچووک بکەییەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەوەی ئەوی دەتەوێت دەستت بکەوێت.

بۆ ئەوەی بتوانم دەستی هاوکاریت بۆ درێژ بکەم، لێرەدا چەند پرسیارێکت ئاڕاستە دەکەم تا کارەکانت بۆ پێشەوە بچێت:

ئەمجارەیان دڵنیام کە ئەم لستەیان ویست و حەزە تایبەتییەکانی خۆت تێدا دەنوسی. هەندێک جاریش نووسینەوەی ئەم لیستە کە خواست و ویستەکانت لەگەڵ هاوڕێ کەسە نزیکەکانت دەنووسییەوە چێژ و سوودێکی تایبەتت پێ دەبەخشی. لەڕاستیدا نووسینەوەی ئەم لیستە بەواتای ئەوە نیە کە هەموو وسیتەکانت بە دووروو درێژی تیدا بنووسی.من دڵنیام کە ویستەکانی تۆ جیاوازتربێت لەوەی لەم لیستەی کە من لە خوارەوە نووسیومە.

ئێستا لیستی تایبەتی ئارەزووەکانت دەنووسم .وەک:

- گەشتکردن : ئەگەر بۆت رێک بکەوێت گەشت دەکەی بۆ شوێنێک کە لە پێشتردا گەشتت بۆ نەکردووە. تۆ بڵێی بۆ ساڵی دابێت ئەم شوێنەی گەشتی بۆ دەکەی دەبێت چ شوێنێک بێت..؟

- کەل و پەڵ: ئەگەر بۆت بگونجیت چەند کەل و پەلێک دەکرم لە ساڵ داهاتوودا  کە پێشتر نەم بووە و نەمتوانیوە بەدەستی بێنم. تۆ بڵێی ئەم شتانە چ بن..؟

- زانین: ئەگەر بۆت بکری زیاتر فێری زانست و زانیارەیەکان ببی بۆ ساڵی داهاتوو، تۆ دەتەوێت بەدیاریکراوەیی فێری چ زانست و زانیارییەک ببی..؟

- لێزانین: ئەگەر بۆت بکری فێری زانینی شتێکی نوێ ببی لە ساڵی داهاتوودا کە لەپێشتردا نەتدەزانی. تۆ بڵێ ئەم زانینە چیە کە حەز ئەکەی فێری بیت..؟

- کارزانی: ئەگەر بۆت بگونجی کارێکی نوێی بەدەستبێنی لە ژیانی پیشەییدا بۆ ساڵی داهاتوو کە لە ڕاستیدا لەپێشتردا نەتزانیوە. تۆ بڵێ دەبێت ئەم کارزانییە چی بێت..؟

- هاوڕێیەتی: ئەگەر بۆت بکری هاوڕێیەکی تازە بدۆزییەوە لە ساڵی داهاتوودا کە لەپێشتردا نەتناسیوە. تۆ بڵێی ئەم هاوڕێیە تازەیە دەبێت کێ بێت..!؟

- نەریت: ئەگەر بۆم بکری لە نەریتێکی خراپی ئەم کۆمەڵگایە خۆم ڕزگار بکەم لەم ساڵەدا. تۆ بڵێی چ نەریتێکە..؟

ئایا توانیت ئەمانەی باسمان لێوە کرد وەری بگری..؟ چەند پرسیارێکی تر دەتوانی زیاد بکەی لەم نموونانەدا..؟

ئەگەر ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە، ئەم نموونانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێیان کرد لە نیوان خۆت و هاوسەرەکەت تاوتوێی بکەن بەدڵنیایەوە گفتوگۆیەکەی نێواتان باشتر و جوانتر دەبێت.ئەو کاتە دوو ویست و حەزو ئارەزوو تێکەڵ یەکتر دەبن کە ئاسانتر دەتوانن ویستەکانتان بەدی بێنن. لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەپێشتردا باسمان لێوە کرد ئەمجارە پرسیاری تازە لە خەیاڵ و فکر و مێشکت دروست دەبن . بۆ نموونە وەک:

- چۆن دەتوانم ئەمانە بەدەست بێنم..؟

- چ شتێک پێویستە ئەنجامی بدەم تا بتوانم ئەمانە بە دەست بێنم..؟

- کەی دەتوانم ئەمانە بەدەست بێنم..؟

- ئایا تێچووی ئەم ویستانەم دەبێت چەند بێت..؟

- چۆن بتوانم کە تێچوویەکانیان دابین بکەم..؟

لە ڕاستیدا کاتێک کە ئەم پرسیارانە ئاراستەی خودی خۆت دەکەی ، بەشێک هەیە لە ناو جەستەی مرۆڤەکاندا کە بەشی بوێری و هاندان و باوڕە ،کە وا لەمرۆڤ دەکەن هەموو ئەم شتانەی لا ببێت بە ڕاستەقینە.

## ئامرازی (کەی)بەکار بێنە....؟

بێ ئەوەی هەست بە بێزاری بکەم ئەم کاتانەی لە ماڵەوە کارەکانم ئانجام دەدەم ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار هاوسەرەکەم لە کاتی نوسیندا گلەیی و پرسیارم ئاراستە دەکات و دەڵێت:

- من زۆر خەمبار و بێ تاقەتەم، چەند دەگەڕێم ناتوانم ئەو بەڵگانە بدۆزمەوە کە پێویستە ڕێکیان بێخم.

منیش بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێم هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژم لە خەیاڵی خۆمدا دەڵێم ئاخۆ نوسەری بەناوبانگ(جون جەریشام) روبەڕووی ئەم کێشانە بوویتەوە یان نا..؟

سەرەڕایی ئەوەی کە بێزارم دەکات لە پرسیارکردن لە کاتی نوسینەکانمدا،بێ ئەوەی هەست بکات کە بێزاری کردووم و پێشنیارێکم بۆ کرد و وتم:

- باشە ئەم بەڵگانەت بۆ (کەی) پێویستە...؟

من نەخشەیێکم هەیە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەکانت و هەروەها رۆژێکت بۆ تەرخان دەکەم بۆ کەل و پەلەکانی ترکە پەیوەندییان بەکاری تۆوە هەیە.

چونکە پرسیار کردن بە بەکارهێنانی ئامرازی (کەی) دوولایەنی باشەی هەیە ، یەکەمیان ئاسانە ، دووەمیان خەمباری و بێ تاقەتییەکەی کەم دەکاتەوە . ئەم جۆرە ئامرازە زۆر گرنگە مرۆڤ بەکاری بێنێت، لەڕاستیدا ئەگەر لەمن دەپرسن کام ئامراز لای تۆ گرنگە لە کاتی پرسیارکردندا پێیان دەڵێم ئامرازی(کەی) ..؟

ئایا چ نهێنییەک لەپشت بەکارهێنانی ئەم ئامرازە هەیە. لێرەدا دوو گرنگی هەیە ،کە پرسیاربکەی بە ئامرازی(کەی)..؟ کە یارمەتێت دەدات لە:

- نەمانی بێ تاقەتی و بێ هێزی کەسی بەرامبەر.
- ئەوەی دەتەوێت بەدەستی دێنی.

(کەی) ئامرازی نەهێشتنی هەستکردنە بە فشار...
لەڕاستیدا ئەم جۆرە پرسیار کردنە وا لەکەسەکە دەکات کە هەڵسووکەوت لەگەڵ ڕێگایەکی ڕاست و دروست بکات و بتوانێت بەربەستەکانی بەردەمی بشکێنی و ببێتە هۆی سەرکەوتنی و هۆی پارستنی تەندروستی جەستە و مێشک بە شێوەیەکی باش. ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەم ئەویش هەستکردنە بەو فشارەی لەسەر کەسی بەرامبەر دروستبووە.
ئایا هیچ کات هەستت بەوە نەکردووە کە چەندین کاروبار هەیە کە بەسەرتدا کەڵەکە بوونە..؟ وە سەرەڕای ئەوەی کە کارەکانی پێشترت ڕێک نەخستووە، سەیری دەکەی کاری تازەشت لەسەر کۆبوونەتەوە .ئایا لێرەدا سەرکەوتوو دەبیت لە تێپەڕاندنی ئەو کارانەی کە لەسەرت کەڵەکەبوونە..؟ هەندێک لە مرۆڤەکان هەن کە بە درێژایی ژیانیان بەبەردەوامی لە دڵەراوکێدا دەژین. لە بەر ئەوەی ئەم کارانەی لەسەریان کەڵەکەبوونە چۆنی تەواو بکەن. هەربۆیە حەز ئەکەم چەند ڕێگاییێکی ئاسان و سادەت پێ بڵێم بۆ ئەوەی کارەکانت ڕاپەڕینی ئەو فشارەی لەسەرتە کەم بێتەوە.
یەکەم: لیستێک دروست بکە هەموو کارو بابەتەکانت تێدا بنوسە کە پەیوەندیان بە کاری تایبەتی خودی خۆت هەیە یان بە کاری گشتییەوە هەیە. تەنانەت ئەگەر کارەکە گرنگیش نەبوو هەر بنوسە، هەرهەموو کارەکان لە لیستێکدا کۆیان بکەوە و پاشان پرسیار لە خۆت بکە و بڵێ(کەی) کارەکان دەست پێ بکەم..؟ بە

جۆرێکی تر هەوڵبدە کە پێداچوونەوەیەک بە کارەکاندا بکەی و بڵی کەی دەتوانم کارەکان ئەنجام بدەم..؟
لێرەدا پلانێکی رێک و پێک دابرێژە و کاتێکی گونجاویشی بۆ دەست نیشان بکە ئەم کاتە هەست بە پاڵنەرێکی ناو خۆیی دەکەی لە ئاسانبوون و جێ بەجێ بوونی کارەکانتدا.
پاش ئەوەی پێداچوونەوەت بەکارەکاندا کردوو وتت(کەی) کارەکان دەست پێ بکەم..؟ هەست دەکەی کە خشتەیێکت هەیە کە پڕە لە کاروباری رێک کە دەبێت هەر یەکێکیان لە کاتێکی دیاری کراودا تەواو بکەی..؟
گرنگییەکە لەوەدایە کە کارەکەت لە بیر بکەی تا کاتی خۆی دێ ئەگەرنا فشارەکانی سەرت کەم نابنەوە.
ئەوەی ئێستا گرنگە ئەوەیە کە بتوانی چۆن هەڵسووکەوت لەگەڵ کێشەکاندا بکەی بۆ ئەوەی فشارەکانی سەرت کەم بێتەوە. لێرەدا دەمەوێت بەبیرت بێنمەوە کە لە خودی خۆت بپرسی و بڵێی: ئایا چۆن بتوانم پابەندی کارەکانم بم..؟ ئێستا زۆر ئاسانە چونکە تۆ فێربووی و دەزانی کە چۆن کاتەکانت دیاری کردووە و لە چ کاتێکدا دەست دەکەی بەکارەکانت.
لێرەدا هەندێک کەسانی ژیر و عاقل هەیە کە دەڵێن: (ژیان زۆر ئالۆزە هەموو کاتێک بۆت نارەخسێ بۆ ئەوەی کارە باشەکانت ئەنجام بدەی)
وە سەرەڕایی ئەو دەستەواژانەی کە هەیە ، لەڕاستیدا ئەم ڕێگایە بۆ هەموو کارێک گرنگ و پێویستە .
من ئەتوانم دڵنیایی بدەم بە کەسێک لە باشی بەڕێوەبردنی کارەکانی لەکاتی بەکارهێنانی ئامرازی(کەی)..؟بۆ جێبەجی کردن و

ڕاپەراندنی کاروبارەکانی ژیان ، دەرئەنجام ئارامی و خۆشی رووی تێدەکات. هەر بەو بۆنەیەوە با پرسیارێکی تر لێ بکەم:
- کەی دەست دەکەی بە دروستکردنی لیستێکی کارەکانت و کەی دەست دەکەی بە ئەنجامدانیان..؟
کەواتە هەر ئێستا دەستی پێبکە..!ئەگەر نەتوانی هەر ئیستا دەست بکەی بە جێبەجی کردنی، باشە (کەی)..؟دەستی پێدەکەی..؟ هیچ نەبێت وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەوە هەر ئێستا و پلانی کارەکەتم بۆ شیبکەوە.
لە کۆتایی هەموو رۆژەکانتدا ئەم کردارە دووبارە بکەوە. لە خودی خۆت بپرسە و بڵێ ئایە چ شتێکی تر پێویستە زیادبکەم لە ناو لیستەکەمدا و پاشان پرسیار لەخۆت بکە و بڵێی (کەی) دەست بکەم بە ئەنجامدانی کارەکە..؟
- ئایا (کەی) ئەوەی دەتەوێت بەدەستی دێنی...؟
ئەوەی ئێمە رۆژانە بە رێی دەکەین پەیڕەو کردنی کارەکانە بەشێوەیەکی ئاسایی. بەڵام بۆ ئەوەی ویستەکانت کە دەتەوێت باشتر بەدی بێنی. ئێمە پێوستیمان بە جێبەجی کردنی ئەم بنچینەیە هەیە بەبەکارهێنانی ئامرازی(کەی)...؟ بۆ ئەم پرسیارانەی ئاراستەی خۆمان دەکەین، بە دیاری کردنی کاتێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی کارەکان. لێرەدا زۆربەی جارەکان ئێمە تەنیا کاتەکەی دیاری دەکەین لە مێشکی خۆماندا یان بە باسکردنی لەگەڵ هاو پیشەکانمان بەوەی(کەی) کارەکانمان ئەنجام بدەین ..؟ بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بیرکردنەوەیە و باسکردنە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی کارەکانت بە شێوەیەکی ڕاست و رێخەر.
لێرەدا پێم خۆشە تاوتوێی چەند نموونەیەکی تر بکەین بۆ ئەوەی کە بزانین ئایە تا چەند ئەم شێوازە سەرکەوتووە.

ئایا هیچ جار چاوت بە کەسێک کەوتووە کە چەندین ساڵە نەتدیوە و پاشان پێ بڵێی : چاومان بەیەکتر دەکەوێتەوە لە کاتێکی تردا..؟

بۆجاری داهاتوو بەم شێوەیە پێی مەڵێ و بە جێ بێڵی ، بەڵکو پێویستە ئامرازی (کەی)..؟ بەکار بێنی و بڵێی:

من زۆر خۆشحالبووم بەو چاوپێکەوتنە، بەڵام ئێستا چاوپێکەوتنم هەیە دەبێت بمبەخشی :

- بەڵام (کەی) دەتوانم چاوم پێت کەوێت لە کتێکدا کە بۆ تۆ گونجاوبێت..؟ هەر بۆیە کەسی بەرامبەر کاتەکەی دیاری دەکات.

ئایا لەپێشتردا چاوپێکەوتنت کردووە لەگەڵ کەسانێک بەمەبەستی واژۆ کردنی گرێبەستێکی بازرگانی لە دوای تەواوبوونی گفتوگۆیەکاندا بی وتبێت:

-هەوڵدەدەم هاوکاریت بکەم لە جێ بەجێ کردنی کارەکەتدا..!

ئێستا تۆ ئەزانی پێویستە چی بکەی، هەربۆیە کاتێک دیاری بکە و پێ بڵێ:

- کەی دەتوانی ئەم کارە بکەی..؟

ئایا بەشێکی زۆری گرێبەستەکانی بەدەستت هێناون هۆکارەکەی ئەوە نییە کە ئێستا جێ بەجێت کردووە..؟ هەربۆیە ئەگەر کارەکە بەم شێوەیەبوو پرسیار لەخۆت بکەو بڵێ:

- (کەی) بوو کۆتا جارپەیوەندیم پێوە کرد..؟

- ئایا دەزانی (کەی) پەیوەندی پێوە دەکەی..؟

ئەگەر ناتوانی وەڵامی ئەم پرسیارەیارانە بدەیەوە ، ئەوکاتە هەوڵبدە بنچینەی(کەی)..؟ بەکاربهێنی.

ئەمجارەیان خشتەێک دروست بکە بەمەبەستی ئەوەی کاتی پەیوەندی پێوەکردنت بە کریارەکان دیاری بکەی. ئەم کارە زۆر گرنگە لە بواری بازرگانی و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان .

چونکە دروستکردنی پەیوەندی تایبەت لەگەڵ کەسەکاندا لایەنێکی گرنگە لە بوارەکانی کار و بازرگانی.

کەی ئەم پەرتووکەی جارێکی تر دەخوێنییەوە (کەی) کاتەکان دەست نیشان دەکەی..؟

## چ کاتێک باشە بۆ ئەنجامدانی کارەکەم..؟

کارێک هەیە کەپێویستە ئەنجامی بدەی، وە دەتەوێت ئەم کارەش بە جوانترین و باشترین شێوە پێشکەش بکەی یان دەتەوێت پەیوەندییەکی گرنگی تەلەفۆنی ئەنجام بدەی بە شێوەیەکی باش یان هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەیەکی ترسناک دەدەی یان دەتەوێت داهێنان لە کارەکەتدا بکەی کە لات بەنرخ و گرانبەهایە ، بەڵام کە سەیر دەکەی چەند ئاستەنگێکی گەورەت دێتە پێش کە ڕێگری دەکات لە ئەنجامدانی کارەکانت و دروست بوونی کوسپ و تەگەرە بۆ بەدەست هێنانی ..؟ هەر یەکێک لە ئێمە بەم بارو دۆخەدا تێ دەپەرێت . بەلام دەبێت زۆر وریابین چونکە هەندێکجار پێچەوانەکەی ڕاستە.

هیچ جار توشی کارێک بووی کە کارەکانت بێ کێشە و ئاستەنگ بەئاسانی یەک لە دوای یەک جێبەجێ ببێت..؟ زۆرجار بیرۆکەکان لە مێشکی مرۆڤدا لە خۆیانەوە لە دایک دەبن و دروست دەبێت بێ ئەوەی پێویستیت بە خوێندنەوەی کتێب هەبێت یان گەڕان بەدوای زانیارییەکان لەسەر بینگەری (شاشە)کۆمپیوتەرەکەت ، وە هەروەها لە ئەنجامی بیرکردنەوەدا مێشک کێشەکان دیاری دەکات و لە هەمان کاتیشدا چارەسەر بۆ کێشەکان دەدۆزێتەوە.. ڕەنگە بڵێی کەوایە بۆچی هەندێکجار کارەکان بەم شێوەیە خراپە..؟ لێرەدا من بەراشکاوەیی پێت دەڵێم، لەڕاستیدا منیش بەتەواوی نازانم هۆکارەکەی چیە، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیام ئەوەیە کە ئەگەر تۆ ئەم پرسیارە ئاڕاستەی خۆت بکەی و بڵێی:

- چ کاتێک باش و گونجاوە بۆ ئەنجامدانی کارەکان..؟

ئەگەر هاتوو بەپێ وەڵامەکەت هەڵسوکەوتت کرد ، ئەوکاتە ڕەنگە کارەکانت بەئاسانی و قۆناغ بە قۆناغ بەسەرکەوتووی تەواو بکەی. ئەوەی گرنگە ئەنجامی بدەی ئەوەیە کە کارەکەت بخەیە ناو بازنەیێکی دیاری کراو. کاتی و ساتی ئەنجامدانەکەی دەتوانی دیاری بکەی بە بەکارهێنانی ئامرازی(کەی)..؟ هیوادارم دوای گفتوگۆ و خوێندنەوەی نوسینەکەم ئەمجارە هەست بە فشار نەکەی .

ئەگەر لەمن دەپرسی سەبارەت بە شوێنی باش بۆ بیرکردنەوە و لابردنی فشار لەسەرت. پێت دەڵێم: لەم کاتانەدا بیروکەکانم لە دایک دەبن کاتێک من و هاوژینەکەم لە باخچەکەدا بە دەم سەیرکردن و بۆن کردنی گوڵەکان و گوێ گرتن لە جریوەی جۆلەکەکان دانیشتووم و بیرلە بابەتەکان دەکەمەوە.یان هەمیشە کاتێک ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە دەبم دەچم بۆ کەنار دەریا و بە یاوەری دەفتەری تێبینییەکانم دادەنیشم و سەیری شەپۆلەکان دەکەم کاتێک خۆیان دەکیشن بە کەنار دەریایەکان ، منیش هێمن هێمن بیر لە هۆکار و چارەسەری کێشەکان دەکەمەوە.

هەموو ئەوانە وادەکەن کە گۆڕانکاری و داهێنان بکەی لە بواری ژیانی تایبەتی خودی خۆت و لایەنەکانی تری ژیانت وەک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بازرگانییەکان.

بەڵام لەبیر نەکەی باشترین کات بۆ داهێنان سپێدەی سبەینانە بۆ بیرکردنەوە لە بابەتەکان. من هەمیشە بەیانیان بیرۆکەی باش و نایابم بە خەیاڵدادێن دوای ئەوەی لە خەو هەڵدەستم و گەرماوێکی(حمام) گەرم دەکەم و دادەنیشم کەم کەم قوم لە کووپی شیرەکەم دەدەم و بەدەم خەیاڵەوە بیردەکەمەوە ،ئەوکاتە خەیاڵەکان دەبن بە بیروکە ، بیروکەکانیش دەبن بە داهێنان ، داهینانەکانیش دەبن بە بەرهەمێکی باش.

## ئایا پێویستە کەل و پەڵەکانم لە کوێ بپارێزم..؟

لە حەفتەیکدا چەند کاتت بە فێرۆ دەروات بە گەڕان بەدوای پێویستییەکاندا کە لە پێشتردا پاراستووتە..؟ چەند جار بە خۆتت وتووە دەبێت: ئەم دۆسەیە لە کوێ بێت یان بەڵگەکان یان ناسنامەکەم یان وشەی نهێنی جانتایەکەم یان تێپەرنامەکەم(جواز السفر) دەبێت لە کوێ بێت یان ئەو دیاری و دەستەواژانەی هاوڕییەکانم کە لە رۆژی لە دایکبوونمدا بۆیان ناردووم یان کلیلەکەم یان وێنەکان وراپۆرتەکان و ناونیشانی ئەم شوێنە یان وایەری بارگاوی کردنی مۆبایل یان راجێتی دەرمانەکان یان بەڵگەی باجی ساڵانە یان جانتای بەڵگەنامەکان یان دەفتەری تۆماری یادگارییەکانت یان کتێبەکانی فەلسەفە و چیڕۆکی منداڵەکان و پینوس و کەل و پەلی پیشەسازییەکان یان  چەندەها شتی تر..... تەنانەت ئەو کەل و پەلانەی کە ئێستاش بەکەلک ناین هەر بیانپارێزە چونکە رۆژێ دێ کارت پێیان دەبێت . ئایا ئەم شتانەی لە سەروە ناوم هێناون و ئەوانەی ناویانم بیرچووە هەموویانت لە شوێنی تایبەت و گونجاو پاراستووە..؟

ئایا پێویستەکانت کەڵەکە بوونە لە نوسینگەکەت وماڵەکەت..؟ یان هەر بابەتە رەفە و دۆلابی تایبەت بە خۆیان هەیە کە شتەکانی خۆتیان تێدا بپارێزی..؟ چەند جار توشی نیگەرانی بووی بەوەی کاتێکی باشت بە فیرۆچووە بە گەڕان بەدوای پێویستییە گرینگەکانت و هەستت بە نیگەرانیت کردووە بەوەی کەل و پەلەکانت رێک و پێک و بەر دەست نین..؟ یان بە پێچەوانە ،ئایا کەل و پەلاکانت هەر یەکو لە شوێنی تایبەتی خۆیانن کە کاتێک ئیشت پێیان دەبێت بە زوویی و بە ئاسانی دەیاندۆزییەوە..؟

من دەپرسم ئایا هیچ کات ئەم پرسیارەت لە خۆت کردووە و بڵێی :
- ئایا پێویستە کەل و پەڵەکانم لە کوێ بپارێزم..؟
من زۆر ئەم وەڵامم لا گرنگ نییە ئەوەی گرنگە لای من رێکخستنی کەل و پەلەکانە بۆ ئەوەی کاتەکانت بە فیرۆ نەچێت.
بەڵام بیرت نەچی نابێت تەنیا یەکجار پێداویستییەکانت رێک بێخی و پشتگوێیان بخەی بەڵکو دەبێت بەردەوام بیت لە رێکخستنیان .
من و هاوژینەکەم چەندین ساڵ پیش ئێستا ئەم پرسیارەمان ئاراستەی خۆمان کرد وتمان : ئایا پێویستە پێداویستیەکانم لە کوێ بپارێزین..؟ بەش بەش هەر یەکە بەپێی کارەکانی خۆیان لە شوێنێکی تایبەت بەخۆیان دابنین . ئێستا (١٨ساڵ) تێپەریوە هێشتا هەر بەردەوامین لە رێکخستنی کەل و پەلەکان ، بەڵام ئەوەی گرنگە توانیمان ئەم کێشەیە بەیەکجاری چارەسەر بکەین.

# چاوەڕێی چی بکەم..؟

ئایا هیچ کات چاوپێکەوتنت کردووە بەمەبەستی کارکردن لە شوێنێکدا یان نموونەیەکت لە بەرهەمەکانت پێشکەش کردبێت، لەکۆتاییدا دەبینی کەسی بەرامبەر بەم شێوەیە وەڵامت ئەداتەوە و پێت دەڵێت: هەوڵ دەدەین پەیوەندیت پێوە بکەین..؟ وەلام دانەوەکەت پێ چۆنە..؟ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تێدەپەڕێت و تۆش بە درێژایی ڕۆژەکە بە پەشۆکاوی و دڵەڕاوکێ لە چاوەڕوانی ئەوەدای ئاخۆ کەی نامەت بۆ دەنێرن یان هەموو سەری کاتژمێرێک سەیری ئیمیلەکەت کردبێت یان چاوەڕیی زەنگی موبایلەکەت ئاخۆ کەی لێ بدات..؟ باشە بۆچی خۆت ڕزگار ناکەی لەم دەردەسەری و گفتارە و لە خودی خۆت بپرسی و بڵێی: چاوەڕی چی بکەم..؟

چ سودی هەیە بە درێژایی ڕۆژ لە چاوەڕوانی ئەوە دابی ئاخۆ کەی هەواڵێکت بۆ دێ..؟ لێرەدا شتێک هەیە کە پێویستە لێ دڵنیابییەوە ئەویش ئەوەیە : ئەگەر ئەم شوێنە کەسایەتی تۆیان و بەرهەمەکەی تۆیان بە دڵ بووبێت کە پێشکەشت کردووە، ئەوان زۆر زەحمەتە ڕەتی بکەنەوە چونکە تۆ بەرهەمەکەی خۆتت پیشکەش کردوون بەشیوەیەکی باش.

لێرەدا یەک شت هەیە ئەویش ئەوەییە کە بپرسی بڵێی ئایا هیچ هەڵسەنگاندێک هەیە بۆ کەسایەتی من و بابەتەکەم یان نا..؟

لێرەدا چەندەها وەڵامی جۆراوجۆر هەیە بۆ ئەوەی دەستت کەوێت، هەربۆیە، هیچ شتێک نیە کە لە دەستی بدەی، ئەگەر وەڵامیان دایەوە بە (بەڵێ) وەک ئەوەیە هەموو کاتژمێرێک لە چاوەڕوانی وەڵامدانەوە دابووی، وەڵامەکە بۆتۆ هەواڵێکی خۆش دەبێت ، وە ئەگەر وەڵامەکەت بە(نەخێر)بوو ئەو کاتە هیچ

پێویست بە پەشۆکاوی و دڵەڕاوکی ناکات و ژیانێکی خۆش و ئاسودە دەژی.. وە ئەگەر بتەوێت نەخشەیەکی باش بۆ دوارۆژ دابڕێژی دەبێت هەوڵی بۆ بدەی . یان بۆ دووەم جار پەیوەندیان پێوە بکە و لە ئەنجامەکەت بپرسە ڕەنگە پێت بلێن : (ئێمە هێشتا بریارمان نەداوە). لێرەدا تۆ کارێکی باشت ئەنجامداوە  چونکە هیچ نەبێت بیرت خستونەتەوە و واتکردووە کە ئەوان هەست بکەن بەوەی کە تۆ کەسێکی گرنگی بەکارەکانت دەدەی و پابەندی بەکارەکەت.

هۆکاری ڕاستەقینە ئەوەیە، کاتێک کەسەکان بەدواداچوون بۆ ئەنجامەکەیان ناکەن هۆکارەکەی ترسە لەوەی کە گوێیان لە وەڵامێک بێت پێچەوانەی ئەوە بێت کە خۆیان دەیانەوێت.

خوت رزگاربکە لە(پەشۆکاوی و دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی و ترس) پرسیار بکە لە هەڵسەنگاندنی کەسایەتیت.

## ئایا رازی بم بە بژاردەکان یان رازی نەبم بە هیچیان یان شتێکی تەواو جیاواز ئەنجام بدەم..؟

لێرەدا ڕاستییێکی سەیر هەیە لە سەر هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، ئەگەر پرسیار لە هەر کەسێک بکەی بڵێی لەم دوو بژاردانە دانەیەکیان هەڵبژێرە بە دڵنیایەوە یەکێکان هەلدەبژێریت، کەچی چەندەها بژاردەی تر هەیە ، تەنانەت ئەگەر بژاردەکان هەڵەشبن، هەربۆیە زۆربەی کەسەکان وا هەست ئەکەن کە هەڵبژاردنی یەکێک لە بژاردەکان ناچارییە و بەدەست خۆیان نیە. وەک ئەوەی لە پێشتردا لەم کتیبە باسم کردبوو، لێرەدا دوو ریگای هەیە کە کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەر دروست ئەکات و دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی ویستەکانت. بەڵام لە هەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە کە زۆر وریا بیت، ئەگەرنا خۆت دەکەوییە تەڵەکەوە. با نموونەیەکت بۆ باس بکەم لە سەر ژیانی کارکردندا:

یەکێک لە بازرگانەکان پەیوەندی پێوەکردم بەمەبەستی ئەوەی بانگەشەی کاڵایەکانی بۆ بکەین لە سەر بینگەری کەناڵی (لیستشیرنی)ناوخۆ، لە پاش ئەوەی کەسەکە باسی لە چۆنییەتی کاڵایەکەو فرۆشتنی کرد. پاشان پرسیارێکی ئاڕاستە کردم وتی: پێویستە نیوکاتژمێرم بۆ تەرخان بکەن تا بە تەواوی باسی لایەنە باشەکانی کاڵایەکە بکەم ، دواتر دوو پێشنیاری بۆ کردم بۆ بانگەشەکردنەکە وتی: پێش هەواڵی گەرم پێشکەش بکەین یان دوای پێشکەشکردنی هەواڵەکان بێت..؟

منیش وتم: بوەستە بە روخسەتت: ئایا لە خۆت پرسیوە سەرەتا ، کە ئاخۆ من دەتوانم لەم کاتەدا بتوانم ئەم کارە جێبەجی بکەم یان نا..؟

کاتێک ئەم پرسیارەم لێکرد، هەستم بە ئارامی کرد و زانیم کە ئەو کەسە خۆی خستە تەڵەکەوە  بە هۆی پرسیارەکەی وەک خۆ سەپاندنبوو لەوەی ویستی.

لە پاشان بۆ کەسەکەم ڕوون کردەووە کە هیچ یێک لەم دوو پێشنیارانەی تۆ سەرکەوتوو نابێت. وە هەروەها من گلەیی ئەوەم لێکرد لە شێوازی پێشنیارەکانی کە پێشکەشی کردم. ئەمەش وایکرد کە زیاتر گفتوگۆی لەبارەوە بکەین تا لە کۆتایدا گەیشتین بە دەرئەنجامێکی باش . لەوەی پێشنیارم بۆ کرد کاڵایەکانیان بە شێوەیەکی تر نمایش بکەین و هەرلەدوای روون کردنەوەی شێواز و چۆنییەتی بانگەشەی (ریکلام)ی کاڵایەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ، ئەم کۆمپانییایە چەندین کاریان لەگەڵمدا ئەنجامدا.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە لێرەدایە ئەویش:

- ئایا رازی بم بە بژاردەکان یان رازی نەبم بە هیچیان یان شتێکی تەواو جیاواز ئەنجام بدەم..؟

خۆشی ئەوەیە هەمیشە وەڵامی پرسیارەکانت (بەڵێ) بێت.

## ئایا دەزانم کە چی لەبارەیەوە دەڵێم..؟

چەند جار قسەت لەسەر بابەتێک کردووە کە هیچ زانیارێیەکەت لەبارەیەوە نەبووە..؟لێرەدا پێم خۆشە هەندێک ڕوون کردنەوە و ئامۆژگاریت بکەم کە قسە لەسەر کێشەیەک یان بابەتێک نەکەی کە لە پێشتردا زانیاری تەواوت لەسەری نەبێت یان پەیوەندی بەتۆوە نەبێت، یان پێش وەختە ڕاهێنانت لەسەر نەکردبێت. چونکە کێشەکان بە درێژایی ژیان لەگەڵماندانە جا چ لەبواری کۆمەڵایەتی بێت یان لە کاری بازرگانی.
لەکاروباری ژیاندا لەسەر چ بنەمایەک بڕیار لەسەر کارەکانت دەدەی. جا چ لەبواری دارایی بێت یان بواری کۆمەڵایەتی بێت یان فرۆشیاری...؟ ئایا پشت بە ئەزموونی چەندینساڵەی کارکردنت دەبەستی لەکاتی کارەکاندا..؟
با لێرەدا شتێکت پێ بڵێم ، من ڕۆژانە چاوم بە پیاوانی بارزگان ئەکەوێت و ڕووبەڕوو باسی کارەکانیان بۆمن دەکەن سەرەڕای ئەو هەموو ئەزموونەی کە لە بواری کارەکانیاندا هەیانە.
وە هەندێجار باسی پلانەکانیان دەکەن بۆ ئەوەی ڕاو بۆچوونم وەربگرن لەسەر چۆنییەتی و شێوازی کارەکانیان ، کەچی خۆیان خاوەن ئەزموونێکی چەندین ساڵەن لە بوارەکانی بازرگانیدا.
چەند جار گوێت لە ئامووژکاری باش بووە یان ڕێنمایەکان بەوەی کە پشت بە توانایەکانی خۆت ببەستی لە کاروبارەکانی ژیاندا وەک : کاری بازرگانی یان گرنگیدانت بە باخچەکەت یان بە نوسینگەکەت کەچی چەندین هاوڕێت هەیە کە ئەزموون و زانیارییەکانیان لە تۆ زیاترە لە کاروبارەکانی ژیاندا ..؟بۆیە پێویستە سوودیان لێوەربگری و راوێژیان پێ بکەی.

ئامۆژگاریت ئەکەم بۆ جاری داهاتوو ئەم  جۆرە نوسین و ڕێنماییانە بۆ لای خۆتت ڕاتنەکیشن کە تەنیا پشت بەزانیارییەکانی خۆت ببەستی ، هەوڵی خۆ فێرکردن بدە، لە کۆتایدا پێت ئەڵێم لە خۆت بپرسە وبڵێ:

- ئایا هیچ ئەزموون و زانیاریم هەیە لەم بارەیەوە..؟

ئەگەر وەڵامەکەت(نەخێر)بوو باشتر وایە بێ دەنگ بی.

## ئایا راوێژ بە کەسانی شارەزا بکەم..؟

لە ڕاستیدا ئامۆژگاری کردنی کەسەکان کارێکی ئاسان نییە، ڕەنگە کەسانێک پێیان وابێت کە زیرەک و زانا و لێهاتوون لە ئامۆژگاری کردنی کەسەکان لە ڕاستیشدا وانیە ، چونکە کاتێک قسە دەکەن کەس لێیان تێناگات کە چی دەڵێن . ئەم جۆرە کەسانە زۆرن کە لە سەر هەموو شتێک قسە دەکەن. نابێت ئەم جۆرە کەسانە بە بلیمەت و زانا و دانا ئەژمار بکەین ، بەڵکو دەبێت زۆریش وریابین لەم جۆرە کەسانە. بەڵکو ئەم جۆرە کەسانە پێویستە لە خۆیان بپرسن ، کە لە بابەتی پێشتردا باسم کردبوو، و بلێن:
ئایا دەزانی کە قسەی لەسەر چی دەکەی..؟ وەک پەندێکی کۆن هەیە کە دەڵێت: کەسانی کەم زان و کەم زانیاری کەسانی سەرەڕۆنە..
تۆ ئەگەر بە نیازی ئامۆژگاری کەسێک بکەی لە بابەتێکی دیاریکراودا ، لێرەدا دوو پرسیاری گران دێنە ئاراوە کە پێویستە لە خۆتی بکەی، ئەوانیش:

- چەندجار کاتێک پرسیاریان لێکردووی وتووتە (نازانم)..؟
- ئایا من شارەزای تەواوم هەیە لەم بوارەدا..؟

ئایا تۆ دڵنیای لەوەی کە شارەزایت هەیە لەم بابەتە..؟
نەریت وایە ئەم کەسانەی پرسیاریان ئاڕاستە دەکرێ یان ڕاویژیان پێ دەکرێ لە بابەتێک یان کێشەیێک پێویستە ئەم کەسە پسپۆر ی تایبەت مەندبێت لەم بوارەدا ، نەوەک کەسێک بێت کە زانیاری گشتی هەبێت. چونکە زۆربەی جارەکان ئەم جۆرە کەسانە پشت بە ئەزموونی درێژی تەمەنیان یان ئەم زانیارییە گشتییەی کە هەیانە دەبەستن. لێرەدا ئەگەر هاتوو پێویستیت بە ئامۆژگاری بوو

بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکەت بکەی پێویستە راوێژ بەکەسی تایبەت و شارەزا و پسپۆر بکەی کە کەسێکی زانستی بێت لەم بوارەدا.

لێرەدا شتێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە پێویستە پرسیارێکی گرنگ ئاڕاستەی ئەم کەسە بکەی کە دەیەوێت ئامۆژکاریت بکات، پێش ئەوەی ئامۆژکارییەکانی پەسند بکەی لێی بپرسە و بڵێ:

- ئایا لە پێشتردا چەندجار ڕووبەڕووی ئەم جۆرە کێشانە بوویەوە، و گەیشتووی بە دەرئانجامێکی باش بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە..؟

چەند ساڵێک پێش ئێستا دامەزراوەکەمان بڕیاریان دا کە گرێبەستێک لەگەڵ کەناڵێکی ناوخۆیی ببەستین بەمەبستی ئەوەی بانگەش بۆ کار و چالاکییەکانی ڕابردووی دامەزراوەکە بکەن و داوایان لەمن کرد کە ئامادەی دانیشتنەکەبم ..ئەوان مەبەستیان ئەوەبوو کە باس لەم گرێبەستانە بکەن کە لەگەڵ چەندین کۆمپانیا کردوومانە و لە جۆری ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشیان کردووە بە کۆمپانییەکان . ئەوان بە هۆی کەمی زیرەکی و شارەزایان لەم بوارەدا ، هەموو ئامۆژگارییەکانی کەناڵەکەیان قبولکردبوو و لە بەرامبەردا (هەزار دۆلار)یان لێ وەرگرتبوون، کەچی ئەم دامەزراوە لە پێشتردا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنابوو لە بوارەکانی بازرگانی . ئەوان سەرەتا هەستیان بە خراپی و هەڵەکانیان نەکردبوو لە کاتی پێشکەش کردنی بەرنامەکە ، لە دوایی ئەوەی بۆچوونی منیان وەرگرت بە وەی کە من شارەزاییەکی باشم هەیە لەم بوارەدا منیش سەبارەت بە چۆنییەتی بەرنامەکە چەند هەڵەیەکم بۆیان دەستیشان کرد لە دوایی منیش بە تەلەفون و ئیمیل ڕووبەڕووی رەخنەی زۆر بوونەوە لە لایەن هاوبەشەکانیان . ئەی دەرئەنجامەکەی چی

بوو..؟ توشی شکەستێکی گەورەبوون . ئەوان ساڵی ڕابردوو زۆر سەرکەوتووبوون لە کارەکانیاندا چونکە ئەو کەناڵەی ساڵی ڕابردوو کە بانگەشەی بۆ کردن  ڕاوێژیان بە کەسانی شارەزاو پسپۆر کردبوو.

لێرەدا دامەزراوەکە شکستی هێنا لە پێکانی ئامانجەکانیان و نەگەیشتن بەوەی دەیانویست بە دەستی بینن. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ یەک هۆکاری سەرەکی ، هۆکارەکەش ئەوەبوو کە سەرەتا پرسیاران لە خۆیان نەکرد و بڵێین : ئایا راوێژ بە کەسانی شارەزا بکەین لەم بوارەدا یان نا..؟

## ئایا دەبێت من هەڵە بم..؟

ئایا هیچ کات لە دوای کارەکەت بە توڕەیی گەڕایتەوەماڵەوە بە هۆی ئەوەی بەڕێوەبەری شوێنی کارەکەت قسەیەکی پێ وتبی..؟ یان لەگەڵ هاوڕێیەکەت بە هۆی بیروباوەڕی جیاواز توڕە ببی..؟ یان چەندجار مشتوومڕتان بووە لەگەڵ خێزانەکەت هەستت بە فشار و توڕەبوون کردووە..؟ ئایە کاتێک ئەم ڕووداوانەی پێشترت بیر دیتەوە کە تێیدا زۆر توڕەبووی زیادە ڕۆیت تێدا کردووە و ئیستا هەست دەکەی تاوانێکت ئەنجام داوە..؟

لێرەدا پرسیارێکی زۆر گرنگت ئاڕاستە دەکەم ئەویش ئەوەیە کە لە خۆت بپرسە و بڵێی:

- ئایا دەبێت من هەڵە بم..؟

دووبارە ئەم پرسیارەت ئاڕاستە ئەکەمەوە : ئایە هیچ کات تۆ کارێکت ئەنجام نەداوە لە پێشتردا کە تۆ تێیدا هەڵە بی..؟

کەواتا لە خۆت بپرسە و بڵێ: ئایە دەبێت ئەم ڕووداوەش وەک ڕووداوەکانی پیشتر بێت کە تێدا من هەڵەبم..؟

ئەگەر ئەم پرسیارە ئازارت دەدات، هەوڵبدە بە شێوەیەکی تر پرسیار ئاڕاستەی خۆت بکەی بۆ ئەوەی فشارە دەروونییەکانت لە سەر نەمێنێت. پێوستە بڵێی:

- ئەگەر من لە شوێنی کەسی بەرامبەر بوومایە، ئایە ئەگەر کەسی بەرامبەر بەمن بەم شێوەیە ناشیرینە هەڵسووکەوتی کردبایە بە هەمان شێوەی کەسەکە من توڕە نەدەبووم ..؟

لێرەدا ئەگەر وەڵامەکەت(بەڵێ)یە کەواتا تۆ لەسەر ڕێگای ڕاستی کە لە پاکی خۆت توڕەبووی چونکە تۆ هۆکاری دروستبوونی کێشەکە نی بەڵکو کەسی بەرامبەر هۆکارە.

## پێویستە کێ ئەم کارە ئەنجام بدات ..؟

ئەگەر هاتوو بەشداریت کرد لە چاڵاکییەک یان کارێکی دیاریکراو، کە کەسێک یان چەند کەسێک یان گروپێک هەڵساون بە ئەنجامدانی چاڵاکییەک، لێرەدا پێویستە یەکەم کار کە ئەنجامی بدەی ئەوەیە کە لە خۆت بپرسی و بڵێی :

- پێویستە کێ ئەم کارە ئەنجام بدات ..؟

یەکێک لە هۆکاری سەرنەکەوتنەکان و زۆری کێشەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە کەسێک نیە ڕاستەوخۆ ئەم پرسیارە بەدەنگێکی بەرز بکات بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن لە پێناو یەک دەنگیدا بۆ دابەشکردنی رۆلی کەسەکان لە چاڵاکییەکاندا، چونکە زۆربەی کاتەکان ئەو کەسانەی خۆیان توشی هەموو کارێک دەکەن کە شیاو و گونجاو نینە بۆ کارەکە. ئەم جۆرە کەسانە هەمیشە هەموو کارەکان لە دەستی خۆیان دەهێڵنەوە وە ناتوانن کارەکان جێبەجێی بکەن بەشێوەیەکی باش.

لێرەدا پرسیارەکە زۆر روون و ئاشکرایە ، ئەویش ئەوەیە کە کەسانی باشتر و شیاوتر هەیە لەوان بۆ ئەوەی کارەکان بە شێوەیەکی باش و سەرکەوتوو راپەڕێنن. هەر بۆیە هەوڵ بدەن کەسێکی شیاو و باش دەست نیشان بکەن بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو.

وە بۆ دڵنیاییت ئەتوانی کارەکان پێچەوانە بکەیەوەبەوەی کارێک بە کەسێک بسپێری کە شایەنی ئەم کارە نەبێت ، وەک ئەوەی من لە ژیانی تایبەتی خۆمدا تاقیم کردۆتەوە. لێرەدا من چیرۆکێکی نێوان خۆم و هاوژینەکەمتان بۆ باس دەکەم: لە گەشتێکی دوور و درێژدا من و هاوژینەکەم بە یەکەوە نۆرە بە نۆرە ئۆتۆمبیلەکەمان لێ دەخوری و چاودێری ئاڕەستەکانی ڕێگایەکەمان دەکرد. چونکە زۆر جار دابەشکردنی کارێک بە سەر دووکەسدا دادپەروەرانە نیە، دەرئەنجام لە کۆتایدا توشی مشت و مڕ دەبن. چونکە کاتێک من بە درێژای ڕێگایەکە چاودێری ئاراستەی شەقامەکانم دەکرد ، توشی مشت و مڕێکی زۆر دەبووین لەگەڵ هاوژینەکەم، و هەروەها هاوسەرکەم هەستی بە فشارێکی زۆر دەکرد کاتێک ئۆتۆمبێلەکەی لێدخۆری ، وە هەروەها منیش هەستم بە ترس و توڕەیی و هەڵچوون دەکرد کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبووم و چاودێریم دەکرد کە ئەویش ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخۆری، زۆرجار قاچەکانم دەجولاند وەک ئەوەی من شوفێربم و بمەوێت ئۆتۆمبیلەکە خاو بکەمەوە یان بیوەستینم. لە پاش ئەوەی لە شوێنێک ڕاوەستاین بۆ ئەوەی شتێک بخۆین و بخۆینەوە و کەمێکێش پشوو بدەین، لەکاتی پشودانداا بیرۆکەیەکم بۆ کات و وتم ئەم کەشتە بەم شێوەیە نابێت پێویستە مرۆڤ دادپەروەرو بێت لە دابەشکردنی کارەکانیدا. هەر بۆیە پرسیارمان ئاڕاستەی خۆمان کردو وتمان :

- پێوستە کێ ئەم کارە ئەنجام بدات ..؟

لێرەدا کارەکە باشتربوو، کە بڕیارماندا ئەمجارەیان من ئۆتۆمبێلەکە لێبخۆرم و هاوسەرەکەشم چاودێریی ڕێگایەکە بکات. ئێستا ئێمە سەرکەوتووبووین و لەگەشتەکەمندا نە من و نە هاوسەرە

خۆشەویستکەم هەستمان بە فشار و ماندووبوونی ڕێگایەکە نەکرد، چونکە سەرەتا کارەکە هی من بوو نەوەک هی هاوسەرەکەم.

ئەم پرسیارە گرنگە لەبیر نەکەی ، هەرچەندە کارەکەش زۆر گرنگبوو پێویستە لەخۆت بپرسی و بڵێی:

- پێویستە کێ ئەم کارە ئەنجام بدات ..؟

## پێویستە بەرامبەر بەچی سوپاسگوزاربم...؟

زۆربەی کەسەکان بە درێژایی کات بە خەبەرن ، کەچی هەمیشە هەست بە بێزاری و بێ هیوایی دەکەن ، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکانیان لاوازە و ناتوانن تێدا سەرکەوتووبن. زۆربەی کاتەکان سەرنج و بیر کردنەوەیان لە سەر ئەوەیە کە لە (خۆشییەکی) کاتییدا دەژین و یان ئەوەیە کە بە خەیاڵ دەژین لێرەدا زۆربەی کەسەکان بەم شێوەیە دەژین.

لە ڕاستیدا شتێکی ئاسایی و گرنگە کە مرۆڤ ویستی گۆڕانکاری و پێشکەوتنە ئەرێنییەکانی هەبێت. هەربۆیە ئەم کتێبە کۆی بابەتەکانی لایەنی بیر فرەوانی و چۆنییەتی(پرسیار)کردنی بەشێوەیەکی ئاسان باسکردووە.

لێرەدا زۆر سودمەند دەبێت ئەگەر ئەم پرسیارە لە خۆت بکەی و بڵێی:

- پێویستە بەرامبەر بەچی سوپاسگوزاربم..؟

بە تەنیا بیر لەم پرسیارە مەکەوە ، بەڵکو بە دەنگێکی زۆر بەرز هاوار بکەو پرسیار لە خۆت بکە ، جا هیچ کێشە نیە وەڵامەکەت بە زارەکی بێت یان لەسەر پەڕی کاغەزە بێت. لێرەدا تۆ ئازادی لەوەی باوڕت پێ هەبێت یان پێ نەبێت .بەڵام ئەم شێوازە باشترین ڕاهێنانی ئاسان و بە سودە، کە وادەکات هەمیشە هەست بە ئارامی و باشبوون بکەی. وە ئەگەر مەبەستتە زیاتر دڵنیابیەوە لە کاریگەری ئەم ڕێگایە ، پێش ئەوەی پرسیار ئاڕاستەی خۆت بکەی. پێویستە لە بەردەم بینگەری تەلەفزیۆنەکەت دابنیشی و سەیری هەواڵەکانی ناوخۆی و جیهانییەکان بکەی، ئەو کاتە باشتر بۆت ڕوون دەبێتەوە کە چاوت بە بریندارەکانی جەنگ و نەخۆشیی و

کارەساتە سروشتی و کوشتن و برسییەتی و نەهامەتی خەڵکی نیشتمانەکەت و مرۆڤایەتی جیهان دەکەوێت. ئەوکاتە هەست دەکەی کە تۆ لە خۆشی و ناز و نیعمەتێکدا دەژی کە کەسانی تر هیوای بۆ دەخوازن. جا لێرەدا پێویستت بە لیستێک هەیە بۆ ئەوەی ئەم شتانەی تێدا بنوسیەوە بەمەبەستی ئەوەی سوپاسگوزارییان بی، کە هەموویان ئەرێنی و گرنگ و دەستکەوتی زۆر باشن کە بۆتۆ رەخساون، کە هەزاران کەسی لەتۆ بەتواناتر لێ بێ بەشن. ئێستا دەزانی بەرامبەر بەچی دەبێت سوپاسگوزاربی..؟

**باشترینی ئەم (دە) کەسانە کێن کە شایانی رێز لێنانن..؟**

چەند ساڵێک لەمەوە بەر ، خۆم و هاوڕییەکەم خەریکی نانخواردنی بەربانگ بووین له دوای تەواوبوونی کارەکانمان، کە چەندین ساڵبوو بەیەکەوە کارمان دەکرد. لەکاتی نانخواردندا پێ وتم :(کە تۆ یەکێکی له دە باشترین کەسەکان کە شایانی رێز لێنانن). بەڕاستی شتێکی ناوازەبوو کە بەم شێوەیە پیای هەڵدام خەریکبوو له خۆبایی ببم، وە هەروەها بۆ من ڕووداوێکی گرنگبوو کە وای لەمن کرد بیربکەمەوە...! جگە لەوەی کە خۆشحاڵی کردم و وایکرد کە سەرسامبم بەم شێواز و هەستە جوانەی کە بۆی دەربڕیم. هەربۆیە منیش دە کەسە باشترینەکانی خۆم دەست نیشانکرد کە شایانی رێز و خۆشەویستین دواتر بەوە نەوەستام وتم ئەی.

- باشترین لەم دە کەسانە کێن کە شایانی رێز لێنانن..؟

هەولبدە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەیەوە، بەڵام بەدەنگێکی بەرز بڵێ یان لەسەر کاغەز بنوسە. بێ ئەوەی ناچار بیت یان فشارت لەسەر بیت بەوەی کە کەسەکان کەسانی (گەورە و باشبن یان دەوڵەمەند و بەناوبانگبن یان زۆر رەوشنبیر بن یان زۆر زیرەک بن). ئاسایە کە رەنگە ئەم کەسەی ناویان له لیستەکەدا دەنوسی ئەم کەسانە نەبێت بەڵکو، دراوسێت بێت یان کەسێکی ناو خانەوادەکەت بێت یان کەسێک بێت کە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیت لەگەڵدا هەبیت. وە لەدوای دانانی لیستەکە، له خۆت بپرسە و بڵێی: ئایا ئەم سیفەتە چیە کە لەم کەسانەدا هەیە کە شایانی رێز لێنانن..؟ ڕەنگە هۆکاری ئەوە بێت کە کەسانی ڕووخۆشبن یان بەهرەداربن یان کەسانی ڕێک و پێکبن یان کەسانی خاوەن هەڵویستن بن، تەنانەت

لە کاتی ناخۆشیشدا بە دەم خەندەوە ڕووبەڕووی کەسەکان و کێشەکان دەبنەوە.

لە کۆتایدا ، لە خۆدی خۆت بپرسە و بڵێ : ئایا ئەم پێوەر و ڕێگایە چیە کە پێویستە بگرمەبەر بۆ ئەوەی ئاستی کەسەکان پێ هەڵبسەنگێنم ، لە پێناو ئەوەی کە بتوانم خووڕەوشتی چاک و باشی کەسەکانی پێ دەست نیشان بکەم.

دەست بکە بەم ڕاهێنانە ، بەدڵنیایەوە ڕاهێنانێکی زۆر چالاک و باش دەبێت بۆ هەڵبژاردنی کەسە ناوازەکان کە شایانی ڕێزلێنان و خۆشەویستین.

## ئەبێت کەی دووبارە چاومان بەیەکتر بکەوێتەوە..؟

کاتێک لەگەڵ دۆست و برادەرەکانت تەواو دەبن لە کۆبوونەوەکانتان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ،کە تێیدا گفتوگۆیەکی باش و بەسودتان ئەنجامدا بێت لە بواری کارکردندا، وە هەروەها لەگەڵ یەکێک لەم برادەرانەی ئامادەی کۆبونەوەکە بووە. هەستت کرد کەسێکی جیاوازە و دانیشتن لەگەڵیدا چێژێکی تایبەتی هەیە.
لێرەدا پێویستە پرسیارێک ئاڕاستەی خودی خۆت بکەی و بڵێی:
- ئەبێت کەی دووبارە چاومان بەیەکتر بکەوێتەوە..؟
ئەگەر هیچ وەڵامێکت نەبوو بۆ پرسیارەکە، کەواتا دووبارە چاوت پێی ناکەوێتەوە.
دەپرسم بۆچی ئەم کردارە زۆر گرنگ و پێویستە..؟ باشە با هەر خۆم هۆکارەکەت بۆ باس بکەم.ئەگەر بێتو سەیری ئەم بابەتە بکەی لەبواری کار کردندا، دەبینی کە لە( ٨% )ی سەرکەوتنەکان لە بواری بازرگان و کارکردندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕاوێژکردن بە کەسانی شارەزا لەبواری خزمەتگوزارییەکان کە لەکاتی فرۆشتندا پێشکەشیان دەکەی. ئەم بیروکە نوێیە و تازانە کە بەدەستت دەگەن هەمیشە لە کەسانێکەوە وەری دەگری کە لە پێشتردا چاوت پێیان نەکەوتوو وە هەروەها ئاشنا دەبی بە کەسانی تازە کە هەموو ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندی بەردەوام . لێرەدا ئەگەر هاتوو گرێبەستت لەگەڵ هەر کەسێکدا هەبوو ، لەخۆت بپرسە و بڵێی: ئایا کەی دووبارە چاومان بە یەکتر دەکەوێتەوە..؟ دواتر لە مێشکی خۆتدا کاتێکی گونجاو و دوو هۆکار دیاری بکە و لە مێشکی خۆت بیبان پارێزە یان لە دەفتەری تێبینیەکانت یان لە تێنووسەکەت بیان نووسەوە . چونکە لەئەنجامی بەردەوامی

پەیوەندی کردنت لەگەڵیاندا متمانە و دڵسۆزی و خۆشەویستی دروست دەبێت و سەرکەوتن و دەستکەوتەکانت زیاتر دەبێت.
بەڵام لە بواری کۆمەڵایەتی و ژیانی تایبەتیدا ، پێویست ناکات کە بەردەوام پەیوەندیت لەگەڵ هەمووان بەهێز بێت ، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی تایبەت بەخۆت بەهەمان ڕێگای کار و باری بازرگانیدا ناڕوات و پەیوەندییان بەیەکەوە نیە. لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا چەند کەسانێک و چەند خێزانێک دەست نیشان دەکەی بۆ ئەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکانتان بەردەوام بێت و هەمیشە لایەنی روحی مرۆڤ گەشە دەکات. ئەم جۆرە کەس و خێزانانە دەبێت لەسەر بنەمای کلتور و بیرکردنەوەی فکری و ئاستی ئابووری تۆوە نزیک بن .چونکە تا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دیاری کراوتربێت پەیوەندییەکان زیاتر بەردەوام دەبێت. وەهەروەها لێرەدا ڕاستییەک هەیە هەر کاتێک پەیوەندیت لەگەڵ کەسەکاندا بپچرێت . زەحمەتر دەتوانی ئەم پەیوەندییە جارێکیتر دروست بکەیەوە. لەگەڵ هەموو ئەم بیرۆکانە کە نرخی خۆیان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانی پارێزگاری لەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بکەی و کارەکانت جوانتر بکەی لە دواڕۆژدا ، هەمیشە ئەم پرسیارە ئاڕاستەی خۆت بکە و بڵێ: دەبێت کەی دووبارە پەیوەندی بەم کەسانەوە بکەمەوە..؟

## ئەگەر هاتوو جگە لە رۆژانی هەینی رۆژ ێکیتریشت هەبوو بۆ پشودان بەچی بەسەر دەبەی..؟

زۆربەی کەسەکان دەڵێن حەزمان ئەکرد کە رۆژێکی ترمان هەبوایە جگە لە رۆژی پشووی دیاریکراو. زۆر سەیرە هەر هەمان کەسەکان، ئەگەر ئەم رۆژەیان بەدەست هێنا کە بەدرێژایی تەمەنیان تێکۆشانی لە پێناودا دەکەن، کە بەدەستیان هێنا نازانن ئەم ڕۆژە بەچی بەسەر ببەن .
ئەگەر تۆ یەکێکی لەم جۆرە کەسانە، پێویستە ئەم پرسیارە لە خۆت بکەی کە پرسیارێکی زۆر گرنگە . ئەویش ئەوەیە:
- ئەگەر هاتوو جگە لە رۆژانی هەینی رۆژ ێکی تریش پشووت هەبوو بەچی بەسەر دەبەی..؟
هەمیشە وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە ،کە تەنیا پێویستیمان بەوە هەیە ڕاستگۆ بین لەگەڵ خۆماندا.

نوسەر و شاعیری و دەهێنەری شانۆی ئیرلەندی
(ئۆسکار وایلد)١٨٥٤-١٩٠٠)

## ئەم شتانە چین کە دەبێت لە خۆمدا بیانگۆرم..؟

ڕەنگە ئەم پرسیارە کەمێک بە ئێش و ژان بێت،لێرەدا پێویستە لە کاتێکی تەنیاییدا بیربکەیەوە و لە خۆت بپرسی و بڵێی:

- ئایا ئەم شتانە چیە کە حەز ئەکەم لەخۆمدا بیگۆرم..؟

گەشتێکی بەنێو خەیاڵەکانی رۆژگاردا بکە.پاشان لە خەیاڵی خۆدا وای دابنی کە ساڵی داهاتوو گەشتێک دەکەی بەنێو دونیادا. بیر بکەوە کە گەشتەکەت چۆن دەبێت..؟ و ئەگەر ئەم گۆڕانانەت ئەنجام نەدا .

- ئایا دەبێت چ ڕووبدات..؟

- دەبێت چۆن بێت..؟

- ئەی دەرئەنجامی چی دەبێت و چ بەسەر ئەمشتانە دێ کە لە دەورووبەرمدا هەیە..؟

- خراپترین ئەو سیناریۆیانە چین کە رەنگە دروست ببێت لە ئەنجام نەدانی گۆڕانکارییەکان..؟

ئێستا لە مێشکی خۆتدا ئامیری کات سێ بۆ پێنج ساڵ بەرەو پێش ببە وا خەیاڵ بکە کە لەم ساتەدا دەژی.

- ئیستا هەست دەکەی لە ڕووی لاشەوە چۆنی..؟

- ئایا دەبێت چ شتێک ڕووبدا ئەگەر گۆڕانکاریم لە خۆمدا نەکرد..؟

ئەتوانم ئێستا بە راشکاوی پێت بڵێم، تۆ بە هەمان شێوە نامێنییەوە کە ئێستا خۆت ئەبینی لەبەردەم ئاوێنەکەتدا چونکە گۆڕانکاریت بەسەردادێت.

هەربۆیە ئەگەر تواناى ئەوەت نەبوو کە گۆرانیکاری لەخۆتدا بکەی لە ئێستادا. پێویستە لەخۆت بپرسی و بڵێی ئایا ئەم

هەنگاوانە چین کە پێویستە بە خێرایی بگرمە بەر بەئامانجی گۆڕانکاری..؟

- ئایا کێ هەیە بتوانێت یارمەتیت بدا بۆ ئەنجامدانی گۆرانکارییەکان..؟

کاتێک هەستت کرد کە خەیاڵەکانت بەرەو دونیایەکی پێشترت دەبن پێویستە هەر زوو دەست بکەی بە جێ بەجی کردنی هەنگاوەکان بۆ دوارۆژ.

## ئایا ئەتوانم بڵێم -نەخێر-...؟

ئایا هیچ کات ناچار کراوی کە چەند کارێک ئەنجام بدەی، جا چ لە چوارچێوەی کاری پیشەیی بێت یان ژیانی تایبەتی..؟ ئایا پابەندبوو ی بەوەی هەموو کارەکان جێبەجی بکەی یان تووشت بوو بەوەی بەبێ ویستی خۆت کارەکان ئەنجام بدەی..؟ لێرەدا چەندین هۆکار هەیە کە وادەکەن هەست بە بێزاری و فشاری و ماندووبوون بکەی لە کاروباری پیشەیی و ژیانی رۆژانەی تایبەت بەخۆت ، هەموو هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ رازی بوونت بۆ ئەنجامدان و جێبەجی کردنی کارەکان کە خۆت خواستت لەسەری نەبوو. لەگەڵ هەموو ئەمانە. لێرەدا پرسیارێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە لەخۆت بپرسی کاتێک کەسێک داوات لێدەکات کە هەستی بە ئەنجامدان و جێبەجی کردنی کارەکان، لەڕاستیشدا کارەکان لە توانای تۆدا نیە .

لێرەدا لە خۆت بپرسە و بڵێ:

- ئایا ئەتوانم بڵێم (نەخێر)..؟

زۆربەی کەسەکان دەڵێن (بەڵێ) کاتێک کارێکیان پێ ئەسپێرن پێیان وایە وەڵامدانەوەبە(بەڵێ) ئاسانترە لە وەڵامدانەویان بە (نەخێر) چونکە بیانوەیەکی گونجاو یان نییە تا لە هەمان کاتدا وەڵامی (نەخێر)بدەنەوە. لەهەندێک کات و ساتدا بەتایبەتی لەکاتی ئیش و کاری بازرگانیدا زۆر ئەستەمە رەتی بکەیەوە کاتێک کەسەکە دێتە لات چونکە ترست هەیە لەوەی جارێکیتر نێتەوە لات یان توڕە ببێت ، یان بۆ ئەوەیە کە کەسی بەرامبەر هەست بکات کە تۆ زۆر پابەندی بە کارەکانی ئەو کاتێک داوای ئەنجامدانی کارێکت لێدەکات.

لە هەموو بارودۆخێکدا ، دەتوانی بڵێی (نەخێر)تاکە کێشە کە ڕووبەڕووت دەبێتەوە کە چۆن بتوانی خۆتی لێ رزگار بکەی کە هەست دەکەی خەریکە بکەوییە ناو تەڵەکەوە. لێرەدا پێویستە ئەم شێوازە تاقی بکەیەوە لە کاتی جیاوازی و ناکۆکیدا بۆ ئەوەی وەڵامدانەوەکەت لەگەڵ پرسیارەکەی کەسی داواکار بگونجی . بەم شێوەیە ئەتوانی وەڵامی بدەیەوە:

- ئایا ئەزانی کە من هەست بە دڵخۆشی و شانازییەوە دەکەم کە تۆ داوای کارێک لەمن بکەی حەز ئەکەم پێت بڵێم (بەڵێ) . بەڵام هەمووکات وەڵامی (بەڵێ) زۆرجار توشی کێشەت ئەکات. هەربۆیە هەوڵبدە کە خۆت فێری ئەوە بکەی کە بتوانی بڵێی(نەخێر) هەندێک کاروبار هەیە لە ڕاستیدا کە ناتوانی ئەنجامی بدەی. چونکە کاتێک بەداوای لێبوردنەوە کارەکەیان بۆ ئەنجام نادەی کەسی بەرامبەر تێدەگات لەوەی کە ناتوانی و لە تواناى تۆدا نییە کە کارەکەی بۆ بکەی لەم کاتەدا وەڵامی (نەخێر) بە ئەندازەی وەڵامی (بەڵێ)وایە بۆ ئەم کەسەی کە داواکارییەکەی لە تۆ کردووە.

تۆ پێویستە کە ئەم شێوازە بزانی. بەڵام ئەمە وەڵامێکی زۆر ئاسانە. چونکە ئەم کاتە کەسی بەرامبەر بیر لە کێشەکەی تۆش دەکاتەوە لە رێگای ئەم وەڵامەی کە دەیدەیەوە، بەوەی پێ دەڵێی ببورە ناتوانم ئەم کارە ئەنجام بدەم ، ئەم کەسە ڕاستەخۆ لە تۆ تێدەگات و هەڵویستێکی نەرێنی دەبێت، رەنگە بڵێی لەبەرچی..؟ چونکە ئەم کەسەش زۆرجار ڕووبەڕووی هەمان کێشە بۆتەوە ، بەڵکو بگرە رێز لە هەڵویستەکەشت دەگرێ بەوەی بەم شێوە جوانە کارەکەت رەتکردۆتەوە.

## ئایا توانات هەیە دەرفەت و هەڵەکان بقۆزییەوە..؟

مرۆڤەکان بەدرێژی تەمەنییانەوە لە دەرفەت و هەلی باش و تازە دەگەڕێن . جا چ لە بواری کارکردن دابێت یان ژیانی تایبەتی، کەچی ئێستا کارێکی باش و بەخێریشی هەیە ، هەر بە دوای دەرفەت و هەلی باشتردا دەگەڕێت، لەو کاتەی دەستم کرد بەکارکردن لەبواری ڕاوێژکاری بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی ئاستی ژیان بە شێوەیەکی زانستی. هەمیشە پرسیاری ئەوەیان لێدەکردم دەیان وت:

- ئایا باشترین ڕێگا چیە بۆ ئەوەی تواناکانی خۆمان نیشان بدەین تا بتوانین هەل و دەرفەتی بە دەستهێنانی کارمان زیاتر بێت....؟ لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەمدا هەمیشە توشی دڵەخورپە دەبن، چونکە من هەمیشە بۆیان ڕوون دەکەمەوە و پێیان دەڵێم ، تەنانەت ئەگەر بێت و تواناکانی خۆشتان نیشان بدەن لە بواری کارکردندا بەم شێوەییەی کە خۆتان دەتانەوێت ،ڕەنگە نەتوانن هەل و دەرفەتی کار ێکی باشتان بۆ بڕەخسیت. کورترین ڕێگا بۆ ئەوەی کارتان بۆ بڕەخسێت ئەوەیە کە خۆت بتوانی داواکاری و هەلی تازە و بەسود بۆ خۆت بڕەخسینی و وەبەرهێنانی تێدا بکەی. پاشان ڕاستەخۆ کارەکەیان پێچەوانە دەکەمەوە و پرسیاریان ئاڕاستە دەکەم پێیان دەڵێم . با پرسیارێکی گرنگت لێ بکەم ، ڕەنگە تائیستا بابەتەکە کەمێک ئاڵۆز بێت بەڵام لە کۆتاییدا تێدەگەی . گریمان تۆ لە بازاری:

- ئایا ژمارەی ئەم داواکارییانەی ڕۆژانە پێشکەشی دەکەی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕووبەڕوو لەگەڵ کەسەکان چەندە..؟

- ئایا ڕێژەی سەرکەوتنەکانت چەندە کاتێک داواکارییەکان پێشکەشی کەسانی بەرپرسی کارەکان دەکەی..؟

ئەوەی لێرەدا ئامانجی من ئەوەیە کە دەمەوێت پێت بڵێم کە ئەم داواکارییانە پێشکەشیان دەکەی ئەوانە سەرکەوتن و بەرهەمی ڕاستەقینەی تۆیە. ڕەنگە ئەو کاتە پێویستیت بەوە نەبیت کە چاوەڕی بکەی بەوەی کە داواکارێت بۆ بێت چونکە ئەو داواکارییانەی پێشکەشت کردووە بەس بێت. یان ڕەنگە کێشەیێکت هەبێت ئەویش ئەوەیە کە توانای ئەوەت نەبێت کە بەباشی پەیوەندی و داواکارییەکانت پێشکەش بکەی بۆ ئەوەی بتوانی قازانج بکەی لە وەبەرهێنانەکانت.

لە پێشتردا کارم لەگەڵ یەکێک لە دامەزراوەکان دەکرد کە تایبەت بوو بە (هەلی کار ) بۆ دەرچوانی کۆلێژ و پەیمانگا و ئەم کەسانەی ویستی کارکردنیان هەبوو. بەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ خاوەن و بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکاندا هەبوو کە یارمەتییان دەدام لە دامەزراندنی کەسەکاندا.

لەم کاتە ڕۆژانە سێ کەس پەیوەندییان پێوە دەکردین کە لە بەرامبەر دۆزینەوەی هەر هەلی کارێک زیاتر لە (٧٠٠)دۆلارمان دەست دەکەوت ئەگەر  کۆمپانییایەکە گرێبەستی تەواویان لەگەڵ بەستبان. دواتر لە ماوەی (٥٠)حەفتەدا پەیوەندییەکان زیادیان کرد .ئەو کەسانەی بەدوای هەلی کاردا دەگەڕان گەیشتە (٧٥٠)کەس لە هەر سالێکدا، کە قازانجەکەی دەگەیشتە (٥٢٥)هەزار دۆلار بێ ئەوەی یەک سەنت خەرج بکەین . پاشان پێیان وتم کە ئەوان تەنیا سودیان لە (٢٠% )ی پەیوەندییەکان وەگرتووە بۆ بەدەست هێنانی ئەم بڕە پارە زۆرە.

له پاش دوو مانگ پێیان وتم کە ڕێژەی پەیوەندییەکان بەرزبۆتەوە بۆ رێژەی لە(٤٥%) کە سودیێکی داریی زۆری بۆیان هەبووە ، وە پاش تێپەڕبوونی سێ مانگیتر لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەیان بەوە کرد کە رێژەکانیان بۆ لە(٧٥%) بەرز بۆتەوە کە ئەگەر لێکی بدەینەوە قازانجێکی یەکجار زۆرە، وە جگە لەوەش مافی ماندووبونی دۆزینەوەی کاریان بەرزکردەوە. لێرەدا خاڵی گرنگ و کۆتایی ئەوەیە کە دەمەوەێت لەم نمونەیەدا بۆت ڕوون بکەمەوە .

ئامانجەکەم زۆر ئاسان و ڕوونە لەباسکردنی ئەم چیرۆکە ئەوەیە: کە لە ڕێگای سەردانی کردن و پەیوەندی کردنی کەسەکان بەم دامەزراوە توانویانە رێژەیەکی باشیان لە قازانج دەستکەوێت .

ئەم کردارەی کە دامەزراوەکە ئەنجامی داوە، تۆش ئەتوانی ئەنجامی بدەی لە ئاستی تاکە کەسیدا ، ئەوان تاکە کاریان پەیوندی کردن بوو بە شوێن و کۆمپانیاییە بازرگانییەکان. تۆش بەهەمان شێوە دەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەی بۆ ئەم کەسانەی ئارەزوو کارکردنیان هەیە و بەم هۆیەوە سود و قازانجی مادیت دەستکەوێت. ئێستا نموونەیەکەت نیشان دەدەم:

- ژمارەی ئێستای هاوڕێیەکانت چەندە کە پشت گوێت خستوون .کە تەنیا بەگرنگیدانێکی کەم پەیوەندییەکان بە هێز دەبنەوە لەگەڵیاندا..؟

- چەندین بابەت و شتی گرنگ هەیە کە پشت گوێت خستووە ، کە ئێستا دەتوانی بەشێوەیەکی باش سودیان لێ وەرگری..؟

- لە پێشتردا چەند بیرۆکەی باشت هەبووە ، کە ئیستا دەتوانی سودیان لێ وەرگری..؟

- ئایا ئەو بەهرانە چین کە هەیتت ئێستا بۆ یەک لایەن بەکاری دەهێنی، ئێستا دەتوانی لە زۆر بوار بەکاریان بێنی..؟

لە کۆتایدا تەنیا پرسیار لە خۆت بکە لەم هەلانەی کە ئەتوانی دروستی بکەیی و چۆنییەتی بەکارهێنانی توانایيە ڕاستەقینەکانت و بزانی کە چۆن سودیان لێوە ببینی.

## ئایا ئەم بابەتە تاچەند گرنگی هەیە لەلای من..؟

ئایا ئەزانی..؟کەسانێک هەن کە کاتێکی زۆر بەدڵ تەنگی و خەم و خەفەت خواردن و خواردنەوە یان هەندێک شتی پڕوو پوچ یان بە کێشە و دەمەقاڵی و رکابەری وململانی بەسەر دەبەن،یان بەدرێژایی رۆژ  لە ناخییەوە هەست بە کێشمە کێش و ناخۆشی دەکات لەسەر شتێکی زۆر بچووک و ئاسان. ئایا حەفتەی پێشو هیچ شتێک بێزاریکردی..؟ئەی ئەم حەفتانەی پێشتر..؟ ئایا بیرت ماوە کە شتەکان چی بوون کە بێتاقەت و بێزاریان کردبووی..؟
لێرەدا کاتێک هەست بە دڵ تەنگی و بێ تاقەتی دەکەی بە هەر هۆکارێک بێت یان کەسێک قسەیەکی ناشیرینی پێ وتبیت. ئەوەی لێرە گرنگە ئەوەیە کە لەخۆت بپرسی و بڵێی:
- ئایا ئەم بابەتە تاچەند گرنگی هەیە لەلای من..؟
ئایا  ئەم بابەتە یان ئەم قسەی پێیان وتووی  خراپی یان سزا و زەرەری بۆ تۆ هەبووە لە ماوەی یەک ساڵ یان یەک مانگ یان تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت..؟ ئەگەر وەڵامەکەت (نەخێرە) باشتر وایە ئەم شتە یان ئەم بابەتە پشتگوێ بخەی هیچ پێویست بە دڵ تەنگی و خەم و خەفەت ناکات.
ئەمە بە واتای ئەمە نایێت کە بەدرێژایی کات هەستەکانتی تێدا بنوسییەوە، بەڵام ئەم پرسیارە یارمەتیت ئەدات لە بینینی شتەکان و بابەتەکان وەکو خۆی. لە هەندیک کاتدا هەست بە توڕەیی و بیزارییەکی زۆر دەکەی لەبەرامبەر هەڵسوو کەوتی کەسەکان، جاری وا هەیە بە پەیوەندی یان بە نامە یان لە کەسێکەوە گوێت لێ دەبێت لە ڕاستیدا زۆرجار شتەکان وانین بەم شێوەیە نیە کە بیری لی دەکەیتەوە.

هەر بۆیە بیرت نەچێت کاتێک هەستت بە توڕەی و بیزاری و دڵتەنگی کرد ،سەبارەت بە کێشەیەک یان بابەتێک و قسەیەکی ناخۆش ، ئەوەی گرنگە لەسەر تۆیە ئەوەیە کە لە خۆت بپرسی و بڵێی:

ئایا ئەم بابەتە تاچەند کاری گەری خراپی هەیە لەسەر من..؟

## ئایا ئەتوانم هەموو ڕۆژێکدا ساڵێکی نوێ دەست پێ بکەم..؟

ئایا سەرەتای هەموو ساڵێکی نوێ چ کارێک دەکەین..؟ مەبەستم ئاهەنگ گێران نیە کە سەری هەموو ساڵێک ئەنجام دەدرێت لەم ڕۆژەدا زۆرێک لە ئێمە بڕیار بۆ ئەم ڕۆژە دەدەن، تەنیا لەبەر ئەوەی ساڵێکی نوێ هاتۆتە پێش. من پێموایە دەتوانین کە هەمیشە لە سەرەتای وشە و قسەکانمان ساڵێکی نوێ دەستی پێ بکەین.

بۆ نموونە: وەک چۆن ناوەستین لە نان خواردن و خواردنەوە یان ڕێکخستنی ڕۆژانەی ماڵەکانمان یان وەرزش یان دابەزاندنی کێشمان تا ژیانێکی تەندروستر بژین یان گۆرینی جلەکانمان ......هتد بەمجۆرە. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش دەبێت پرسیار لە خۆت بکەی کاتێک سەرنج دەخەیتە سەر ئەم شتانەی کە دەتەوێت بیبیان گۆڕی لە هەڵسووکەوت و ڕەفتارماندا. پرسیارەکە ئەوەیە:

- ئایا ئەتوانم هەموو ڕۆژێک ساڵێکی نوێ دەست پێ بکەم..؟

بە واتایەکی تر ، دەکرێ ئێمە هەر چاوەڕیی ڕۆژی سەرەتای ساڵی نوێی بکەین تا بێت و بڕیار لە سەر  هەنگاوەکانی دەست پێ کردنی گۆڕانکارییەکانی ژیانماندا بدەین..؟ ڕەنگە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر ئاسان بێت . بەڵام ڕاستییەکە لێرەدایە ئەویش ئەوەیە ، ئەگەر دەتەویت دەست بکەی بە سەرەتاییەکی نوێ، دەبێت واهەست بکەی کە ئێستا یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێیە ،کە دەتەوێت دەست بکەی بە گۆڕانکارییەکان یان کارێک. ڕەنگە ئێستا بترسی لەوەی کە سەرنەکەوێت لە گۆرانکارییەکان ژیانت بە هۆی کەمی ئەزموون و تواناکانت لە ڕابردوودا. ئەگەر ئەوەت لە پێشتردا تاقی

کردۆتەوە ، لە کۆاییدا پێویستە ئەم دوو پرسیارە لە خۆت بکەیی و بڵێی:

- بۆچی لە پێشتردا سەرنەکەوتم..؟

- پێویستە چ شتێکی جیاواز ئەنجام بدەم بۆ ئەوەی سەرکەوم..؟

بە هیوای کاتێکی خۆش و ساڵێکی نوێی پڕ سەرکەوتن.

## ئایا تۆ بەم بەشێوەیە لە شتەکان دەکۆڵییەوە کە کاتت بە فیرۆ بدات..؟

ئایا لە پێشتردا هیچ کات هەستت بە ئازار نەکردووە بەوەی ویستووتە کارەکەت جێبەجێ ببێت بەڵام کارەکە جێبەجێ نەبووە..؟ یان چەند دەرفەتی باشت لە دەست دابێت لەبەر ئەوەی بەدوای وەڵامێکی هاوشێوەی ئەنجامی کارەکەت گەڕاوی لە کۆتایدا دەستت نەکەوتووە دەر ئەنجام زیانت بەر کەوتبێت..؟

چەند ساڵیک بەر لە ئێستا کۆمپانیایەک داوایان لێکردم کە نەخشەسازی کتێبێکی بانگەشەی(ریکلام)ی بازرگانی هەمە جۆریان بۆ بکەم. وەهەروەها داوایان لێکردم کە ناوەڕۆکی کتێبەکەشیان بۆ بنوسم.

ئەزانی چەند کاتی خایەند ..!لەم رۆژەی کە باسیان لێوە کرد تا ئەو رۆژەی کتێبەکە تەواو بوو..؟ تۆ بڵیی چەند کاتی خایاند بێت تا کتێبەکە تەواو بوو..؟ تۆ بڵیی چەند..؟ شەش حەفتە..؟سێ مانگ..؟دووبارە بیری لێ بکەوە..! بامن خۆم پێت بڵێم چوار ساڵی خایاند تا کتێبەکەیان کەوتە بەردەست.

بەڵام لەبەر ئەوەی زیاد لە پێویست شیکردنەوەیان بۆ وشە بە وشەی کتێبەکە ئەکرد بەم هۆیەوە ژیانیان وەستابوو.

وەهەروها لە سێ کاتژمێر زیاتر لە (دە) کەسە گەورەکانی کۆمپانیا لە کۆبوونەوە دابوون بۆ ئەوەی ڕەنگێک بۆ بەرگی پێشەوەی کتێبەکە دەست نیشان بکەن.

سەرەڕای هەولو تەقەڵایەکی زۆر لە تەواوبوونی کارەکە،بەڵام بەهۆی ڕاڕایی و وردبینی زۆریان نەیانتوانی لە ماوەی ئەم چوار ساڵە یەک بانگێشەی بازرکانی بکەن کە خۆیان خاوەنی بیرۆکەکە

بوونوو و هەروەها بڕیاریان لەسەر دابوو ، بەم هۆیەوە چوارساڵیان لە کیس چوو کە دەیان توانی لەم ماوەیە سودێکی زۆری دارایی لێ ببینن.

لێرەدا پێویستە کە هەندێک جار بوەستی لەبیرکردنەوەی زیاد لە پێویست و بەشێوەیەکی ئاسایی هەڵسووکەوت لەگەڵ شتەکان بکەی. هەربۆیە لەخۆت بپرسە و بڵێی:

ئایا ئەگەر ئەم هەموو کات و هەوڵ و فشار و ماندووبوونەم لەپێناو کارەکەدا دانا، ئایا چی قازانج دەکەم و ئەگەر بەپێچەوانە کارەکەم بە سادەیی و بە کات و ماندووبوونێکی کەمتر بکردبایە چ شتێک لە دەست دەدەم و زیانم پێدەگات و دەفەوتێت...؟

هەربۆیە ئەگەر ئەمجار ویستت کارێک ئەنجام بدەی پێویستی بە زۆر بیرکرنەوە و وردبینی و شیکردنەوە ناکات . چونکە لەهەموو شتێک جوانی و باشی هەیە، تەنانەت لە ناشیرینیەکانیش جوانی و باشی هەیە.

## ئایا کارەکانت بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت کە خۆت نەخشەت بۆ کێشاوە..؟

ئایا هیچ جار ئامادەی کۆبوونەوەکان بووی لە بواری کارکردندا ،کەچی کە گەیشتووی بە شوێنەکە سەیردەکەی ناونیشان یان کاتەکەی گۆڕاوە..؟ یان ئەم کەسە کە دبوایە لە کۆبونەوەکە ئامادەبێت ئامادە نەبووە..یان چووبی بۆ پرسگەی میوانخانەکە (ئوتیل) ئەم ژوورەی کە داوات کردووە چەند مانگ و حەفتەیە بیپارێزن بۆت کە سەیر دەکەی داویانە بە کەسێکی تر..؟

من لەپێشتردا ئەم ڕووداوانەم بەسەر هاتووە:

جارێکیان یەکێک لە کۆمپانیاکان داوایان لێ کردم کە ڕاهێنان بە کارمەدنەکانیان بکەم لە ڕووی چۆنییەتی پێشکەش کردنی کاڵایەکانیان بە کڕیارەکانیان. هەربۆیە چەند حەفتەیەک پێش ئەوەی کاتی ئەوە بێت کە ڕاهێنان بە کارمەندەکانیان بکەم کۆمپانیایەکە نامەیەکی ئەلیکترۆنیان بۆ ناردەم کە گوایە ئەوان شوێنێکم لە میوانخانە بۆ ڕێک دێخن بۆ مانەوە و خەوتنم تا خولی ڕاهێنانەکە تەواو دەبێت. هەر بۆیە چەند ڕۆژێک دوای ئەوەی نامەکە یان بۆ ناردم کە گوایە ژووریان بۆ دابین کردووم ، لە ناکاو خەیاڵێک هاتە میشکم وتی: پێویستە کە دڵنیایی وەربگری لە دابین کردنی ژووری خەوتنەکەت لە میوانخانەکە.

تۆ بڵێی چی ڕوویدا..؟ کە پەیوەندیم بە میوانخانەکە کرد هیچ ژوورێک نەبوو بە ناوی من..!کەچی میوانخانەکەش هیچ ژوورێکی بەتاڵیان نەمابوو هەر هەموو ژوورەکان پڕ بوون لە میوان، بەهەرحاڵ. پەیوندیم بە کۆمپانیایەکە کردەوە لەوەی کە ڕوویداوە . پێیان وتم : ئەم کێشەیە ئاسانە خۆمان ئەم کێشە چارەسەر

دەکەین. و لە پاش دوو ڕۆژ نامەیەکی دەنگیم پێگەیشت کە گوایە لە ئوتیلێکی تر ژووریان بۆ دابین کردووم .منیش تاقەتم نەبوو دووبارە بەدواداچوونی بۆ بکەم لە دڵنیابوونەوەی. هەر بۆیە گەشتم کرد چوومە میوانخانەکە سەیرم کرد هیچ ژوورێک نیە بەناوی من ..! کە پرسیارم کرد لە کارمەندی میوانخانەکە بیانووی ئەوەیان هەبوو گوایە ئێمە وەڵامی پابەند بوونمان بۆ نەناردوون ئەوانیش هەستاون ژوورەکەیان داوە بە کەسێکی تر. هەر بۆیە پاشگەز ببونەوە لە دابین کردنی ژوورەکەم دووبارە ئەم میوانخانەش هەموو ژوورەکانی پڕبوون لە مێوان. هەربۆیە ناچاربووم کە خۆم ئەم کێشەیە چارەسەر بکەم بەوەی خۆم لە ئوتێلێکی تر ژوورێک بۆ خۆم بگرم.

من نامەوێت بڵێم کە ئەم ڕووداوانە هەموو جارێک دووبارە دەبنەوە، بەڵام ناشبێت ئەوەندە دڵنیابین لەوەی کە ئەم جۆرە ڕووداوانە ڕوونادەن. چونکە کاتێک کە ئەم ڕووداوانە ڕوودەدەن بۆ ئیمە ناخۆشە و دڵ تەنگییە. لێرەدا چارەسەرێکی ئاسان هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوین بە سەر ئەم جۆرە کێشانە. ئەویش ئەوەیە کە داوای دڵنیایی لەم کۆمپانیایەکە  یان دامەزراوە بکەی کە بەنیازی کاریان لەگەڵدا بکەی بەوەی ئایە هەموو شتێک تەواوە و کارەکان بەباشی بەڕێوە دەچن..؟ وە تێگەیشتن لە وردەکاری کارەکان کارێکی دروستە.

هەربۆیە، ئەگەر دەتەوێت مێشکت ئارام بێت و کێشەکانت کەم بێتەوە کە ڕووبەڕووت دەبنەوە و بۆ ئەوەی هیچ شتێک گۆرانکاری بەسەردا نێت و ئەوەی نەخشەت بۆ کێشاوە وەک خۆی بێ و دووربی لە کێشەکان، هەمیشە ئەم پرسیارە بکە و بڵێی :

ئایا هەموو شتەکان بە باشی بەڕێوە دەچن..؟

## لەسەرەتادا پرسیاری ئاسان بکە..

ئایا لە پێشتردا هیچ کات تووشی شلۆقی نەبووی بەوەی وەڵامێکی ئاسانت لە دەست چووە..؟

یان هیچ کات پرسیاریان لێکردووەی تۆش لە وەڵامێکی ئاڵۆز گەڕاوی کە وەڵام بدەیەوە .کەچی خۆی لەخۆیدا وەڵامەکی زۆر ئاسان و دیاری هەیە وەک تیشکی هەتاو ڕوونە..؟

کاتێک کە خەریکی نوسینەوەی ئەم کتێبەبووم ، رۆژێکیان زۆر هەستم بە بێزاری کرد. چونکە لە ناکاو ئامێری چاپەکردنەکەم لە کار وەستا. ئەوەی ڕوویدا لە ناکاوبوو بێ ئەوەی ئامێرەکە ئاماژەیەک یان ئاگادارکردنەوەیەکم پێ بڵێت..!سەرم سوڕما وەک بڵێی هەموو پیتەکان فرین، یەک یەک سەیری لاپەرەکانم دەکرد هەر هەموویان یەک وشەی لەسەر نەبوو . سەیر بوو..! دڵنیاش بووم لەوەی کێشەی مەرەکەبەکە نییە چونکە دوو رۆژ پیش ئیستا مەرەکەبەکەم گۆریوە و تەنیا (دە) خولەک کارم پێ کردووە.

هەستام بە گەڕان بەدوای کێشەکە و پاشان چومە سەر ئامێری کۆمپیوتەرەکەم بە کردنەوەی بەرنامەی تایبەت بە ئامێری چاپکردن تا کێشە هونەرییەکەی بدۆزمەوە ، بەڵام بێ سوود بوو. ئەمجارە کە خەریکبووم ناونشیانی کۆمپانیایەکە بدۆزمەوە تا ئامێرەکەیان بۆ ببمەوە بە مەبەستی چاککردنەوە ئەم کارەش بۆمن زۆر ناخۆشبوو.

لێرەدا یەکێک لە کوڕەکانم سەیری ئەم بارووددۆخەی دەکرد کە منی تێدایە. منی تۆش شلۆقی کردبوو .پرسیارێکی لێ کردم و وتی:

ئایا دڵنیای لەوەی مەرکەبەکەت کار دەکات ..؟ رەنگە ئەم مەرکەبەی کە کڕیوتە دەبێت تەواو بێت یان هەر کار نەکات...؟!

پێم وت: من ئارامم نەماوە بەدەست ئەم ئامێرە. وتی : نانا، رەنگە ئەم کێشەیەی هەبێت.

من بە تورەیەوە هەر ئینکاریم دەکرد، لەم کاتەدا کورەکەم هەستا بە هەڵبژادنی مەرەکەبێکی باش کە لەناو دۆڵابەکەم بوو بەمتمانە بە خۆبوونەوە دەستی کرد بەگۆرینی مەرەکەبەکە ، لە کۆتایدا زۆر بەشێوەیەکی باش کاری کردەوە..!

کورەکەم پێکەنینێکی هاتێ وتی:

بابە گیان، لەبیرت بێت هەمیشە لەسەرەتادا پرسیاری ئاسان بکەی...

من قەرزداری کورەکەم بووم هەربۆیە ئەم ئامۆژگارییەی کورەکەم لەم کتێبەدا نوسییەوە.

## پێویستە پرسیار لە خۆت بکەی سەبارەت بە ژیانی رۆژانەت..

لە بەشی ڕابردوو ئەم کتێبەدا زانیمان کە چۆن پرسیار ئاڕاستە بکەین وە هەرەوها چەندین شێوە و شێوازی رێگاشم بۆ ڕوون کردنەوە لە چۆنییەتی ئاڕاستە کردنی پرسیار. وە چۆنییەتی تاقی کردنەوەیان لە ژیاندا بۆ ئەوەی یارمەتییان بدا لە بەدەست هێنانی ئامانجەکان و فرەوان کردنی بیر و کارەکانت.
وە لەم بەشەی کۆتایدا مەبەستمە لە تێگەیشتنی و تاقی کردنەوەی ئەم بابەتانەی کە باسم لێوە کردووە بە درێژی لەم کتێبەدا بتوانی بە شێوەیەکی کرداری سوودی لێوە ببینی لە ڕووداوەکانی ژیانی رۆژانەتدا کە یارمەتیت دەدەن بۆ گۆڕانکاری و ئاسان کردنی ڕێگای ژیانت وە هەروەها چەند شێوازێکی پرسیارکردنی بەهێزت بۆ باس بکەم بۆ ئاسان کردنی کارەکانت.

**چرکە ساتی بڕیاردان....**

پێم خۆشە لەسەرەتادا بەشێکی گرنگی ئەم کتێبەتان وەبیر بێنمەوە کە لە سەرەتای ئەم کتێبەدا نوسیوبووم .
ئەویش ئەوەیە ئەم بڕیارانەی لە ژیانتدا دەیدەی و ئەم هەنگاوانەی پەیوەستن بە بڕیارەکانت کاریگەری زۆریان هەیە لە سەر ئەم پرسیارانەی پیشنیاری دەکەی. هەربۆیە گرنگی پرسیارەکان لەم بڕیارانە دایە کە دەیدەین ، چونکە بڕیار و چۆنییەتی ئاڕاستە کردنی پرسیار پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. سەرەتای هەموو شتێک بڕیاردانە دواتر پرسیارکردن لە بارەیەوە.
هەر چەند پرسیاری باش و دروست بکەی ، ئەوکاتە هەڵی زیاتر و باشترت بۆ دەرەخسێت.

هەر چەند زیاتر پرسیاری  بکەی، شانسی بەدەست هێنانی ئامانجەکەت زیاتر دەبێت.
کاتێک کارەکە پێویستی بە چرکە ساتی بڕیاردانەوە هەیە، هەمیشە توشی بارودۆخێکی ناخۆش دەبێت بەوەی ناتوانی  بەئاسانی بڕیار لەسەر شتەکان  بدەی ئەوە هۆکارەکەی ترسە ..
ئایا هەستت چۆن دەبێت کە لە چرکە ساتی بڕیارت داوە  وا ئەزانی کە ئەو بڕیارەی داوتە ڕەنگە لە دوارۆژدا کاریگەری زۆر باشی هەبێت و ببێتە هۆی گۆرانکاری لە ژیانی داهاتووتدا..؟ئایا هیچ جار هەستت بەوە کردووە کە دەنگێک لە مێشکتەوە دەرچێت وپێت بڵێت : رزگارم بکە..! من ناتوانم بڕیار بدەم...؟ هەر بۆیە ئامانجم ئەوەیە لەم بەشەی ئەم کتێبەدا  کە چەند پێشنیار و پرسیاری ئاسانی گشتیت فێربکەم کە یارمەتیت دەدات بۆ دۆزینەوەی چەند رێگایەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت و خوێندنەوەی ڕوودا و پێشهاتەکان کە دێنە پێشت.کە  وادەکەن بتوانی لە چرکە ساتی گونجاودا بڕیار بدەی..
ئایا هیچ جار تووشی  بارودۆخی وا بووی کە لە کارێکدا یان لە بابەتێکدا ویستبت بڕیار بدەی بەڵام ئەوەندەت بیر کردبێتەوە کە تێدا ماندوو  و شکەت ببی و هێشتاش نەوێراوبی بڕیار بدەی ، کەچی کەسێک لەم لاوە دێت هەندێک ئاگاردار کردنەو و بەرچاوڕوونی ئامۆژگاریت پێ دەڵێت و وادەکات تۆ باشتر بیر بکەیەو و لە ناکاو بە دەنگێکی بەرز دەڵێی: زۆرباشە ، دۆزیمەوە. ئیستا ئەزانم کە چ کارێک دەکەم . بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر  پێش چاو و مێشکت ڕوون بێتەوە تا بتوانی بەئاسانی بڕیار لە شتەکان بدەی، لێرەدا چەند نموونەیەکت لە پرسیار کردن نیشان دەدەم بۆ ئەوەی

مێشکت باشتر کار بکات و هەروەها یارمەتی دەرت بێت لە چرکە ساتی بڕیاردان.
بەڵام پێش ئەوەی دەست پێ بکەم،پێم خۆشە سێ پرسیاری سەرەکیت پێ بڵێم کە وا دەکات بە ئاسانی بتوانی بڕیار لە شتەکان بدەی ، ئەویش ئەوەیە کە پرسیار لە خۆت بکەی بێ ئەوەی بترسی لە بڕیاردان لەسەر شتەکان کە دێنە پێشت. وەک:
- ئایا من لە باروو دۆخێکی تەندروستی و ئەقڵی باشم تا رێگەم پێ بدات کە بڕیار لەسەر بابەتەکە بدەم..؟
لێرەدا بنچینەیەکی سەرەکی و گرنگ هەیە ئەویش ئەوەی کە ئەگەر لە باروو دۆخێکی دەروونی و تەندروستی باشدا نەبووی بەهیچ شێوەیەک بڕیار لە سەر هیچ شتێک مەدە.ڕەنگە تۆ لە بارووودۆخێکی خراپ یان لە ژێر فشار یان نەخۆشییەک دابی یان هەواڵێکی ناخۆشت پێ گەیشتووە. لێرەدا پێویستە کە ئەگەر باردووخەکەت گونجاو نەبوو لە ڕووی تەندروستی و ئەقڵی و دەروونییەوە یان فشارێکی نەرێنیت لەسەر بوو پێویستە بڕیار دانەکەت دوا بخەی تا ئەوکاتە بارووودۆخەکان ئاسایی و باشتر دەبێتەوە.
لێرەدا پێویستە پرسیار لە خۆت بکەی و بڵێی:
- ئایا ئەتوانم ڕاوێژ یان داوای یارمەتی لە کەسێکی تر بکەم بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات لە بڕیار دانەکە...؟
سەرەڕای ئەوەی کە وشەی کۆتایی بڕیاردان لەسەر هەموو بابەتێک لای خۆتە،بەڵام ئاسانتر بۆتۆ ئەوەیە کە لەگەڵ کەسێکی زیرەک و باش بیروڕایەکان ئاڵوگۆر بکەی. بەوەش بڕیاردان لە سەر شتەکان ئاسانتر دەبێت. ئامۆژگاریم بۆ تۆ ئەوەیە کە لە خودی خۆت بپرسە

و بڵێ: ئایا ئەم کەسە کێیە کە دەبێت هەڵی بژێرم بۆ بڕیاردان لەسەر شتەکان..؟

- ئایا ئەم زانیاریانەی من هەمە بەسە بۆ ئەوەی بتوانم کە بڕیارێکی ڕاست و دروست لەسەر شتەکان بدەم...؟

زۆر سەیرە کە هەندێک کەس هەیە بەم زانیارییە کەمەی کە هەیانە بڕیار لەسەر شتەکان دەدەن. هەر بۆیە پێویستە لە خۆت بپرسی و بڵێی : ئایا ئەو زانیارانەی من هەمە لە چ بوارێکە و چەندە و بەشی ئەوە دەکات کە بتوانم بڕیاری لێوە بدەم..؟(بەڵێ) یان (نەخێر). ئەگەر وەڵامەت (نەخێر)بوو پێداچوونەوەیەک بە زانیارییەکان و خۆت باشتر ئامادە بکە و لە خۆت بپرسە ئەگەر زانیارییەکانم کەمن چۆن و لە کوێ زانیاری تەواوم دەست دەکەوێت تا بەئاسانی بڕیار لەسەر شتەکان بدەم. ئێستا کاتی ئەوەیە کە پرسیارێکی تایبەتت لێ بکەم تا بتوانی بڕیاری ڕاست و دروست بدەی.

ئایا ئەو بڕیارە چیە کە بەرامبەری هەست بە خۆشی دەکەم..؟

یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان کە وامان لێ دەکەن هەست بە فشاریکی زۆر بکەین لە کاتی بڕیارداندا ئەوەیە کە دەتەوێت بڕیارێکی ڕاست و دروست بدەی هەر بۆیە بە درێژای کات بیر لە چۆنییەتی بڕیاردان لە شتەکان دەکەینەوە، لە کۆتایشدا هیچ گومانێک نیە بۆ بڕیاردانەکانمان.

لێرەدا پێویستە کە بزانی هیچ زانست و بنچینەیەکی جێگیر نیە بۆ بڕیار دانت لەسەر شتەکان، ئەوەی کە هەیە دەبێت پشت بە ئەقڵ و بیر و چرکە ساتی بڕیاردان ببەستی و بزانی لە چ کاتێک بڕیار دەدەی. لە هەندێک چرکە ساتدا پێویستت بە متمانە بە خۆ بوونەوە هەیە تا بتوانی بە چ ڕێگایەکەدا بڕۆی یان پشت بە

هەست و ئارامی دڵ و دەرونت ببەستی تا مێشکت باشتر کاربکات بۆ بڕیاردان.

وە ئەگەر هەستت کرد کە ئەم رێگایە ڕوون نییە .لیرەدا ئەتوانی بە شێوەیەکی تر بپرسی ئەویش : ئەوەیە بەدەنگێکی بەرز لە خۆت بپرسی، پاشان وەڵامی پرسیارەکەت بدەوە بە گونجان لەگەڵ ئەو هەست و هوشیاری و ئەقل و ژیرییەی کە لە ناو تۆ دایە. جا بە بۆچونی خۆت ئەگەر پرسیارەکە دروست بێت یان (نا) پرسیارەکە بریتیە لە:

- ئایا چ بڕیارێک وادەکات کە هەست بە ئارامی دڵ و دەروون بکەی..؟

لێرەدا فێر ئەبی کە چۆن گوێ لەم پرسیارانە بگری کە لە ناختەوە دێنە دەرێ.

چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لەبواری کارەکەمدا بڕیارێکی قورسمدا ، لەسەرەتادا بڕیارەکە زۆر باشبوو بە هەموو شێوەیەک، لێرەدا بە هەر هۆیەک بێت دەنگێک لە مێشکم دەرچوو و وتی: ئەم بڕیارە مەدە..! بەڵام من بڕیارەکەم دابوو کە بەهەر شێوەیەک بێت ئەم کارە ئەنجام بدەم. باشە بۆ ئەنجامی نەدەم بڕیارەکە لە ڕووی مادییەوە دەست کەوتێکی زۆر باشی دەبێت.. بەڵام لە پاش یەک ساڵ بۆم دەرکەوت ئەو بڕیارەی کە داومە بڕیارێکی هەڵەبووە.بەڕاستی وانەیەکی گرنگبوو بۆ من ، لەم کاتەوە تا ئێستا چونکە ئەو دەنگەی لە مێشکم دەرچووبوو، دەنگێکی پاکی بێ وشە و بێ ناوبوو ئەتوانی هەر ناوێکی لێ بنێیت کە حەزی لێدەکەی دەتوانی ناوی لێ بنێ هەستی(شەشەم) کە کردەیێکی خودایە بە مرۆڤەکانی بەخشیوە بەر لە ئەنجامدانی کار ەکاندا گومان و دوودڵی بۆ دروست دەبێت، کە وادەکات بەبێ لێکدانەوە

و به ئاسانی بڕیار لەسەر شتەکان نەدات. هۆکارەکەش ئەم دەنگەیە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بڕیاردانەکە.

- ئایا چ شتێک ڕوو دەدات ئەگەر بڕیارێکی هەڵە بدەم..؟

هەندێکجار دەکەومە بارووودۆخێک کە وادەکات پرس و راوێژ بەکەسانی تر بکەم چونکە ئەوان دڵنیا نیین لەوەی کە بڕیارەکەم داوە.وە کاتێک بیروو بۆچوونی دیاری کراوی خۆمیان پێدەڵێم، ئەوان وەڵامم دەدەنەوە و دەڵێن:

باشە، بەڵام چ ڕوودەدات ئەگەر بڕیارەکە بدەی..؟

وەلامیان بدەوە و بڵێی: کەواتا زۆرباشە، پێشنیارتان چیە بۆ بژاردەیەکی تر..؟

ئەوان هەمیشە چاوەڕی ئەم وەڵامە دەکەن کە تۆ پێشنیار دەکەی: ئەمجارەیان دەڵین ناتوانین ئەم بریار بدەین ئەگەر لەم بڕیارەی ئێمەدا کارێکی خراپ ڕوویدا..؟

لێرەدا دەردەکەوێت کە وادیارە ئەوانە یاری لەسەر (ئەگەر)..؟دەکەن.

ئەگەر گەیشتییە ئەم باوەڕەی کە ئەوانە بیرکردنەویان نەزۆکە ، هەوڵبدە ئەم پرسیارە تاقی بکەیتەوە یارمەتیت ئەدات و بیرکردنەوەت فراوان دەکات ، تەنانەت ئەگەر بڕیاری هەڵەش بدەی. ئەوانیش:

- ئایا خراپترین سزای دەرئەنجامی بڕیاردانەکەت چییە..؟

- ئایا ئەتوانی خۆت بگونجێنی لەگەڵ ئەم جۆرە سزایەدا..؟

- ئایا لەم بارو دۆخەدا ئەتوانی باشگەزببیەوە و بڕیارەکەت بگۆری بۆ بڕیارێکی باشتر..؟

ئەگەر هاتوو وەڵامی ئەم پرسیارانەی لەسەرەوە کردم بزانی ، ئەوکاتە ئەگەر بڕیارەکەشت هەڵەبێت لێرەدا رێگا چارەی گونجاوت

لەبەردەمدا هەیە بۆ گۆرینی بڕیارەکەت.وە ئەگەر ئەم ڕیگایەشت لەبەردەم کراوە نەبوو ، ئەوکاتە خۆگونجاندنت لەگەڵ سزای دەرئەنجامی خراپی بڕیارەکەت خۆی لە خۆیدا ئازایەتییە. بەڵام بەو مەرجەی بڕیاردانەکەت لە ناخی دڵەوە بێت نەوەک لە ئەنجامی ترس بێت لە (ئەگەر) ...؟

هەر لە پاڵ ئەم پرسیارەدا ئەتوانی ئەو پرسیارە ئاڕاستەی خودی خۆت بکەی وەک:

- ئەی ئەگەر بڕیارەکە دروستبوو..؟

- ئایا لە ئەنجامی بڕیارە دروستەکە چ شتێک ڕوودەدات..؟

ئێستا لە خۆت بپرسە و بڵێی: سوودەکانی دەرئەنجامی بڕیارە دروستەکەم چیە..؟ ئەم کاتە سەردەکەوێت بەسەر دەرئەنجامە نەرێنییەکان لەبڕی ئەوەی پێت وابێت بڕیارەکەت هەڵەیە یان نا.

ئایا پێویستە راوێژ بەم کەسانە بکەم کە بڕیارەکەم پەیوندی بەوانیشەوە هەیە..؟

هەندێکجار ئەم بابەتەی کە دەتەوێت بڕیاری لەسەر بدەی پەیوندی بەکەسانی ترەوە هەیە کە رەنگە راوێژیان لەگەڵدا بکەی بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەکی دیاری کراو یان کارکردنی بازرگانی...هـتد

رەنگە کەسێک پێشنیاری کارێکت بۆ دەکات لە ڕووی بازرگانییەوە کە زۆرت لا سەیرە..!یان لە سەر ئاستی تاکە کەسیدا.کەسەکە پێشنیاری کارێک دەکات کە دەیەوێت بەیەکەوە ئەنجامی بدەن، لێرەدا پیویستە پرسیار لە خۆت بکەی و زۆر بەراشکاوانە وەڵامی پرسیارەکان بدەیەوە ئەگەر وەڵامەکە (بەڵێ یان نەخێر یان گوماناوی)یش بوو:

- ئایا ئەتوانم پەیوندی بازرگانییەکەم لەگەڵ ئەم کەسەدا بەرەو پێش ببەم لە دوارۆژدا..؟
- ئایا لەهاوبەشەکەدا ئەم نرخەم پێدەدات کە ویستم لەسەرە..؟
- ئایا هەست بە خۆشی و ئارامی دەکەم لەگەڵ ئەم کەسەدا..؟
- ئایا ئەم کەسە کەسێکە کە رێزم دەگری..؟
- ئایا ئەم کەسە شایەنی ئەوەیە کە لەدوارۆژدا پشتی پێ ببەستم..؟
ئەگەر وەڵامەکەت (بەڵێ)بوو لەسەر ئەم پێنج پرسیارەی لەسەروە کردم، کەواتا هیچ دوودڵ مەبە لەکارکردن لەگەڵیدا .بەڵام بەو مەرجەی هەموو وردەکاری کارەکەی لێوەربگرە و بزانە چۆنە، ئەوکاتە تۆ گۆمانت نامێنێت و سەرکەوت و دڵخۆشتر دەبیت. وە ئەگەر وەڵامەکەت (نەخێر)بوو، یان گومانت هەبوو لەسەر پێچەوانەی ئەم پێنج پرسیارەی لەسەرەوە کردمان یان گومان لەخودی کەسەکە و کارەکەهەبوو، لێرەدا بڕیارەکەت دەکەوێتە سەرخودی خۆت بەوەی بڕیار لەسەر ئەنجامدانی کارەکە بدەی یان نا.
ئەگەر هاتوو دەستەوەسانبووی لەوەی کە نەزانی چ بڕیارێک بدەی، لێرەدا پیوسیتە لە خۆت بپرسی و بڵێی :
- ئایا هیچ بژاردەیەکی ترم هەیە کە بۆی بچم..؟
زۆربەی جارەکان ئەم جۆرە کەسانە سەرنج ئەخەنە سەر هەردوو بڕیارەکە بەوەی نازانن کامیان هەڵبژێرن...!بەئەندەزەیەک کە لەبیریان دەچێتەوە پرسیار لە خۆیان بکەن بەوەی ئایە رێگە چارەی سێیەم هەیە یان نا.لێرەدا توشی ئاستەنگی دەبێت چونکە هەر دوو بڕیارەکە بە تەواوی هەڵەیە.

زۆربەی کاتەکان کە توشی ئەم کێشانە دەبم لەگەڵ ئەم کەسانەی کە دێنە لام و ڕاوێژم پێدەکەن لەکارەکانیاندا ، هەمیشە دەڵێن ئەی ئەگەرە وابوو واچوو. منیش لەکۆتایدا پێیان دەڵیم:

- ئایا بۆچی ئێوە تیاماون بەوەی نازانن چ بڕیارێک بدەی ..! ئایا چ ڕێگایەکی تر هەیە لە خەیاڵتان تا یارمەتیتان بدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەتان..؟

لێرەدا کاتێک ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ئەم کەسانە دەکەم کە ڕاوێژم پێ دەکەن ، ناتوانم وێنای بکەم کە چەندە بەم پرسیارە دڵخۆش دەبن،هەندێکجار هەست دەکەم  دەڵێن: دۆزیتەوە.

-لێرەدا بە سوود وەرگرتن لە بڕیارە کۆنەکان....

پاش ئەوەی کە زانیمان لەهەموو کات و ساتە زەحمەتەکاندا هیچ بڕیارێک نیە بەناوی هەڵەی تەواوە یان بڕیاری دروستی تەواو.کاتێک کە بڕیاردەدەین بەهیوای ئەوە بڕیار دەدەین کە بڕیارەکەمان دروست بێت زیاتر لەوەی کە هەڵەبێت،لێرەدا پێویستە ئەم بڕیارانەی لە ژیاندا کە دەیدەی هەمیشە لایەنی ئەرێنی بێنییە بەرچاو زیاتر لە لایەنی  نەرێنی.لێرەدا باسی (نۆ)پرسیاردەکەم کە ڕەنگە بە بڕیاردانێکی هەڵە چەندین ساڵ بۆ دواوە بگەڕێیەوە، بۆ نموونە:

- ئایا پێویستە بەردەوامبم لەم ئاڕاستەوە یان (نا)...؟
- ئایا کام لەم دوو بەرهەمە نوێیانە بخەمە بازارەوە لە پێشتردا..؟
- ئایا ئەتوانین نرخەکانمان بەرز بکەینەوە یان(نا)..؟
- ئایا ئەتوانینماڵەکەمان بگوازینەوە بۆ شارێکی تر یان (نا)..؟
- تۆ بڵێی کام لەم دوو نوسینگانە باشن بۆ ئەوەی بەکرێ بیانگرم..؟
- ئایا ئەتوانین منداڵێکی تر دروست بکەین..؟
- ئایا ئەتوانین خانوێکی تازە بکڕین بۆ بازرگانی پێ کردن..؟

- ئایا ئەم ئیشە تازەیە قبول بکەم یان هەر لەشوینی خۆمدا بمێنمەوە..؟
- ئایا بەتەنیا دەست بە پرۆژەکەم بکەم یان (نا)..؟
پاش ئەوەی ئەم نمونانەم نوسی، پێویستە پرسیار لە خۆت بکەی و بڵێی:
- ئایا چ شتێک هۆکار و یارمەتی دەرم بوو لە ڕابردوو بۆ ئەوەی بڕیاڕی باش و دروست بدەم..؟
ئەگەر هاتوو ڕێژەی سەرکەوتنەکانت بەرزبوون، دەبێت زۆر متمانەت بە توانایەکانی خۆت هەبێت بێ ترس و دوو دڵی و بە ئارامی بڕیار بدەی. بەڵام ئەگەر کەوتن و هەڵەکانت دووبارە بوونەوە ، پێویستە ئەم جارە لە دوای هۆکاری شکەستەکان،
نزای پێویستییەکان لە خودا بکەی ، ئایا لە پێشتردا ئەم نزایەت بیستووە..؟ بامن پێت بڵێم کە چۆنە:
خودایە هێز و توانام پێ ببەخشی تا بتوانم گۆڕانکاری لە کارەکانمدا بکەم ، و ئازایەتی گۆرانکاری شتەکانم پێ بدە ، و بیر و زانیاریم فرەوان بکە تا بتوانم جیاوازییەکان ببینم.
ڕەنگەهەندێکجار مەبەست و نیازەکانت پەیوندییان بە هەندێک بابەتەوە هەبێت وەک:
- ئایا ئەتوانم خۆم تێکەڵ بەم کارە بکەم یان (نا)..؟
- ئایا دەبێت بە دەنگی بەرز قسە بکەم یان بە دەنگی نزم..؟
- ئایا پێویستە کە بەردەوام بم لەم کارەدا یان وازی لێ بهێنم..؟
لێرەدا پێویستە بۆ ئەوەی بگەی بە بڕیارێکی دروست پێم خۆشە یارمەتیت بدەم و بڵێم بەم جۆرە بیر بکەوە و لە خۆت بپرسی و بڵێیت:

- ئایا ئەگەر ویستم ئەم کارە ئەنجام بدەم، هیچ شتێک ئەگۆڕێت یان(نا)..؟
- ئایا ئەگەر ئەم بڕیارە ئەتوانێت گۆرانکاری بکات لە کارەکەت، ئازایەتی ئەوەم هەیە کە بتوانم ئەم گۆرانکارییە لە کارەکەمدا جێبەجی بکەم..؟
- ئایا زانین و زانیار تەواوم هەیە تا بتوانم جیاوازییەکان ببینم..؟
لێرەدا پێویستە بە بیرکردنەوەیەکی باش وەڵامی ئەو سێ پرسیارانەی لێم کردووی بدەیەوە. لە کۆتایدا ئەم وتەیەت بۆ دەنووسم کە دەڵێت:
(کەسی نەزان ئەتوانێت وەڵامی هەڵەت بداتەوە. بەڵام ناتوانێت پرسیارە هەڵەکانت بۆ دەست نیشان بکات ،جگە لە کەسە ئاقل و زیرەکەکان نەبێت).
نووسەری بەناوبانگی بەریتانی(ئەتۆنی جای)

## کاتێک ڕووبەڕووی نەخۆشی دەبییەوە...

بەداخەوە هەندێک کات و سات هەیە لە ژیانماندا، کە ناتوانی تێیدا بحەسییەوە و دڵخۆش بێت بەوەی هەندێکجار نەخۆشییەک تووشی تۆ یان کەسێکی ناو خێزانەکەت دەبێت. لە کاتی ئەم جۆرە کێشانەدا،لێرەدا پێویستە کە چەند پرسیارێکی دروست ئامادە بکەی و ئازایەتی و شێوازی پیشنیارکردنت هەبێت بۆ هەر پێشهاتێک بەتایبەتی لەم شێوە ڕووداوانە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و مردنی کەسەکانەوە هەیە.
ئایا هەست بە فشار دەکەی.. یان زمانت بەستراوە لەبەرامبەر پزیشک و یاریدەدەر و پەرستارەکانی بواری پزیشکی..؟ ئایا لەپیشتردا هەستت بە ترس و فشار و نارەحەتی و ناخۆشی نەکردووە کاتێک هەموو ئەم شتانەت بەسەر دادێت بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەکاتێکدا تۆش لە چاوەڕوانی دانیشتووی سەیری ڕووداوەکان دەکەی ..؟!
ئایا هەستت بەبێ هیوایی کردووە کاتێک لە نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی ئەمێنییەوە ،چونکە زۆرجار مانەوە لە نەخۆشخانە بەواتای(پابەندبوون بەکات)دێ .چەند جار پێیان وتووی چەند خولەکێکی تر دەگەڕێمەوە دەرمانی ئازار شکێنەکانت پێدەدەم کەچی چەند کاتژمێرێکیان پێ چووە...؟ ڕاستییەکە ئەوەیە کە زۆربەی کەسەکان کاتیک دەچنە ئەم شوینانەی چارەسەرە پزیشکیەکانی لێ دەکرێ، تووشی سەرسوڕمان دەبن بە ئەنجامدانی کار و بارەکانی نەخۆشخانە بەئەندازەیەک کە هەست دەکەن هاوسەنگی خۆیان لە دەست داوە.

ئەگەر هاتوو تووشی ئەم جۆرە ڕووداوانە بووی. لێرەدا دوو وشە هەیە کە قسەیان پێ بکەی بۆ ئەوەی کارەکانت بەباشی بڕوات بەڕێوە ،ئەوانیش : تەنیا پرسیار بکە.
ئایا مەبەستەکەم ڕوونە تا ئەندازەیەک وایە کە پێم وتی..؟ ڕەنکە هەمیشە بەم جۆرە نەبێت کارەکان هەندێ جار کارەکان بە باشی دەڕوات.
لێرەدا چوار هۆکار هەیە کە وادەکات کەسەکان نەتوانن داواکارییەکانیان بە شێوەیەکی باش و جوان داوابکەن لە کاتی نەخۆشیدا. ئەوانیش:
- بیر ناکەنەوە لەوەی کە پرسیار بکەن.
- نازانن کە توانایان هەیە بۆ ئەوەی پرسیار بکەن.
- دەترسن لەوەی پرسیار بکەن یان ترس لە وەڵامدانەوەی کەسی بەرامبەر دا دەکەن یان شەرم دەکەن لەوەی پێیان بڵێن نەفام و نەزانن.
- ترسیان هەیە لە کاتی پرسیارکردن ڕووبەڕووی رەخنە و رەتکرنەوە بن لە لایەن کەسەکانەوە. لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا. چەندین نموونەی جۆراوجۆرم نیشانداوی بۆ ئەوەی پرسیار لەخۆت بکەی تا ڕێگایەکانی بیرکردنەوەت فرەوانتر بێت. وە هەروها چەند جۆرێک لە پرسیار کردن کە دەتوانی لەو کەسانە بکەی کە لە بواری پزیشکیدا کار دەکەن، ئەم جۆرە پرسیارانە بۆ هەموو بوارەکانی ژیان ناگونجێ، بەوەی توشی هەر کێشەیەک ببیت بەکاریان بهێنی.تەنیا چەند نموونەیەکە بۆ فێربوون و بیرکردنەوە لە چۆنییەتی شێوازی پرسیارکردن بە ڕێگایەکی دروست. بەڵێ بۆ جاری دووەم ئەیڵێمەوە ، داوای لێبوردن دەکەم بۆ دووبارە کردنەوەم، بەڵام پرسیارکردن ژیانت لە ناخۆشی رزگار دەکات.

لێرەدا نموونەیەکی پرسیارکردنت نیشان دەدەم کە پێویستە پرسیار لە خۆت بکەی. ئەویش:
ئایا ڕا و بۆچوونی کەسانی تر وەربگرم..؟
ئایا چ کاتێک ڕاو بۆچوونی کەسەکان وەربگرم..؟ وەڵامەکە ئاسانە، کە ڕاو بۆچوونی یەکەمت بەدڵ نییە. یان کە پزیشکەکە چەند ئەنجامێکت پێ دەڵێت تۆش متمانەی تەواوت پێی نییە لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت. ئەو کاتە پێویست دەکات ڕاوبۆچوونی کەسی دووەم وەربگری. ڕوون و ئاشکرایە کاتێک ئەم کارە ئەنجام دەدەی یان نا ئەوەیان ئەگەڕێتەوە سەر ئەوەی تا چەند پەرۆش و گەرمی لەگەڵ دەورووبەرتدا، تۆ کاتێک پێداگری ئەکەی بەوەی کە پزیشکێکی تر ببینی هەست کردنێکی ناو خودی مرۆڤە کە وادەکات کەسەکە بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات.
ئەگەر هاتوو پێداگربووی لەوەی پزیشکێکی تر ببینی، ئەوە باش ئەزانی کە دونیای ئەمڕوو کراوەیە بە ڕووی زانستی پزیشکی بە ڕووی نەخۆشەکانەوە وە زانستی پزیشکی زۆر ڕێزی نەخۆشەکان دەگرت، بەوەی زۆر بەئاسانی ئەتوانی ڕاوێژ بە پزیشکەکانی تر بکەی ، بێ ئەوەی ئەم پزیشکەی لە سەرەتادا سەردانت کردووە بێ ئەوەی ئاگادار بێت . لێرەدا ئەتوانی بەم شێوەیە پرسیار بکەی:
- من نامەوێت کە سەر لە خۆم بشێوێنم ، بەڵام ئەمەوێت زیاتر دڵنیا ببمەوە لە جۆر و چارەسەری نەخۆشییەکەم من لە پێشتردا قسەم لەگەڵ پزیشکی تایبەت کردووە سەبارەت بە نەخۆشییەکەم، بەڵام وەڵامەکەی بۆ من ئارام بەخش نەبوو لە ڕاستیدا هەربۆیە پێم خۆشبوو زیاتر بزانم لە بارەی نەخۆشییەکەم و چارەسەرەکەی، هەر بۆیە هاتووم بۆ ئەوەی ڕا وسەرنجی جەنابیشتان بزانم سەبارەت بە نەخۆشییەکەوە ..؟

## ئایا چ کاتێکبوو کە پێداچوونەوەت بە خواردنی دەرمانەکاندا کرد..؟

بەشێکی زۆر لە کەسەکان دەرمانێکی زیاد لە پێویست بەکار دەهێنن بەبی ئەوەی لە زیانەکانی دەرمان خواردن بزانن، زۆرجار دەبێتە پێش برکێ لەنێوان کەسەکانی بەوەی یەکێکیان دەڵی من رۆژانە (١١) حەب دەخۆم و ئەویتر دەڵێت من رۆژانە ١٩ حەب دەخۆم. جا لێردا دەپرسم ئایا کۆتا جار چ کاتێکبوو کە پێداچوونەوت کرد لە چۆنییەتی بەکارهێنانی چارەسەرییەکانت..؟

لێرەدا ئەوەی گرنگە کە بەبێ پزیشکی تایبەتی هیچ چارەسەرێک وەرنەگری یان بێ پرسیارکردن لە پزیشکانی دەرمانخانەکان، چونکە ئێستا دەرمانخانەکانیش ئەتوانن ئامووژگاریت بکەن لە شێواز و چۆنییەتی بەکارهێنان و خواردنی چارەسەرییەکان. لێرەدا پێویستە لە خۆت بپرسی و بڵێی:

- ئایا هۆکار چییە کە ئەم هەموو حەبە دەخۆم..؟
- ئایا پێویست ئەکات من بەبەردەوامی ئەم حەبانە بخۆم..؟
- ئایا پێویستە بەردەوام بم لە خواردنیان بەم ئەندازەیە..؟
- ئایا پێویست دەکات جۆرێکی تر لە چارەسەر بەکاربهێنم ، یان باشترە بوەستم لە بەکارهێنانیان ..؟
- ئایا دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم حەبانە چیە لە دوارۆژدا..؟
- ئایا چارەسەری تازە چییە کە دواجار زانایەکان دۆزییانەتەوە سەبارەت بەم چارەسەریانە یان پزشکەکانی سەرپەرشتی نەخۆشییەکەم دەکەن..؟

بەداخەوە، زۆرجار پزیشکەکان بەئاسانی بەنەخۆشەکان دەڵێن: چارەسەری نییە و ناتوانم هیچ شتێکت بۆ بکەم تا یارمەتیت بدەم

له چارەسەرەکەت.لێرەدا پێویستە خۆت بەدەستەوە نەدەی ئەگەر وەڵامی پزیشکەکە بە هەر شێوەیەک بێت، چونکە پزیشکەکان مرۆڤن هەموویان توانای بیرکرنەوەیان وەک یەک نییە.
یان ڕەنگە نەخۆشییەکەی تۆ بۆ ئەو شتێکی تازە بێت و ئەم هەست و خۆشەویستییەی نەبێت بۆ پیشەکەی تا بەدواداچوون و گەران ئەنجامبدا ، چونکە بواری پزیشکی سات بەسات لە گۆرانکاری و دۆزینەوەی چارەسەری تازەدا هەیە. هەربۆیە بە ئارامی بێ ترس لێیان بپرسە و بڵێی:
- لەکوێدا بگەڕیم بەدوای پزیشکە تازە و شارەزاکان لەم بوارەدا..؟
- چۆن بتوانم گفتووگۆ بکەم لەگەڵ پزیشکە تایبەتەکانی ئەم بوارە..؟
- ئایا کێیە ئەم پزیشکەی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لەم بوارەدا..؟
جگە لەم نموونانەی لە سەرەوە باسم کرد پێویستە لە ئەنتەرنیتدا بەدوای پزیشک و چارەسەری دا بگەڕیی و چەندین کەسی گەورەی بواری پزیشکی دەدۆزییەوە لەبوارە تایبەتییەکانی پزیشکی کە دەتوانی پەیوەنییان پێوە بکەی.ئەگەرنا ئەتوانی سەریری
فلیمی(Lorenz's Oil)کە باس لە چیرۆکی منداڵێک دەکات توشی نەخۆشییەکی دەگمەن بووە و چارەسەی نەدۆزراوەتەوە، هەر بۆیە (دایکی) منداڵەکە بڕیار دەدات کە خۆی هەموو شتێک لە بارەی ئەم نەخۆشییە بزانێت و لێکۆلینەوە و بەدواداچوون و تاقی کردنەوەی لەسەر نەخۆشی منداڵەکەیدا کرد .
تا لە کۆتایدا توانی خۆی چارەسەری بۆ منداڵەکەی بدۆزییەوە.

پرسیاری کۆتایم ئەوەیە ئەتوانی لە خۆت بپرسی ئەگەر دوودڵی لە چارەسەر کردنی نەخۆشییەکەت:

- ئایا چ شتێک لەدەست دەدەم ..؟

- ئایا چ چارەسەرییێک هەیە کە بتوانم بەکاری بهێنم لە جیاتی ئەویان..؟

(بەڵێ)لێرەدا چارەسەری زۆر هەیە کە وەک جێگرەوە دەتوانی بەکار بێنی ، ئەویش بە پرسیارکردن لەکەسانی دەوروبەرت ئەتوانی بییان دۆزییەوە، بەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان پێوە بکەی و بڵێی:

- ئایا ئەم شێوازانە چین کە پەیڕەوی دەکەن لە چۆنییەتی بەکارهێنان..؟

- ئایا چەند کاتی پێویستە..؟

- ئایا ئەم ڕاهێنانانە چین کە دەیانکەی..؟

- ئایا ئەم چارەسەرانەپەیوندی بەلایەنی تایبەتەوە هەیە..؟

- ئایا پێتوایە کە دەتوانن یارمەتیم بدەن بۆ چارەسەرکردنم..؟

- ئایا کێ هەیە کە قسەی لەگەڵدا بکەم بۆ ئەوەی بتوانێت یارمەتیم بدا..؟

لێرەدا پێویستە کە بزانی ناتوانی بەتەنیا بە پشت بەستن بە توانایەکانت چارەسەری خۆت بکەی، پێویستە پەیوندی بە کۆمەڵگە پزیشکییەکان یان دەزگایە خێرخوازییەکان یان پشتگیری کەسە نزیکەکان یان دراوسێ و هاوڕێیەکانت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن لە چارەسەری نەخۆشییەکەت.

نەخۆشییەکانت مەشارەوە بۆ ئەوەی کەسەکان بتوانن هاوخەم و هاوسۆزت بن لە یارمەتی دانت.چونکە زۆرجار کەسەکان توشی هەمان ئەم نەخۆشییەی تۆ بوونە.

## چۆن بتوانم ئەم پشتگیرییە بە دەست بێنم..؟

پێویستە پەیوەندی بە پزیشکەکان و هاوڕێ و کەسە نزیکەکان و دەزگایە خێرخوازییەکان بکەی ، دواتر لە ئەنتەرنیت بگەڕێ .
و دواتر (پرسیاربکە)
ئایا چ شوێنیکی تر هەیە بۆ ئەوی چارەسەرییەکەمی لێ بکەم..؟
ئەگەر چارەسەرەکەت لە شار و نیشتمانەکەی خۆت نەبوو بپرسە لە کەسەکان کە بچی بۆ چ شوێنیک بۆچارەسەری نەخۆشییەکەت پێتان باشە یان نا..؟لێرەدا ئەتوانی کە بپرسی بۆ نموونە وڵاتی ئەڵمانیا لەم بوارەدا زیرەک و شارەزان دەبێت لە چ وەڵاتێکی نزیکتر لقیان هەبێت ...؟ بەم شێوەیەش تێچووی چارەسەرکردنەکەت کەمتر دەبێتەوە.
ئەگەر هاتوو ئەم ڕێگایەیان بزانی بەکار بێنی زۆرباشە، ئەگەر نا ئەتوانی بپرسی و زانیارییەکان وەربگری بەهۆی پرسیارکردن..؟

## هێز و توانات بەکار بێنە تا ئەوەی لە دەوروبەرت ڕوو دەدات بزانی..

ئایا هیچ جار تاقیت کردووتەوە ، لە کاتیکدا کە نەخۆش بووی یان لەگەڵ کەسێکی نزیکدا لە نەخۆشخانەبووی، کە توشی کێشەی نەزانینی ڕاستیەکان ببی..؟ کە لەم کاتانەدانازانی چ کارێک بکەی بۆ ئەوەی بزانی چ شتێک ڕوودەدات و هیچ نازانی کێشەی نەخۆشەکە چییە،لەم کاتەشدا پزیشکانی یاریدەدەر پێت دەڵێن:

کە پزیشکی ڕاوێژکار بڕیار لەسەر بارودۆخی نەخۆشەکە دەدات و هەر ئەویش ئەزانێت کە ئایە ئەم نەخۆشە پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە یان (نا).
لێرەدا پێویستە بیرسی و بڵێی: ئایا چ کاتێک پزیشکی ڕاوێژکار دێتە ئێرە تا قسەی لەگەڵدا بکەم سەبارەت بە باروودۆخی نەخۆشەکە..؟ کە ڕەنگە بەشێوەیەک وەڵامت بداتەوە پێویستی بە هەڵکێشانێکی دوور و درێژ هەبێت، بەوەی وەڵامێکی تەواوت ناداتەوە، کە لە چ کاتێکدا ئەم پزیشکە دێت ، پێت دەڵێت زۆر سەرقاڵە بە کارەکانی تەواوبوون خۆی دێت. ئایا بەم شێوەیە وەڵامدانەوە بۆتۆ شتێکی ئاساییە..؟ من بەچاوی خۆم بینومە کە نەخۆش چەندین ڕۆژ لەچاوەڕوانی بزیشکدا بوونە تا ئەم زانیارانەی مەبەستیانە دەستیان بکەوێت. وەهەروها بەدرێژای ڕۆژ ئەوانە لە نائارامی و دڵەڕاوکێ دانە لە چاوڕوانی هاتنی پزیشکی راوێژکار.
لەکاتی ئەم جۆرە ڕووداوانە پێویستە کە بپرسی بەبەکار هێنانی ئامرازی(چۆن)و(کەی) پرسیار لەکەسی گونجاو بکە. سەڕەڕای ئەوەی کە من ناتوانم چۆنییەتی ئەم شێواز و ڕێگایانەت فێر بکەم بۆ ئەوەی بتوانی هەڵسووکەوتی تێدا بکەی لە نەخۆشخانەکان یان لەگەڵ پزیشکەکانی لەم شوێنەدا  کە نەخۆشەکەی لێوە چارەسەر دەکەی، بەڵام من بەهۆی هەڵەکانمەوە ئەزموونێکی باش فێربووم کە چۆن بتوانم سەرکەوتووبم بە بەکارهێنانی ئەم شێوازە. هەموو پزیشکەکان یاریدەدەر و سکرتێریان هەیە، هەربۆیە ئەتوانی لە ڕێگای ئەمانەوە بتوانی زانیاری کاتی هاتن و ژمارەی تەلەفون و ئیمیلی ئەم پزیشکەت دەستکەوێت یان لە بگۆڕی تەلەفونی (بدالة)نەخۆشخانە بەوەی کە ژمارەی تەلەفۆنیانت دەست کەوێت،

من چەندجارێک لە ڕێگای ژمارەی تەلەفۆنەوە توانیمە کەپەیوندی ڕاستەوخۆ بە پزیشکەکەوە بکەم بەم شێوەیەی خوارەوە:
سڵاو من ناوم .....ە کوڕەکەم نەخۆشی بەرێز پزیشک...فلان...ببورە کە ڕاستەخۆ پەیوەندیت پێوە ئەکەم ،بەڵام پێم خۆش بپرسەم ئایا ئەتوانی یارمەتیم بدەی یان (نا)..؟ لێرەدا هەندێک پرسیارم هەیە بەهۆی ئەو ترسەی کە هەمە لەبارەی تەندروستی کوڕەکەم، وە دوو دڵیم لەم چارەسەریانە هەیە کە بۆیان دیاری کردووە ،منیش تائێستا سەرکەوتوو نەبوومە بەوەی کە بتوانم چاوم بە بەرێز بزیشک....فلان.....وە بکەوێت یان ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵدا بکەم.هەربۆیە چاکەیەکی گەورەم لەگەڵدا ئەکەی ئەگەر بتوانی بۆ چەند خولەکێک قسەی لەگەڵ پزیشکی بەرێز بکەم یان کاتێکم بۆ دەست نیشان بکەی تا بتوانم چاوم پێی بکەوێت. هەر جارێک کە ئەم شێوازە بەکار دێنم توانیومە راستەخۆ پەیوەندی بە پزیشکەکەو بکەم و ئەگەر لەهەمان کاتیش نەمتوانی بێت چاوم پێی بکەوێت، ئەوە کاتێکم وەرگرتووە تا بتوانم چاوم پێی بکەوێت. زۆربەی جارەکان یارمەتیان داوم کە بەم شێوازە و بەم ڕێگایە پەیوندیم پێیان کردووە، بەنزیک بوونەوەم لەپزیشکەکە زۆرترین زانیاریم دەستکەوتووە سەبارەت بەکێشەی نەخۆشەکە کە بۆمن زۆر گرنگبووە ئەم زانیارییانە. لێرەدا زۆر گرنگە کە پرسیار لە پزیشکە بکەی بەوەی ئایا تۆ پێویستت بە چارەسەرکردنە بە دەرمان یان نەشتەگەری یان چارەسەرێکی پزیشکی دیاریکراو. لێرەدا پێم خۆشە یارمتیت بدەم تالەگەڵدا بم بۆ ئەوەی بتوانم زیاتر یارمەتیت بدەم هەربۆیە پێش ئەوەی چاوت بە بزیشکی تایبەت بکەوێت پێویستە چەند پرسیارێک بنووسییەوە بۆ پرسیار کردن لە پزیشکەکە تا متمانەت زیاتر بەخۆت بێت لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا.

- هیوادارم بەگوێم بکەی. چونکە من لیستێکی تەواوم ئامادەکردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆدا گفتوگۆی پێ بکەم.

لێرەدا پێویستە سەرەتا لیستێک ئامادە بکەی لە پرسیار و داواکارییەکانت و بێخەیە بەر دەمت بۆ ئەوەی کارەکانت باش و پوخت بێت. بۆ نموونە هەندێک پرسیار هەیە کە پێویستە لە سەرەتادا بکەی وەک:

- لەبەرچی پێت باشە کە ئەم چارەسەرییە بکەم..؟
- ئەگەر ئەم ڕێگایە بەکار نەهێنم بۆ چارەسەرکردن ئایا هیچ ڕیگای تر هەیە کە بتوانم چارەسەرە کەمی پێ بکەم..؟
- ئایا باشترین چارەسەر چیە کە بتوانی بۆمی ئەنجام بدەی..؟
- ئایا دەرئەنجامی خراپی ئەم چارەسەرییە چیە..؟
- ئایا لەپیشتردا ئەم چارەسەرییەت بۆ چەند کەسی تر ئەنجام داوە، وە ڕێژەی سەرکەوتن تێیدا چەند بووە..؟
- ئایا بۆچی ئەم ڕێگایە هەلبژیرم بۆ چارەسەر کردنم..؟
- ئایا ئەگەر تۆ یان کەسێکی خانەوادەکەت تۆشی ئەم نەخۆشییە بن تۆ چ چارەسەرییێکیان  بۆ ئەنجام دەدەی..؟
- ئایا هیچ پرسیاری تر هەیە کە پێتوایە من لەبیرم کردبێت..؟
- ئایا بۆ ئەوەی زیاتر هەست بە ئارامی دڵ بکەم پێت چۆنە کە تیشک(اشیعة)یان پشکنینی خوێن بکەم..؟

هیوادارم هەمیشە لە تەندروستییەکی باشدا بی بۆ ئەوەی کەمترین کارت بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە بێت.

(وتەیکی ئەمریکی هەیە کە دەڵێت: هەموو نهێنییەکان ئاشکرا دەبن کاتێک پرسیاری تازە دەکەی) نوسەری ئەمریکی(ئەرشەر بلوتش)

## کاتێک بەنیازی کارێکی بازرگانی بکەی..

ئەگەر هاتوو بەنیازبووی کارێکی بارزگانی بکەی جا چ لە بواری خانووبەرە بێت یان بارزگانییەکی گشتی بەمەبەستی ئەوەی قازانجێکی مادیت دەست کەوێت یان لەکاتی یارمەتیدانی کەسانی هەژاراندا یان دەچیتە ناو تۆشدانی ئاشکرا(مزاد علني) لەپێناوی ئەوەی کەل وپەلێک بکڕی. لەم کاتەدا تۆ ترست لا دروست ئەبێت بەوەی کە ڕێک نەکەون لە کاتی گفتوگۆدا و لە ئەنجامیدا بێ بەشبی لە قازانج، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە من ئەتوانم شانسی سەرکەوتنت زیاتر بکەم بەوەی لە دوارۆژدا قازانج بکەی و بتوانی ڕێک بکەوی لەگەڵ کەسەکاندا.

لەم بەشەی ئەم کتێبدا ، ئەمەوێت هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنت نیشان بدەم بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا بتوانی بگەی بە ڕێکەوتنەکان، ئەویش بە پرسیارکردنی باش لە خودی خۆت.لێرەدا پێش ئەوەی بەردەوامبم لە باسکردنی ئەم بابەتەدا ، ئەویش ئەوەیە کە ئەم کتێبە هەموو ئامرازێکی گەیشتن نیە بەرێکەوتنەکان ،بەڵام من ئەمەوێت لێرەدا چەند نموونەیەکی گشتیت پێشکەش بکەم کە ئەتوانی پرسیار لە خۆت و لەم کەسانە پێ بکەی کە ئەتەوێت ئاڵۆگۆری بازرگانییان لەگەڵدا بکەی. ئەم پرسیارانە وادەکەن کە هەلی زیاترت پێ ببەخشی بەوەی کە ئەتەوێت بەدەستی بینی. لیرەدا چەند نموونەیەکی ئاسانت پێدەڵیم بەڵام باش لەمیشکدا بیان پارێزە بۆ ئەوەی لە بیری نەکەی لەکاتی گفتوگۆی بازرگانیدا تا بەشێوەیەکی کرداری جێ بەجێ بکەی. لێرەدا لە خۆت بپرسە و بڵێی:

ئایا کێ لەسەرەتادا دەستی پێ بکات...؟

هەر بۆیە پێش ئەوەی کە نموونەکانت و پێشنیار و نرخەکەت پێشکەش بکەی پێویستە سەرەتا لەخۆت بپرسی وبلێی:
- ئایا باشتر وایە من لە سەرەتادا دەست پێشخەری بکەم یان کەسی بەرامبەر..؟
سەرەڕای دەرهاوێشتەکان، بەڵام ئامۆژگاریم بۆتۆ ئەوەیە کە هەوڵبدەی کەسی بەرامبەر دەست پێشخەری بکات ، ئەو کاتە تۆ لە نیاز و مەبەستی کەسەکە دەگەی و زیاتر نەرمی دەنوێنێت لە بەرامبەرتدا و ئەو هەموو بەڵگەکان و نەخشەی کارەکەت نێشان دەدات. بەم کارەش تۆ سەردەکەویت بەسەر کەسی بەرامبەدا.
جا لێرەدا ئاسان نیە کە هەمیشە گفتوگۆیەکان بەم شێوەیە بێت کە لەسەرەوەی ئەم بابەت باسم لێوە کردووە ،بەڵام هیچ نەبێت ئەتوانی تاقی بکەیەوە کە لەسەرەتای ئەم کتێبەدا باسم کردبوو..
لێرەدا ئەمەوێت ڕاستییەکت پێ بڵێم ئەویش ئەوەیە کە کێ لە سەرەتادا پرسیار بکات ئەو سەردەکەوێـت.
بۆ نموونە ئەتەوێت ئۆتۆمبێلەکەت بفرۆشی پێویستە بپرسی و بڵێی:
-ئایا چەند پارەم پێ دەدەی لەبەرامبەر نرخی ئەم ئۆتۆمبێلە..؟
لێرەدا پێویستە سەرەتا شتێک بکەی ئەویش لەخۆت پرسی :
- ئایا ئەم نرخەی دەمەوێت پێی بیفرۆشم چەندە..؟
لێرەدا کارەکەت سەرکەوتوو دەبێت و تۆ زاڵ دەبێت بەسەر کارەکەدا، چونکە زۆربەی کەسەکان ئەم کێشەیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە ناتوانن ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە.
وە هەروەها دەپرسم : ئایا ئەگەر تۆ لە شوێنی ئەم کەسە دا بای چۆنت هەڵسووکەوت دەکرد..؟
ئەم پرسیارە زۆر گرنگە ،چونکە لە ڕێگای ئەم پرسیارەدا، ئەقلت ناچارت دەکات کە ڕێز لە ڕاستی بگرێ چونکە کەسی بەرامبەریش

دەیەوێت لە کاتی ئاڵوگۆردا هەست بە ئارامی بکات .تا کۆتای تەواوبوونی کارەکە. لێرەدا نابێت ئەوەی دەتەوێت بەدەستی بێنی لەسەر حیسابی ئارامی کەسی بەرامبەر.

لێرەدا دەبێت ڕێگە چارەیەک بدۆزییەوە بۆ ئەوەی هەردوو لایەن سودمەندبن لە ئەنجامی کارەکەدا. ئەویش چەند پرسیارێک لە خۆت بکەی وەک:

- ئایا گرنگی ئەم گفتوگۆیە چیە بۆ کەسی بەرامبەر..؟

- ئایا ئەم بژاردەیە چیە کە پێویستە ئەنجامیان بدەم..؟

- ئایا ئەم سوودە چیە کە کەسەکە لە منی دەبێنێت..؟

- ئایا ئەم قازانجە چیە کە دەیانەوێت بەدەستی بێنن..؟

- ئایا ئەم شتە چیە کە پێویستە ئەنجامی بدەم تا کەسی بەرامبەر هەست بە ئارامی بکات تا کۆتایی کارەکە..؟

- ئایا ئەم بنەما ئەخلاقییانە چین کە پێویستە پەیڕەوی بکەم تا کەسی بەرامبەریش سودی لێوە ببینی..؟

- ئایا ئەم هۆکارانە چین کە وا لەکەسی بەرامبەر دەکات پەشیمان ببتەوە لە کارەکە..؟

- ئایا ئەم پرسیارانە چین کە حەز دەکەن لێیان بکەم..؟

ئەم جۆرە پرسیارانە وا لەکەسی بەرامبەر دەکات کە زیاتر بەرەو ڕێکەوتن بچێت لە کارەکەدا.

لە ئەنجامی کارەکاندا هەر خەریکی بیر کردنەوە مەبە ، بەڵکو هەوڵبدە کە ئازایانە پرسیار بکەی.

لەبڕی ئەوەی هەر بیر بکەیەوە و بڵێی دەبێت چەند نرخی پێبدا و ئەگەر من داوای نرخێکی دیاریکراو بکەم هەڵویستی چۆن دەبێت . لێرەدا ئەتوانی ڕاستەخۆ لێ بپرسی چەند پرسیارێکی سادەی لێبکەی و بە راشکاوەیی بێ دوو دڵی. وەک:

- ببورە ئەگەر بە راشکاویی پرسیارێکت لێ بکەم ئەویش ئەوەیە :ئایا ئاواتی چی دەخوازی لەم مامەڵەیەدا..؟

- ئایا سود و قازانجی ئەم کارە گرنگە چیە کە دەتەوێت بەدەستی بێنی لەگەڵماندا..؟

لێرەدا کەسی بەرامبەر توشی سەر سوڕمان دەبێت کە داوای ئەم زانیارانەی لێ دەکەی ئەوەش نیشانەی بەهێزی تۆ دەردەخات.

ڕۆژێک دەچومە کۆمپانیای یەکێک لە هاوڕێیەکانم بۆ ئەوەی خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندەکان بکەمەوە.کاتێک دانیشتبووم لە ژووری چاوەروانی ، یەکێک لە هاوڕێیەکانم کە لەبواری ڕاهێناندا کاری دەکرد،

وتی: دەمەوێت بەتەنیا هەندێک قسە بکەین، وادیار بوو قسەی هەبوو لە بابەتێکی دیاری کراو. پێ وتم : کۆمپانیایەکی گەورە پەیوەندییان پێوە کردووم بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵدا واژوو بکەم، ئێستا ئەوان داوای رازیبوونم لێ دەکەن و ئەو مافەی کە من داوای دەکەم پێیان بڵێم چەندە...؟

منیش پێم ڕاگەیاند کە داوایان لێ بکات هیچ شتێک نەنێرن تا لە تەواوی وردەکارییەکان ئاگادارت نەکەنەوە ، هەربۆیە پێیانی راگەیاند لە جۆری کارەکە و بڕی ئەو پارەیەی کە پێی ئەدەن ، بۆ ئەوەی بەراوردێک بکات لەگەڵ ئەو پارەیەی کە کۆمپانیایەکانی تر پێی ئەدەن و شێوازی چونێیەتی ماوەی گرێبەستەکە و کاتژمێری کارەکە و تەواوی وردەکارییەکانیان و هەموو ئەوانەی بە راشکاوەیی پێانی ڕاگەیاند.

هەر بۆیە لەکۆتاییدا توانییان گرێبەستی لەگەلدا واژوو بکەن بە دەسکەوتێکی باش و گەورە کە سوودی بۆ هەر دوو لایەن هەبێت.

- ئایا ئەم گریبەستە چیە کە من دڵخۆش ئەکات..؟

هیچ مەشڵەژێ و شەرم مەکە..!پێش ئەوەی هەر گرێبەستێک واژوو بکەی، پێویستە لە مێشکی خۆتدا بڕی ئەم پارەیە دەست نیشان بکە کە ویست و خوازت لە سەرە و لەگەڵ مەرجانەکانت، هەر بەم شێوەیەش ئەتوانی بڕیار بدەی کە ئایا رازیبم بە کارکردن لەگەڵیاندا یان پاشگەز ببمەوە لە کارکردن لەگەڵیاندا.

- هەوڵبدە کە خۆت ڕابێنی لەسەر توانایی پاشگەزبوونەوە.

کاردانەوە لەکاتی گفتوگۆدا ، تەنانەت ئەگەر کاردانەوەکەت نەرێنیش بێت(سلبي)باشترە لەوەی نەتوانی کاردەناوەت هەبێت لەبەرامبەر شتەکان،بۆ ئەوەی لە هەر بارودۆخێکدا بتوانی کاردانەوەت هەبێت لە سەر شتەکان تەنیا(پرسیار بکە) لە کەسی بەرامبەر، بۆ نموونە: ئەگەر نرخێکی دیاریکراوی پێوتی، تۆش لێ بپرسە و بڵێی:

- ئەم نرخەت پێ چۆنە..؟

- ئایا ئەم نرخە لای تۆ قبولە..؟

- ئایا ئەم نرخەی کە ئێستا پێ رازی لە (پێش بینینەکانت) بوو..؟

- ئایا تۆ دڵخۆش نی بەم گرێبەستە..؟

هەروەها ئەتوانی کە لە رێگای (کات)وە کاردانەوەت هەبێت لە بەرامبەر کەسەکەندا. بۆ نموونە :

- ئێستا ناتوانم هیچ بڕیارێک بدەم تا واژوو لەسەر گرێبەستەکە بکەم جگە لە ڕۆژی پێنج شەممە، پێت چۆنە..؟

### بابەتەکان دەرفەتی گفتوگۆ و گۆڕینەوەی هەیە...

کاتێک بابەتەکە پەیوەندی هەیە بە لایەنی بازرگانی یان گۆرینەوە یان پێدانی شتێک لەبەرامبەر شتێکی تر، چونکە لەم کاتانەدا مرۆڤەکان زیاتر سەرنجیان لە سەر (پارەیە) زیاتر لە شتەکانی تر. لێرەدا هەوڵبدە لە خۆت بپرسی بۆ دۆزینەوەی رێگایەکی تر بۆ گفتوگۆ کردن کە شوێن گرەوەی (پارە)بێت یان بەشێک بێت لە پارە) ئەگەر بتەوێ گفتوگۆ بکەی بۆ ئەوەی نرخەکە کەم بکەیەوە.لیرەدا پێویستە ، لە خۆت پبرسی و بڵێی:

- ئایا چ شتێک هەیە کە لە بەرامبەر پارەدا پێشکەشی بکەم..؟

ئاڵ و گۆڕی بەشێکە لە شێوەی بارزگانییەکان کە لەم رێگایەوە ئەتوانی گۆرێنەوەی پێوە بکەی لە بواری بازرگانیدا.

بۆ نموونە ئەتوانی بپرسی:

-ئەگەر هاتوو کارێکت بۆ بکەم ئەتوانی یارمەتیم بدەی بۆ ئەوەی نرخێکی کەمتر بدەم..؟

لێرەدا هەندێک تایبەت مەندی هەیە کە پێویستە گرنگی پێ بدەی کە ئەتوانی گفتوگۆی پێوە بکەی بۆ بردنەوە ئەم هاوکێشەیە ، ئەویش بریتیە لە کاتی دیاری کراو:

- ئەگەر بەیانی شتەکانت بۆ ئامادە بکەم ، ئەتوانی ئەم نرخەم پێ بدەی کە داوای دەکەم..؟

بازاڕ گەرمکردن لە دواڕۆژدا:

- ئەگەر هاتوو بانگەشەی کاڵایەکانت بۆ بکەم تا بازارەکەت گەرم بیت ، ئەتوانی نرخەکانمان بۆ داشکێنی لە بەرامبەر ئەوەی کە ماندوو دەبم بەهۆی ئەوەی کە ڕوو بەڕوو بانگەشەت بۆ دەکەم..؟

لێرەدا چ ڕێگایەکی تر هەیە بۆ ئەوەی گفتوگۆی پێوە بکەی وەک شێوەی ئەوانەی سەرەوەبێت کە خۆت تێدا بدۆزییەوە..؟

## چۆن بتوانم بناغەی خۆشەویستی لەگەڵ کەسی بەرامبەر بنیاد بنێم.؟

لێرەدا وتەیەکی کۆن هەیە کە دەڵێت: (کەسە زیرەکەکان خاوەن ماڵ پێش کاڵایەکە دەکڕن)..ئەوەش بە واتای ئەوە دێت کە ئەتوانی دەست کەوتی گەورەو باش بەدەست بێنی لەو کەسانەی ئاڵ و گۆڕیان لەگەڵدا دەکەی. لێرەدا پێش ئەوەی بکەویتە ناو مشتومڕ و گفتوگۆی گرێبەستەکان ، دەبێت لە خۆت بپرسی:
- پێویستە چ شتێک بکەم بۆ ئەوەی کەشێکی ئارام دروست بکەم بۆ گفتوگۆ کردن لەبارەی گرێبەستەکە..؟
- ئایا پێویستە چ شتێک بکەم لە پێناو ژینگەیەکی لەبار دروست بکەم بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر لە بارودۆخێکی ئاسایدا بێت تا زیاتر پێشنیار و داواکارییەکانم وەربگرێ..؟
- پێویستە چ کارێک بکەم تا یارمەتیم بدات..؟
- چۆن بتوانم کارێک بکەم کە کەسی بەرامبەر باس لە ژیانی خۆی بکات..؟
لێرەدا ئەوەی پێویستە کە بزانی کارەکە تەنیا پەیوەست نیە بەوەی ئایا چی دەڵێی، بەڵکو پەیوەستە بەوەی بە چ شێوەیەک دەیڵێی. هەربۆیە ئەتوانی بگەرێیەوە بەشی(تەکنەلۆژیای)ئەم کتێبە کە باس لە شێوازی قسەکردن و بەرز و نزمی دەنگ و زمانی جستە دەکات . هەر وشەیەک کە بەکاری دێنی ٥٠% کاریگەری لەسەر بابەتەکان هەیە لە کاتی گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر . لێرەدا ئەتوانی بگەرێیەوە بۆ بەشی ئەم کتێبە ، کە تێدا چەندین شێوە و شێوازت نیشان ئەدات بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگری بەشێوەیەکی

ئەرێنی(ایجابی)لە کاتی گفتوگۆدا ئەگەر کەسەکە لە هەر ئاستێک دابێت.

وتەیەک هەیە کە دەڵێت: (تا پرسیار نەکەی وەڵامێکی دروستت دەست ناکەوێت)

(تۆبین ویبستەر١٧٥٨-١٨٤٣)

## چۆنیەتی دەست پێ کردنی گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی بەرامبەر..

ئایا لەپێشتردا هەستت بەوە کردووە کە چۆن کەسانێک دەتوانن زاڵبن لە کاتی گفتوگۆدا لەگەڵ کەسانی بەرامبەر..؟ ئایا لەپێشتردا لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی یان بارزگانی ئامادەبووی. کە لە کۆبوونەوەکەدا بەکەسێک سەرسام ببی و کاریگەری لەسەرت دروست کردبێت..؟ یان ئامادەی هیچ کۆبوونەوەیەکی کارگێری بوو کە ویستووتە کەسانێک بناسی کە توانای یارمەتی دانی تۆیان هەیە..؟ ئایا هەستت بە بێزاری و دڵ تەنگی کردووە کاتێک لە کۆبوونەوەیەکی گەورە و گرنگ ئامادەبوو بەهۆی ئەوەی باس لەکەسانێک دەکری کە بەشان و باڵیاندا هەڵدەڵێن..؟
ئایا ئەم نهێنییە چیە کە وادەکات لە کاتی گفتوگۆی کارگێریدا سەرکەوتووبی..؟
ئایا شێوازێک هەیە کە کەسانی لە سەرخۆ و هێمنەکان ئەنجامی دەدەن کاتێک سەردەکەون لە گفتوگۆدا و کەسانی تر ئەم کارە ناکەن..؟ وەڵام : (بەڵێ) ئەتوانی وەک ئەوان بی ئەگەر بەباشی و جوانی بتوانی قسە بکەی بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ئەوکاتە هەمووان رێزت ئەگرن وەک چۆن رێزی ئەوانی تر ئەگرن .
بەڵام ئەوەی گرنگە پێویستە کە باورت بە دوو شێوازە هەبێت ئەوانیش:
یەکەم: فێربوونە لە چۆنییەتی پرسیارکردن.
دووەمیش: ئەوەیە کە بەباشی گوێ لە وەڵامی پرسیارەکان بگری.
کارەکە زۆر ئاسانە..!
من ئەتوانم بەوردی لەسەر ئەم دوو شێوازە بنوسم، بەڵام هونەری قسەکردن بابەتێکی ئەوەندە گەورەیە ڕەنگە تەنیا هونەری قسە

کردن یەک کتێبی پێویست بێت . بەڵام لە بەشی ئەم کتێبەدا ئەتوانم لە پانتایەکی بچووک ئامانجەکەم بپێکم ، لە گرنگی قسەکردن لەگەڵ کەسانی دەورووبەر جا لە هەربوارێک بێت بازرگانی یان کۆمەڵایەتی ...هتد

- پێویستە قسە لەسەر چی بکەم..؟

- پێویستە باسی چی بکەم..؟

وەڵامەکان ئاسانە بۆ ئەم پرسیارانە ئەویش پێویستە پرسیار لە هەمان بابەت بکەی لەگەڵ کەسانی بەرامبەرت. لێرەدا هیچ پێویست بە پرسیارێکی (داخراو)ناکەت چونکە وەڵامەکە یان (بەڵێ)یە یان (نەخێرە) ئەشتوانی لەسەرەتادا گفتوگۆی لەسەر بکەی لەگەڵ کەسانی شارەزا و خاون ئەزموون.

هەرچەندە ئەگەر ئەم ڕیگایەت پێ زەحمەتە، بەڵام یارمەتیت ئەدات لە کارەکانت. لێرەدا هێچ پێویست بەوە ناکات کارەکە لە خۆت زەحمەت بکەی. ئەتوانی هەر لە ڕێگای چاک و چۆنی و هەواڵ پرسیندا لە نێوان خۆتاندا باسی بابەتەکە بکەن جا لە هەر شوێن و کاتیکدا بێت . هەمیشە ئەتوانی لەم ڕێگایەدا بەربەستەکان بشکێنی کە لەنێوانتان دایە.

ئەزانی چۆن..؟ پێویستە پرسیارەکە لە بابەتێک بێت کە پەیوەندی بە هەر دوولاوە هەبێت.

هەمیشە ئەتوانی دەست بەگفتوگۆ بکەی لە کێشە و بابەتێک کە پەیوەستە بە هەردوو لاتانەوە جا لە هەر شوێنێکدا بێت. لێرەدا پێم خۆشە چەند نموونەیەکت پێ بڵێم ئەوانیش:

ئەگەر چاوت بەکەسێک کەوەت کە لە پێشتردا چاوت پێ نەکەوتووە لە بۆنە و کۆبوونەوەکاندا، ئەتوانی پرسیاری لێ بکەی بۆ نموونە بڵێی:

- چۆن (ئازاد)ئەناسی ...؟
- تۆ لە خێزانی زاوا)ی یان (بوکە خانی)..؟
ئەگەر لەکۆبوونەوەی بازرگانیدا بووی وەک سمینار یان هەر کۆبوونەوەیەکی تر بەمەبەستی یەکتر ناسین ئەتوانی لێی بپرسی و بڵێی:
- ئایا قسەکانت پێ چۆن بوو..؟
- ئایا پێتوایە سمینارەکە ناوازەیە..؟
تەنانەت ئەگەر لەشوێنە گشتییەکانیشدا بووی وەک : وێیسگەی شەمەندەفەر یان فرۆکەخانە ئەتوانی شتێکی هاوبەش لەنێوانتاندا بدۆزییەوە بۆ ئەوەی لەم رێگایەوە دەست بکەی بە گفتوگۆ و پرسیار کردن بۆ ئەوەی دیوارەی بێ دەنگی نێوانتان بشکێنی لەبۆ ئەوەی دەست بە قسەکردن بکەی . وەک:
- بەبڕوای تۆ دەبیت چەندی تر بخایەنی ئەم دواکەوتنە..؟
- ئایا لەپێشتردا گەشتی لەم شێوەیەت ئەنجامداوە..؟
ئێستا چویە ناو گفتوگۆیەکە و دەست بکە بە قسەکردن. کەواتا چۆن پارێزگاری لە بەردەوامی گفتوگۆیەکەت دەکەی..؟ باشە ئەوەیانیش خۆم پێت دەڵێم، لە ڕێگای (پێنچ) شێوازەوە کە شێوازەکان گشتییە. ئەم پرسیارانە بناغەی دەسپێکی پرسیاری ئاسانە هەر بۆیە ئەتوانی ناوی بنێی (گفتوگۆی بچووک) بەڵام هەموو پشت بەستنێکت بەم رێگایانە نەبێت چونکە کات و شوێنەکە بریار دەدات ، چونکە ئەم پەیوەندیانە وەک پەیوندی کارو خێزان نیە کە لەپێشتردا ئەنجامت داوە. بیرت نەچی ئەم پەیوەندییە بچووکانە ڕەنگە لە دوارۆژدا ببێتە پەیوەندی گەورە لەنێوانتاندا کە بەم هۆیەوە سود و قازانجی زۆری لێوەربگری و بەپێچەوانەوەش.
بابەتە گشتییەکان بریتین لە:

- کار و پیشە
- شوێنی نیشتەجێ بوون
- خێزان
- مۆڵەتی پشودانی کار
- بابەتەکانی گەشت کردن

لێرەدا چەند باس و بابەتێکی گرنگ هەیە کە تێیدا ئەتوانی پرسیار ئاڕاستەی کەسی بەرامبەر بکەی ، ئێستا چەند نموونەیەکت نیشان دەدەم:

- کار و پیشەت چیە..؟
- کۆمپانیایەکەت لە چ بوارێکدا کار دەکات..؟
- چەند دەبێت لەم کۆمپانیاییدا کار دەکەی..؟
- ئایا تا چ ئەندازەیێک کارەکەت گەورە و فرەوانە..؟
- چۆن دەستت بەم کارە کرد..؟

وەک چۆن لە سەروەو باسی چەند شێوازێکم کرد، هەر وەها ئەتوانی لە بواری تریش پرسیار بکەی بۆ نموونە :

بۆ نموونە پرسیار لە بارەی نیشتیمانەوە بکەی ...

لێرەدا هەندێک پرسیار هەیە کە منداڵانە نیە و ئاسانیشە ،بۆ ئەوەی لەم ڕێگاوە پرسیار لە کەسی بەرامبەر بکەی بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات و کەسایەتی تۆی بۆ دەکەوێت. ئەم پرسیارانە باشترین سەرەتایە بۆ ئەوەی دیواری بێ دەنگی نێوان تۆ و کەسی بەرامبەر بشکێنی،کە هەمیشە لایەنێک دەست دەکات بە قسەکردن ، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

- دەبێت کەش و هەوا لە شاری......چۆن بێت....؟
- تۆ خەڵکی کام شاری..؟

- چ شتێک وای کرد کە بێی بۆ ئێرە..؟
- کەی ئەگەڕێیەوە..؟
- چەند ڕۆژت لێرە بەسەر بردووە..؟
جۆرێکیتر لە پرسیار کردن بۆ شکاندنی دیواری بێ دەنگی ،پرسیارکردنە لە بارەی خێزانەوە.
کاتێک دەست ئەکەی بە پرسیاری گشتی لێرەدا پانتایەکی هاوبەش لە نێوانتان دروست دەبیت بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەی:وەک
- ئایا منداڵت هەیە..؟
- تەمەنیان چەندە..؟
- چ کارێک دەکەن..؟
- ئایا دەخوێنن..لە کوێ دەخوێنن..؟
- هەستت چۆن دەبێت کاتێک دەبی بە باپیرە..؟
شێوەیەکی تریش هەیە بۆ پرسیارکردن لە بارەی پشووی کارکردن. بۆ نمونە:
- ئایا هیچ پلانت هەیە بۆ پشووی هاوینە..؟
- ئەم شوێنە کوێیە کە حەز ئەکەی کاتی لێ بەسەر ببەی..؟
- ماندوو دیاری ، ئایا لە شوێنێک گەڕایتەوە ،ئەم شوێنە کوێ بوو..؟
- پێ دەچی تۆ کەسێکی شارەزابی لە ناوچە گەشتییارەکان، کام شوێنت پێ باشە کە تێدا بمێنمەوە..؟
وە هەروەها ئەتوانی پرسیاربکەی لە هەواڵی گەرمی ڕۆژانەی شەقام.
هەمیشە چەند ڕووداوێکی گەرم و گرنگ هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، تەنانەت چەند بەرنامەییێکی تەلەفزیونی هەیە کە ئەتوانی پرسیاری لەبارەوە بکەی،هەوڵبدە لەڕێگای ڕامیاری(سیاسی)یان ئاینی یان وەرزشی گفتوگۆیەکانت دەست پێ

بکەی، بەڵام بەو مەرجەی پەیوەندی بەم شوێنە نەبێت کە تۆی لێیە.هەوڵبدە گفتوگۆیەکانت کورت بێت ،وەک:

- ئایا ئەم شەو یاری هەڵبژاردی وڵاتەکەمان بەڕێوە دەچێت، تۆ سەیری ئەکەی..؟

- پێت وایە کام تیپ سەرکەوتن بەدەست دێنێ..؟

- ئایا سەیری ئەم بەرنامەی دوێنی شەوت کرد کە کەسێک بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی بەدیواری قوتابخانەیەکدا کێشابوو..؟

لێرەدا شتێکی گرنگ هەیە کە پێویستە زۆر وریایبی ئەگەرنا دەکەویتە تەڵەکەوە.

هەندێکجار هەیە لەکاتی کارکردن یان بۆنەی کۆمەڵایەتی یان دانیشتنی تایبەت، کە تێدا تووشی شکست دەبی. جا ئەم تەڵەیە هەر ناوەکی لێدەنێی ئاساییە، ئەم تەڵەیە زۆر جۆری هەیە، کە ڕەنگە بکەوییە ناوی. ئەگەرنا لەکۆتایدا تووشی شکەست دەبی ، بۆ ئەوەی لۆمەی کەس نەکەی ،ئەم هۆکارانەت نیشان دەدەم، ئەوانیش:

- سەرکەوتوو نەبوون لە گوێ گرتنی پرسیارەکەت و تێنەگەیشتن لە شێوازەکەت بە باشی.

- سەرنەکەوتن بە هۆی ئەوەیە کە نەتوانی بەخێرایی وەڵامی کەسی بەرامبەر بدەیەوە.

- ڕاهێنان نەکردنی پێش وەختە لەسەر  پرسیار و وەڵامدانەوەی لە لایەن خۆتەوە وەک .

لێرەدا کێشەیەک هەیە ئەویش ئەوەیە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خۆتە لەلایەن خودی خۆتەوە بێ ئەوەی دەرفەت بەکەسی بەرامبەر بدەی وەڵامەکەت بداتەوە . زۆرجار لەگەڵ هاوڕێیەکەت دانیشتووی پرسیاری لێدەکەیتو و هەر بە خۆشت بێ ئەوەی

هەستی پێبکەی وەڵامی پرسیارەکە دەدەیتەوە لەجیاتی کەسی بەرامبەر . بۆ نموونە:
بەکەسێک دەڵێی : چۆنی باشی..؟
دواتر پێش ئەوەی دەرفەت بە کەسی بەرامبەر بدەی تا وەڵام بداتەوە، یەکسەر دەڵێی(باشتری ئێستا)
تۆ دەپرسی: کەش و هەوا چۆنبوو لە گەشتەکەت..؟
دواتر پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە دەڵێی: بیستبوومەکەشەکە خۆشتر بووە.
من لەپێشتردا چاوم بە چەند بەرپرسێکی بواری بازرگانی بەناوبانگ کەوتووە کە بەم شێوەیە پرسیاریان کردووە و هەر خۆشیان وەڵامی خۆیان داوەتەوە..!
لێت ئەپرسن : ئەم نرخەت پێ چۆنە ...؟ ئەوان هەوڵ ئەدەن بەخێرایی کارەکەت تەواو بێت، بێ ئەوەی چاوەڕی بکەن کە تۆ بڕیاری خۆت بدەی لەسەر نرخەکە یان نا، ڕاستەوخۆ پێت دەڵێت ئەگەر نرخەکەت پێ زۆرە ئەتوانین کەمێکت بۆ دابەزێنین.
ئێستا تێگەیشتی لەمەبەستم..؟ئەگەر تۆ بەم شێوەیە هەڵسووکەوت کردبی ، دڵنیام کە هەستت بەم شێوازە کردووە لە پێشتردا. چونکە بەم شێوەیە بەربەست دەخەیە پێش کارەکانت و ناگەی بە ویستەکانت . لێرەدا بچینەیەکی ئاسان هەیە ئەویش:
پرسیار لە خۆت بکە پاشان بێ دەنگ بە تا وەڵامەکەت وەردەگرییەوە و بێدەنگیشبە کاتێک پرسیارت لێ دەکەن.
- پرسیاربکە و لە جەوهەری بابەتەکە لامەدە.
کێشەیەکی تر کە زۆرجار کەسەکان توشی ئەبن بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن کاتێک پرسیار لە کەسی بەرامبەر دەکەی، سەرنج بخە سەر وەڵامەکەی و پارێزگاری لە جەوهەری بابەتەکە بکە، زۆرجار

کاتێک پرسیارێک لە کەسێک دەکەی هەرکە کەسەکە وەڵامی دایەوە بە خێرایی دەچییە سەر بابەتێکی تر تێکەڵی دەکەی لەگەڵ وەڵامی کەسی بەرامبەر. وە کاتێک بەم شێوەیە رەفتار دەکەی تۆ لە بایەخی وەڵامی کەسی بەرامبەر کەم دەکەیتەوە و گرنگی زیاتر بەقسەکانی خۆت دەدەی. هەربۆیە ئەم ڕێگایە ،ڕێگایەکی باش نییە بۆ بەردەوامی گفتوگۆ و کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکان.

لەیەکێک لە بۆنەکانی کۆمەڵایەتیدا، کەسێک هاتە لام بەمەبەستی هەواڵ پرسین کە دەمێک بوو چاومان بەیەکتر نەکەوتبوو ،پرسی و وتی: دایکت چۆنە..؟

کاتێک وەڵامم دایەوە و وتم: لەڕاستیدا باش نییە ،زۆر نیگەرانم بەم بارووددۆخەی (دایکم)کە تێدایە، چونکە (دایکم) توشی نەخۆشی لەبیرچوونەوەبوو(الزهایمیر). ڕاستەوخۆ قسەکەی پێ بڕیم و وتی: ئەزانم نەخۆشی لەبیرچوونەوە چۆنە، ئەم نەخۆشییە ترسناکە منیش باوکم توشببوو ........تا کۆتای تەمەنی.

گێرانەوەکەی ئەم کەسە (١٥)خولەکی پێچوو منیش گوێم بۆ گرتبوو تا بەتەواوی باسی نەخۆشییەکەی باوکی بۆ گێرامەوە.

ئەم جۆرە شێوازە بەواتای ئەوە نایێت کە من گرنگی بەبابەتەکەی ئەو نادەم ، بەڵام ئەو لە جەوهەری بابەتەکەی لادا، هەربۆیە کاتێک پرسیارت لەکەسێک کرد پێویست ناکات قسەکانی پی ببڕی و لابدەی لە بابەتەکە. پێویستە بەتەواوی گوێی بۆ بگری کاتێک وەڵامی پرسیارەکەت ئەداتەوە پاشان پرسیارێکی تری ئاڕاستە بکە،کە پەیوندی بە بابەتی یەکەمەوە هەبێت، بە هەر حاڵ ، کاتیک پرسیار ئاڕاستەی کەسێک دەکەی هەوەڵبدە لە جەوهەری بابەتەکە نەچییە دەرەوە چونکە گفتوگۆی نێوان دوو کەس وەک

یاری تێنسی سەر زەوی وایە نۆرە بەنۆرەیە کە تێدا هەردوولا ڕۆڵی خۆیان تێدا دەبینن.
وتەیەک هەیە کە دەڵێت: (باشتر وایە هەموو وەڵامێک بەتەواوی وەربگرییەوە ،بۆ ئەوەی بتوانی چەند پرسیارێک بکەی)

نوسەری ئەمریکی(جیمس تۆربەر)

## لە کاتی نارەزایی دەردەبڕین و سکاڵاکردن..

رەنگە هەر یەکێک لە ئێمە تووشی ئەم کێشەببێت کاتێک شتێک ئەکڕی و دواتر شتەکە عەیبدارە یان شکاوە، یان لە کاتی پشوی هاوینە بەهیوای خۆشی دەچی بۆ شوێنێک بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش بەسەر ببەی بە پێچەوانەوە تووشی ناخۆشی دەبی، یان داوایەکت لێکراوە کە پێ رازی نەبووی یان هەستت بە نائارامی کردووە لە دەرئەنجامی هەلسووکەوتی برایەکەت یان هاوڕێیەکەت یان هاوبەشی کارەکەت ..؟

زۆرجار لەکاتی ڕووداوەکانی ژیان ناچار ئەبی کە نارەزایی دەڕببڕی بە هۆی ئەوەی کەسی بەرامبەر کارێکی نەشیاوت لەگەڵدا ئەکات کە ئارامیت لێ هەڵدەگری، یان لە چێشتخانەیێک خواردنێکی خراپت بۆ دێنن کە ناچار دەبی کە نارەزایی دەرببڕی لە ئاست بەرامبەرەکەت یان سکاڵای لێ بکەی.

ڕەنگە لە دواڕۆژدا تووشی شتێک ببی کە کەسی بەرامبەر نارەزایی دەرببڕی و سکاڵات لێ بکات.لەوەشیان ناخۆشتر ئەوەیە ئەگەر لە بواری کار و بازرگانیدا بێت.لێرەدا ڕەنگە تۆ لە هەرکات و ساتێکدا ڕووبەڕووی سکاڵا و نارەزایی ببیەوە لە لایەن کەسانێکەوە کە کار یان ئاڵوگۆڕێکی بازرگانیت لەگەڵدا کردوون.

یان تۆ چ کارێک دەکەی لەکاتی سکاڵاکردنت..؟ئایا سکاڵا کردنت بەسە ..؟ ئایە لە رێگای ئەم سکاڵایە مافەکەی خۆت وەردەگرییەوە..؟ هەست بە چی ئەکەی کاتێک ئەم کارە ئەنجام دەدەی..؟ئەزانی زۆربەی کەسەکان هەست بە ترس دەکەن لە کاتی سکاڵا کردن. بە گوێرەی توێژینەوە یەک کە ئەنجام دراوە دەرکەوتووە کە (٩٦%) ی بەکاربەران سکاڵا ناکەن تەنانەت ئەگەر

خزمەتگوزارییەکانیشیان بە پێی پێویست نەبێت کاڵایەکانیشیان بە دڵ نەبێت. ئەگەر گومانت لەم ژمارەیە هەیە ، ئەتوانی کەمێک بگەڕێیەوە دواوە بۆ ئەوەی بیرت کەوێتەوە کە دواجار کەی بوو چووی بۆ چێشتخانە و خزمەتگوزارییەکەیان و خواردنەکەیان بە دڵی تۆ نەبوو. ئایا ڕاستەوخۆ بانگی بەڕێوەبەرکەت کرد تاکو سکاڵای خراپی خواردن و خزمەتگوزارییەکەی لێ بکەی..؟ئایا هیچ نوسراوێکی ناڕەزاییت بۆ نوسین..؟ ئایا توانیت ئازایانە قسە بکەی لەگەڵ کەسە بەرپرسەکان بەهۆی خراپی خزمەتگوزارییەکان..؟یان تۆش وەک زۆربەی خەڵک بێدەنگبووی و کاتێکیش (خوان )گێڕەکە یان کارگوزارەکە دێتە لات پێت ئەڵێت هەموو شتێک باشە و کەم و کوڕیتان نیە..؟تۆش دەڵێی هەموو شتێک زۆرباشە سوپاست ئەکەم و هەندێک بەخشیش دەدەی بە کریکارەکە ..وایە..؟ دەی دانی پێدابنێ وایە یان نا..؟

مەبەست و ئامانج لە نوسینەوە ئەم بابەتە ئەوەیە کە باشترین و کاریگەرترین ڕێگات نیشان بدەم لە سەر چۆنییەتی شێوازی سکاڵا کردن کاتێک پێشکەشی دەکەی ئەم ڕێگایەش بریتییە لە پرسیارکردن، بەڵێ پرسیارکردن ،ئەگەر بپرسی ڕەنگە کاریگەری خۆی هەبێت کاتێک هەڵسووکەوتی پێدەکەی لەگەڵ کەسانی تر.

لێرەدا توشی سەرسوڕمان نەبی کاتێک کە ئەم کتێبە چەندین ڕێگا و شێوازی هزری تایبەتی هەیە کە لەڕووی کردارییەوە سودی باشی لێوە دەبینی.وەهەروەها چەندین دەستەواژە و شێوازی پرسیاری تێدایە کە ئەتوانی پرسیار لە کەسانی تر پێ بکەی، و چەند شێوازەکی پرسیار کردنی تێدا یە کە دەبێت لەخودی خۆتی بکەی پێش ئەوەی سکاڵا لەکەسانی تر بکەی.

پێویستە پێش ئەوەی سکاڵا لە دژی کەسەکان پێشکەش بکەی لە خۆت بپرسە.
باوڕ بکەی یان نا، لێرەدا گرنگترین هۆکار کە دەبێتە هۆی شکەست هێنانی کەسەکان لە دەرئەنجامی نەخۆشی و لاوازی سکاڵاکانیانە کە لەسەرەتادا گرنگیان بەکارەکە نەداوە و لە خۆیان نەپرسیوە .
هەربۆیە من چەند پرسیارێکت ئاراستە دەکەم کە پێویستە سەرەتا پرسیاری لەبارەیەوە بکەی، ئەوانیش:
- ئایا ئامانجت چیە لە سکاڵاکردن..؟
زۆربەی کەسەکان کاتێک سکاڵا دەکەن نازانن بۆ سکاڵا لەکەسی بەرامبەردا دەکەن.هەربۆیە پێش ئەوەی سکاڵا بکەی،لەخودی خۆت بپرسە :ئایا چم دەوێت..؟ ئایا ئامانجت ئەوەیە کەسی بەرامبەر داوای لێبوردنت لێ بکات یان دان بەهەڵەکەی دابنێ یان ..؟ یان دەتەوێت کەسی سکاڵا لێکراو هەنگاوێکی تازە بنێت بە مەبەستی چاکسازی لە کاروبارەکانی و لە چۆنییەتی هەڵسووکەوت کردن لەگەڵ کەسەکاندا لە دوارۆژدا..؟یان دەتەوێت پارەکەت بۆ بگەڕێنیتەوە یان قەرەبووی زەرەرەکەت بۆ بکاتەوە..؟
- ئەگەر هاتوو زۆرماندووبووی لە وەرگرتنەوەی مافەکەت، ئەوکاتە چ نرخێکی دەبێت قەرەبوونەوەکەت..؟
لێرەدا ئەوەی گرنگە سکاڵایەکەیە ،نەوەک قسەکەی ڕوون و ڕەوان بکەی،بەڵام لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە قەرەبوویێک لە مێشکتدا دەست نیشان بکەی ئەگەرنا سکاڵاکەت بێ نرخ دەبێت.
وە هەروەها زۆر وریابە نابێت بەهیچ شێوەیەک بڵێی :چ قەرەبوویێک بۆ من باشە..؟
بەڵکو ئەبێت بیربکەیەوە و بڵێی: ئایا چ قەرەبوویێک گونجاوە و دادپەروەرانەیە بۆ هەردوو لامان ،چونکە لە هەموو کارێکدا

پێویستە ڕەچاوی بنەما ئەخلاقییەکان بکرێ و نابێت مرۆڤ تەنیا و تەنیا خەیاڵت لای بەرژەوەندییەکانی خۆت بێت.

**- ئایا ئەم بەڵگە و پەڕاوانە چین کە کەسی بەرامبەر داوات لێدەکات..؟**

لێرەدا زۆر ئاساییە کە دەزگایەکە داوای سکاڵا و پسوولەی پارەکەت و یان وێنەی کاڵایەکە یان هەرشتێکی تر کە بەڵگەبێت لەسەر کڕی کاڵایەکان ، بۆ ئەوەی بەڵگەییێکت لە دەست بێت تاکو پارێزگاری پێ لە مافەکانی خۆت بکەی. هەر بۆیە پێش ئەوەی سکاڵایەکەت پێشکەش بکەی پێویستە بەڵگەی سەلمێنەرت هەبێت تا بتوانی مافی خۆتی پێوە بەدەستبێنی.

- ئایا سکاڵایەکەم پێشکەش بە کێ بکەم..؟

ئەوەیان پرسیارێکی زۆر گرنگە..!واتا ئەگەر بەهەڵە سکاڵایەکەت بدەیە کەسێک پەیوەندیدار نەبێت بە بابەتەکەت ،ئەوە دڵنیابە مافەکەت فەوتاوە ئەوەی دەتەوێت بەدەستی ناهێنی. بۆ نموونە : سکاڵا لە کارمەندی شەمەندەفەری ویستگەی(لیدز)دەکەی بەهۆی ئەوەی خواردنەکەی خراپ و گرانبووە ، لەڕاستیدا پێویستە سکاڵای لێبکەی بەدڵنیایەوە.لێرەدا ئەوەی گرنگە کە سکالایەکە بدەیە کەسێک کە مافەکەت بۆ بگەڕێنێتەوە ، جا سەرەتا لە بچووکترین پلە و پایە دەست پێ بکە تا ئەگەیە گەورەترین پلەو پایە و بەپێچەوانەوە ئەگەر لە سەرەتا نەگەیشتی بەمافەکەت ئەمجارەیان لە پلە گەورەکانەوە دەست پێ بکە.

- دەبێت چۆن سکاڵا بکەم..؟

ئایا ئەبێت پەیوەندی تەلەفۆنی بکەم یان کەسێک راسپێرم یان بە نوسراو ئاگادارییان بکەمەوە ..؟ ئایا کام لەم ڕێگایانە شانسی ئەرێنی زیاترت دەداتێ..؟

ئایا ئەم دەزگایە سیستەمێکی پوختەی یاسایی هەیە تا بتوانم لەم ڕێگایەوە سکاڵای خۆم بکەم..؟ ئایا ئەبێت بە یاسا کارەکە ئەنجام بدەم..؟ پێویستە لە سەرەتاوە ئەم پرسیارانە لەخودی خۆت بکەی، لە زۆربەی کاتەکاندا ،یەکێک لە کارە گرینگەکانی سکاڵاکردن بریتییە لە گرتنە بەری ڕێوشوێنی سکاڵاکردن، ئەگەر هاتوو سیستەمێکی یاسای هەبوو بۆ پێشکەش کردنی سکاڵا پێویستە لەم ڕێگایەوە سکاڵا بکەی. وە ئەگەر دڵنیانەبووی سکاڵایەکەت ناگات بەو کەسەی دەتەوێت پێ بگات ،لێرەدا پێویستە بپرسی و بڵێی:

- ئایا بە چ شێوازە بتوانم  سکاڵایەکەم بگەیێنم..؟

لەم کتێبەدا چەندین ڕێگاو شێوازی کاریگەرم بۆ چۆنییەتی پرسیارکردن باسکردووە.

لەبەشی (تەکنەلۆژیای پرسیار)دەیدۆزییەوە، بەڵام هەر بۆ دڵنیابوون چەند کارێکت دووبار بۆ دەنوسمەوە ئەوانیش: گرینگ نیە کە چۆن قسە دەکەی، بەڵکو ئەوەی گرنگە کە ئایا چی دەڵێی.. بەرزونزمی دەنگ و زمانی جەستە و جولانی دەستەکانتت یەکێکە لە کارە گرینگەکانت.بۆ نموونە شوێنێک یان دوکانێک دەست نیشان دەکەی بۆ ئەوەی بچی سکاڵای خۆت بکەی ڕەنگە بەتووڕەیی و دەنگی بەرز و سینگ دەرپەڕاندن و قۆڵکردنەوە بچییە ژۆرەوە وەک بڵێی بۆ ترساندن و هەرەشە چووبیت ، لەبڕی ئەوەی بە رێز و خۆشەویستی و نەرم و نیانی سکاڵایەکەت بکەی ، ڕەنگە ئەوکاتە کارەکەت لێ ئاڵۆز ببێت  لەبڕی ئەوەی تۆ سکاڵابکەی خۆت تۆشی

سکاڵا و لێ پێچینەوە دەکەی.ئەی کام ڕێگا بەکار بێنم بۆ ئەوەی دەرئەنجامێکی باش بەدەست بێنم..؟

- شێوازی پێشکەش کردنی پرسیار لەکاتی سکاڵاکردندا بەم جۆرەیە..؟

وەک بەڵێنم پێ دابووی هەندێک نموونەت بۆ باس دەکەم لە چۆنییەتی پێشنیارکردنی پرسیار لە کاتی سکاڵادا.

- بەکارهێنانی جێناوی(ئێمە)

یەکێک لەشێوازە کاریگەرەکان بریتییە لە بەکارهێنانی جێناوی (ئێمە)لەکاتی داواکردنی یارمەتیدا، کە دەبێتە هۆی یەکگرتن . ئەم جێناوە وادەکات کە کەسی بەرامبەریش هەست بەوە بکات کەخاونی کێشەکەیە و پێویستە چارەسەرێکی (ئەرێنی) بدۆزێتەوە.

- هەندێک کەل و پەلم لەکۆمپانیایەکەی ئێوە بەدەست گەیشتووە، بەڵام بەداخەوە هەندێک لە کەل و پەلەکان شکاون ، جا ئێمە تووشی کێشەبووینە،هەربۆیە هاتووم تا یارمەتیم بدەی بۆ ئەوەی بەیەکەوە  چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین، بەم شێوازە وەک ئەوە وایە کە کێشەکە ڕووبەڕووی هەردوو لاتان دەبێتەوە.

لێرەدا وشەیەکی جادوویی هەیە ئەویش وشەی (چۆن)..؟

- ئایا چۆن ئەتوانی یارمەتیم بدەی بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین..؟

لێرەدا شێوازێکی تری پرسیارکردن هەیە ئەوەیش بە نیشاندانی (میهرەبانی)

ئەم وشەیەم بیرکەوتەوە کە لەم کتێبەدا بنوسم چونکە وشەیەکی جیاوازە ئەتوانی بەکاری بهێنی وەک پاڵپشتییەک ، ئامانج لە بەکارهێنانی وشەی (میهرەبانی)ئەوەیە کە کاریگەری بخاتە سەر

ناخی کەسی بەرامبەر بۆ ئەوەی ئامانجەکەت بەدی بێنی ئەم وەڵامەت بداتەوە کە دەتەوێت.بۆ نموونە:

- هاتووم لێت بپرسم کە ئەتوانی یارمەتیم بدەی یان نا..؟ هاتووم بۆ ئەوەی سکاڵا لە.........بکەم.

- من داوای لێبوردن لەتۆ ئەکەم کە بەهۆی سکاڵاوە ئەزییەتت ئەدەم، سەرەڕای ئەوەی من لەگەڵ سکاڵا کردن نیم بەڵام هەندێک شت هەیە مافە و تۆش لەگەڵ ماف خوران نی..

- ئەزانم کە چەندە سەرقاڵی لەئێستادا و ڕەنگە رقت لە سکاڵاکردن بێت،بەڵام ئەمەوێت کەپێت بڵێم..........

- ئایا تۆ ڕێگریم لێ دەکەی ئەگەر سکاڵای خۆم بگەیێنم......؟

## لێرەدا شێوازێکی تر هەیە ئەویش بەشێوەی (هەڵبژاردن)

ئەم شێوازە زۆر ئاسان و سادەیە، بێ ئەوەی کەسی سێیەم لە کێشەکانت تێ بگات، دوو بژاردە بخە بەردەمی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، و لێی بپرسە کە ئایا لەم دوو بژاردانە کامەیان بۆ تۆ باشە، هەر بۆیە ئەوکاتە سەرنج ئەخاتە سەر یەکێک لە بژاردەکان، ئەگەر کەسی بەرامبەر هەر کامەیان قبول بکات تۆ قازانج ئەکەی.

بۆ نموونە:

- ئایا کاڵایەکەم لێ وەردەگریەوە و پارەکەم دەدەیەوە ...یان قەرەبووی زەرەرەکەم دەدەیەوە بە داشکانی کاڵایەکە..؟

شێوەیەکی تریش لە سکاڵاکردن بریتییە لە شێوازی (ئەرێنی)..

زۆربەی جارەکان ،سکاڵایەکە پەیوەندارە بە لایەنێکی کاڵایەکەیە،ئەوە نییە بڵێی (١٠٠%) ی کارەکە هەموو خراپە هەمیشە لایەنی باشیشی تێدا هەیە.لەم کاتانەدا هەمیشە سکاڵایەکانت بەلایەنی (ئەرێنی)یەوە دەبێت ، ئەم شێوازە وا لەکەسی بەرامبەر ئەکات زیاتر قبولی سکاڵایەکەت بکات ، وە جگە لەوەش کەسی بەرامبەر هەست بەیەکسانی دادپەروەری ئەکات.

بۆ نموونە:

- حەفتەی پێشوو هەندێک کەل و پەلم لێت کڕی،وە ئەمەش پسولەکەیەتی.

لەڕاستیدا زۆر دڵخۆشبووم چونکە هەموو کەل و پەلەکان زۆر باشبوون ، بەڵام تەنیا ئەم پارچەیان نەبێت کێشەی هەیە، جا تۆ چی دەڵێی لەم بارەیەوە..؟

- خۆت ئەزانی ئەم چیشتخانەیە بژاردەی منە و هەمیشە نانخواردنی دەرەوەم لێرەیە،چونکە خواردنەکەتان زۆر باش و

هەرزان و خاوین و خزمەتگوزارییەکی باشتان هەیە، بەڵام ئەم شەو خزمەتگوزارییەکەتان بەم شێوە نەبوو ، جا نازانم هۆکارەکەی چ بوو...؟
بەشێوەیەک پرسیار بکە کە کەسی بەرامبەر هەست بە نیگەرانییەکانت بکات..
با ئەم نموونەیە لەسەر چێشتخانە بێنمەوە.
- خۆت ئەزانی کە ئەم چێشتخانەیە بژاردەی منە، چونکە بەراستی زۆر بەدڵمە و خواردنەکانی نایاب و بە چێژە. بەڵام بە هەر هۆکارێک بێت ، ئەم شەوە خزمەتگوزارییەکانتان لەم ئاستە نەبوو. تۆ خۆت بێنە شوێنی من ئەمە ڕاست و دادپەروەرانەیە من و خێزانەکەم یەک کاتژمێر چاوەڕوان بم تا خواردنم بۆ دێ..؟
ئەم شێوازەم دوێنی شەو تاقی کردەوە ، بەوەی کاڵایەکەم لە کۆمپانییایەک داواکردبوو ، پاش ئەوەی کارمەندەکەیان کاڵایەکەی بۆ هێنام ، کە سەیرم کرد بینیم کە عەیب دارە ، هەربۆیە پەیوەندیم بە کۆمپانییایەکە کردوو وتم: کاڵایەکەتان عەیبدارە. ئەوان وتیان : کێشە نییە پارەکەت بۆ ئەگەڕێنینەوە بەڵام بەو مەرجەی کە کرێی گواستنەوەکە لەسەر تۆ بێت.هەربۆیە منیش ئەم پرسیارەم ئاڕاستە کردن:
- ببورن نامەوێت ببمە کەسێکی سەر ئیشە بۆ ئێوە، بەڵام پێتوایە ئەم کارە ڕاستە و دادپەروەرانەیە من پارەی گواستنەوەی کاڵایەکە بدەم کە عەیبدار بووە، جگە لەوەش نە بەکارم هێناوە نە سوودم لێ بینیوە ..؟
ئەویش بەم جۆرە وەڵامی دامەوە و وتی: ئەگەر کارەکە بەم شێوەیە بێت کەواتا حەقی تۆیە..!

باشە، ئێستا کاڵەیەکان بگەڕێنەوە بێ ئەوەی تۆ هیچ پارەیەک بدەی.

- چۆن پرسیار دەکەی ئەگەر هاتوو هیچ بەڵگەت نەبوو..؟

ئایا لە پێشتردا هیچ کاڵایەکت کڕیوە عەیبدار بێت، لەکاتێکدا پسوولەی کڕینی کاڵایەکەت لەگەڵدا نەبێت یان ونت کردبێت، لە هەمان کاتدا کەسی بەرامبەر پێت دەڵێت ببورە ناتوانم هیچ شتێکت بۆ بکەم بەهۆی نەبوونی بەڵگە و پسوولەی کاڵایەکە..؟

لەم کاتەدا هەوڵبدە ئەم شێوازە بەکار بێنی:

- دەزانم ئەمە ڕێکاری یاسای کۆمپانییەکەتانە، من باش تێدەکەم لە بارووددۆخی ئێوە وەک بەرپرسیارەتی سەر شانتان، بەڵام بەڕاستی ئێوە پێویستتان بە پسولەی کڕینی کاڵایەکانە یان نا . تۆ باورت بەمن نییە کە ئەم کاڵایەم لای ئێوە کڕیوە..؟

ئەم شێوازە وا لە کەسی بەرامبەر دەکات ، کە شەنسی ئەوەت بۆ زیاتر بکات و کارەکەت بە ئاسانی بۆ جێبەجی بکات. لەم کاتەدا ڕەنگە بەم شێوەیە قسەت لەگەڵدا بکات :

زۆرباشە ئەمجارەیان وەک یارمەتیدانێک کارەکەت بۆ جێ بەجێ دەکەم.

- ئایا پێویستە قسە لەگەڵ کێدا بکەم..؟

ڕەنگە لەناکاودا تووشی کێشەیەک بیت کە تێیدا نەتوانی بەمەبەستی وەرگرتنەوەی مافەکەت سکاڵا لە کوێ بکەی. لەم بارودۆخەدا لە خۆت بپرسە و بڵێ:

- جگە لە خۆت ، ئەتوانی سکاڵا لە هەموو کەسێک بکەی.

- وە بە پێچەوانەوە ئەگەر هاتوو سکاڵا لە دژی تۆ کرا چ هەڵوێستێکت دەبێت..؟

- ئایا هەستم چۆن دەبێت ئەگەر من لە شوێنی کارمەندێکدا بووم و سکاڵام لێ کرا..؟
بەئەندازەی ئەوەی کە پرسیار لەخۆت ئەکەی سەرنج بخە سەر وەڵامێکی ژیرانە و بەهرەمەندانە لە ناختەوە،ئەو کاتە دەبیت بەکەسێکی گەورە لەچۆنییەتی هەڵسووکەوتتدا لەگەڵ کەسی سکاڵاکار.
- ئامانج چیە لە هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەم بابەتەدا..؟
بەهۆی ئەزموونی چەندین ساڵەم ئەزانم کە، ئەو کەسانەی لەبواری کڕین و فرۆشتن و خزمەتگوزاریدا کار دەکەن .کاتێک ڕووبەڕووی سکاڵا دەبنەوە لەلایەن کڕیارەکانیان یان هاوبەشەکانیان هەندێک لەم جۆرە فرۆشیارانە، سکاڵاکەر بە کەسانی بێزارکەر ناو دەبەن، کاتێک داوای گەڕانەوەی پارەکەیان یان قەرەبووی زەرەرەکانیان دەکەنەوە.چونکە سکاڵاکەر وایان لێدەکات لەشەودا خەویان لێ نەکەوێت و شەرم لە چاکەت و بانتۆریان بکەن. لەکۆتایدا پاش تاوتێکردنێکی زۆر لە بابەتی سکاڵا و پرسیارکردن لە کەسانی شارەزا بۆئەوەی فێر بن  کە چۆن قبوولی سکاڵا و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بابەتدا بکەن ، چونکە ئەم کەسانەی سکاڵا دەکەن بابەتێکی ڕاستەقینەیان هەیە لەپشت ئەم سکاڵایەدا، تەنانەت خۆشیان زۆر باش ئەم ڕاستییە ئەزانن.
لە هەموو بارودۆخێکدا بەرپرسیارەتی گەورە ئەکەوێتە سەر شانی فرۆشیارەکە،بەوەی کە چۆن هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەم باروودۆخە ناهەموارەدا بکەی.لێرەدا لە خۆت بپرسی و بڵێ: ئایا ئامانجم چیە لە هەڵسووکەوت کردن لەگەڵ کەسی سکاڵاکاردا..؟ ئایا ئەتەوێت بە زووترین کات رزگارت بێت لە دەست کەسی سکاڵاکار..؟ئایا بەرژەوەندی و ئارامی کڕیارت دەوێت، یان دەتەوێت کێشەکەی بۆ

چارەسەر بکەی ،تا لە دوارۆژدا دووبارە بگەڕێتەوە لات و زویر نەبێت..؟یان دەتەوەێت کەسی سکاڵاکار جارێکی تر ئاڵ وگۆرت لەگەڵدا نەکات..؟

سەرەڕای ئەم ئامانجانە کە لەسەرەوە باسم کرد. ئەتوانی ئەم پرسیارانە بکەی:

- گریمان کڕیارەکە حەق و مافی ئەوەی نەبوو سکاڵا بکات،ئایا لەبەرژەوەندی کۆمپانیایەکەمانە کە دڵنەوایی نەکەین و هیچ بایەخەکی پێ نەدەین..؟

- ئایا تەنیا ڕێگای ئەوەی پێ بدەم کە باسی کێشەکەی بکات..؟

یەکێک لە ئامانجەکانی سکاڵاکار ئەوەیە کە بەگرنگی و بایەخ و رێزەوە سەیری کێشەکەی بکرێ . هەربۆیە باشترین هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا ئەوەیە کە گوێ لە کێشەکانیان رابگری .لێرەدا پێویستە لە خۆت بپرسی و بڵێ: ئایا بەم جۆرە باشە هەڵسووکەوتی لەگەڵدا بکەم یان نا..؟ئەگەر بەم شێوەیە هەڵسووکەوتی لەگەڵدا نەکەی.ئەوکاتە دەبێت قایل بی و سکاڵایەکەی پەسند بکەی.

## پرسیارێک کە پێویستە لە سکاڵاکار بکرێ...

- بەکورتی و بەپوختی پێم بڵێ چ شتێک وای لێ کردووی کە سکاڵا بکەی و ئایا لە ئێستادا دەتەوێت چ شتێکت بۆ بکەم ..؟
بەم شێوەیە پرسیارکردن ئاسانترین شتە کە لەکەسی سکاڵاکار دەیکەی.کە ئاڕاستەی دەکەی.بەڵام دەبێت ڕاستگۆیانە پرسیاری لێبکەی و لە سەرەتادا داوای لێبوردن لەکەسی سکالاکار بکە . بۆ نموونە:
- ئاییی ئاییی ...!چەندە نیگەرانم کە تۆمان تۆشی ماندووبوون و هیلاکی و خەم و خەفت کردووە هەر بۆیە لە ناخەوە داوای لێبوردن لە جەنابت دەکەم، لێرەدا من دەتوانم چ شتێکت بۆ بکەم تا ئەم نیگەرانییە و ماندووبوون و خەم خەفتت بڕوێنمەوە..؟
ئەم شێوە پرسیارکردنە بەئاسانترین و کاریگەرترین شێوازی پرسیارکردن دادەندرێت. وەک لەپێشتردا باسم کردبوو زۆربەی کەسەکان کاتێک ڕووبەڕووی سکاڵاکردن دەبنەوە هەست بەوە ناکەن کە ڕێزی سکاڵاکار بگرن و هاوخەمی بۆ دەرببڕن.بەم شێوەیەش تۆ کۆنترولی کێشەکە دەکەی و کە وا لە کەسی سکاڵاکار دەکات هەست بە ئارامی و دڵخۆشی بکات لە بەرامبەر ئەو ڕێز و خۆشەویستییە و هەڵویستە جوانەی کە لەگەڵیدا ئەنجامی دەدەی، لەکاتێکدا کە بەم شێوەیە ڕێزی ئەگری ،کەسی سکاڵاکاریش نەرمی لەبەرامبەرت دەنوینێت.
بۆ نموونە تۆ کارمەندی چێشتخانەیەکی و کەسێک سکاڵات لێدەکات بەهۆی خراپی خزمەتگوزارییەکانت، تۆش پێ دەڵێی:

- زۆر داوای لێبوردن دەکەم بەوەی خزمەتگوزاری ئەم شەوت بە دڵ نەبووە بە هەر هۆیەک بێت. ئێستا من لێرەم تا قەرەبووی خزمەتگوزارییەکەت بۆ بکەمەوە.

پێشنیارێکم هەیە بۆ تۆ ،پێت چۆنە داشکانی(٥٠%) ت بۆ بکەم و بۆ نانی ئێوارەشت لەسەر ئێمە بێت، وەک قەرەبوویەک، هاا پێت چۆنە..؟

شتێکی گرنگت پێ دەڵێم و ئەوەیش ئەوەیە:ئەگەر ڕووبەڕووی سکاڵاکردن بوویەوە.سەرەتا پرسیار بکە بۆ ئەوەی بتوانی بەباشترین شێوە هەڵسووکەوت لەگەڵ سکاڵایەکەدا بکەی.

## ئێستا هێزی پرسیارکردنت ئامادە و بەهێزە...

وا ئێمە لە نوسینی کۆتایی لاپەڕەکانی ئەم کتێبە نزیک ئەبینەوە. پێم خۆشە وەک بەبیر هێنانەوە یەک پرسیارێکت لێ بکەم، ئەویش:

- ئایا چ شتێک لە ژیاندا دەبێتە هۆکاری پێش نەکەوتن و سەرکەوتنەکانت..؟

بەدڵنیایەوە لەئێستادا وەڵامەکەی ئەزانی..

هۆکاری شکەستەکە دەگەڕێتەوە بۆ نەزانینی ئاڕاستەکردنی پرسیار بەوەی کە چیت دەوێت.

تۆ ئێستا لە بابەتێکی جیاوازی ، جیاوازتر لەم بابەتانەی لە سەرەتای ئەم کتێبەدا باسم لێوە کردووە. چونکە ئێستا فێری رێگا و بنچینە و چۆنییەتی ئاڕاستە کردنی پرسیار کردنبووی. هەر بۆیە لەهەر بابەت و کێشەیەکدا تەنیا ئەم شێوازانە بەکار بێنە کە گونجاوە وەک ئەوەی کە لە کتێبەکەدا فێریبووی ئێستا تۆ کەسێکی ئامادەکراوەی چەندەها شێوە و شێواز و رێگا فێربووی بۆ پرسیار کردن ،وەک سەربازێکی پڕ لە چەک و تەقەمەنی وایی کە بەشارەزایی و بەهێزەوە دەچیت بۆ جەنگ .تۆش هەمان شێوەی ئەوی ،پڕی لە پرسیاری بەهێز و کاریگەر.

## چۆن بتوانم ئەوەی لەم کتێبەدا هاتووە سودی لێ وەرگرم..؟

سەرەڕای ئەوەی کرداری (پرسیارکردن) کارێکی ئاسانە ، بەڵام باشترین و بەهێزترین و گرنگترین ئامرازە بۆ گۆڕانکاری لە ژیانتدا. دارشتنی پرسیار بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان و لەکاتی گونجاودا کە باشترین ڕێگایە بۆ گۆرانکاری لە ژیانتدا بەشێوەیەک کە بیرت فرەوان دەکات لە چۆنییەتی پرسیارکردن و هەروها تواناو هێزت پێ دەبەخشی و وادەکات کە زاڵبی بەسەر کۆسپەکانی رێڕەوی ژیانت.

توانا و هێزی پرسیارکردن وات لێ دەکات کە بۆ هەموو کێشە و ڕووداو پێشهاتێک ،چارەسەرێک بدۆزییەوە،کە ڕەنگە بەچرکە ساتێک توشمان بێت لەم ژیانەدا، وە هەروەها کاریگەری لەسەر بابەتە گرینگەکانی ژیانی رۆژانەشمان دەبێت بە شێوەیەکی گشتی وە هەروەها لە کاتی گفتوگۆ کردندا. کەواتا ئێستا هەڵویستت چۆنە..؟ ئێستا ئەم کتێبە چۆن ئەتوانی یارمەتیت بدات، بەوەی بیرم خستییەوە لە سەرتا و ناوەڕاست و کۆتای ئەم کتێبەدا ، بەوەی چۆن ویستەکانت بەدی بێنی..؟

بەڵنیایەوە تاکە کەس کە ئەتوانی وەڵامم بداتەوە تۆی.وە گرنگتر لەم وەڵامانە، ئەوەیە کە پێویستە پرسیار ئاڕاستەی خودی خۆت بکەی بە تێپەر بوونی تەمەنی ژیانت.ئەم پرسیارەی کە پێویستە لە خۆتی بکەی ، من چەندین جار لە خۆمم کردووە، سەرەڕای ئەوەی یارمەتی چەندەها کەسم داوە لە بوارە جیاجیاکاندا بەوەی داواکارییەکانی ژیانیان بەدی بێت و نزیک ببنەوە لە ئامانجەکانیان کە شەو خەونیان پێوە دەبینی و بە ڕۆژ هیوایان بۆ ئەخواست.

با لەگەڵ نزیکبوونەوەم لە کۆتای نوسینەکاندا ئەم پرسیارت لێ بکەم:
- کەواتا ئیستا چی دەکەی..؟
ئایا ئەم کتێبە ئەخەیە سەر خەلانکەکە(رف) و هەموو ئەو نوسین و شێوە و شێواز و ڕێگایانە لە بیر دەکەی کە بۆ پرسیارکردن بەکەلکن..؟ ئەگەر وابکەی زۆربەی مەترسییەکان لێرەوە دەست پێ دەکات..! نابێت بەهیچ شێوەیەک ئەم شێوازانە لەبیر بکەی، بەڵکو دەبێت هەوڵ بدەی چەندین شێوە و شێواز و ریّگای تازەتر و کاریگەرتر فێربی بۆ ئەوەی ویست و ئاواتەکانت بەدی بێت..
- ئایا کام بژاردە هەڵدەبژێری، ئەم ڕێگا و شێوازانەی لەم کتێبەدا بۆم باس کردی پشتگوێی دەخەی یان هەوڵی فێربوونی زیاتر دەدەی..؟
ئێستا هێز و توانایەکی باشی ئاڕاستە کردنی پرسیارت هەیە، کەی دەست دەکەی بەبەکارهێنانییان..؟
ئەم شێوە و شێواز و ڕێگایانە چەندین دەرگای داخراوت بۆ دەکاتەوە ، تەنیا ژیرانە بەکارییان بهێنە بۆ ئەوەی دوارۆژێکی ئاسودە و ئارامت دەست کەوێت.

Letzte Seite

Das zweite Buch, das ich ins Kurdische übersetzt habe, trägt den Titel (Just Ask) von Ian Cooper, ein sehr nützliches und wichtiges Buch auf dem Gebiet der menschlichen Entwicklung, da Menschen durch Befragungen in die Tiefen des Lebens vordringen und Probleme des privaten und öffentlichen Lebens lösen können und ein Leben voller Komfort und Glück zu schaffen, denn dieses Buch zeigt uns deutlich die Wege zum Erfolg, also bin ich Lehrer (Mariwan Ahmad Kurdi), also habe ich dieses nützliche Buch ausgewählt und es ins Kurdische übersetzt, indem ich dieses Buch .lese, das sie lehrt zu fragen und Fragen beantworten

Last page

The second book I have translated into Kurdish is entitled (Just Ask) by Ian Cooper, which is a very useful and important book in the field of human development because through questioning people can go into the depths of life and solve problems Private and public life and creating a life full of comfort and happiness because this book clearly shows us the ways of success, so I am a teacher (Mariwan Ahmad Kurdi) so I chose this useful book and translated it into Kurdish by reading this book .that teaches them to ask and answer questions



به سوپاسەوە ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی بەڕێز

خاتوو (فەهیمە سابیر) چاپکراوە